

مەحموود
دەوڵەت
ئابادی

# کەلیدەر

وەرگێڕانی
سیامەند شاسواری

بەرگی
پێنجەم


مەحموود دەوڵەت ئابادی
کەلیدەر
و: سیامەند شاسوار
٥

ناوی کتێب: کەلیدەر (بەرگی ئەکەم)
نووسینی: مەحموودی دەوڵەت ئابادی
وەرگێڕانی لە فارسییەوە: سیامەند شاسواری
بابەت: ڕۆمان
تایپکار: سەرکەوت فایەق
پێداچوونەوەی زمانەوانی:
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولڕەحمان فەرەج
دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نرخ: زنجیرەی ١٠بەرگی+ فەرهەنگۆک  دینار
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی یەکەم: ساڵی ٢٠١٢
کوردستان _ سلێمانی
www.serdam.org
بۆ پەیوەندیکردن بە زنجیرەی کتێبەوە:
kteb@serdam.org
لەبەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە(٠٠٠٠) ی ساڵی ٢٠١١ی پێدراوە

**مافی لە چاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە**

مەحموود دەوڵەتئابادی

# کەلیدەر

وەرگێڕانی: سیامەند شاسواری

## زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

کتێبی سەردەم ڕۆمانی دە بەرگی ژمارە (٠٠٠ ـ ٠٠٠)

**سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە**

**ئازاد بەرزنجی**

هەواڵنامەی کتێب




# بەرگی پێنجەم

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی سیانزەیەم

**بەندی یەکەم**

برا، برای خۆش ئەوێ. دایک، ڕۆڵەی خۆش ئەوێ؛ منالْ دایکی و باوکی. ئەوان ئەتوانن ئەویندارانی یەکدی بن. بە ڕادە و بێ ڕادە، ئەو جۆرە خۆشەویستیانە ئەتوانرێ هەڵبسەنگێنرێ. بە گوێرەی ئەمە هەر کەس ئەتوانێ شێوەیەکی شەیدابوونی تێدابێ. بەڵام، پەیوەندی مووسا بە ستارەوە لەو بابەتە بوو کە شێواز و پێوەری بۆ نەبوو. نەی ئەزانی چۆنە؟

گرێیەکی کوێر و دژوار لە ناسینی چۆنێتی ئەو پەیوەندییەدا هەبوو. ناسینی دیاردەیەکی دژوارە کە مووسا لەمەوبەر تاقی نەکردبۆوە. عەشقێکی نامۆ و نەناسراو و بەهێز. ڕەنگە لەو بابەتەی کە زۆر کەسانی بەرەو شێت بوون بردووە. لەو بابەتەی کە دۆست خۆی لە دۆستەکەیدا ئەبینێتەوە. پێی وایە یەکێتییەک لەنێوان گیانەکاندا هەیە. یەکبوون. ئەوینێکی ترسناک و پڕ لە ئاژاوە. بێباکی و پەلە. پەلەی بێباکانە بۆ شەیدا بوون، ترسی پارچە پارچە بوونی گیان لە ناخی خۆیدا پەروەردە ئەکات. لە پەلەکردنی لەغاوپچڕاوی خۆیدا، تەنک ئەبێتەوە عەشق. سەرەڕای ئەو هەموو ئاگرەی بە دەرمارەکانیدا ئەگەڕێ، لە ساقەتی گوڵێک ئەچێ، تەرچک و شکێنەر. شکێنەر، بەرهەست و هەمیشە ترسناک.

پەلەی بێباکانە، خۆفی شکان، خۆفی شکاندنی ئەندامەکانی

خۆی پەروەردە ئەکات. ئەشکەوتی ترس ئەوسا دەم ئەکاتەوە کە درکێکی ساقەتەکە -نەشتەرێک لە دڵی مووسادا- بشکێ. ترس و خۆفی ئەوکاتەی کە خۆشەویستی ستاری پینەچی باڵا بە باڵای شەوقی مووسا نەبێ. ترسی تێکشکان -ترسی تێکشکانی- ئەو کاتەی کە سەرمای کرمێ بوونی بە گیانێکی جەواندا تێبپەڕێ. هەڵوەستە و دڕدۆنگی. گومان! گومان! ئەی لەوکاتەی مووسا لە ئەوینی بەجۆشی خۆیدا تووشی دڕدۆنگی ببێ. دڕدۆنگی. دڕدۆنگی و گومان و، شەقاربردنی دڵی عەشق! کە شەوق، شەق بەرێت.

لەم کاتەدا، پارچە پارچە بوون، تاودانەوەی بێ کۆتایی کارەساتێکە کە شکانی جامی ئاوێنە دووپات ئەکاتەوە. پەرێشانی، شەیدابوون لە جۆرێکیتر. لەمەوبەر پەرێشانی لە سەر ئاگر بووی، لەمەودوا ئەبی بە پەرێشانی بەر گژەبای دڵپەرێشی و پەڕ پەڕ ئەبی؛ گێژەنی ترسناکی عەشق!

یەکبون، ڕەنگە!

بۆیە هەر زللەیەک لە ڕوومەتی ڕەقەڵی ستار ئەدرا، شەللاقێک بوو لە گیانی مووسا. هەر زللەیەک، قامچیەک بوو و هەر جنێوێک، خەنجەرێک، درەوشێک بوو لە دڵی مووسا ئەچەقی.

«بۆ نابوورێتەوە، ستار؟!»

مووسا لەوە تێئەگەیشت کە ستار نایەوێ و نابێ لە بەر چاوی ئاشنادا بشکێ. بۆیەشە ئەو هەموو جنێو و گوشارە ئەکاتە دڵیەوە. خەنجەری جنێو لە گیانیدا جێ ئەکاتەوە. خۆی ڕائەگرێ و ئەگەر دەنگێکیش لە ناخی گەرووییەوە دێتە دەرەوە، ناخودئاگایە؛ بێ ئەڤان. کاردانەوەی سروشتی بوونەوەری زیندووە.

وەک کاتێکە قەمچی لە پشتی ئەسپێکی سەرکەش ڕائەکێشن -ستاریش ئەسپ ئاسا- دەنگ لە گەروویدا ئەشکێ؛ دەنگەکان لە گەروویدا ئەشکین و ئەو وا پێ ئەچێ شەرم ئەکا یارمەتی لە زمان و وشە وەربگرێ. وەک بڵێی بە شێوە

کاردانەوەیەکی پێچەوانە، ئەیەوێ بیسەلمێنێ ئەو جۆرە کردارە شیاوی ئادەمیزاد نییە. یان ڕەنگە لەو گێژەنەدا، لە بێهوودەیی زمان و وتە تێگەیشتووە چونکە زمان لەگەڵ زمان ئەگونجێ و گوتە لە گوتە، نەک بێژە و مشت و زمان و قەمچی.

لە کەوشەنی جنێو و قەمچیدا، کوا جێگەی گفت و بێژ هەیە؟ ناچاری هیوا بەوە ببەستی خەنیمەکەت دابمێنێ.

«با ساتەکان دایهێزێنن. زەمان!»

خوێن بە لاجانگی ستاردا جۆگەلەی بەستبوو. گۆنای شین هەڵگەڕابوو و بەقەد خڕە بەردێک ئاوسابوو. ڕوخساری دارەتی هەمیشەیی خۆی لەدەس دابوو و پێڵووە سپی هەڵگەڕاوەکەی بەردەوام و بێ ئەقان ئەفڕین. لێوەکانی لە تینوێتیدا وشکەڵاتبوون و ترەکابوون. پەڵەی خوێن ڕژابوویە سەر یەخەی سپی کراسەکەی و هێشتا تازە بوون. لە سەر کورسیە تەختەکە دانرابوو. دەستی بە توندی بە پشتی کورسیەکەوە بەسترابوو و قەفەسەی سینەی دەرپەڕیبوو. مۆغەرەی پشتی شەڵالی عارەقە بوو و هەستی ئەکرد کراسەکە بە لەشیەوە و لەشی بە تەختەی پشتی کورسیەکەوە لکاوە. لەش نیازی بە جووڵەیەک هەبوو، بەڵام ستار بە دژواریی ئەیتوانی لە سەر جێگەکەی بجووڵێ و لە سەر کورسیەکە جێ خۆش بکات.

بەرامبەر بە ستار، لە پشت مێزە نیوداشتە تەختەکە، غەزەنە، سەرۆکی جەوانی پۆلیس دانیشتبوو. ئانیشکی نابوویە سەر مێزەکە و کردبووی بە کۆڵەکەی سەر و شانی. ستوان غەزەنە -کە پێیان ئەوت سەروان- چاوی قەڵەو و دەرپۆقیو بوون. وردەڵە. ڕەگەکانی سینەی چاوی سوور و خوێناوی بوون. ڕوخساری سپیکەڵانە و قەڵەو و تۆزێک کشاو بوو و، تەندروستتر بوو لەوەی کە بکرێ شوێن پێی تووڕەیی و ڕق ئەستووری تیا ببینرێ. سەرەڕای ئەوەش حەزێکی تۆڵەسەندنەوە لە نیگایدا ئەبینرا. قژە ڕەشەکەی خاوێن بوو و ئەبریسکایەوە و لەپەسا لێوی خوارەوەی

بە ددان ئەکرۆشت؛ تا ئەو ڕادەیەی کە لێوە ناسکەکەی سوور هەڵگەڕابوو.

لەسەر مێزەکە، لای دەستی غەزنە، شووشەیەک شەربەتی لیمۆ دانرابوو کە جارجارە قومێکی لێ ئەخواردەوە و دەم و لێوی تەڕ ئەکرد. کڵاوەکەی لەملاترەوە لە سەر مێزەکە بوو. هەوای ژێر زەمینەکەی پۆلیس گەرم بوو و کڵاو، بەو ڕادەیەی کە سەروانی جاڕس کردبوو. ماندوو و شەکەت، غەزنە دەستی برد بۆ گرێی بۆینباخەکەی و شلی کردەوە. ملی بە شێوەیەکی دەمارگیرانە بەم لا و ئەولادا کشاند و بێ ئەڤان کڵاوەکەی هەڵگرت و وەکوو قاپێک لە ناو دەستیدا ڕایگرت و لێوی خوارەوەی گەست. پۆلیسێکی باڵابەرز، لە نێوان مێزەکە و کورسیەکەی ستاری پێوە بەسترابوو، ڕاوەستابوو. چاوی بڕیبوویە قامکە قەڵەو و بێ ئارامەکانی سەروان. قۆڵی هەروا هەڵکرابوو و عارەقەی هەوڵدانەکانی هێشتاش بە تەوێڵیەوە بوو. لەمبەری دیوارە شێدارەکەی ژێرزەمینەکەدا. ڕیزێک پیاو ڕاگیرابوون: پیرەخاڵۆ، عەبدۆس، شەمەلی یاخووت و مووسا.

مووسا ددانی لە چیرەوە ئەهێنا و هەوڵێکی تەواوی ئەدا هەڵنەچێ. جەوان ببوو بە تێکەڵەیەکی ترس و تووڕەیی و حەپەساوی. ئەمە یەکەمجار بوو کە مووسا خۆی لە بەرامبەر شمشێری ڕووتدا ئەبینێ و، هەروەها ئازیزترین کەسی خۆیشی ئەبینێ کە ناچار و بە بێ داکۆکی، بەستراوە بە کورسیەکەوە. غەزنە و پۆلیسەکەی، ئەوەندە بێباکانە و بێشەرمانە لە ستاریان ئەدا و جنێویان پێ‌ئەدا کە مووسا لەپڕ هەستی ئەکرد چاوەکانی لە سەرسووڕماندا دەرپەڕیوە. پێش هەموو شتێک، بڕوانەکردن و سەرسووڕمان. حەپەساوی ئەوەی کە ئادەمیزادێک بە بێ هیچ شەڕ و کینەیەکی تایبەتی، ئەتوانێ ئادەمیزادێکی‌تر بەو شێوەیە ئەشکەنجە بکات و مردوو و زیندووی دەربهێنێ. ئەتوت هێشتاش نایەوێ باوەڕ بکات کە کەسێک ئەتوانێ بەو

جۆره لەگەڵ کەسێکیتر بجووڵێتەوە. لە چاوی مووسادا، تووڕە بوون و جنێودانی جار جارەی بوندار هۆیەکی ئاشکرای هەبوو، بۆیە تا ڕادەیەک ئاسایی بوو. بەڵام لێرە و بەو جۆرە... ئەویش لە بەر چاوی ئەوانیتر؛ لەوەش ناخۆشتر لە سەر کورسی جنێو و سووکایەتی، ستار دانرابێت، زۆر سەیر بوو. ئەویش ئەو کەسەی لە لای مووسا، چاوی ئەو بوو.

غەزەنە بە سستی و بێوازی، بە دارەتێکی ماندوو و بێتاقەت لە پشت مێزەکە هەڵسا و هاتە بەرەوە. لە بەرامبەر ستاردا ڕاوەستا. چەناگە باریکەی گرت و سەری بۆ لای چەپ سووڕاند و بە لایدا تێپەڕی. خۆی گەیاندە بەر ئەو دەربیجەی بەرەو حەوشە چۆڵی پشت زیندان ئەکرایەوە و وەستا.

بۆ ستار و لە بەر چاوە خوێناوییەکانی ئەودا، هەر جووڵە و کارێکی خەنیم هەزار واتای دردۆنگی هەبوو. واتای هاوڕێ لەگەڵ زنجیرە بۆچوونی جۆراوجۆر. خەیاڵی پچڕ پچڕ، لەرزۆک و ڕەمۆک، خەیاڵی ئاوێتەی هەزار پرسیار، ئاشکرا و نامۆ. وتراو و نەوتراوی تاریک و ڕوونی خەیاڵ:

«بۆ بێدەنگە؟ هەڵسا... بۆچی؟ بۆ پشتی تێکردم؟ بۆ ڕووی وەرگێڕا؟ بیر لە چی ئەکاتەوە... ئێستە؟ چۆنی بۆ چووە؟ چ نەخشەیەک ئەکێشێ؟... ئەیەوێ چی بکات؟ ئیتر ئەیەوێ چ شێوەیەک تاقی بکاتەوە؟... ئایە ئەیەوێ توندتری بکات؟ تۆ بڵێی دابمرکێتەوە؟ تۆ بڵێی، شێوازێکیتر، شێوازێکی ئارامتر بگرێتە بەر؟ بۆ ڕێگەیەکی تازە ئەگەڕێ ئایە؟ شێوەیەکیتر، دەرگایەکیتر؟ کام ڕێ و دەرگا؟ کامە شێوە؟ چی ئەکا؟ چی ئەوێ؟»

خەیاڵ... هەزار توێی نامۆ و ترسێنەری خەیاڵ. ئەو سێبەرانەی کە نەئەتوانی بیانناسی و نەئەتوانی نیشانی ئەوان لە خەیاڵدا تۆمار بکەی. ئەڕەوەن، ڕەمیون. تارماییەکی خۆیان پیشان ئەدەن و ون ئەبن. ناتوانی لە مێشکدا تۆماریان بکەی. گەردیلەی تێکەڵ و پێکەڵ، لە ناو ژوورێکی تاریک و خاوەنی شێوازێک کە لای

تۆ ئاشکرا نییە. باریکە تیشکێک لە بنمیچەکەوە دائەبارێ و هەزاران گەردیلە دەرئەکەون و ون ئەبن. ئاخنراوی لەو گەردیلە نامۆیانە، بە بێ ئەوەی بزانێ چین؟ لە هەڵپە و هەڵات هەڵاتی خۆیاندا، بەڵام، تۆ ئەسووتێنن. ئاگری ترس و گومان. نازانێ تاوێکیتر چی ڕووئەدات. ئاگات لە تاوێکیتر، ساتێکی تر نییە. ئەو کات و ساتانەی لە دەسەڵاتی تۆدا نین. تان و پۆی ساتەکانی تۆ، ساتەکانی دەروونی تۆ یەکێکیتر خستوویەتە بن دەسەڵاتی خۆیەوە و ئەمە شێتت ئەکات. ژیانی تۆ لە ناو شووشە و شووشە بە دەستی دێوەوە. ئەگەر بیدا بە عەرزدا، یان بیکوتێ بە بەرددا؟!

نەء! تۆ تەنانەت ئەمەشت لا مسۆگەر نییە. زەوی لەژێر پێتدا نەماوە. خاک جوابی کردوویت. چی ڕووئەدا؟ لە شیو و نشێوی ئەو قەمچیەی لێت ڕائەکێشن، سەرگەردانی. تەنها نیشانە، ئەو ئازارەیە هەستی پێ ئەکەی. ئازاری تۆ، ئەتۆ. بۆیە پشت بەو ئازارە ئەبەستی. قەمچی بە خۆت ڕەوا ئەبینی بە بڕوای هەبوون. دڵنیا بوون و سەلماندنی هەبوون، لەتاوهێنانی ستەمدا. ژیانت لە قاپی ئەشکەنجەدا دڵۆپ دڵۆپ کۆ ئەبێتەوە و تۆ ئەو ئازارە بە گیان ئەنۆشی. ئازار، بۆ ئەوەی لە ژیان دانەبڕێی. چونکە ناتوانی دەست لە ژیان هەڵبگری و لە خەفەخانی ساتەکاندا، ئازار، گەوهەری ژیان و ژیان ئەو ئازارەیە ئەچێتە گیانتەوە.

مووسا ئەبوا خۆی لە بەرامبەر ئەو ئازارەدا ڕابگرێ، چار ناچاری هەبوون. بەڵکوو دەروویەک بۆ ڕزگار بوون لەم ڕەهۆڵە ترسناکە بەدی بێت. غەزەنە هەروا پشتی لێیان بوو و ئەتوت ناوشانە پان و پۆڕەکەی پیشانی ئەوان ئەدات. دەستەکانی لە پشتەوە لێک هەڵپێکابوو و حەیزەرانەکەی لە ناو پەنجەکانیدا ئەجووڵان. دوو گەڵا چەرمەکەی نووکی حەیزەرانەکە لە چاوی مووسادا، زمانی ماران بوو.

بێدەنگی لەپەسا فرەوان ئەبوو. فرەوان و فرەوانتر، زۆر و زۆرتر. جەوەکە بۆ ساتێک ئەتوت مردووە. خامۆشی، ئەتوت تەرمێکی

هەواڵنامەی کتێب

لە ورگ دایە. نە بێژەیەک و نە وشەیەک، نە بزووتنێک و وەک بڵێی نە هەناسەیەکیش. چاوەکان، کانگای گومان. ڕوخسارەکان، سێبەری ترس. تەن و ئەندام، وشک وەکوو خشت؛ ڕەقەڵاتوو، داتەکاو.

پۆلیسی لای دیوارەکە قورسایی لەشی خستبوویە سەر لاقێک و سەیری پەیکەری لە کارکەوتووی ستاری ئەکرد. عەبدۆس و پیرەخاڵۆ خامۆش و حەپەساو بوون. شەمەل شانی دابوو بە دیوارەکەوە و وا پێ ئەچوو بڕیاری داوە خۆی نەدۆڕێنێ. لانیکەم وای دەرئەخست بڕیاری داوە لەوە زیاتر خۆی نەدۆڕێنێ. ترسی شەمەل، لە قەمچی و لێدان نەبوو. ترسی لە سووک بوون بوو لە بەر چاوی ئەم و ئەو. لەوە ئەترسا پۆلیسێک بیشکێنێ. ئەویش ئەو پۆلیسەی هەر لە دوورەوە سەری بۆ شەمەل دائەنەواند. ئەمە هەزار جار لە زەبر و برینی قامچی دژوارتر بوو. ئەو پلە و پایەیەی شەمەل لە شاردا بۆ خۆی ساز کردبوو، شکۆ و دەرکەوتەی، ناو و ناوبانگی، نە ئەبوایە بەم ئاسانیە تێک بشکێت. شارێک بوو و شەمەلێک. نەئەبوا بە خۆڕایی بیدۆڕێنێ. ترساندن و بریسکانەوەی دەمی چەقۆ؛ چەقۆی پاڵەوان. پاڵەوانی زیندوو. ئەم پاڵەوانە ئەبێ بە زیندوێتی بمێنێ و بەردەوام بێ. پاڵەوان بە زیندوێتی واتای هەیە. سەرەڕای ئەوەش شەمەل هەوڵی ئەدا وای دەربخات بە خەیاڵیدا نایەت. هەروەها هەوڵیشی ئەدا دواڕۆژی خۆی، لە بوون و لە دارەتیدا بنوێنێتەوە. لە وەستان و لە نیگادا. هەوڵی ئەدا هەبووی خۆی، لەپیاو و قەمە و بازوو، لە ناو و ناوبانگ و خاوە دەربخات و سپەرێک دروست بکات بۆ پاراستنی خۆی لە بەرامبەر غەزەنەدا. ئەو سپەرەی کە دەستی سەروان سست بکات و ڕێگەی پێ نەدا دەستی لێ بەرزبکاتەوە. بەس بیری لەوە ئەکردەوە کە نابێ بهێڵێ هیچ دەستێک بە سەریدا بەرز ببێتەوە؛ هەرچەند ئەو فەرمانبەرە ناچاری فەرمانبردن بێ. هەرچەند فەرماندەر دڵی لە فەرتەنەگێڕانی شەمەل پڕ بێ. هەرچەند... تەنها حەز و

ویستی شەمەل هەر ئەوەندە بوو دەستی لێبەرز نەکرێتەوە و سەربەمۆر لەو تەنگانەیە ڕزگاری ببێ. پشتی پاڵەوان نابێ لە عەرز بدرێ. ئەڵێی ئەوە بڕیاری سروشتە کە هەموو هەوڵ و توانای پاڵەوان، بەس بۆ پاراستنی نیشانەی پاڵەوانێتیەکەی بەکار ببرێت. هەوڵدانێکی بێ سەرەنجام بۆ ڕاگرتنی ژیان!

سەرەڕای ئەمەش پاڵەوان بۆ مانەوەی خۆی شێلگیر بوو. سەرکەوتن بە سەر مەیدانی ڕابردوودا، مەیدانی بە دەست هێنراوی دوێنێ ئەبێ بپارێزرێ. پاسەوانی پاراستنی قەڵایەکی کۆن. هەوڵ و بیر و هۆشی بەس بە پاراستنی مەیدان و ناوی خۆیەوە خەریک بوو. هەم دەرگیر و تووشی ئازاری نەڕۆیشتن:

«ئاخ... خۆزگە پاڵەوان نەبوایەتی!»

چونکە ئەوەی کە پاڵەوان نییە، هەمیشە ئەتوانێ ــ ئارەزوومەند و خەباتکەری پاڵەوانی- بێ و مەیدان و نیشان بە هی خۆی بزانێ، بەو جیاوازییەوە کە ئەتوانێ بشڕوات. بەڵام پاڵەوانی پێگەیشتوو، ئەو کەسەی کە لە ناو بازنەکەدا وەستاوە، ئەڵێی بە پریشکەی ڕاستەقینە تێگەیشتووە کە لە ناو بازنەکەدا وەستاوە و ترسی ئەمە بۆ تاوێکیش لێی ناگەڕێ. کارەساتی ڕووداو. ڕووداوی کاولکەری ڕۆیشتن-مانەوە! ئەگەر وایە، لە پاڵەوانیدا ناپاڵەوانی!

ــ تۆ کێیت؟

لە نێوان لێوە قەتماغە بەستووەکەیەوە، ستاری شەکەت وتی:

ــ ستاری پینەچی!

غەزەنە لەپڕ وەرگەڕابوو و لەبەرامبەر ستاردا وەستابوو. دەسکی حەیزەرانی خستە بن چەناگەی باریکی ستار و ڕوومەتی بەرز کردەوە. ستار بە ئارامی پێڵووەکانی هەڵبڕی و چاوی بڕییە چاوە دەرپۆقیوەکانی سەروان. ئەتوت غەزەنە خۆشی ئاگای لێ نەبوو کە حەیزەرانە سیرمەچنەکەی کوتا بە ڕوومەتی ستاردا.

هەروەها بە خۆی نەبوو ئەگەر بێ ئەڤان و بە زەلیلیەوە نەڕاندی:
ـ هەزار جار ئەمەت وت!
ستار چاوی ترووکاند و وتی:
ـ بەڵێ قوربان؛ ستاری پینەچی!
غەزەنە هەنگاوێک چووە دواوە، سمتە زلەکەی پاڵدا بە مێزەکەوە و وتی:
ـ هی ئەم ناوە نیت، چۆن بووە لەم ناوە پەیدات بووە؟!
ستار وتی:
ـ من هەموو جێگەیەک ئەگەڕام، قوربان. کارم گەڕانە، پینەچی گەڕۆکم، جەناب سەروان!
ـ تۆ... تورکی، وایە؟
ـ من... تورکیشم.
غەزەنە وتی:
ـ منیش تورکم. خەڵکی کوێی تۆ؟
ستار وتی:
ـ خەڵکی شوێنێکی دیاریکراو نیم. خەڵکی هەموو شوێنێکم!
ـ ڕەوزە بۆ من مەخوێنە، پینەچی! ئەڵێم خەڵکی کوێی ئێرانی؟
ـ هەموو لایەک... خەڵکی هەموو جێیەکی ئێرانم، قوربان!
ـ خەریکی گاڵتە بە من ئەکەی، مەیموون؟!
ـ نەخێر قوربان!
ـ با!... تۆ ئازەربایجانیت و لە دیموکراتەکان بوویت؟ دیموکرات بوویت، وایە؟
ـ نەء.
ـ با، بوویت! مامی من ئێوە کوشتتان؛ دیموکراتەکان! من ئەتانناسم، دڕندانە. ئێوە ئەتانویست ئەم وڵاتە بدەن بە دەس ڕووسەکانەوە!

هەواڵنامەی کتێب

ــ نەء!
ــ نەء؟! ئەی چۆن ئەڵێی دیموکرات نەبوویت؟!
ــ نەبووم. نەخێر!
ــ ئەی چۆن ئەڵێی نەیان ئەویست وڵات بدەن بە دەس ڕووسەکانەوە؟!
ــ من نا، قوربان. ئەوان نەیان ئەویست ئەو کارە بکەن. ئەوان ئەیانویست وڵات لە دەسەڵاتی ئینگلیزەکان ڕزگار بکەن!
ــ ئەی ئەم شتانە لە کوێوە ئەزانی تۆ؟!
ستار بۆ ئەوەی بە سەر خۆیدا زاڵ ببێ، تاوێک ئارام بوو، پاشان وتی:
ــ تاوانی من چییە، جەناب سەروان؟!
ستوان غەزەنە دەسبەجێ وتی:
ــ تۆ دز و بکوژەکانت لە زیندان دەرباز کردووە! بۆچی؟ بە چ مەبەستێک؟
ستار وتی:
ــ من کەسم دەرباز نەکردووە، جەناب سەروان. ئەوان خۆیان و بە پێی خۆیان هەڵاتوون!
ــ تۆ نەخشەی هەڵاتنت بۆ کێشان؟
ــ من نازانم. من کاتێک ئاگادار بووم، ئەوان کاری خۆیان کردبوو و خەریک بوون هەڵئەهاتن. بۆ ئەوەش من نەیکەم بە هەراوهوریا، دەس و دەمیان بەستم.
ــ واتە تۆ پێشتر نەت ئەزانی؟
ــ بە من چی کێ چی...
ــ واتە ئەوکاتەی کە ئەوان هەڵئەهاتن تۆ لەوێ قوت بوویتەوە؟ بۆ لەو کاتەدا؟ ئەی پێشتر لە کوێ بووی؟ شەوەکانی پێشتر لە کوێ بووی؟ لە کوێ ئەخەوتی؟
ــ سەدجار بۆم وتن جەناب سەروان. شەوانی پێشوو جێی من لەوان جیابوو. من لە حەوشە ئەخەوتم. ئەو شەوەش دلاوەرم

بردبوو لەگەڵ ئەو یەکەی تریان ئاشتی بکەمەوە.

ــ کام یەک، کامیان؟

ــ گوڵمحەمەد قوربان. نەم ئەویست لە ناو زیندان هەرا و ئاژاوەی تیابێ. ئاشتیانم کردەوە و گەڕامەوە بۆ حەوشە. نیوەشەو دەنگێکم بەر گوێ کەوت، ترسام نەکا یەکدی بخنکێنن. چونکە چەن شەو لەوە پێشتریش دلاوەر ویستبووی ئەویتر لە خەودا بکوژێ. بۆیە هەڵسام و چووم بۆ ژوورەکە.

ــ بەس تۆ؟

ــ بەڵێ، بەس من.

ــ ئەی ئەوانیتر بۆ نەچوون؟

ــ چووزانم... ڕەنگە لە بەر ئەوەی... بۆ وێنە جووتیارەکان خەویان قورسە و لە ئێوارەوە تا قووقەی کەڵەشێر لێی ئەخەون. هەندێکیش تریاک و شیرە ئەخۆن. گێژ و حۆل لێی ئەکەون. هەندێکیش گوێیان لێ نییە، خەڵکی سەری یەکدیش ببڕن خۆیانی تێ ناگەیەنن. هەندێکیش لە شەمەل خان ئەترسان، واتە ئەترسان بەشەو بچنە ژوورەکە. مرۆڤی زیندانی خۆ ئادەمیزادی ئاسایی نییە، قوربان. هەر کەس بە جۆرێک نەخۆشە.

ــ دەی؟!

ــ پاشان... هەر ئەوەندەی پێم خستە ناو ژوورەکەوە بە دووکەس گرتمیان.

ــ کام دووانە؟

ــ تاریک بوو، قوربان. نەمزانی کام دووانە بوون. گرتمیان، دەس و لاقیان بەستم و خستمیانە بن ژوورەکە. بە هەرچی پیرە ئەمە ڕاستیەکەیەتی کە بۆم باسکردی.

ــ پاشان چی؟

ــ پاشان... پاشان ئەوەی کە من دەس و دەمم بەسرابوو، قوربان؟

سەروانغەزەنە بێ ئەقان خۆی گرژ کرد و نیوسووڕێکی بە

دەور مێزەکەدا دا و وەها دەنگی هەڵێنا وەک بنەڕێنیێ:

ـ درۆ ئەکەی، زۆڵە زا! ئەو درۆیە لە چاوت دا ئەخوێنمەوە. درۆ ئەکەی! بەڵام نازانم چۆن و لە کوێدا. بەس ئەزانم درۆ ئەکەی، سەگباب!

ستار سەری داخست. بە گومانی ئەوەی کۆتایی پرسیارەکانی سەروان بێ. ئەو پرسیار و وەڵامانەی چەند جار لەگەڵ فەرمانبەری جۆراوجۆردا دووپاتی کردبۆوە. بۆیە ڕەوانی کردبوو و بۆ وشە گیری نەئەکرد.

غەزەنە چوو بۆ لای عەبدۆس و وتی:

ـ تۆ پیرە مێرد... تۆ بۆچی کێشکی شەوت ئاگادار نەکرد؟ بۆ هاوارت نەکرد؟

عەبدۆس وتی:

ـ بە قوربانی سەرت، من جێگەم لەگەڵ دلاوەر گۆڕیبوویەوە. من لەگەڵ دلاوەر هاوتاوانم. لە سەر تاوانێک پێکەوە گیرابووین. بڕیار وابوو ببێ بە زاوام. ئەویتریش، گوڵمحەمەد ببوو بە زاوام. بوو بە شەڕیان. منیش حەزم نەئەکرد قڕەکەیان گەورە ببێتەوە. بۆیە جێگەکەم لەگەڵ دلاوەر گۆڕییەوە، بەڵکوو ئەو دووانە، دلاوەر و گوڵمحەمەد، لە شوێنێک بن و لە سەر سفرەیەک دابنیشن. ویستم نمەکگیری یەکدییان بکەم، ڕاستەکەی، پاشان ئیتر ئاگام لە هیچ نییە تاکوو...

گوێ ڕاگرتن لەوەی عەبدۆس ئەیوت، ئیتر کات بەفیڕۆدان بوو و نەی ئەهێنا. تاقەتی هەڵەوەڕی ئەم خەڵکانەشی -کە بە ڕای ستوان غەزەنە لە ئاستی دڕندەدا بوون- نەمابوو. کۆڵەیان کوتابوو. ناچار و بێ ئارام، ددانی لە چیرەوە هێنا و وتی:

ـ سمێڵەکانت تاڵ تاڵ هەڵئەکێشم، گیانەوەری دەسەمۆ! ئەم بەڵێنە بە عەبدۆس ئەدرا.

ـ کەرەسەی کونکردنی دیوار لە کوێوە هاتبوو؟

بە دەم ئەم پرسیارەوە، نیگای غەزەنە کەوتبوویە سەر

تەوێڵی شەمەل:

ــ کێ دەسی خستبوو؟

ئەمجارە، نیگای سەروان غەزەنە ڕاست و ڕەق چەقیە چاوە شینباوەکانی شەمەل و وتی:

ــ لە تۆ ئەپرسم؛ تۆ کە پێت وایە بەرانی ڕانەکەی؟! دیوارەکەتان بە چی کون کرد؟

ــ بە کێرد!

ــ لە کوێتان بوو؟

ــ هەمانبوو!

ــ کێ بۆتانی هێنابوو؟

ــ لە لای خۆمان هەمانبوو؟

ــ کامتان لە لای خۆی هەیبوو؟

رامانێک و شەمەل ویستی لە بنەوە سەیرێکی ستار بکات، بەڵام تاودانەوەی چاوەکانی غەزەنە وەها لە تەوێڵی شەمەل چەقیبوو کە کابرا هەستی کرد ناتوانێ نیگای خۆی بەقەد دەنکە گەنمێک بسووڕێنێ. لەگەڵ ئەوەش ئەبوا ڕێگەیەک بدۆزێتەوە. وەڵامێک پێویست بوو. دیسانەوەش گوڵمحەمەد!

سەروان غەزەنە پرسی:

ــ چۆن و لە کوێوە؟

ــ لە ناو مەشکەی ماستدا شاردبوویانەوە.

ــ کێ بۆی هێنابوو؟ بۆ گوڵمحەمەد؟

ــ کەسو کارەکەی.

لێردا، غەزەنە هەڵگەڕایەوە بۆ پیرەخاڵۆ و وتی:

ــ تۆ، تۆ... ئەمانە ئەناسی؟

پیرەخاڵۆ لە وەڵامدا وتی:

ــ بەڵێ جەنابی سەروان، خاترجەم. ئەو شەوە هاتن بۆ کاروانسەرا، خاترجەم!

ــ کێ و کێ؟

ـ خانمحەمەد و خانئاپۆ، لە دەوری سەرت. خاترجەم.
ـ ئیتر کێیان لەگەڵ بوو... مامە خاترجەم؟!
ـ ئیتر کەس نەبوو، لە دەوری سەرت. خاترجەم.
ـ ئەی ئەم... ئەم کوڕە چی؟
نیگای سەروان غەزەنە لە سەر مووسا بوو. مووسا هەستی کرد کەمەنکێشیان بۆ هەڵداوە و بە دزینەوەی نیگای خۆی، ئەیویست لەو کەمەنە خۆی لابدا، ئەگەر بتوانێ.
پیرەخاڵۆ کەوتە قسە:
ـ مووسا کوڕی خۆمە، جەنابی سەروان، خاترجەم. ئەو لەگەڵ ئەربابەکەی یان خاوەنکارەکەی بووە بە دەمەقاڵەیان. لە قەلاچیمەن تۆراوە و هاتووە بۆ لای خۆم؛ خاترجەم. کوردەکان ئەو بەلایان بە سەر ئەویش هێنا کە بە سەر منیان هێناوە، جەنابی سەروان. لەدەوری سەرت، خاترجەم. ئەویشیان بەست بە کۆڵەکەکەی بەردەم ژوورەکە... و...
جارێکیتر غەزەنە چاوی بڕییە چاوی شەمەل یاخووت و لێی پرسی:
ـ لە کوێ لە تۆ جیا بوونەوە.
ـ من خۆ بیابان ناناسم، جەناب سەروان. شەو بوو کە من لێیان جیابوومەوە.
ـ لە ناو شارەوە بەرەو کوێ ڕۆیشتن؟ ئەمەش نازانی؟
ـ بۆچی نازانم. بەرەو نەیشاپوور.
سەروان بێدەنگ بوو. ئەماژەی بە پۆلیسی لای دیوارەکە کرد. عەبدۆس، پیرەخاڵۆ و مووسا بباتە دەرەوە.
شەمەل، ستار و سەروان مانەوە.
سەروان، لەگەڵ ئەوەی هەوڵی ئەدا بە سەر تووڕەییەکەیدا زاڵ بێ، لە سەر لێواری مێزەکە دانیشت. سەیری ستاری کرد و لە شەمەلی پرسی:
ـ ئەم پینەچیە چ یارمەتیەکی دان بۆ هەڵاتن؟

هەواڵنامەی کتێب

شەمەل وتی:

ــ ستار ئاگای لە پلانەکەی ئێمە نەبوو، قوربان. بەس شەوێک ڕێگەی لەوە گرت دلاوەر، گوڵمحەمەد بکوژێ. پاشانیش... بە زۆر ئاشتمان کردنەوە بۆ ئەوەی هەموو تاوێک بە سەروبەچکی یەکدیدا هەڵنەپژنەوە، هەر ئەوەندە، قوربان.

سەروان بە شەمەلی وت:

ــ خۆ ئاگات لێیە ئەو ژنە ڕەبەنە کە بە شەقی تۆ وای لێهاتووە، خەریکە ئەمرێ؟ ڕەنگە بە قازانجت بێ پێش ئەوەی بمرێ کاغەزێکی ڕەزامەندی لێوەر بگری!

بە دوای قسەکەیدا، غەزەنە دەرفەتی وەڵامدانەوەی بە شەمەل نەدا، وەرگەڕایەوە بۆ لای ستار و وتی:

ــ عەنتەر! ئاگام لێیە شەو و ڕۆژ لە بیابانەکانی ئەم وڵاتەدا خولەت دێ؛ لە گوندەکان و لە ناو جووتیارەکاندا! لەو شوێنانە چی ئەکەی؟! بە دوای چیدا ئەگەڕێی؟ نەخشەی چ پیلانێک دائەڕێژی؟ چ فێڵ و دەلەسەیەک وا لە ژێرسەرتدا؟

ستار، بە بێ ئەوەی نیگای لە نیگای غەزەنە بدزێتەوە، وتی:

ــ کاری من لەو شوێنانەیە. لە ڕاستیدا لە گوندەکانە.

ــ کاری سەرەکی تۆ چی بێت، لە ڕاستیدا؟!

ــ پینەکردنی هەموو شتێک، قوربان، من پینەچی گەڕۆکم.

ــ ئەزانم پینەچیت، تۆ. بەڵام ناوی خۆت، ناوی ڕاستەقینەی خۆت چییە؟

ــ ستار، ستاری پینەچی... قوربان!

غەزەنە بە بێ پرینگانەوە نەڕاندی؛ بەو ڕادەیەی کە شەپۆلی خوێن هورووژمی هێنا بۆ دەموچاوی و ڕەگەکانی ئەستوور بوون و دەرپەڕین:

ــ پینەچی!... ئەگەر جارێکیتر ئەم وشەیە ببیستم زمانت لە گەرووت دەر ئەکێشم، توخمی زۆڵ! ڕاستەکەیم پێ بڵێ تا شێت نە بووم، تۆ... کێیت؟!

ستار وتی:

ــ ستار، قوربان. ستاری پینەچی. خۆ درۆ ناکەم. پارچە پارچەشم بکەی، من ستاری پینەچیم!

غەزەنە هەڵکەنرا، تفێکی لە ناوچاوی ستار کرد و بەرەو دەرگاکە چوو؛ بەڵام بەر لەوەی پێ بخاتە سەر پلیکانەکە، ئاوڕی دایەوە و بە تووڕەیەکی ترسناکەوە وتی:

ــ ئەزانم! ئەزانم تۆ یارمەتی ئەو دزانەت دا هەڵبێن، ڕێوی! تۆ ئەو ڕێگەیەت خستە بەر پێیان و ئەوانیش بە بێ ئەوەی بە خۆیان بزانن بوون بە یاخی و ئاژاوەگەر. ئەو ڕێگەیەی بە ناو خوێندا دەرباز ئەبێ. ئەمەم... وەکوو ڕۆژ لەلا ڕوونە و ئەشی سەلمێنم. ئەوە بزانە.

قسەکەی تەواو نەکرد، غەزەنە بەرەو دەرگاکە چوو؛ بەڵام لەپڕ پێی سست کرد، وەستا و گەڕایەوە. بە چاوی دەرپەڕیوو و لێوی لەرزۆکەوە، بە ئەسپایی هاتە پێشەوە و بەرامبەر بە ستار ڕاوەستا و هەوڵیدا خۆی هێور بکاتەوە:

ــ تۆ ئەندامی حیزبی... وایە؟

ستاری پینەچی بە خامۆشی، بەرامبەر بە ئەفسەری پۆلیس حەپەسا؛ وەک بلێی شەویلکە و لێوەکانی موو بە موو لێک دادووراون. لە بەختی ستار، لە ناو ئەو گێژەنەدا، لەتی دەرگا ڕزاوەکە لە سەر گرێجەنە سووڕا و، پۆلیسێک پاژنەی پۆستاڵەکانی دا بە یەکدا و دەستی برد بۆ لێواری کڵاوەکەی. غەزەنە ئاوڕی لێدایەوە. پۆلیسەکە وتی:

ــ تەلەفوون، قوربان. جەنابی سەرتیپ فەربەخش!

غەزەنە بە پەلە چووە دەرەوە و ستار و شەمەل بۆ ساتێک بەتەنها مانەوە. دەرفەتی دڵدانەوە نەبوو. شەمەل چاوە شینەکانی بە دەوروبەردا سووڕاند و وتی:

ــ لە لایەن منەوە نیگەران مەبە، سەبارەت بە تۆ من بەڵێنم بە گوڵمحەمەد داوە.

دەسبەجێ پۆلیسەکە گەڕایەوە و بە کرنۆشێکی ئاشنا لە پێکەنینەکەیدا، وتی:

ــ جەناب سەروان کاری پێتانە شەمەل خان.

شەمەل لەگەڵ پۆلیسەکە ڕۆیشت و دەرگا لە سەر ستار داخرا.

لە پشت دەرگای ژووری سەروان، شەمەل دەنگی پەرێشانی غەزەنەی بیست:

ــ عەلیئەکبەری حاجی پەسەند؟!... هەر ئەو شەوە؟!

لە هەمان کاتدا، وتووێژی تەلەفوونی برا و سەروان غەزەنە لە کاتێکا عارەقەی بە دەسرێکی ناسک ئەسڕییەوە، بەخێرایی لە دەرگا هاتە دەرەوە. بە بێ گوێدانە شەمەلی یاخووت کە لە لای محاجەرەکان وەستابوو، بە لای پۆلیسەکەدا بەرەو پلیکانەکان چوو و بە جنێودان چووە خوارەوە. لە ژێر کەوانی تاقی دالانەکەدا هەڵوەستەیەکی کرد. لای دیوارەکەی ناو دالان، عەبدۆس و مووسا و پیرەخاڵۆ خۆیان ڕەقاندبوو بە دیوارەکەوە. سەروان غەزەنە دەستی بۆ عەبدۆس ڕاکێشا و گوتی بیبەنەوە بۆ شوێنی خۆی:

ــ ئەم دووانەش ئازادن. با بڕۆن ون بن لە پێش چاوم!

ئەو پۆلیسەش کە شەمەلی لە ژێر زەمینەوە هێنابوویە سەر، لە پێش شەمەلەوە هەڵاتە خوارەوە و دەستی برد بۆ لێواری کڵاوەکەی. کلکەسووتێی بۆ غەزەنە ئەکرد:

ــ ئەی شەمەل چی جەناب سەروان؟ خۆتان فەرمووتان...

غەزەنە، ناو دالانەکەی بەرەو دەرگا بە پەلە بڕی و بەر لەوەی لە شۆستەکە بپەڕێتەوە، بەرەو دەرگای کراوەی جیبەکە، لە وەڵامی ئەو پۆلیسەی هەروا بە دوایدا هەڵئەهات، وتی:

ــ بیخەرەوە ژوورەوە!

بە سوار بوونی غەزەنە، شۆفێرەکە دەرگای جیبەکەی داخست و مووسا و پیرەخاڵۆش پێیان نایە سەر بەردچنی شۆستەکە و،

بەرەو کاروانسەرا ڕۆیشتن.
لە کاروانسەرا، پیرەخاڵۆ ڕاستەوخۆ چوو بۆ دیوەکەی خۆی و مووسا لە لێواری سەکۆکە دانیشت. پیرەخاڵۆ خۆی بە ئاگرکردنەوە و کتری دانانەوە خەریک کرد و بە بێ ئەوەی ڕاستەوخۆ سەیری ناوچاوی مووسا بکات:
ـ نەکا تۆ ئاگات لە کاری ئەو خێڵاتیانە هەبووبێ، کوڕە؟!
مووسا کە چاوەڕوانی ئەو پرسیارەی لە لایەن پیرەخاڵۆوە ئەکرد، لەسەرخۆ وتی:
ـ ئەوە ئەڵێی چی مامە؟ تۆیش لە جەناب سەروانەوە فێر بوویت؟!
ـ نا، نا، خاترجەم! بەڵام نازانم بۆ ئەوە هات بە مێشکمدا.
ـ دیارە خەیاڵات هەڵیگرتووی... چووزانم!
ـ نا، نا، خاترجەم!
مووسا، وتی:
ـ ئاخر یارمەتیدانی ئەوان چ سوود و قازانجێکی بۆ من هەبووە؟
ـ بڵێم چی... جەوانیە ئیتر. ئادەمیزاد لە تەمەنی تۆدا، هەندێ جار کاری وا ئەکات نەک هەر قازانجی نییە، زەرەریشی تیا ئەکا. خاترجەم!
ـ باشە بۆچی؟ مرۆڤ مەگەر مێشکی کەری خواردووە کە زەرەد لە خۆی بدات؟
پیرەخاڵۆ بۆ ساتێک ڕووی لە سەر کوانووەکە وەرگێڕا، نیگایەکی توند و نامۆی هاویشتە مووسا و وتی:
ـ ئا، بەڵێ! مرۆڤی گەنج مێشکی کەری خواردووە و ئەولاتریش... خاترجەم!
لە بێدەنگی مووسادا، پیرەخاڵۆ جارێکیتر سەرنجی گواستەوە بۆ سەر ئاگرەکە و درێژەی دا:
ـ مێشکی کەر! لە تەمەنی تۆدا بووم... ئەوکاتەی لە



هەواڵنامەی کتێب

عیشقاباد بووم، کاری وام کردووە خەریک بووە لە پێناویدا سەرم بدۆڕێنم؛ خاترجەم! کام پیاوی ژێر ئامادە ئەبێ نیو مەن تریاک بە دوو جێ بخاتە ناو ترۆمبێلی گاز و لە وڵاتی بێگانە لەم شار بۆ ئەو شار بیبات؟... بەڵام من ئەو کارەم کرد. بۆچی؟ بۆ هیچ و خۆڕایی. بەس لە بەر ئەوەی ناسیاوی عیماد خان بووم! خاترجەم!

مووسا وتی:

ــ خۆ من لەو کارانەم نەکردووە. تۆ بینیوتە؟!

پیرەخاڵۆ جارێکیتر سەیری مووسای کرد و وتی:

ــ کاری وا؟ نا. خاترجەم! بەڵام... ئەم ڕۆژانە کاریتر بووە بە باو. زۆر گەنجم بینیووە خۆیان تیابردووە و چاکە و خراپەی خۆیان نازانن. خاترجەم.

مووسا، سەری داخست و وتی:

ــ ئەو جۆرە گەنجانە ڕەنگە ورگیان تێرە!

پیرەخاڵۆ فووی کرد لە کوانووەکە. سەری هەڵێنا، ئاوی سیلەی چاوەکانی بە سینەی دەستی سڕییەوە و وتی:

ــ نەخێر! بە پێچەوانەوە زۆریش برسین، خاترجەم! لە من و تۆ ڕووتەڵەتریشن. چاو و گوێیان کراوەتەوە. ئەوە کێیە تاونەتاو خەڵکەکە کۆ ئەکاتەوە و وتاریان بۆ ئەدا؟ ناوێکی خۆشی هەیە. کێیە؟

ــ نازانم!

پیرەخاڵۆ وتی:

ــ هەر کەس هەیە با بێ، بەڵام خەڵکی فێری مشتومڕ کردووە. هیچ شوێن نییە چوار کەس پێکەوە ببینی و باسی کاروباری وڵات نەکەن. دەڵاڵی پێستەو خوری و ڕیخۆڵەش ئەم ڕۆژانە باسی سیاسەت ئەکەن. ئەڵێی کار و ژیانیان نییە. قنیان بە دەرەوەیە. بۆ نانی شێویان داماون. بەڵام قسەی وا زل زل ئەکەن هێستر لە بنیا پشتی ئەچەمێ. خاترجەم!

مووسا کە بەناچاری خۆی بە بن باخەڵە دڕاوەکەیەوە خەریک



هەولاتی کتێب

کردبوو، وتی:

ـ ئەوا لە تۆی ئەبیسم، مامە گیان، من خۆ لە شار نیم.

ـ هەر ئەمە، خاترجەم! ئەوە باشترە کە نیت. خەریکم ئەدەم بە گوێتدا خۆت نەکەی بە بەردی بە بەردی سەر سەهۆڵ. کە بە چاوی بەستراوەوە خۆت نەخەیتە چاڵەوە. خۆ تێم ئەگەی؟

ـ ئەی چۆن تێناگەم، مامە گیان؟!

ـ خاترجەم، خاترجەم! شار ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر تێک ئەچێ. منیش هەر ئالێرەوە، لە ژێر دالانی ئەم کاروانسەرایەوە خەریکم سەیری دنیا ئەکەم. ئەمەوێ سەرت بلەقێنم. خاترجەم! ئەدەم بە گوێتدا، نەکا لە خۆتەوە خۆت تێکەڵ بکەی. بەدەس خۆت نییە. مرۆڤە ئیتر؛ جاری وا هەیە فریوی زمانی خۆشی ئەم و ئەو ئەخوات. هیچکەس لە نارێوە نەگەیشتۆتە مەبەست. خاترجەم! با تۆزێ هەرا و هوریاکە بخەوێ بە هەر نرخێک بووبێ دەستی ڕەعنا ئەخەمە ناو دەستەوە. بەڵێنت پێ ئەدەم. پاشانیش خوای من و تۆ گەورەیە، ڕەنگیشە پیاوێکی باش، خێرەوەمەندێکم دۆزییەوە و توانیم مشتێک پارەی لێ قەرز بکەم. خۆیشم دەستێک بکێشم بە سەر و بەری ژیانمدا و دەسمایەیەکت بۆ دابین بکەم کە تۆیش بکەویتە سەر کار و کاسپی خۆت. دارە تەوەنێک مەگەر چەندە مایەی ئەوێ؟ خاترجەم! نۆکەری خۆت و ئاغای خۆت ئەبی. تۆ کوڕی منی. من لەگەڵ باوکت و لەگەڵ خۆم و خوای خۆم پەیمانم بەستووە تا چاوم بەم دنیایەدا هەڵدێ ئاگام لە ژیانی تۆ بێ. خاترجەم!

مووسا بە ناچاری وتی:

ـ ئیشەڵڵا منیش بتوانم چاکەی تۆ بدەمەوە، مامە گیان.

پیرەخالۆ، لای کوانووەکە دانیشتبوو. ڕووی لە ئاگر و، هۆش و گوێی لای مووسا بوو:

ـ دەی... خاترجەم؛ دەی... بڵێ با گوێم لێ بێ. ڕاستەکەیم پێ بڵێ. مەرد و مەردانە. تۆ لەگەڵ ئەو کابرا غەوارەیە، لەگەڵ

ئەو پینەچییە چ جۆرە ئاشنایيەکت هەیە؟ چۆن و لە کوێوە ئەیناسی؟
مووسا وتی:
ــ ستار ئەڵێیت؟
ــ ئا... ستار. خاترجەم!
مووسا لە بن نیگای گوماناوی پیرەخاڵۆدا وتی:
ــ جارێکیان گیوەکانی بۆ دەورە گرتم. خۆت خۆ باشتر ئەیناسی. غەوارەیە و کەسی لەم ناوە نییە. جارجارە پێکەوە چایەک ئەخۆینەوە.
تۆزێ ساکارانە، پیرەخاڵۆ بە مەراقێکی زیاترەوە پرسیاری کرد:
ــ چ جۆرە پیاوێکە ئەم ستارە؟
مووسا وەڵامی دایەوە:
ــ پیاوێکی باش و بێوەیە. بەڵام نازانم بۆچی بەو جۆرە لێیان هەڵپێچاوە؟!
پیرەخاڵۆ نارازی لە شێوەی وەڵامدانەوەی جەوان، وتی:
ــ ئەوەت بیستووە سەری بێتاوان ئەچێتە بن دار، بەڵام ناچێتە سەر دار؟ بیستووتە؟
ــ لە خۆتم بیستووە!
ــ خاترجەم! زۆر چاکە، ئەی جەناب سەروان بۆچی بەو جۆرە سزای ئەدا؟ لە بەر چی؟ جەناب سەروان خۆ لە خۆیەوە نایەوێ خەڵکی ئازار بدا، کەوابێ هەندێ شتی لێ بینیوە... ها؟ خاترجەم!
ــ چووزانم، مرۆڤ خۆ ئاگای لە ناخی ئەویتر نییە. خۆ من غەیبم پێ نییە!
ــ خاترجەم، خاترجەم! هەر بۆیەشە مرۆڤ نابێ ڕۆژوویەک بگرێ کە لێی دوودڵە. مرۆڤ بۆ ئەبێ لەگەڵ کەسێک کە نایناسی ببێ بە هەڤاڵ؟ بۆچی؟ ها؟ سەرێک کە نایەشێ بۆ ئەبێ بیبەستی، نابێ! خاترجەم!

مووسا وتی:

ـ کترییەکە هاتە کوڵ، مامە گیان. با من چاکە دەم بکەم.

مووسا هەڵسا و چووە ژوورەوە. بە قوتووی چای وشکەوە گەڕایەوە و لە لای کوانووەکە دانیشت و پرسی:

ـ ئەم... ئەم جەنابی فەربودە، کە تۆ ئەڵێی جەوانەکانی خستۆتە سەر هەوا، لە کەیەوە هاتووە بۆ ئەم شارە؟

پیرەخاڵۆ وتی:

ـ تەرە کراوە. ئەگەر لە من ئەبیسی تەرە کراوە. لە هەر شوێنێک بووە، مڵۆزم بووە. تێکدەر بووە. لە چاڵە ڕەشەکانی شای پێشوو ڕزگاری بووە. چووزانم... سەد چیرۆکی لێ ئەگێڕنەوە. لێرەش ئەوەتا چاوت لێیە، ئاڵای یەکسانی بەرزکردۆتەوە. قسەیەکی خستۆتە دەمی ئەو خەڵکەوە لە وشتری بار بکەی، لە بنیدا چۆک دائەدا. خاترجەم! لەم قسانە بگەڕێین... ئەو شەوە، هەمان شەو تۆ لەگەڵ خانمحەمەد لە کاروانسەرا چوویتە دەرەوە، وابوو؟

ـ بەڵێ.

ـ دەی، خاترجەم! خانمحەمەد باسی چی لەگەڵ کردی؟

مووسا ناوچەوانی تێکنا و وتی:

ـ لە بیرم نایەت هیچی وای وتبێ.

پیرەخاڵۆ بە بەری دەستی لووتی لەقاند و وەک بڵێی لەگەڵ مووسایەتی، وتی:

ـ دڵم لەم ناجوامێرانە پاک نابێتەوە، خاترجەم! ژیانێک لەگەڵ پیاوی یەکە یەکەدا هەڵساوم و دانیشتووم، بەڵام هەتا ئێستە هیچ کەس بەو جۆرە پاشقولی لێ نەگرتبووم. ئەم بیابانیانە... عەقڵی جنۆکەیان هەیە. خاترجەم! بەم شاکارەیان ئاشێکیان بۆ خۆیان لێ‌نا، یەک پەنجە ڕۆنی لە سەر وەستاوە. هەه! بە دڵیان ناکەوێ؛ خاترجەم! حکوومەتە، خۆ گاڵتە نییە. بناغەی پتەوە، زۆر پتەوە. خاترجەم. بە ددانی مشک خراپ نابێ.

باوکی ئەم شایە، شای پێشوو ئا لەم تورکمان سەحرایە، دەستە دەستە لەم جۆرە پیاوانەی لە بەر سینەی دیواردا ڕیزکرد و دایانیە بەر ڕێژنەی گوللە. لە خورستان و لە کوردستان و لە جەنگەڵی مازەندەرانیش هەروەها. کولونێڵ محەمەد تەقی خان، میرزای جەنگەڵی... لە هەموو جۆرێکیان؛ خاترجەم! گوێی یاخیەکانی بە بزمار دائەکوتا بە دیواردا، ڕەزاخان. پێت وایە گوڵمحەمەدی کەلمیشی لەوانە پیاوترە؟!

ــ بەڵێ... نا، قسەکەی تۆ وایە.

مووسا لای ڕوون بوو ئەگەر هەتا بەیانیش دابنیشێ و گوێ لە پیرەخاڵۆ بگرێ، پیرەخاڵۆ لە پەسا سەبیلە تێ ئەکات و درێژدادڕی بۆ ئەکات.

«پیرییە ئیتر. هێز و توانای مرۆڤ لە چەناگەیدا کۆ ئەبێتەوە، چی لەگەڵ ئەکەی؟»

چایەکی خواردەوە. هەڵسا، خۆی کێشایەوە و وتی:

ــ ئەڵێم بچم بۆ گەرماو خۆم خاوێن بکەمەوە؟ ڕەنگە بەیانی بکەومە ڕێ بەرەو قەڵاچیمەن. هات و ویستم بەیانی زوو بڕۆم.

پیرەخاڵۆ وتی:

ــ ناوەخت نییە؟

ــ نە هێشتا، تازە کارەبا پێکراوە.

پیرەخاڵۆش بیوتایەت نا، مووسا هەر ئەڕۆیشت. خەیاڵی ستار، ئوقرەی لێ بڕیبوو. بە دوای ئەوەی ئەمڕۆ دیبووی نەی ئەتوانی ئارام بگرێ. لە لای پیرەخاڵۆش نەی ئەتوانی لەوە زیاتر خۆی بدا لە گێلی. بۆیە پاژنەی گیوەکانی هەڵکێشا و لە دەرگای کاروانسەرا دەرکەوت و پێی نایە ناو شەقامی قەرەباڵخی شار، چرای بازاڕ.

«ئەکبەر ئاسنگەر.»

شار، ڕەنگە پڕ بوو لەو کەسانەی هەر کامە و بە جۆرێک پەیوەندییان لەگەڵ ستاردا هەبوو. بەڵام مووسا تەنها ئەکبەری

ئەناسی. ئەویش ئەگەر ئاسنگەرخانە دانەخرابێ. خوارتر لە چوارڕێیانەکە، گوزەری خمگەرەکان بوو. نشێوی کۆڵانەکە و مەیدانی ئاسنگەران بە لای چەپەوە. دووکانی مامی ئەکبەر. چاوی مووسا جگە لە دووکانی مامی ئەکبەر، هیچی تری نەئەبینی.

کوورەی دووکان هێشتا سوور بوو. ئەتوت ئەکبەر شەوکار ئەکات. ئاسنێکی سوورەوەکراوی بە دەمی گازەکە گرتبوو، لە سەر سندانەکە ئەیسووڕاند و بە پیک ئەیکوتا بە سەر ئێرە و ئەوێی ئاسنە سوورەکەدا.

پارچە ئاسن خۆی ئەم بارەوبار ئەکرد و لە نێوانی پیک و سنداندا فورمی وەرئەگرت.

بەڵام ئەکبەر ئەیویست چی درووست بکات، بۆ مووسا ڕوون نەبوو. ئەکبەر خۆیشی گەرم داهاتبوو و بە سەر سندانەکەدا دانەویبۆوە و وا پێ ئەچوو لەگەڵ ئەم بارەوبار بوون و گۆڕینی بیچمی ئاسنەکە، خۆیشی بە لەش و بە گیان گۆرانی بە سەردا دێ. مووسا ئەیبینی پڵیتە ئاسنەکە پان ئەبێتەوە، خۆی ئەکاتەوە لە بن پیکەکەدا. ناسک ئەبێتەوە، باریک ئەبێتەوە، لە پانترین جەمسەرەوە تا تیژی نووکەکەی دوو شیوی کەوانی پەیدا ئەکات و؛ مووسا لەپڕ بینی گاسنێک لە بەر چاویدا درووست بوو. ئاسنەکە ڕەش داگەڕا و بووەوە بە خۆی؛ ئەکبەر بەڵام، دەستی لە چەکوش وەشاندن هەڵنە ئەگرت و وەها چووبوویە ناخی کارەکەی خۆیەوە نە مووسای ئەبینی و نە نیگای مۆڵەق بووی ئەوی هەست پێ ئەکرد.

مووسا، خەیاڵ هەڵیگرت و بە بێ مەبەستێکی تایبەت و ڕەنگە بە پێی سروشت، کەوتە بیری کارەکەی خۆی و سەیرکردنی خۆی لەو کاتانەدا کە لە ڕێگەی پەنجەکانیەوە لە نەخش نەخشی فەرشەکەدا ئەچنرا، بەو ڕادەیەی کە نە هەستی بە خۆی و نە کەسیتر ئەکرد. ئەوساتانەی لە کاردا ئەتوایەوە و تێکەڵ بە کار و لە خۆی بێخود ئەبوو و، لە کاردا ئەتوت خەریکی حەز لێکەرییە

لەگەڵ کار، بە بێ من و تۆ. گرێ. خاڵی یەکانگیری.

بەڵام ئێستە و لێرە و لەم کاتەدا مووسا نەی ئەتوانی ڕاوەستێ و چاوەڕێ بکات چێژی کارەکە بنیشێتە لەشی ئەکبەر. ئەوەی لە دڵیدا بوو، هەناوی هەژاند بوو. بۆیە لە درزی دەرگاکەوە خۆی کرد بە ژووردا و ماندوو نەبی لێکرد. ئەکبەر شانی ڕاست کردەوە و بەرامبەر بە مووسا، لە هەمان کاتدا کە گاسنە گەرمەکەی ئەکرد بە ناو ئاودا، بە دەنگی سووتانی ئاوەکەوە وتی:

ـ دەی دەی... ئەڵێی خۆت لە چنگیان دەرپەڕاند؟!

مووسا بە بێ ئەوەی کات بە فیڕۆ بدات، وتی:

ـ ستار چی بە سەر دێ؟

ئەکبەر، گاسنەکەی لە ناو تاسەی ئاوەکە دەرهێنا، هەڵیپەسارد و وتی:

ـ خەمی ئەوت نەبێ. ڕەنگە بەو زووانە کارەکەی جێبەجێ نەبێ!

ـ تۆ لە کوێوە ئەزانی؟

ئەکبەر چوو بۆ بنی دووکانەکە، ژێرکراسەکەی داکەند و هاتەوە. دەستی دایە لێواری تاسەی سواڵەت و وتی:

ـ ئادەی، لێ نەوە!

پێش ئەوەی سواڵەتەکە لە دەرەوەی دەرگاکە دابنێن، مووسا بە پەرۆشەوە پرسی:

ـ پێم بڵێ! تۆ چۆنت زانی کارەکەی جێبەجێ نابێ؟

ئەکبەر، دەستیکرد بە شۆردنی سەر و ملی و وتی:

ـ تاوانەکەی! مەگەر تۆ نازانی تاوانی چییە؟

ـ ئاگام لێیە. بەڵام ستار خۆ نەیگرتۆتە ئەستۆ!

ـ جا ئەگەر بیگرتایەتە ئەستۆ کاری بە جارێک تەواو بوو. جگە لەوە بۆشیان تێچاندووە. لە هەر کوێ بووە بە زیادەوە وتوویانە. لەو ناوە کێ ئەناسی ئەو کارانەی لە دەس بێ؟

ـ هەموو کەس ئەتوانێ ئەو کارەی کرد بێ. ماشەڵڵای ناوێ

خوا، کەم نین خۆ! یەکەمیان خودی بابقولی بوندار.

ـ جگە لە بوندار، کێیتر لە دەوروبەرتان هەیە؟

مووسا قەراخ لێوی خوارەوەی گەست و بە هەڵوەستەیەکی کورتەوە وتی:

ـ جگە لە بوندار... کوڕەکانی کەلایی خواداد هەندێ جار سەریان ئەخستە سەر ستار. قەدیر و عەباسجان... بەڵام ئەنجامەکەی چی ئەبێ؟ ئەبێ کارێکی بۆ بکرێ!

ئەکبەر وتی:

ـ ئەتوانی ئاوی سواڵەتەکە بکەی بە سەر ملمدا؟ قورسە، بەڵام!

مووسا بە دژواری سواڵەتەکەی بەرزکردەوە و ئاوەکەی کرد بە ملی هاوڕێکەیدا.

ئەکبەر وتی:

ـ ئاگات لێبێ خڵتە و خەوش و خاڵی بنەکەی نەکەی بە سەر پشتمدا. بیڕژێنە سەر عەرزەکە!

مووسا سواڵەتەکەی بەتاڵ کرد و پاڵی دا بە دیوارەکەوە و وتی:

ـ واتە تۆ ئەڵێی ستار، بەمزووانە بەر نابێت؟

ئەکبەر ڕاست بوویەوە و لە کاتێکا سەر و قژی هەروا دانەواندبوو بۆ ئەوەی ئاوی سەر و گوێی دابچۆڕێ، وتی:

ـ مسۆگەر ئەوانەی سەرەوە بیرێکی بۆ ئەکەنەوە، ئیتر! بەڵام ئەم کارەی ستاریش لەوکارە شیرینانە بووە، ها! ئافەرینی پێ ئەوێ، باش ئەو خێڵاتیانەی هەڵفڕاند!

مووسا بە دوای ئەکبەردا سواڵەتەکەی ڕاکێشا بۆ ناو دووکان و بە درێخێکی ئاشکرا لە دەنگیدا، وتی:

ـ خێڵاتیەکانی باش هەڵفڕاند، بەڵام خۆی لە تەڵەدا مایەوە!

ئەکبەر چوو بۆ بنی دووکانەکە، لای جلەکانی ڕاوەستا و وتی:

ــ زۆر خەمی لێ مەخۆ! پۆلیسخانە خۆ بە دەس ئێمە نییە بچین و بیهێنینە دەرەوە. جگە لەوەش وا دیارە ڕەخنە لە کارەکەی هەیە، گوایە سەربەخۆ ئەو کارەی کردووە. بڕیارەکە لای سەرەوە نەهاتووە.

مووسا کە لەمبەری سندانەکە وەستا بوو و چاوی لە کوورەکە بوو، بە بێ ئەوەی حەزی لەو جۆرە وتووێژە بێ وتی:

ــ من لەم شتانە تێناگەم. بەس ئەوەندە ئەزانم لە بەر چاوی من و ئەوانیتر، شەق و شڕیان کرد. ئەزانم؛ دیسانەوەش لێی ئەدەن. بەرگەی ئەو لێدانانە ناگرێ. ڕەنگە تیا بچێ، تێ ئەگەی؟!

ئەکبەر قۆپچەی کراسەکەی داخست و وتی:

ــ چۆن تێناگەم؟ تۆ چ خەیاڵێکت کردووە؟ لەوێ خۆ خورما نابەشنەوە! شەڕە برای من، شەڕ!

ئەکبەر دەستی برد بۆ جاکەتەکەی، لە بزمارەکەی کردەوە و لە کاتێکا دەرخۆنەی ئەنا بە دەرگای کوورەکەوە وتی:

ــ تۆ چاوەڕێیت لە شەڕدا... چی دەس مرۆڤ بکەوێ؟! ها؟

ئەکبەر لە دەرگاکە هاتە دەرەوە، تەختەکانی خستە جێ و بەڕیز دانیان، پاڵی دان بە یەکەوە و دوو شەفتولی ئاسنی ڕاست و چەپ وەکوو خاچ کرد بە ناو قوڵفەکاندا. دوو قفڵیدا لە دەرگاکە. کلیلەکانی خستە گیرفانی و وتی: «دەی!» کاتێکە مووسا هیچ وەڵامێکی نەدایەوە، کەوتە ڕێ و وتی:

ــ با بڕۆین!

مووسا بە بێ ئەوەی قەڵسیەکەی خۆی بشارێتەوە، پرسی:

ــ بۆ کوێ ئەڕۆین ئێستە؟

ئەکبەر بە دەم ڕۆیشتنەوە قۆڵی کراسی هاوڕێ گەنجترەکەی خۆی گرت و وتی:

ــ ورەت بەرز بێ، برام! ورەت نەڕووخێ! چەندە زوو گەرمت کردووە؟! ئازار لە دەروازەوە دێ و بە کونی دەرزیدا ئەچێتە

دەرەوە. گرفتاریش هەر وایە. ئەم جۆرە کارانە بە شەوێک کۆتایی نایەت. تەواو نابێت. خۆ بە شەوێک دەستی پێ نەکردووە کە بە شەوێکیش تەواو ببێت. جگە لە مانەش، کاری ستار زۆری قۆرت تێکەوتووە. ئاتەش خەریکە ئەمرێ. هەرچەند بە لەقەی چەقۆکێشەکانی شەمەل وای لێهاتووە، بەڵام ستاریش لەوێ بووە. ئەگەر بیانەوێ ئەتوانن بە یەکە یەکەی ئەم شتانە پاپۆشی بۆ درووست بکەن!

ــ بەڵام زۆر خەڵکی تریش لەوێ بوون!

ــ زۆری لێ بووە، ئەزانم. بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەوان ئەیانەوێ کێ ببینن! تازە ئەمە ڕواڵەتی کارەکەیە. پۆلیس ستار ئەناسێ. بەڵام هێشتاش ناتوانێ بەو جۆرەی کە پێویستە لە ئێمە هەڵپێچێ؛ چونکە ئێمە لەقەز قانوونین! جا لە بەر ئەوەی کە ناتوانن ڕاستەوخۆ یەخەمان بگرن بۆ بیانوو ئەگەڕێن تا بەو جۆرە ژەهری خۆیانمان پێ برژێنن. ستاریش کەمی بیانوو نەداوە بە دەستیانەوە. جا ئێستە ئەمێنێتەوە سەر ئەوەی چ چارەیەکی بۆ بدۆزینەوە.

ــ دەی؟!

ــ کە وا بوو ئەچین بۆ لای جەنابی ئەفشار.

چرای چاپخانە ئەگڕا. ئەکبەر دەستی لە دەرگاکەوە نا، کردیەوە و سڵاوی کرد. ئەفشار بە تەنها لە پشت ئامێری چاپەکەدا وەستابوو و خەریکی کارێک بوو. لە وەڵامی سڵاودا، سەری بەرز کردەوە و لە بان چاوێلکەکەیەوە سەیری ئەکبەری کرد و سەرێکی بە پرسیار جووڵاند. ئەکبەر دەرگای دووکانەکەی بە دوای خۆیدا داخست و وتی:

ــ مووسا!

**بەندی دووەم**

بارەکەی قورس نەبوو. مووسا بوخچەکەی دابە شانیدا، لای سەکۆکە وەستا و وتی:

ـ خوا حافیزی بێ... مامە گیان!

پیرەخاڵۆ خۆڵی سەبیلەکەی داتەکاندە ناو کوانووەکە و وتی:

ـ نامەوێ لەوە زیاتر ڕوخساری نگریسی بابقولی بوندار ببینم کە بێت بۆ ئێرە و دەمم لێ بکاتەوە و لە بەر جەنابت ئەوەی کە شیاوی ڕیشی خۆیەتی بە منی بڵێت. تێگەیشتیت؟

ـ بەڵێ... مامە گیان.

ـ زۆر چاکە، خاترجەم! بە هیوای خوا.

ـ خوا حافیز بێ.

ـ بە خوام سپاردی کوڕم، خاترجەم! بە خێر و خۆشی.

شەقام، لە کازیوەی بەیانەوە جمەی ئەهات و بیابان، وەک چۆڕێ شیر سپی ئەکردەوە و سروەی لە سەر دەست بە پێشوازەوە ئەهێنا. سروە و کازیوە. هەوای خۆش و سووکەڵە، هەوریشمی خاو. هەوای تەرچکی پێش خۆرهەڵات. ئەوەندەی مووسا بە قەراخی گوندی دڵقەنددا تێ بپەڕێ، خۆر چاوەشارکێی بوو و؛ کاتێکە تێپەڕی خۆر دەرکەوت و دەشتی داگرت. ڕوخساری دەشت بوو بە کارەبای کاڵ. لەم لا و لەو لا پیاو و ژن. ناو بە ناو چوارپێ. لە هەندێ جێ پەڵەیەک پەز و شوانێک و سەگێک.

ناو بە ناو پەڵەیەکی شیناوەرد، سەوزەڵانیەک، گۆلاوێک و دەر و دەشت لە بن پێی مووسادا. کوێرەڕێیەک، شەقامەڕێیەک.

لەگەڵ ڕێگەکە مووسا چووە ناو گوندی هاشم ئاوا. ڕێ بە ناو ئاوایی‌دا تێ ئەپەڕێ، لە ڕۆژئاواوە بە ڕەو ڕۆژهەڵات. وچانێکی ماوە بۆ نیوەڕۆ. مووسا خۆحەن بەرەو لای سەرەوەی گوندەکە، بەرەو سەرچاوەی کارێزەکە هەنگاوی هەڵگرت. شوێنێک بۆ حەسانەوە، دانیشت و بوخچەکەی دانا، لەولاترەوە، لە کێڵگەیەکی ئەوبەری ڕێگاکە، هەندێ جووتیار دانیشتوو و وەستاو خەریکی ئاخاوتن بوون. بازاڕی وتووێژ، ئەم ڕۆژانە لە زۆربەی گوندەکان‌دا گەرم بوو. بابەتی وتووێژیش ڕوون و ئاشکرابوو. زەوی، بەرووبوو، جوتیار، بەشی ئاغە. ئاغەبەش، تۆو، گا، کار و... دیسانەوە... زەوی، کار، ئاغە، بەروبووم، بەشی...

مووسا بە دەم ئەوەوە کە شڵپێک ئاوی دا بە دەمووچاوی‌دا، دەستی کرد بە ئاوەکەدا و گوێڕایەڵی وتووێژەکە بوو.

ـ زەوییەکان؟ ئەوانە زەوی بە کەس بدەن؟! گیانیشیان بکێشی بە قەد لەپی دەستێکیشی نادەن بە ئێمە!

ـ کاتێکە گیانیان کێشرا، ئیتر لە سەر ئەم زەوییە نین کە لەپی دەستێکی بدەن بە ئێمە یان نەیدەن. ناوەڕۆکی کارەکە لێرەدایە!

ـ هەر ئەوەندە؟! مەگەر بەم ئاسانیە ئەکرێ ئەمانە لە سەر ئەم زەوییانە هەڵبگیرێن؟

ـ باشە، کێ وتوویەتی ئەوان ئەیانەوێ زەوی بدەن بە ئێمە؟ کێ ئەو قسەی کردووە؟ ئەبێ بە زۆر زەوییان لێ بسێنین. واتە ئەبێ لە سەر ڕێی شار پیاو دابنێین و ڕێگەیان نەدەین بێنە ناو گوند. دێن بۆ ئێرە چی بکەن؟!

ـ دوای ئەوە؟ ئەی دوای ئەوە چی ئەبێ؟ گریمان داگیرمان کرد، چۆنی بەڕێوە ببەین؟ بە کام پاشەکەوت؟ زەوی بەتاڵ خۆ بە کاری هیچ نایەت. نە ئەخورێ و نە کەڵکی‌تری هەیە. زەوی ئاوی

ئەویٚ، گاجووت و تۆوی ئەویٚ، ئالیک و دەسمایەی ئەویٚ؛ هەروەها ئەبیٚ نانی ساڵی خۆت و ژن و مناڵەکەشت لە ماڵەوە پاشەکەوت کردبیٚ. گریمان ئەوەشمان ویست تا بیناقاقە بکەوینە بن قەرزەوە، خۆ ئەبیٚ کەسیٚک هەبیٚ قەرزی لیٚوەربگرین. هەتا ئەمڕۆ جگە لە ئاغە کیٚ هەبووە دەمی لیٚ پانەوە بکەین؟ ئەوسا کە ئاغە نەبیٚ قەرز لە کیٚ وەربگرین؟

ــ هەیهۆ، زۆر سادەی تۆیش. تۆ جاریٚ هەنگاوی یەکەم هەڵبگرە ڕیٚگەیەک هەر ئەبیٚ.

ــ هەروا؟! ئەبیٚ بزانین پاشان چۆن ئەبیٚ! خۆ ناکریٚ هەر بڵیٚی بە هیوای با!

ــ بۆ بە هیوای با، کەلایی؟ ئەوەی کە ئەم زەوییانەی هەیە، گا جووت و تۆویشی هەیە. هەماریشی هەیە. ماڵ و ناوماڵیشی هەیە. دانەویٚڵە و تفاقیشی هەیە. کە وا بوو لە چیمان کەمە؟!

ــ ئەوە ئیٚوە ئەڵیٚن چی لە بەر خۆتانەوە، برای من؟! ئەتانەویٚ پاش تەمەنیٚک هەژاری و قەناعەتکردن دەس دریٚژ بکەم بۆ سەر ماڵی خەڵک؟ کەلوپەلی خەڵکی لە ماڵەکەی بدزم؟ چل دانە ساڵی ڕەبەق ڕەنجم داوە بۆ ئەوەی بتوانم پارەی سەفەری کەربەلا کۆبکەمەوە. پیٚنجسەد فرسەق ڕۆیشتووم بۆ پیٚ ماچکردنی سەیدولشوهەدا. نویٚژم قەت نەبڕاوە. گوڵەگەنمیٚک ماڵی حەرامم تیٚکەڵی نانی خۆم و خیٚزانەکەم نە کردووە. کەچی ئیٚستە هەڵسم و دارایی خەڵکی تاڵان بکەم؟ واتە بیٚم و ئاگر بەردەمە نویٚژ و ڕۆژووی چل ساڵەی خۆم؟ ئەی وەڵامی ئەو دنیام چۆن بدەمەوە؟ پەکوو! چ ڕیٚگەیەک ئەخەیتە بەر پیٚی خەڵکی تۆیش، مەشەدی غەزەنفەر؟ ئەی لەو ڕیٚگە جوانە؟!

ــ ئاتاج نیت کەلایی سالار؛ ئاتاج نیت. ئەگەر ئاتاج بوایەتی، ئەگەر دەستت بە دەمت نەگەیشتایەت، ئەو مەوعیزانەت لە بیر ئەچووە. هەمان سەیدولشوهەدا بدا لە ناوقەدی پیاوی دووڕوو! تۆ نان بخەرە بەردەمی مناڵی برسی بزانە ئەو بڕوبیانووانە

ئەهێنێتەوە! نەخێر کەلایی. مناڵی برسی نانەکە ئەخوات. بەڵێ نیاز. ئاتاجی کەلایی سالار. تا ئێستە سەختیت چەشتووە، بەڵام برسی نەبووی تا شێت ببێ. دەستت بە دەمت ئەگات. بۆیە ڕازی نابی یەک کەس تیا بچێ و سەد تا دووسەد بنەماڵە لە کوولەمەرگی ڕزگاریان ببێ!

ــ نەخێر قوربان گیان، نەخێر غەزەنفەر خان. نەخێر گیانەکەم. نەخێر! ئەم ڕێگەیە مەخەرە بەر پێی من. کوڕەکانی من و خوشکەزاکانیشم لە ڕێ بەدەر مەکە. مەبە بە شەیتانیان. نەخێر! من ناتوانم دەسدرێژی بکەمە سەر ماڵی خەڵکی کە لێم حەرام کراوە. نەخێر، دڵم بەرایی نادا. نەء!

ــ تۆ مەیکە، کەلایی سالار. ئەوەندە گەدا و برسی لەم وڵاتەدا هەیە کە دەس بۆ ئەو کەلوپەلە خۆڕاییانە درێژ بکەن، بەشی تۆ هەر نامێنێتەوە! هەرچی چۆن بێ کەلایی، تۆ تەمەنێکە پێمەڕەت ئەگەڕێ. جووتیارێکی نادار نیت. خۆیشت چۆرە ئاوێک و چوار گاجووت زەویت هەیە، لە کارەکەشتدا پسپۆڕی؛ ئاغە کارێک ئەکا پێویستت پێی هەبێ، بەڵام نا هێڵی لە برسان لەسەرخۆ بچێ. هەر چۆن بووە تۆ بۆ خۆی ڕائەگرێ. بەڵام ئەوانیتر چی؟ خۆش نشینەکان؟ ئەوانەی کە لە حەوت ئاسمان تاقە یەک ئەستێرەیان نییە؟ دوانزە شەو و ڕۆژ ئاو بۆ گوندێک، مەگەر بەشی کاری چەن جووتیار ئەکات؟ بەشی بیست سی کەس خۆ زیاتر ناکات. ئەی ئەوانیتر چی؟ بۆچی ئەم گوندێکی ئاوەها تەنها بیست سی کەسی تیا ئەژی؟

ــ ئەوانی تریش هەر لەم ئاو و زەوییە نان ئەخۆن ئیتر. خوا خۆی ڕۆزیان ئەدات. لە تەمەنی مناڵەکانی ئێمەدا کێت بینیووە لە برسێتیدا لە ناو کۆڵان کەوتبێت و مردبێ؟ لە پاش دواین قات و قڕییەوە شتیوا ڕووی داوە؟ نەخێر! ڕۆزی ئادەمیزاد خوا ئەینێرێ. بەندەی خوا سەگی کێیە؟ خوا خۆی هەزار ڕێگەی ڕسق و ڕۆزی ئەکاتەوە. کردوویەتەوە. هەر ئەم کشتوکاڵە خۆی هەزار لایەنی

هەیە. دەسکەنەی هەیە، درەوی هەیە، مەڵۆ کردنی هەیە، خەرمان کوتانی هەیە، شەن و کەوی هەیە و چی هەیە و چی هەیە... ڕسق و ڕۆزی بەندەی خوا خۆ نابڕێ مەشەدی غەزەنفەر، خاڵۆ گیان. بۆ ئێوە وڕکتان گرتووە کە ئەبێ هەر پێنج پەنجەی دەس وەکوو یەک بێ؟! تۆ ئەتەوێ بڵێی ئەو کارە ئەلوێ؟

ــ مەسەلەی پێنج پەنجە نییە، سالار! باسی ئەم پانزە لە سەدەیە کە خودی دەوڵەت قانوونەکەی پەسەند کردووە. ئەم پانزە لە سەدەی قانوون ئەڵێ ئەبێ لە بەشی ئاغە دایببڕن و بیخەنە سەر بەشی جووتیار. ئەی بۆ ئەو کاتەی کە ئەیانەوێ بیدەن ئەڵێی گیانیان ئەکێشن؟ ئەی بۆ ئەو بەشە نادەن؟ ها؟ بۆ هەزار و یەک بیانوو ئەهێننەوە؟ ئەمە خۆ ئیتر قانوونی دەوڵەتە! نییە؟

ئەبێ خۆی بێ. غەزەنفەر. پیاوێکی وردیلە و تەمەن ناونجی، بە کراسی شینکی و فەرووی ڕەشی هێڵ هێڵ. بە مووسا وترابوو: «غەزەنفەر دەسرەیەکی هەورێشم ئەبەستی بە مەچەکی چەپیەوە.»

خۆی بوو. بە تووڕەیی لە خەڵکەکە جیا بوویەوە، پێمەڕەکەی نا بە شانیەوە و بەرەو سەرچاوەی کارێزەکە کەوتە ڕێ. لە ناوقەدی ڕێگەکەدا لای کردەوە و بەرەو مووسا هات. بە لێژایی شانی ڕێگەکەدا سەرکەوت.

مووسای بینی دەسرەیەکی هەوریشمی کۆنەی بستووە بە مەچەکی چەپییەوە. هاتە بەرترەوە و لای ئاوەکە دانیشت و بە مووسای وت:

ــ ماندوو نەبی، کاکە برا!

مووسا لە وەڵامدا وتی:

ــ خۆت ماندوو نەبی... سالار غەزەنفەر. مەچەکی دەستت ئەڵێی ئاوساوە!

ــ هی کاری دژوارە. ئەمەوێ خاڵی لێ بکوتم، بەرەو کوێ

ئەڕۆی؟
ــ بەرەو ژوور، قەڵاچیمەن.
ــ پیاڵەیەک چامان لەگەڵ ناخۆی؟
ــ درەنگ ئەبێ سالار. ئەمانەتێکم بۆ هێناوی!
غەزەنفەر ئاوڕێکی لە جووتیارەکان دایەوە. لە وتووێژ بەردەوام بوون. غەزنفەر ڕووی تێکردەوە و وتی:
ــ لەسەر ڕێت، بیخەرە بن چەپەڕەکە و بڕۆ. کوڕەکەم لە وێیە، بەرخ و کاژیلەکان ئەلەوەڕێنێ. تێی بگەیەنە بیخاتە بن توربێنەکەی.
غەزەنفەر کە لەو ماوەیەدا شلێپێک ئاوی دابوو بە ڕوومەتیدا، هەڵسا و وتی:
ــ سلاوی من بە بەڵخی و خاکی بگەیەنە. من ئەڕۆم بۆ لای ئەمانە و پاشان بای ئەدەمەوە بۆ لای چەپەرەکە... نەتوت هەواڵی ستار چییە؟
ــ دۆعا بێژە!
غەزەنفەر دوورکەوتەوە و مووسایش هەڵسا.
لە چەپەرەکە کە تێپەڕی هەستی‌کرد بارەکەی سووکتر بووە. ئاسوودەتر ئەیتوانی خۆی بگەیەنێتە زەعفەرانی و لەوێشەوە بۆ قەڵاچیمەن. بەڵام خۆزگە پارچە نانێکی لە غەزەنفەر وەربگرتایەت. تا قەڵاچیمەن هێشتا مابووی. وچانێکی‌تر بڕۆیشتایەت، ئێوارەی درەنگ بوو و مووسا کە بە ورگی بەتاڵ لە شار دەرکەوتبوو وردە وردە هەستی بە دڵەکزەی برسێتی ئەکرد. هەروەها هەستی کرد، شەوی پێشووش لە بیری چوو بوو شێو بکات. بەڵام ئیتر درەنگ بووە. مووسا نەی ئەتوانی بگەڕێتەوە و غەزەنفەر بدۆزێتەوە و داوای نانی لێ بکات. ئەوەش ڕاست بوو کە نە ڕووی داواکردنی هەبوو و نە دەستی درێژکردنەوە. بۆیە ناچاربوو بەرەو قەڵاچیمەن بڕوات، بەو هیوایەی لە ناو ڕێ، لەو گوندانەی تا زەعفەرانی پەرت و بڵاو هەبوون، پارچە نانێک وەربگرێ.

لای سەرەوەی هاشماوا، گوندی ئاوباریک بوو، کە دەمێک بوو کارێزەکەی وشک ببوو و خەڵکەکەش چۆڵیان کردبوو و ڕۆیشتبوون بە دوای چارەنووسی خۆیاندا. مووسا وێرانەیەکی بەجێ ئەهێشت، نما و نواندنێکی گوماناوی و لە تەنهایی مرۆڤدا ترسێنەر. کەلاوەی شەقار شەقار، بە هۆی بارانی هەرچەند کەم، بەڵام لە کۆنەوە، بە بناغەی خواروە، دیواری تلیساوە و لارولەوێر و ترسناک. هێلانەی مار و مێروو و بە شەویش ڕەنگە، دڕندە و ئاژەڵە کێوی. بە بێ بۆنی ژیان، تەنانەت نیشانەی دژوارترین و ناخۆشترین شێوەی ژیانی ئادەمیزاد. لە نیوەڕۆی بەرخۆردا دەمی بە باوێشکێکی ماندوو داچەقاندبوو و لە دوایەمین کاتدا، لە بەستێنی تۆزاوی ئێوارەدا، چاڵ و بەرزاییەکانی، شوێن شوێن نیشانەی خۆف، جێ جێ نوێنەرەوەی مەرگ و مردن.

ئەوا بەردەمی بیابان بوو و گرِاڵک و قنەلاشک. بیابان و ڕێگەی پیر و شەپۆلی بە ئاستەم و جار جارەش پێچاو پێچ. تاشەبەرد بوو، لێرە و لەوێ تاک و تەرا، هەتا ناوقەد لە خاک چەقیوو، دوور لە بنار و بەستێنی ئاو و سێڵ هێنراون و چەقێنراون لە جێی بەجێ و جێی نابەجێ. ئەوسا هەتاو بوو و هەتاو کە خۆی بەرەو هاوین ڕاکێش ئەکرد، بە تەوقی ئاسمانەوە لکابوو و هالاوی گەرمی ئەپژاند و هالاوی گەرمی دائەباراند بە سەر وشک و تەڕدا. بە هۆی هەتاوەوە بوو لەرزینی تراوێلکە، وەک بڵێی فەرتەنەی ڕسکانی خاکە، لە بن تیشکی تاودا.

هەم بۆیەش بوو کە تەماڵی کاروانسەرای زەعفەرانی لە خەیاڵ ئەچوو، لە بێگانەیەک ئەچوو لە نیگای چەماوەی مووسادا. کەی و چ کات مووسا ئەیتوانی تینوێتی و برسێتی خۆی بگەیەنێتە بن سێبەری کاروانسەراکە؟ ئەمە پرسیارێک بوو کە ئەبوایە هەنگاوەکانی مووسا وەڵامی بدەنەوە. کە وا بوو هەنگاوەکان فریاکەون!

هەتاو ڕوخساری وەرگێڕابوو و بە خواری تیشکی ئەهاوێشت،

بەو جۆرەی کە ئەگەر نیگای مووسا تاوی وردبوونەوەی مابا، ئەیتوانی جووڵەی نەرمی سێبەرەکەی لە بەردەم خۆیەوە ببینێ. ئێوارە بوو و ئێوارەی درێژ. نوێژی ئێوارە بوو کە مووسا دەستی بە کۆڵەکەی کۆنە کاروانسەراوە گرت و تێکڕای ماندوێتی خۆی بردە بن تاقی کاروانسەرای زەعفەرانی. سێبەر و سرووەی فێنکی ناو داڵانی کاروانسەرا. سستی چۆک و سووتانەوەی دڵ. ئەتوت هەر لە سەرەتاوە سەکۆکەی بەر کاروانسەرایان بۆ دانیشتنی مووسا درووست کردووە. بوخچەکەی نایە بن ئانیشکی چەپی، چۆکی ڕاستی هەڵێنا و پانایی سەری نا بە خشتی دیوارەکەوە:

«ئاخ بۆ نانەواخانەیەک...»

بەڵام جووتیار خۆ نان لە نانەواخانە ناکڕن! مووسا هەستی کرد هەر وەکوو خۆی دەست و پێ سپیلکەیە. دانیشتن لە بەر تەونی قاڵیدا، ئەوی لە پیاوی ڕێ و سەفەر بوون دوور خستبۆوە. پیاوی ڕێ، هەمیشە تۆشەبەرەی خۆی پێیە؛ ئەگەر ئەو تۆشەیە چل دەنک مێوژیش بووبێ. پیاوی ڕێ و گەڕان، سفرەی نانەکەی هەمیشە بەستووە بە تەختی ناوشانیەوە، جەڕەیەک ئاو ئەبێ لە توربێنەکەیدا هەبێ کە هەیە. بیری کردەوە ڕابێ و ڕێگەی زەعفەرانی بە مەبەستی بەر دەرگایەک و پارچە نانێک بگرێتە بەر، بەڵام توانای ئەوەی لە خۆیدا نەئەبینی. نەک هەر بە هۆی داهێزرانی لەشەوە دامابوو، بەڵکوو ئەیویست بە یارمەتی وزەی جەوانی چارەیەک بکات. وورووژاندنی شەپۆلێکی وزە و ئەڤان کارێکی زۆر ئاستەمیش نەبوو. بەڵام هەمووی هەر ئەمەش نەبوو. دژوارییەکە لەوەدا بوو کە مووسا نە دەستی خازەڵۆکی هەبوو و نە زمانی پاڕانەوە. سروشتی جەوانی، لەو کاتەیدا کە زمانت جگە لە پەنجەکانی خۆت چێژی نەچەشتووە. بڕوایەکی منالانە کە دەم و ددانی تۆ جگە بە یارمەتی دەستانی تۆ نابێ بجووڵێ. هەق نییە بجووڵێن و نابێ بجووڵێن، نیگات چی لێ ئەکەی؟ لەگەڵ نیگات چی ئەکەی؟ بۆ کوێی ئەدزیتەوە ئەوسا

کە دەستەکانت بۆ سواڵ درێژ کردووە؟ ئێستەش کە وەهایە و لە بەر ئەوەی کە وەهایە، ماندوێتی بە سەر برسێتی‌دا ئەسپێنی؛ هەرچەند نیوەڕۆی دوێنێ، لە بەر دڵەڕاوکە و هەژان نەت توانیبێت دوو پاروو زیاتر لە خواردنی زیندان بخۆێت. بە بیانووی ماندوێتی ڕێ، خۆت بە سەر سەکۆ ڕووتەڵەکەی کاروانسەرادا ئەدەی. بوخچەکەت ئەخەیتە بن سەرت و چاو لێک ئەنێی. ئەو پێڵوانەی وەکوو باڵی بازێک گوللەی قورقوشم لە سینەی درابێ قورس بووە و تۆش بتەوێ خەیاڵی مانەوەیان نییە. لەش بەرئەدەیتەوە. نەء. لەش خۆی ڕائەکشێ وەکوو باڵە شەکەتەکانی بازی گوللە لێدراو، کە سەرەوژێر بە سینەی ئاسمان‌دا بەربۆتەوە و ئێستە نا تاوێکی تر بدرێ بە تیژیی زەرد و مایەکدا و لێک بڵاو ببێ. بە بیانووی حەسانەوە، بێ نان و ناشتا، ئەتەوێ ئەم وچانەش تێپەڕێنی. خۆت خاو ئەکەیتەوە تا لەشت تۆزە تۆزە لێک ببێتەوە، لەسەرخۆ بچێت و پووک ببێت:

«تا قەڵاچیمەن... ئەوەندی... نەماوە!»

خەو. سەر خەوێک.

ـ ڕابە ئیترا... ئێوارەیە. هۆی... قنی خەوت دڕی، پیاو!

«چی؟ عەباسجان؟ لێرە؟ لە زەعفەرانی؟»

بە هەڵەدا نەچوو بوو، مووسا؟... ئەوەی ئەیبینی ڕاست بوو؟ پێڵووەکانی چەندە قورس بوون، هێشتاش! سەری کاس و لەشی نەئەجووڵا. بە سستی پشتی دەستی هێنا بە چاوی‌دا و کردییەوە. دەستی گرت بە بەر دەمیەوە کە بۆ باوێشک دایچەقاندبوو. چاوە لکاوەکانی بە ڕەگێژەی سوورەوە بڕییە عەباسجان و دەست بە لێوەوە لە سەر لێواری سەکۆکە تۆزێ خۆی هەڵکێشا و پانایی سەری نا بە سووچی دیوارەکەوە و پێڵووە خومار و قورسەکانی بە دژواری لێک هەڵپچڕی. دەمی عەباسجان ئەجووڵا. مووسا نیگای تیژترکرد بۆ ئەوەی بزانێ دەمی عەباسجان بە چی ئەجووڵێ. عەباسجان لە سەر سەکۆکەی بەرامبەری، ئەژنۆکانی هێنابوویە

سەر و پشتی بە دیوارەکەوە، ئێسقانی ڕانی مەڕێکی ئەکڕاندەوە.

بۆنی ئێسقانی تازە و مۆخی قەڵەمەی ڕان مووسای ڕاژەند. قیت بۆوە، ڕاست دانیشت و خۆشی نەیزانی سەرەڕای ئەوەی ئەو هەمووە لەو کابرایە بێزار بوو. چۆن توانی خۆی ڕازی بکات ببێ بە هاودەمی و بە بێ ئەڤان لەگەڵی کەوتە قسە:

ـ تۆ لێرە چی ئەکەی، عەباسجان! خەریکی ئەچی بۆ شار؟ هەواڵی قەڵاچیمەن؟

عەباسجان دەوری دەمی لستەوە و لە کاتێکا ئێسقانەکەی بە دوو دەست لە نێوان پەنجە چەپەڵەکانی‌دا نزیک دەمی ڕاگرتبوو لە وەڵامی مووسادا وتی:

ـ خەریکم ئەچم بۆ قەڵاچیمەن. تۆ چی؟

ـ منیش بەرەو ئەوێ ئەڕۆم، وتم سەرخەوێک بشکێنم...

ـ چ سەیر! پێموابوو ئیتر ناگەڕێیتەوە بۆ لای بوندار.

ـ چۆن ناگەڕێمەوە؟ پارەکەم لە لای بوندارە. ئەگەر نەگەڕێمەوە خۆ هیچم دەسناکەوێ!

ـ ئەمەش قسەیەکە. مۆخی قەڵەمە ناخۆی؟

ـ مۆخی قەڵەمە؟!

عەباسجان پێکەنی، ددانە زەردەکانی پیشانی مووسادا و ئێسقانی قەڵەمەکەی بۆگرت و وتی:

ـ ها! بگرە! شەکێکی تایبەتی بوو. کوێخا حەسەن لە بەر پێی ئالاجاقی‌دا دای بەعەرزا. بە سایەی سەری ئالاجاقی و نادعەلی، ئەم ئێسقانەش بەر من کەوت. بەڵام تێر تێر ئاوگۆشتم خوارد. جێت خاڵی بوو، خاڵی نەبێ، ئەوەندەم خوارد خەریک بوو بڕشێمەوە. سفرەی شاهانە بوو. منیش لە چێشتخانە چۆکم دادا و جێت خاڵی... خۆزگە لەوێ ئەبووی!

ـ نۆشی گیان... لەوە زیاتر دیقە دیقەم مەدە.

عەباسجان ڕیشاڵی گۆشتەکەی بە نینۆک لە بن ددانی دەرهێنا، خستیە سەر زمانی و وتی:

ـ لە ڕاستیدا خەتەنە سوورانی کوڕەکەی کوێخا حەسەن بوو. هەم فاڵ بوو و هەم تەماشا. نادعەلیش کە... ئەزانی خۆ من چوو بووم بۆ چوارگوێشلی. لە لایەن بابقولی بوندارەوە پەیامم بۆ بردبوو. لە لایەن کوێخا حەسەن و بونداریشەوە بانگ کرابوو بۆ خەتەنە سووران. ئاخرەکەی... خەریکن ئاو و زەوییەکەی نادعەلی لە چوارگوێشلی... -نازانم- ڕەنگە تۆزێکی مابێ لەدەس نادعەلی دەربهێنن. ڕەنگیشە دەریانهێنابێ، نازانم. هەرچی چۆن بێ بونداری تۆیش لەگەڵ ئالاجاقی دەستیان لە ناو قاپێک دایە. هەردووکیان یەک دەستن. کەموو زۆرەکەی خوا ئەیزانێ. بەڵام... بەڕاست تۆ نان و چات خواردووە؟

ـ نەخێر هێشتا.

ـ ئەی بۆ وەکوو هەتیوەکان لێرە دانیشتوویت و سەیری من ئەکەی؟ بڕۆ خۆت بگەیەنە ماڵی کوێخا حەسەن. دەوروبەری مەنجەڵەکان شتێکی پێوەماوە. بونداریش لەوێیە. هەڵسە!

مووسا جێی لە بن دیوارەکەدا خۆش کرد و وتی:

ـ نا ئیتر، ئەگەینە قەڵاچیمەن و یەکسەرە شێو ئەخۆین.

ئانێشکی عەباسجان ناخودئاگا گیرفانی فەرووە دڕاوەکەی داپۆشی. بەڵام لەگەڵ ئەوەش مووسا سووچی پارچە نانێکی بینی لە دڕاوی گیرفانەکەی عەباسجانەوە و توانی بۆنە خەیاڵیەکەی هەڵمژێ.

عەباسجان، لەپڕ و بە سووکی ڕابوو، ئێسقانەکەی هەڵداو وتی:

ـ من ئەکەومە ڕێ. تۆ دیارە ئەتەوێ ماندووت بحەسێنیتەوە جارێ؟

ـ منیش ئەکەومە ڕێ. خەوی خۆم کرد.

ـ کە وا بوو «یا عەلی» بڵێ!

مووسا هەڵسا و بوخچەکەی کردە شانی و لەگەڵ عەباسجان کەوتە ڕێ.

عەباسجان تیژ و بەگوڕ هەنگاوی هەڵئەگرت. تیژ و ورد. نەرم و سووکەڵە. دیاربوو نەشەیە. بەڵام پێ نەئەچوو تەنها نەشەیی ئاوا گوڕی پێبدات:

ـ زۆر بەدەماخی، عەباسجان!

ـ من هەمیشە بەدەماخم. بۆ نەبم؟! ئەم ڕێگانە بۆ من وەکوو ئاو خواردنەوەیە. تۆ ئاگات لە چییە؟ من سەد جار بە بەفرو سەرماش، لە قەڵاچیمەنەوە تا عیشقابادم پێواوە. پێ بە پێی هێسر و کاروان! ئێستە ئەوا خەریکە پیر ئەبم، ئەگینا...

مووسا، سەیرێکی نیوڕوخە گڕگرتووەکەی عەباسجانی کرد و وتی:

ـ وا دیارە گەرمیشی؟!

ـ بە قوربانی سەرت بم، بۆ گەرم نەبم؟ لە پێرێوە خەریکم بە پێی پیادە ڕێ ئەکەم. ئاسکیش نەیتوانیوە ئەوەندە هەڵێت! دە تمەن کرێ پێم لە بوندار وەرگرتووە. پێنج تمەنیش خودی ئالاجاقی دەستخۆشانەی خستە قوڵی مشتم. نان و چاشم لە سەر خۆیان بووە. نادعەلیش بە دووکەڵ میوانی کردم. ئیتر چیم ئەوێ لە خوا؟! ڕەحمەت لە باوکیان. خوا زیاتریان پێبدا. بە تایبەت ئەم نادعەلیە کە زۆر پیاوە. دنیا لە بەر چاوی نرخی نییە. دنیا لە لای دەنکە هەرزنێکە. دڵنیام پارەی نەختی لەلا نەبوو ئەگینا بیست تمەنیەکیشی ئەخستە ناو دەستم. زۆر دەس و دڵ کراوەیە. لە بەر ئەم دەس و دڵ ئاوەڵەییەشە کە خەریکە کڵاو ئەچێتە سەری. مەگەر خوا فریای بکەوێ ئەگینا خەریکن دار و نەداری لە چنگ دەرئەهێنن. ئەم خاڵۆ ناپیاوەی، بابقولی بوندار، بە دەستی خۆی خەریکە پەڕوباڵی خوشکەزاکەی ئەکات. خەریکە ئەیکات بە مریشکی ئاوەڕووتکراو. مرۆڤ دڵی بۆی ئەسووتێ. بەڵام ئامۆژگاریش وەرناگرێ. چەند دڵی باشە، ئەوەندش کەرە. بابقولی بوندار خۆی کرد بە نوێنەری نادعەلی. مڵک و داراییەکەی حاجی حسێنی چارگۆێشلی لای قانوونی

"میرات و میراتگر" خاوێن کردەوە و کارەکانی تەواو کردووە. ئێستەش خەریکە دارو نەداری خوشکەزاکەی داگیر ئەکات. بەینی خۆمان بێ، بەڵام ئەم بوندارەی تۆیش هەمیشە بە دوای کەری تۆپیوودا ئەگەڕێ ناڵی بکات. پێموابێ هەر ئەمڕۆ لە ماڵی کوێخا حەسەنی زەعفەرانی کارەکەی کۆتایی پێ هێنابێ. یەک دوانێک لە فەرمانبەرانی داراییشی لەگەڵ خۆی هێنابوو. یەکیش پێموابێ بە دەفتەر و دەستەکیەوە لە بەڕێوەبەری تاپۆوە هاتبوو. مەبەستم هێنابوویان. پێموابێ ئەم خەتنە سوورانەی کوڕەکەی کوێخا حەسەن هەر لە بەر ئەمە ساز کرابوو.

عەباسجان مینی گرتبوو و لە پەسا قسەی ئەکرد. دەنگی بە نەشەی تریاک زڕ و زوڵاڵ ببوو. دەنگی گڕ ببوو و ئەمەش ئەیگەیاند کە دەم و زمانی عەباسجان تەواو وشک بووە. نەشە بوونیش پشتیوانەی فرەوێژی و گورجوگۆڵی عەباسجان بوو. هەمان ئەو نەختینەی لە گیرفانیدا بوو. شاد و شەنگ و خۆشی ئەوەی ماوەیەکی کورت ئەتوانێ بە خۆشی بیباتە سەر. لەم جۆرە کاتانەدا سروشت و خودی عەباسجان ئەوە بوو بەرەو مەشهەد بکەوێتە ڕێ. ڕەنگە لە قەڵاچیمەنەوە بەرەو مەشهەد بچێ. کێ چووزانێ. ڕەنگە... بەڵام مووسا چ سەرێکی لە گێژەوە ئەهات؟!

ــ عەباسجان!

ــ گیانی عەباسجان؟

ــ تۆ پیاوی سەفەر و گەڕانی، مرۆڤ چەن شەو و ڕۆژ ئەتوانێ نان نەخوا و خۆی ڕابگرێ؟

ــ ئەگەر مەبەستت منە؟ من تا پێنج شەش ڕۆژ ئەتوانم. بەڵام ئەگەر مەبەستت مرۆڤی بێ ئاگرە ئەوە نازانم... بەڕاست، لەگەڵ کچی ئاتەش ڕێ نەکەوتی؟

ــ نەء، من پێموانییە مرۆڤ بتوانێ پێنج ڕۆژ دەوام بکات. پێنج ڕۆژ برسێتی؟ نەء... مرۆڤ ئەپووکێتەوە! هیچی لێ نامێنێتەوە.

عەباسجان پرسی:

ــ نەمانزانی ئەوە ڕاستە کە ئاتەش بە لەقەی حەبیب مشەخۆر مردووە یان نا؟ ها؟... ڕەنگیشە خۆی داوە لە مردن؟!

مووسا وتی:

ــ تا ئێستە ڕووی داوە دوو شەو و ڕۆژ نان و ئاوت نەخواردبێ؟

ــ باشە تۆ بۆچی نامخەیتەوە بیری ڕۆژانی مەڕ کوشتنەوە؟ بۆ هەر باسی برسێتی و قوڕبە سەری ئەکەی؟ بە پێچەوانەی ئەو هاوڕێکەی ترت کە پیاوێکی خۆش قسەیە، تۆ زۆر تاڵ و تفتی مووسا! بە ڕاست هاوڕێکەت ستار چۆنە؟ بیستم تووش بووە؟ واتە ئاخرەکەی کەوتە تەڵەوە. تاوانی چییە؟ ئەبێ قورس بێ، وایە؟ نەکا بیانەوێ هەناسەی ئاتەش ببڕن و ساخی بکەنەوە بە سەر هاوڕێکەی تۆدا؟ تۆ ئەوەم پێ بڵێ مەشەدی مووسا، مەگەر ئەم هاوڕێیەی تۆ حیزبی نییە؟ حیزبیە ئیتر! ئەی بۆ ئەوەندە خۆی ئەشارێتەوە؟ لە کێ و لە چی ئەترسێ؟ بۆچی پیاو دڕدۆنگ ئەکات؟ لە شار زۆر لەم حیزبیانە هەن، قیت و قنج ئەڕۆن بە ڕێدا و هەندێکیان خۆشیان گیڤ ئەکەنەوە! لە گوندەکانیش هەروەها. بۆ وێنە غەزەنفەری هاشماوایی. لە قەڵاچیمەنی خۆشمان هەندێ کەس سینگ دەرئەپەڕێنن و شانازی بە خۆیانەوە ئەکەن! ئەوەتا پاڵەوان بەڵخی خۆتان. بەڵام ئەم یەکەیان، ئەم ستارەی تۆ، ئەڵێی هەر تاوێک و لە سەر قاچێکیدا ئەڕوا بە ڕێدا. کار و کردەوەی دوو لایەنەیە! هەندێ جار ئەڵێم لە بەر ئەوەیە کە غەوارەیە. بەڵام نەء، مەسەلەکە ئەوە نییە. وا ئەزانم کاروباری تری لەو ژێرومێرانەوە هەیە! وانییە؟...

لە وەڵامی عەباسجاندا، مووسا وتی:

ــ دڵم ئەخێورێتەوە. جۆرێکی لێدێ. ئەبێ... تاوێک دانیشم.

لای ڕێگەکە، مووسا قاچی ڕاکێشا و لە سەر عەرزەکە دانیشت؛ مشتی چەقاندە ناوکی و سەری بە قورسی داخست. چاوەکانی لە ڕەشەوە هاتن و سەری سووڕا. زەوی و خۆر ئەتوت شەپۆلێکی نەرمی دا و، عەباسجان پێ ئەچوو دوورکەوتەوە.

سێبەرەکەی ون بوو و پووکایەوە. ڕەنگە ڕۆیشتبوو. خۆزگە ڕۆیشتبێت. چونکە مووسا نە توانای دەمەدەمی لەگەڵ کوڕی کەلایی خواداد هەبوو و نە تاقەتی بیستنی فرەوێژەییە ژەهراوییەکەی.

ـ نەکا سیخوڕی بۆ ڕووسەکان ئەکات؟!

دەنگەکە لە دوورەوە ئەهات. مووسا سەری هەڵێنا و عەباسجانی بینی. تارماییەکی ون و لێڵ کە بەرەو ڕووی دێ و خەریکی بەستنەوەی دۆخینەکەیەتی. مووسا هەستی کرد عەباسجان بۆ میزکردن ڕۆیشتووە. سەری داخستەوە.

ـ ها؟ تۆیش پێت وایە؟ ئەم هاوڕێیەی تۆ سیخوڕی بۆ ڕووسەکان ئەکات، وایە؟!

بە هەر دژوارییەک بوو، مووسا ڕاست بوویەوە و وتی:

ـ قسەی سەیر ئەکەی، قسەی قۆڕ ئەکەی! ئەوەندەی نەشە ئەبی زمانت ئیتر بە دەس خۆت نییە. لە پەسا زرەزرتە. بەرودوای قسەکانت لێک نادیتەوە!

عەباسجان ددانە ڕزاوەکانی بە پێکەنینێکی خوێڕیانە دەرخست و ژەهری توانج لە قسەکەیدا، وتی:

ـ هەهـ... لەپڕ زیندوو بوویتەوە! پێت ناخۆش بوو؟ دەبڵێ دەی، ئەگەر ئەم هاوڕێیەی تۆ سیخوڕی ڕووسەکان نییە، بۆ ئەوەندە بە پێچ و پەنایە؟!

ـ بە پێچ و پەنا؟! بۆ بە پێچ و پەنایە؟ چونکە لەغاوی دەمی وەکوو فلانە ماکەر نەپچڕاوە، کە وا بوو بە پێچ و پەنایە؟ ئەتەوێ هەمووکەس وەکوو خۆت بێ؟ تۆ کە بە قسەی خۆت دنیات دیوە، گەڕاوی و ئادەمیزادت زۆر بینیووە بۆچی قسەی وا ئەکەی؟ پێت وایە هەموو ئادەمیزادێک وەکوو یەکە؟

عەباسجان نەک لە بەر ئەوەی قانع بووبێ، ڕەنگە لە بەر ئەوەی کە توانیوێتی مووسا ناچار بکات لەگەڵی بدوێ، ئارام و بە ئاشتی وتی:

ـ ئەمەش قسەیەکە. بەڵێ. نەخێر. ئادەمیزاد لەگەڵ ئادەمیزاد جیاوازە. ئادەمیزاد خۆ لە قاڵبی خشت نایەتە دەرەوە. ڕاستە. هەق بە تۆیە. لە هەق لا نەدەین ئەم هاوڕێیەی تۆ پیاوێکی غەمخۆریشە. بێچارە لەم مەڵبەندە غەریبیشە. لە من خراپتر سەروسامانێکیشی نییە. دوو خشتی نییە لە بەر سێبەرەکەی دابنیشێ. داهاتێکی ئەوتۆشی نییە. ئاخر پینەچیەتیش بوو بەکار؟! ژن و مناڵیشی نییە، بەڕاست ئەم ستارەی تۆ پێموابێ دایک و باوکیشی نییە، هەیەتی؟!

مووسا بە بێ ئەوەی بیەوێ یان بتوانێ ئازاری چزووی توانجەکانی عەباسجان بۆسەر خۆی بخاتە پشت گوێ یان هەست پێ نەکا، وتی:

ـ هەیبێ یان نەیبێ... جیاوازی چییە؟ مرۆڤ خۆ لە بن بنچک پەیدا نابێ. هەموو کەسێک دایک و باوکی هەر هەبووە!

عەباسجان بە بێ گوێدانە بابەتی وتووێژەکەی خۆی لەگەڵ مووسا، لەپڕ وتی:

ـ بەڵام ئەمجۆرە خەڵکە دینیان نییە! دین و بڕوای تۆش نەدزن!

بە بێ یەک سات وەستان، مووسا دەسبەجێ وتی:

ـ ئەوە نییە تۆ زۆر دین و بڕوات هەیە!

عەباسجان شانی هەڵتەکاند و وتی:

ـ تازە لە من تێپەڕیوە. من گوڕم نییە تا کفنم هەبێ. بەڵام تۆ... تۆ هێشتا گەنجی. حەیفە، حەیفە!

بیرێک لە مێشکی مووسادا چرۆی کرد. شتێک کەیادی قسەی هاوڕێکەی، ئەکبەر ئاسنگەر، لە مێشکی مووسادا ژیاندییەوە:

«سیخوڕیشیان بۆ کردووە. هەر کەس دووزمانیەکەی کردووە، چەوریشی کردووە.»

ـ بەڕاست عەباسجان... کاری سەربازییەکەی قەدیر بوو

بەچی؟ نەتتوانی بۆی جێبەجێ بکەی؟

ــ من؟! کاری سەربازی قەدیر؟ بۆ من؟

ــ بۆ نا؟ ئەوە نییە لەگەڵ سەرزل و سەرۆکەکان سەروکارت هەیە؛ بۆ نیتە؟ دە جاریش زیاتر تۆم بینیوە چووی بۆ ئاسایش و بۆ جەندرمەخانە. هەرچی بێ بۆ شتێکی وا بچکۆلە خۆ دەس نانێن لە ڕووتەوە! تۆیش بۆیان قەرەبوو ئەکیتەوە، هەرچی بێ. خەڵکی وەکوو تۆ زۆر بەکاریان دێ، وانیە؟

عەباسجان قفڵی کرد. بەدگومان و بە سووکایەتیەوە نیورۆخی مووسای گرتە بن سەرنج و وتی:

ــ مێشکت باش کار ئەکا، ها! بۆ شوێنی سەیر و سەمەرەت ئەبا ئەم مێشکەی تۆ! بەڵام... ڕەنگت زۆر پەڕیوە. ڕەنگت سپی هەڵگەڕاوە. بووە بە گەچی دیوار. چیتە؟ بۆ وات لێهاتووە؟!

مووسا بەر لەوەی لە بن قورسایی وشە ژەهراوییەکانی عەباسجان‌دا وزەی لە بەر ببڕێ، قسەکەی پێ بڕی. وەستا و چاوی بڕییە ناو چاوی عەباسجان و وتی:

ــ سیخوڕییان بۆ ئەکەی!... بەڵێ؟!

عەباسجان، بە بێ وەستان، وتی:

ــ تۆ خەریکی ئەلەرزی، کوڕە! چیتە؟ ئەها، ئەوەتا چ عارەقەیەک بە ناوچەوانتەوەیە!

گۆنا و لێوەکانی مووسا لە ڕاستی‌دا سپی هەڵگەڕابوو و ماسوولکەکانی ڕوخساری لە بن پێستدا ئەلەرزی و تووڕەیی، ئەوەندەی تر عارەقەی پێ دەر ئەدا. هەم دیاریش بوو کە ئیتر خۆی پێ ڕاناگیرێ و دڕدۆنگی و بەد گومانی و نەفرەت هەموو گیانی داگرتووە و ئەوەی کە عەباسجان لە وەڵامدانەوەی پرسیارە ڕاستەوخۆکانی ئەو خۆی لائەدا، ئەوەندەی‌تر تووڕەی ئەکرد و ئەی هەژاند. بۆیە ڕاستەوخۆ لە عەباسجان مۆڕ بوویەوە و بەجەختەوە وتی:

ــ نرخی هەر دووزمانیەک چەن قەرانە؟ چەن قەرانە؟

بۆ ئەوەی کوڕە بە هۆی لەرزینەوە بەرنەبێتەوە، عەباسجان قۆڵی گرت و وتی:

ــ چیت بە سەر هاتووە، تۆ؟!

مووسا لە ناو دەستەکانی عەباسجاندا، چنگی لە یەخە دڕاوەکەی گیر کرد و بە دەنگێکی تووڕە و ماندوو و پچڕ پچڕ وتی:

ــ دەربارەی ستار چیت پێوتوون؟!

عەباسجان دەنگی هەڵێنا و وتی:

ــ تۆ وڕێنە ئەکەی!

مووسا یەخەی عەباسجانی لە ناو چنگیدا گرمۆڵە کرد و لە کاتێکا هێزی بە سەر دەنگ و وشەی خۆیدا نەمابوو، قیژاندی:

ــ بڵێ بزانم، بڵێ! چ ڕاست و درۆیەکت بۆ ئەو هاوڕێیەی من هەڵبەستووە؟ چیت لێ گێڕاوەتەوە؟... بڵێ، بڵێ بزانم چەندە پارەت لە بری وەرگرت؟ چەندێک، ها؟ چەنێ؟ چەنێ...

ــ تۆ نەخۆش کەوتوویت وەستا مووسا، نەخۆشی. دانیشە. دانیشە!

مووسا خۆی هێزی لە بەر برا و دانیشێنرا. عەباسجانیش بەرامبەری دانیشت. سەری مووسا جارێکی تریش لە گێژەوە هات و بەرچاوی تاریک بوو. بۆ ئەوەی گێژییەکەی لە سەر دەربچێت سەری نایە سەر بوخچەکە و چاوی قونجاند. عەباسجانیش کە هەر لە سەرەتاوە هەستی بە برسێتیەکەی مووسا کردبوو، نەیتوانی لەوەزیاتر خۆی ڕابگرێ و نەی ئەتوانی دەست بۆ گیرفانی نەبات. بۆیە پارچە نانەکەی دەرهێنا و کاتێکە مووسا سەری بەرزکردەوە، نانەکەی گرت بە بەرچاویەوە و وتی:

ــ بگرە... بیگرە و بیخۆ! تۆ لە برسان وات لێهاتووە، بیخۆ!

مووسا نیگای لێڵی خۆی خستە سەر ڕوخساری تێکقوپاوی عەباسجان، لێوە قەتماخە بەستووەکانی بە زمانی وشک لستەوە و وتی:

ــ ئاو... ئاو! برسی بووم. بەڵام ئیتر برسی نیم تینوومە.

تینوو... ئاو!

ــ ئاو؟ ئەمناوە ئاوی لێ نییە مووسا گیان. ئەبێ خۆمان بگەیەنینە قەڵاچیمەن. تا بە تەواوەتی هێزت لە بەر نەبڕاوە هەڵسە با بڕۆین، ڕابە!

بە یارمەتی عەباسجان، مووسا هەڵسێنرا و بە ناچاری کەوتە ڕێ. عەباسجان پارچە نانەکەی خستەوە گیرفانی و وتی:

ــ بوخچەکەت بدە بە من بۆت هەڵگرم. بێرە، بیدە بە من!

مووسا بە هەردوو دەست بوخچەکەی ڕاگرت و لە بن باخەڵیدا شاردییەوە و بە بێ ئەڤان وتی:

ــ نەء. نا! خۆم... خۆم ئەتوانم. خۆم ئەتوانم...

بۆ ئەوەی بابەتەکە بگۆردرێ و بەڵکوو ڕێگاکەش کورت ببێتەوە، عەباسجان وتی:

ــ ماهدەروێشیش جارێکیان وای لێهات. هەندێ جار خۆر ئەدا لە سەری مرۆڤ... بەڕاست هیچ ئاگات لە ماهدەروێش هەیە؟

چاوەڕێی نەکرد مووسا وەڵامی بداتەوە. کە مووسا هێز و توانای قسە کردنی نەبوو؛ بۆیە عەباسجان درێژەی بە قسەکەیدا:

ــ ماهدەروێشی بێچارە! بووە بە بار بە سەر دەستی ئەو ژنە نەگبەتەیەوە. نە ئەمرێ و نە زیندوو ئەبێتەوە. زیندووی بەڵا، مردووی بەڵا! شێرۆش لە غەم و برسێتیدا وەک تەختە، ڕەق هەڵاتووە. بابقولی بونداریش خۆ دڵی بۆ کەس ناسووتێ تا بیرێک بۆ سەیدی هەژار بکاتەوە. ئەو دڵی بۆ کێ سووتاوە؟! ڕەنگە ئەوەش ئەزانی کە ئەفغانەکان شەیدای بونداریان بردووە؟ بەڵێ ئیتر... ڕاستەکەی ماهدەروێش بوو بە گیانفیدای شەیدا. بابقولی بوندار لە هەوڵی ئەوەدایە ئالاجاقی بەزەیی پیایدا بێتەوە و پارەکەی بازخانی ئەفغان بداتەوە. بەڵام ئالاجاقی ناچێتە ژێر بار. بۆیەشە بابقولی بوندار خەریکە پاروویەکی چەور ئەخاتە گەرووی ئالاجاقی، بەڵکوو بتوانێ پارەی تریاکەکەی بازخانی لێوەربگرێتەوە. ئەگەر پارەکە بدرێتەوە بە بازخان، ئەویش شەیدا بەر ئەدا.

مەرجەکەی ئەمەیە. جا بۆیە کڕین و فرۆشی ئاو و زەوییەکەی نادعەلی چوارگوێشلی سەرێکی بەستراوە بەمکارەوە. بابقولی بوندار لە سەری دایە خوشکەزاکەی لەگەڵ ئالاجاقی بکا بە دوو کوتەوە. لە بری ئەوە کوڕەکەی لە زیندانی قەڵای بازخانی ئەفغان ڕزگار بکات. مامەڵەیە ئیتر. ئاڵوگۆڕیش خۆ باوک و برا و خوشک ناناسێ! گوێت لێمە؟!

ـ ئمممم...

ـ لەولاوە بازخانی ئەفغان کاتی بۆ بوندار دیاری کردووە. پەیامی ناردووە بۆ بوندار ئەگەر هەتا سێ مانگی‌تر پارەکەی نەگاتەوە دەستی، شەیدا پارچە پارچە ئەکات و ئەینێرێتەوە بۆ قەڵاچیمەن بۆ بوندار. جا بیری لێبکەرەوە بوندار لە چ گێژەنێک‌دا گیری خواردووە. وەها بە چوار مێخی تەماحی خۆی‌دا هەڵواسراوە کە ناتوانێ بڵێ: لەل!

لەملایشەوە ئەسڵانی گیرۆدەی کارە ناتەواوەکانی کوڕی حاجی پەسەندە. ئاخر بابقولی ئەیەوێ ببێ بە میراتگری کوڕی حاجی پەسەندیش! گوێت لێمە؟! بەڵام کوڕی حاجی پەسەند هەقداری هەیە. بڵێ هەقدارەکانی کێن؟ دەی؟... گوڵمحەمەدەکان! پوورزاکانی عەلی‌ئەکبەر، بکوژەکانی! ئالاجاقیش خۆی خستۆتە ناو مەیدانەکەوە. کە چی؟ بەڵێ، کە ببێ بە سەرپەرشتی کچەکەی عەلی‌ئەکبەری حاجی پەسەند. قڕەکە فرەلایەنەیە. قەرەباڵخە! هەموویان ددانیان بۆ پەروارەکان و قالیچەکان و... تۆ بڵێ بۆ هەموو قەڵاتی خوێناڵ تیژکردووە. ئەو بەر هەیوانەی باڵەخانەکەی سەر دەرگای قەڵا، دەمەو ئێوارە کەیفی هەیە، فلانی! گۆلاو و مێرگ و بێستان لە بن پێت‌دا. مۆدەنەی نێرگەلەی تەماکۆ بە لای لێوتەوە. ڕانی مەڕەکەت لەبەرچاوت‌دا. نۆکەر و کارەکەر لە بن فەرمانت. گەنم و جۆ و ئالیکی ئاژەڵەکەت لە هەمار. مەشکەی ڕۆن و خیگی قاورمەت لە ژێرخان و پاشخان. دەتیر لە بەر پشتوێنەکەت‌دا... ئیتر چیت ئەوێ؟ دە بڵێ... مرۆڤ

لەوەزیاتر چی لە خوا ئەویٚ؟ دە بلّیٚ؟... لای ئیٚوارە قالیچە ڕابخە لە بەر هەیوانەکە. جیٚوبان و سەرین لە بن دیوارەکەدا دابنیٚ و شیری مریشک و گیانی ئادەمیزاد داوا بکە، با بوٚت ئامادە بکەن. دەسەلاٚت! نازی دارایی و دەسەلاٚت! دارایی و دەسەلاٚت! بوٚ بە دەسهیٚنانی دەسەلاٚتەکە ئادەمیزاد ئەبیٚ بە گورگی ئادەمیزاد. ئالاجاقیش مرخی لە ئاو و زەوی قەلاٚت خوٚش کردووە. چاکتر بوویت؟

ــ باشم... توٚزیٚ.

ــ پەروارەکانیش ئالاجاقی بەلیٚنی داوە بە بوندار، ئەیەویٚ بیداتە دەست ئەو. کچەکەشی کە بووە بە دەزگیرانی ئەسلاٚنی ترخوٚری نینوٚک وشک. چی ئەمیٚنیٚتەوە؟ کەلوپەلی ناومالّەکەشی مسوٚگەر ئەبیٚ بە جیازی خەجوٚ ئیتر! بەلاٚم گولّمحەمەدەکان؟ گولّمحەمەدەکان ئەگەر بوٚ ماوەیەکیش هیچ نەلیٚن، بەلاٚم لە ڕاستیدا ئەوان هەقداری دارایی پوورزاکەیانن. لەوە بگەڕیٚ کە گولّەندام، دایکی عەلیئەکبەر لە پاش کوژرانی کوڕەکەی بە تەواوەتی کویٚر بووە و وەکوو سەگ قاپوولە ئەگریٚ؛ بەلاٚم هەرچی چوٚن بیٚ ئەویش هەر لایەنی خوشکەزاکانی ئەگریٚ. سەیری ئەوەی مەکە ئەگەر ئیٚستە ڕووی خوٚش پیشانی بابقولی بوندار ئەدات؛ ئەوەی لە ترسی ئالاجاقیە. لە ڕاستیدا لە ترسی مار پالّی داوە بە حەفیانەوە، پیریٚژنی ڕەبەن! بەلاٚم ئەو جوٚرەی کە من ئەیبینم و من ئەم دڕندانە ئەناسم ئەلیٚم دزی سیٚیەم ئەم ئەسلاٚنی بوندارەیە. ئەو ئەسلاٚنەی من ئەیناسم گازی لە مەمکی دایکی گرتووە و دیسانەوەش گازی لیٚ ئەگریٚ. هیشتا هیچ نەبووە قاچیٚکی لە دووکانە و قاچیٚکی لە قەلاٚتە. وەک جنوٚکە وایە ئەو قن قووچاوە. لە یەک کاتدا ئەتوانیٚ هەم لە پشت پاچالّی دووکانەکەی بیٚ و هەم لە ناو پەروارەکانی !عەلیئەکبەری حاجی پەسەنددا خەریکە گەوڕ گسک ئەدا! هەرچی چوٚن بیٚ، بووە بە «شەربەلیەهوود»یٚک سەیری بکەیت و باسی ببیسی... منیش

ئەمەویٚ ژیانێک بۆ خۆم بەیەکەوە بنێم، هەڵبەت! تۆیش... هەموو کەس... باشە تۆ ئەوەت ئەزانی من لە مەشهەدی ڕەزا ژنم هەیە؟!

مووسا بە ئاستەم خۆی بە سەر پێوە ڕاگرتبوو و بۆ ئەوەی دیسانەوە سەری لە گێژەوە نەیەت و ناچاری ببێ دانیشێ، دەستی خستە سەر شانی عەباسجان و وتی:

ـ نان... نان! ئەو پارچە نانەتم بدەرێ!

عەباسجان ساتێک ڕاوەستا. مووسا بە تووڕەییەکی شاراوە لە گوتەیدا وتی:

ـ ئەو نانە بدە بە من!

عەباسجان نانەکەی دەرهێنا و خستیە ناو دەستی مووسا. مووسا سەیری پارچە نانەکەی کرد و پاشان بەرزی کردەوە و لە بەر چاوی عەباسجاندا ڕایگرت و وتی:

ـ تۆ هەرچی بیت بڕوات بەم بەرەکەتە هەیە، عەباسجان؟ نیتە؟!

عەباسجان بە حەپەساوی وتی:

ـ کێ هەیە بڕوای بەم بەرەکەتە نەبێ، مووسا؟!

مووسا، ڕاستە و ڕاست چاوی بڕییە چاوی عەباسجان و وتی:

ـ کەوایە سوێند بخۆ! سوێند بخۆ بەم بەرەکەتەی خوا کە ڕاستەکەیم پێ ئەڵێی!

ـ ڕاستی چیت پێ بڵێم؟!

ـ ڕاستی ئەو شتانەی لە سەر ستار وتووتە! ڕاپۆرتی چیت لێداوە؟ هەم بۆ بەرپرسی جەندەرمە و هەم لای پۆلیس! دەی، سوێند بخۆ!

ـ تۆ مێشکت وشک بووە لە خۆتەوە؟! تەح! لەوکاتەوە ئەڵێی چیرۆکی پیرێژنی بۆ ئەگێڕمەوە!

عەباسجان لەوە زیاتر ڕانەوەستا. شانی لە چنگی مووسا

دەربازکرد، پێی توند کرد و دوورکەوتەوە و تاوێکی دی لە بەرەگەی ڕوانینی مووسادا بای دایەوە بۆ پەنای گردی خۆڵامۆ. مووسا نیگای لە سەر عەباسجان وەرگێڕا و پارچە نانەکەی قرتاند. نانێکی کۆنی ڕەقاڵاتوو، چ تام و بۆنێکی سەیری هەبوو! بە هەر وردە نانێک کە نەرم ئەبوو و ئەهاڕدرا، بە هەر تۆزقاڵە هەویرێک کە بەیارمەتی زمانە چکۆڵەی ئەچووە خوارەوە، مووسا هەستی ئەکرد سۆمای چاوی ئەگەڕێتەوە و هەستی ئەکرد وزەی ئەژنۆی ئەژیەتەوە و هەستی ئەکرد هێزی دەسەڵات و ئەڤانی ئەگەڕێتەوە سەر جێی خۆی و؛ بە ڕاستی هەستی بەوە ئەکرد مرۆڤایەتی پووکاوەی دێتەوە سەرجێ و ڕەگ و جمگەی گەرمای سروشتی خۆیان وەرئەگرنەوە و پاڵ بەو یاوە نەخۆشەی پێشەوە ئەنێن، ئەم بەرەکەتی خوایە چ مووزاتێکی هەیە!

قەڵاچیمەن، وەک پشیلەکی ماندوو، لەو بەری گردی خلامۆ، لە بەر سینەی هەتاودا ڕاکشابوو؛ ماندوو و خامۆش پێ و دەستی بۆ لێواری چەمە وشکەکە درێژ کردبوو و سەری نابوویە سەر خاک. بەبن ورگی قەڵاچیمەندا، مووسا دای بە لاڕێدا و بەرەو ماڵی گۆدەرزی بەڵخی هەڵکشا. بە هەورازی لای دیوارە شکاودا سەرکەوت و بەر لەوەی خۆی بکا بە کەلاوەکەدا، ئاوڕی دایەوە و سەیری ئەو ڕێگەیەی کرد کە بڕیبووی. بە دژواری ئەو ڕێگەیەی بڕیبوو و هەرجۆر بووە بەرۆژ خۆی گەیاندبوویە قەڵاچیمەن و ئێستەکانێ، خۆر ببوو بە پەڵە خوێنێک کە لە تۆز و مژی کەویردا کوت کوت ئەبوو.

ــ بەهـ بەهـ! ئەوە چۆن بوو دەرکەوتیتەوە؟

پاڵەوان گۆدەرزی بەڵخی لە پەنای دیوارەکەدا، لەو سێبەرەی کە خەریک بوو هەموو حەوشەی دائەگرت، دانیشتبوو و دەمی ماڵەغانەکەی بە هەسان تیژ ئەکرد.

مووسا بوخچەکەی لای دەستی پاڵەوانەوە دانا و وتی:

ــ بۆ تۆیان ناردووە.

ـ چییە؟ بەیاننامەیە؟!
ـ وابزانم!
ـ بیخەرە سەر جێگەکەی، جێگەی هەمیشەی! بن کاکە...
مووسا لە بن دیوارەکە دانیشت، پانایی سەری نا بەدیوارەکەوە و وتی:
ـ خۆت بیبە. من زۆر خراپ تێکچووم!
بەڵخی هەسان وماڵەغانەکەی خستە لاوە، هەسان و بوخچەکەی هەڵگرت و وتی:
ـ نان ئەخۆی یان چا؟
مووسا وتی:
ـ ئاو. تینوومە زیاتر و؛ برسیشمە.
بەڵخی چوو بۆ هەمارەکە، هاتە دەرەوە و ئاوی بۆ مووسا هێنا.
مووسا زەرکی ئاوەکەی نا بە سەرەوە. یەکبین خواردییەوە. زەرکەکەی نایە سەر عەرزەکە و لە کاتی هەناسە ڕاستکردنەوەدا وتی:
ـ ئەم کوڕی کەلاییخودادە لەگەڵ من بوو. عەباسجان. تا لەمناوە دەرنەکەوتۆتەوە هەڵسم و بڕۆم بۆ ماڵی بوندار.
تا مووسا هەلسێ، پاڵەوان بەڵخی وتی:
ـ ئەمشەو خۆ نابێ ئەم بەیاننامانە بڵاو بکرێنەوە. چونکە ئەوسا چاک و خراپ ئەزانن تۆ لە شارەوە هاتوویت و ئەم کاغەزانەت لەگەڵ خۆت هێناوە. جگە لەوە... ئەبێ بۆ گوندەکانی دەوربەریش ببرێن. هەرچەند بڵاو کردنەوەیان دژوار نییە، خوێندنەوەیان دژوارە. ئاخر ئێمە کوێرین. گوندی وا هەیە تاقە کەسێکی لێ نییە بتوانێ ئەم بەیانە بۆ ئەوانیتر بخوێنێتەوە. ئەبێ بیرێکی تر بکەینەوە. چووزانم؟! گوتەبێژی پێویستتە. بێژەر! کەسێک کە بتوانێ جووتیارەکان کۆبکاتەوە و قسەیان بۆ بکات. ئەمەش ڕەنگە نابێ؟ چووزانم.

بیری منیش لەوە زیاتر کارناکات وەڵڵا! تۆ چی؟ ڕێگەیەکی ترت پێ شک نایەت؟

مووسا پاروویەک لە نانی سەر سفرەکەی هەڵگرت و هەروا کە لە نزیک دیوارەکەوە وەستابوو، تۆزێ ڕاما و وتی:

ـ وتیان ئەم بەیانە لە گوندەکاندا بڵاوبکرێتەوە. دیارە یەکێک هەر ئەبێ بۆیان بخوێنێتەوە و بۆ ئەوانی تری بگێڕێتەوە.

بەڵخی بە شێوەیەکی تەوساوی وتی:

ـ ئەوەیان کە بەڵڵڵێ! ئێمە لەو خەڵکانەین کە ئەگەر لەشتێک گەیشتین، دەهۆڵ و زووڕنا هەڵ ئەگرین و لە هەموو لایەک جاڕی ئەدەین! ئەم ڕەوشتەی ئێمە هەڵبەت بۆ ئەم کارە باشە! بەڵام... ڕاستەکەی ئەوەیە کە ئێمە کوێرین. جارێ ئەوەم پێ بڵێ... کاری ستار گەیشتە کوێ؟

مووسا، بۆی گێڕایەوە. بەڵخی زەرکە بەتاڵەکەی هەڵگرت و لە کاتێکا ئەیکوتا بە بەری دەستە پان و گەورەکەیدا و نیگای لە بن چەتری برۆیەوە فڕیبوو بۆ دوورێکی نادیار، نەرم و ناچار وتی:

ـ زۆر چاکە، بڕۆ. بڕۆ بەخێر چی، ئاخرەکەی بە لایەکیدا هەر ئەخەین. بڕۆ.

مووسا دەستی خستە ناو دەستی پاڵەوان. گووشای و لێی جیابوویەوە؛ لە حەوشە تێپەڕی و پێی نایە ناو کۆڵان.

تاریک و ڕوونی ئێوارە ڕەشی ئەکردەوە. گا ون. ڕەنگی وەکوو گورگ. لێوارەی باریکی خانوەکان و کەلاوەکان لە زەمینەی ئاسمانی پاش خۆراوادا، هێڵ و نمایەکی دیاریکراویان هەبوو. سنوورێکی دیاریکراوی زەمینەی خۆڵەمێشی و وردە وردە وایان لێ ئەهات ببن بە قەبارەی لێڵ و نامۆ. هەندێ شتی وەکوو تارمایی بە قەبارە. وەکوو داوەڵ و تەماڵ لە قەراخی هەموو کۆڵانێکدا. ئەو کۆڵانانەی ئەتوت سروەی خۆڵەمێشی بە نەرمە بە ناویاندا گەڕواه و دەنگەکان، دەنگی دوور و نزیک، دەنگی کار و گوێرەکە، دەنگی کپی دوو سێ ژن کە ئەتوت لە پشت ڕوبەندی خۆڵەمێشەوە تێ

ئەپەڕین و خۆی خۆڵەمێشی بوو. ڕوخسارەکان، ئەگەر بە کۆڵاندا تێ ئەپەڕێن خۆڵەمێشی بوون و ئەم ڕەنگە، ڕەنگی خۆڵەمێشی، سات بە سات یەکدەستتر ئەبوو. خاک و خانوو و کەلاوە و مرۆڤ و ئاسمان، خۆڵەمێشی بوون و؛ مووسا خۆیشی قەبارەیەکی خۆڵەمێشی بوو و بەرەو ماڵە خۆڵەمێشیەکەی بوندار ئەکشا.

قەدیر بەرەو ڕووی ئەهات. تارمایی ئاشنای کۆڵانەکانی قەلاچیمەن، وا پێ ئەچوو بەرگێکی خۆڵەمێشی لە بەر کردووە. شان داشۆڕاو، بالای کشاو و تەزبێحێک بە دەستەوە. پێی سستک ڕد تا مووسا بگات. ددانە سپیەکانی لە زەمینەی خۆڵەمێشی ڕوخساریدا دەرکەوتن. ئەتوت هەرگیز پێکەنینە ژەهراوییەکەی لە بیر ناچێ.

ماندوو نەبینی لە مووسا کرد و بە ئەنقەست ڕێی لێگرت و وتی:

ـ دەی... وەستا مووسا! هاوڕێ ستارت ئاخرەکەی کەوتە تەڵەوە، ها؟! تۆ چی؟ ئەی تۆ چۆن لە دەستیان دەرچووی؟

راست و ڕەوان، قەدیر لە هەموو شتێکی ئەکۆڵایەوە و ئەیویست سەر لە هەموو کارێک دەر بهێنێ. بەڵام بەو جۆرە ڕووهەڵماڵراوانە و بەو جۆرە ڕاستەوخۆ، ئەویش لەو ناکاتەدا، لە لای مووسا تۆزێک سەیر بوو و ئەیتوانی نیشانەی کەڵەکە بوونی ژەهری بێدەنگی و بێ هاودەمی لە زمانی کوڕی کەلایی خوادادا بێت. مووسا لەو هێرشە بێشەرمانەیەی قەدیر بۆ سەر دەروون و ناخی خۆی، ئەوەی پێشبینی کردبوو کە قەدیر ڕۆژێک لە ڕۆژان یەخەی پێ ئەگرێ و ئەبێ بە گیاکەڵەی مێشک و بیری. مووسا ئەمەی پێشبینی کردبوو. بەڵام نەک بەو بێشەرمیە. هەرگیز. مووسا هەمیشە چاوەڕێی ئەوەی کردبوو کە قەدیر خۆی لێ نزیک بخاتەوە. بچێتە بنکلێشەی، قسەی لێ دابکێشێ و بیەوەێ قسە لەژێر زمانی دەربهێنێ. خۆی بۆ ڕەوتێکی وەها ئامادە کردبوو. بەڵام نەک ئەوەی بەم جۆرە سینە لە بەرامبەریدا سپەر بکا

و بە وشەی ڕووت، لەجێی خۆی بیچەقێنێ و تەنانەت توانای قسەکردنی لێ ببڕێ، هەرگیز! بۆیەش بوو لەبری وەڵام بزەیەکی سووتاوی ناچاری کەوتە سەر لێوی جەوان و بە بێ بچووکترین جووڵەیەک وشک بوو. باش بوو قەدیر خۆی فریای کەوت و وتی:

ــ باشە ئێستە بۆ کوێ ئەچی؟!

مووسا، هەقناسی قەدیر، کە لە گیری مەقاشی پرسیاری یەکەم ڕزگاری کردبوو، هەناسەی پەنگخواردووی ناو سینەی بە ئاسوودەیی دایە دەرەوە و وتی:

ــ ماڵی بوندار.

قەدیر، وەک بڵێی لەگەڵ خۆیەتی، وتی:

ــ ئەوە خۆ پرسینی پێ ناوێ!

مووسا وەک بڵێی گیانی تێزابێتەوە، نە بە ئاسانی، لێی پرسی:

ــ کاری سەربازییەکەت بوو بەچی؟ جێبەجێ بوو یان نا؟

قەدیر، لە وەڵامدا وتی:

ــ ئەو بونداره ژن جەڵەبەی تۆ -چی ئەڵێم منیش؟ ئەو ژنە ڕەبەنەی چ گوناحێکی کردووە؟ جنێودانیش ئەبێ بە خوو- هەرچی چۆن بێ ئەگەر ئەم بوندارەی تۆ گوو نەکاتە کارەکەم، من لە خواییەوە لێبوردراوم. بەڵام لە بەر ئەوەی خووی دووپشکی هەیە، لە هەر شوێنێک پێی بکرێ بەردێک ئەخاتە سەر ڕێی من. بە هەر نرخێک بووە ئەیەوێ لە قەڵاچیمەن دوورم بخاتەوە.

مووسا خێرخوازانە -دارەتێکی بەقووڵی نیشانەی ترس و سەرکزی- بە دڵسۆزییەوە وتی:

ــ خوا خۆی بیەوێ هەر جێبەجێ ئەبێ.

بەم قسەیە، مووسا ویستی قەدیر بەجێ بهێڵێ و بڕوات، بەڵام قەدیر لەگەڵی تەواو نەببوو:

ــ گوێ بگرە!

مووسا هەنگاوێک زیاتر نەڕۆیشتبوو، وەستا و گەڕایەوە.

قەدیریش لە سەر پێ سووڕا و جارێکی‌تریش ئەو دووانە -جێیان گۆڕی- و بەرامبەر یەک وەستان.

قەدیر وتی:

ــ لەگەڵ من ڕووڕاست بە! خۆتم لێ مەدە لە گێلی!

جارێکی‌تر مایەیەکی تەوس و زمانحیزی تێکەڵ بە گوتەکەی قەدیر ببوو و مووسا لەوانە بوو جارێکی‌تریش لە بەرامبەر قەدیردا بشڵەژێ.

بۆیە دابەزی و بە بێ کەمترین ئەڤانیەک لە بن هێزە نهێنی و ملۆزمەکەی قەدیردا، مناڵ بوویەوە؛ بچووکتر لەوەی هەبوو و لە کاتی قسە کردن‌دا کەوتە ماستاوکردن و وتی:

ــ ئەوە تۆ ئەڵێی چی قەدیر؟! تۆ هەر گەورەیت؛ من... من هەمیشە لەگەڵ تۆ ڕووڕاست بووم. خۆشت ئەوە ئەزانی!

قەدیر، شێوەی گوتەکەی خۆی گۆڕی و وەک بڵێی نە گلەییەکی کردووە و نە پرسیارێک لە ئارادا بووە، بە مووسای وت:

ــ باشە... تۆ ئەوا لە ڕێوە هاتووی، ناتەوێ شلَپێک ئاو بدەی بە دەمووچاوتا؟

مووسا وەک بڵێی جادووی لێکرابێ، بە قەدیری وت:

ــ قسەکەت جوانە، قسەکەت جوانە!

مووسا بەرەو جۆگەکە کەوتە ڕێ، بەڵام قەدیر وتی:

ــ ئەمەوێ برۆین بۆ لای خوارەوەی ئاوەکە، ئەو سەری ڕاستە بیەکان!

مووسا هەنگاوەکانی گێڕایەوە و وتی:

ــ برۆین... برۆین.

کەوتنەڕێ و ڕاستە کۆڵانەکەیان تا کۆتایی شەقە بییەکان، تا دەرەوەی دیواری قەڵاچیمەن بە بێدەنگی بڕی، بە بێ وشەیەک، مەگەر لەگەڵ خۆ و لە دەروونی خۆیاندا:

«چی لێم ئەوێ؟!»

لە خۆ کوتانی دڵی مووسا بە دیوارەی سینەیدا، هەموو

هۆشی مووسا بەم پرسیارەوە خەریک ببوو:
«چی لێم ئەوێ؟!»
ــ دانیشە!
مووسا لە سەر لێژایی سەرووی بەردی لای جۆگەکە دانیشت و قەدیر، لە بەرامبەری‌دا لە سەر بەردەکە دانیشت؛ تەزبێحە کەم دەنکەکەی کردە مەچەکی و نیوە جگەرەیەکی لە گیرفانی جلیسقەکەی دەرهێنا. نەرم و ئارام، لە بێدەنگیەکەدا کە دڵی مووسای ئەگووشا، شەمچەی لێدا و پاش مژێکی قووڵ، لە کاتێکا چاوی لە سووری ئاگرەکە بوو، وتی:
ــ ئێوە هەتا ئێستە وەکوو وردکە ماسی لەدەسم خزاون و دەرچوون. هەر کات ویستوومە بتانگرم لێم ڕەویون. بەڵام...
لێرەدا قەدیر بێدەنگ بوو، جارێکی‌تر سیەکانی پڕکرد لە دووکەڵی جگەرە، پاشان سینەی بەتاڵ کرد و بە شێنەیی وتی:
ــ بەڵام مرۆڤ خۆ کەو نییە؟ کەوە؟! نەخێر! ئادەمیزاد ناتوانێ وەکوو کەو سەری بکات بە ژێر بەفردا و وابزانێ خەڵکی نایبینن! هیچکەسیش نەیبینێ، من ئەیبینم. لانیکەم من ئەیبینم! ئەو کارانەی کە ئێوە خەریکن لەم دەورووبەرە ئەیکەن، بۆ من لە ڕۆژیش ڕۆشنترە. ڕەنگە تۆ خۆت ئەزانی من کێم. من ئەگەر بمەوێ سەر لە کاری یەکێک دەربهێنم، سەر دەرئەهێنم. ئەمکارە بۆ من وەکوو ئاو خواردنەوە وایە. نییە؟!
قەدیر لەگەڵ وتنی «نییە» خامۆش و مۆڕ، نیگای چەقاندە ناوچەوانی مووسا و مووسا بە بێ ئەڤان وتی:
ــ وایە!
قەدیر، بێدەنگیەکەی لە سەر تەوێڵی مووسا ڕاگرت و پاشان بە بێ ئەوەی حەزی توند و تیژی بە مژێکی کورت دابمرکێتەوە، قسەکەی خۆی وەکوو درەوشێک لە چەرمی تەڕ چەقاند و وتی:
ــ بەڵام ئەمەوێ خۆت بۆم بڵێی!
لێرەدا قەدیر جگەرەکەی نا بە لێویەوە. مژی لێدا و پەڵە

هەورێکی دووکەڵ بە دەور لووت و دەم و گۆنایدا خەرمانەی بەست و نیگای چاوەدێر و چاوەڕوانی لە چاوە ڕەمۆکەکانی مووسادا تیژتر و قووڵتر کرد. مووسا نەی ئەشاردەوە کە ئەیەوێ خۆی لە چاوەکانی قەدیر بشارێتەوە، بەڵام هیچ ڕێگە و بیانوویەکیشی بەدی نەئەکرد بۆ خۆ دەربازکردن. نەی ئەوێرا قسەش بکات، چونکە ئەیزانی دەم بکاتەوە شتێک، شتێکی وەکوو تاودانەوەی هەزار ئاوێنە، ڕەنگە ورد و خاش ئەبێ. ترس. ترسی قسە جۆڕاندن. ترسی بێدەنگی. ترسی لاسەنگ کەوتنی گوتە و بێدەنگی. دەروویەک!

قەدیر وای گوڕاند بە سەر مووسادا، کە مووسا لە شەپۆلی دەنگەکەی موچرکەی پیاهات:

ـ بڵێ! بۆمی بڵێ! ئێوە چیتان لەژێر سەردایە؟! پێمی بڵێ!

وەک بڵێی بیەوێ دەمهەراشیەکەی لەغاو بکات، دەنگی دابەزاند و درێژەی دا:

ـ ڕەنگە بەکارتان بێم. کێ چووزانێ؟ من بەس ئەمەوێ بزانم ئێوە چ بیر و بەرنامەیەکتان لە سەر دایە؟

ڕێگەی حاشا لە مووسا داخرابوو. ئەوەی کە مابوو ئەوە بوو بۆ شوێنەگومکێ قسەکان بئاڵۆسکێنێ. جا وتی:

ـ قەدیرخان تۆ منت لەگەڵ کێ لێگۆڕاوە؟! ستاریان لەوێ ڕاگرتووە، بەڵام لە بەر چی؟ تۆ «لەبەر چی» یەکەی نازانی!

قەدیر ئارام و سمێنەر وتی:

ـ کارێکی نییە؛ تۆ بۆمی ئەڵێی!

مووسا، بە ناچاری وتی:

ـ کاتێکە ئەویان لە ماڵی ئاتەش گرت و برد خۆت لەوێ بووی.

ـ بەڵێ لەوێ بووم.

ـ ستاریان بە بیانووی ئاژاوەکەی ئەو شەوەوە برد، بەڵام پاشتر بابەتی کوژرانی جەندەرمەکانیان هێنایە ئاراوە و داوایان

لێکرد شوێنی گوڵمحەمەدیان پێ بڵێت. بۆ چی؟ چونکە ڕۆژێک لە ڕۆژان ستاریان لە نزیک ڕەوەندی کەلمیشیەکان بینیبوو. نەیانتوانی ئەو تاوانە بکەن بە بار بە سەر ستارەوە، تا ئەو کاتەی کە گوڵمحەمەدیان گرت و بردیان بۆ زیندان. گوڵمحەمەدیان کە برد بۆ زیندان کاری ستار تەواو بوو و ویستیان بەری بدەن. بەڵام لەپڕ گوڵمحەمەد و چەن کەسی تر لە زیندان هەڵاتن و پۆلیس دیسانەوە گومانی خستە سەر ستار. ئێستەش زانیویانە کە ستار ئاگای لەو هەڵاتنە نەبووە، تا حەفتەیەکیتر بەری ئەدەن و لەم ناوە پەیدای ئەبێتەوە.

ــ بە ڕاستی بەڕاست ستار لە هەڵاتنی گوڵمحەمەددا دەستی نەبوو؟!

ــ ئەوەیان خوا ئەیزانێ. بەڵام هەرچی بیری لێ ئەکەمەوە بە قازانجی ستار نەبووە خۆی لەو کارە هەڵقورتێنێ. ئاخر لە بەر چی؟ بۆ پێت وایە ستار ئەبێ ئەو کارەی کردبێ؟ بۆ پارە؟ یان... بۆچی؟

قەدیر قنچکی جگەرەکەی خستە ناو ئاوەکە و وتی:

ــ بیستووتە گوڵمحەمەدەکان چ شاکارێکیان کردووە؟

ــ پاشان زانیم.

ــ ئەوەش ئەزانی چەن تفەنگی دەوڵەتیان لەماڵی کوڕی حاجی پەسەند هەڵگرتووە و ڕۆیشتوون؟ پارەی نەختینەشیان بردووە. ئەمەشت بیستووە؟! ئەزانی ئەو کارە یانی چی؟ ئەوانە بەو کارەیان لە دەوڵەت یاخی بوون، ئەزانی؟ کاتێکە بیری لێئەکەمەوە ئەبینم بۆچوونەکانم ڕاست دەرچووە!

ــ کامانە بۆچوون؟

ــ ئەوەی کە ستاری پینەچی، هاوڕێی تۆ لەم کارەدا بەشدار بووە.

ــ ئەگەر بەشدار بووە ئەی خۆی بۆ لەگەڵیان هەڵنەهاتووە؟

قەدیر، لارەولار لە مووسا مۆڕەوە بوو و وتی:

ـ ئەو مشکەی من ئەیناسم لە کاری خۆیدا زۆر زیرەکە. شەو و ڕۆژ کاریتری نییە جگە لەوەی حەسێبی تاقمانەجووتی ناو مێشکی لێک بداتەوە و نەخشە بکێشێ. ئەو هەموو شەو و ڕۆژەی خوا، وەکوو ئەو دەڵاڵەی کە بە دوای ئەسپی ڕەسەندا ئەگەڕێ، بە دوای ڕاوکردنی خەڵکی وەکوو گوڵمحەمەدەوەیە. بەڵام لە خەڵکی وەکوو من... خۆی ئەپارێزێ!

مووسا، سەیری ڕوخساری داتەکاوی قەدیری کرد کە حەپەسانێکی سووکایەتی پێکراو داپۆشیبوو و، بە بێ ئەوەی ئاگای لە شێوازە دڵسۆزانەکەی خۆی هەبێ وتی:

ـ تۆ بۆ قسەی وا...

قەدیر کە لە کاتێکا چاوی بڕیبوویە شەوێ پەڵە پەڵە کە بەردەوام چڕ و چڕتر ئەبوو، بە دەنگێکی وەک بڵێی لە ناخی بەردەوە دێتە دەرەوە وتی:

ـ بۆ چی؟ تۆی بۆ چی ئەوێ؟ چ کارێکی بە تۆ هەیە؟

ـ منی بۆ ئەوێ؟!

ـ بەڵێ تۆ! بۆ واقت وڕماوە؟ ئەتەوێ بڵێی لە قسەکانی من تێناگەی؟ ستاری تۆ شەیتانێکە بۆ خۆی! تۆیش خۆت بۆ من کەر مەکە. جوجکەی ئەمساڵ ناتوانێ جووجەڵەی پار فریو بدات. من قنی دنیام دڕاندووە. دیسانەوەش جرت و فرتەکانتان لە من ئەشارنەوە؟! بۆچی؟ بۆچی بڕوا بە من ناکەن؟ بۆ وەکوو بێگانە لەگەڵم ئەجووڵێنەوە؟ بۆچی لە من ئەسڵەمێنەوە؟ بۆ بەجێ متمانەم نازانن؟ مەگەر نە ئەوەیە کە ئێوە لایەنداری هەژار و نەدارن؟ جگە لەوەیە کە دوژمنی ئاغە و دەرەبەگن؟ جگە لەوەیە کە دڵتان بۆ زوڵم لێکراو ئەسووتێ؟ دە پێم بڵێ... لە من نادارتر لە هیچ کۆییەک هەیە؟ من کڵۆیەک هەڕگم نییە سەرجل بدەم بە سەریدا! لە من هەژارتر و نەدارتر لە کوێ ئەدۆزنەوە؟ لە بەر ئەوەی کە ناگریم و ناپاڕێمەوە؟ لە بەر ئەوەی کە بە شەپلاخە ڕوومەتی خۆم سوور ڕائەگرم؟ من بەدەس ئەم بابقولی

بونداره‌وه ته‌فروتوونا بووم. به یارمه‌تی ئه‌ربابه‌كه‌ی ئالاجاقی منی كووشتووه! پێت وایه ئالاجاقی پێی نه‌وتووم هه‌واڵه‌كانی ئه‌م ناوه‌ی بۆ ببه‌م، ئه‌وسا ئه‌ویش ده‌س ئه‌داته بن باڵم؟ پێت وایه وه‌رگرتنی پسووله‌یه‌كی به‌خشینی سه‌ربازی بۆ ئالاجاقی دژواره؟ پێت وایه ئه‌گه‌ر من به قسه‌یان بكه‌م، بۆ ئه‌وان دژواره پارووه نانێک بخه‌نه ناو سفره‌كه‌م؟ ئه‌ی بۆ ئه‌و كارانه ناكه‌م من. تۆ پێت وایه من به‌قه‌ده‌ر ئه‌و برا تریاكیه لێدراوه‌شم پێ ناكرێ؟ ها؟ پێم ناكرێ؟! ئه‌ی بۆ ئێوه له من ئه‌سڵه‌مێنه‌وه؟ بۆ خۆتان له چاوی من ئه‌شارنه‌وه؟ بۆچی متمانه‌م پێناكه‌ن؟ بۆ ڕێگه‌م ناده‌ن بۆ ناو خۆتان؟ من له‌م كۆڵانانه و له‌م شه‌وانه‌ی كه ئه‌ڵێی قه‌ت كۆتاییان نایه‌ت، خه‌ریكه دائه‌ڕزێم! خه‌ریكه ته‌فروتوونا ئه‌بم. ئه‌م چاو قووچاندنه‌ی ئێوه خه‌ریكه ئه‌مسووتێنێ؛ ئاگرم تێبه‌ر ئه‌دا. منیش ئه‌توانم وه‌كوو هه‌زارانی‌تر بچم بۆ شار و ناوی خۆم بنووسم. ڕێگه و جێگه‌شی پێ ئه‌زانم. به‌ڵام ناچم. بۆ چی؟ چونكه ئێوه لێره‌ن! لێره‌ن؟ ئه‌وانیش سه‌ره‌تا ئه‌وه‌م لێ ئه‌پرسن كه بۆچی له‌گه‌ڵ ئێوه ناگونجێم! ئه‌زانم. به‌ڵام ئێوه خۆ ئه‌بینن. خۆتان ئه‌بینن كه من دوژمنی خوێنه‌خۆری بابقولی بوندارم. نابینن؟ خۆتان شایه‌تی كاری من و بوندار بوون؟ مه‌گه‌ر كوێر بوون ببینن بابقولی بوندار به چ فێڵێک وشتره‌كانی منی له ده‌ست باوكم ده‌رهێنا؟ كوێر بوون ببینن چۆن شاره‌گی وشتره‌كه‌می بڕی؟ نه‌تان بینی كه من له غه‌مدا پیر بووم؟ نه‌تان بینی؟!... ڕه‌نگه ئێسته‌ش چاوتان لێ نییه كه خه‌ریكه تووشی سه‌ربازیم ئه‌كات و مه‌به‌سته‌كه‌شی ئه‌وه‌یه كه له قه‌ڵاچیمه‌ن په‌ڕه‌وازه‌م بكات. ئه‌م شتانه نابینن؟ نابینن كه من بووم به گورگی ده‌سه‌مۆ و شه‌و ڕۆژ وام له‌و هه‌ماره؟ من له‌م... له‌م دنیایه‌دا چیم هه‌یه؟ چیم هه‌یه، ها؟!

مووسا هه‌ستی كرد جه‌ربه‌زه‌ی لێو بزواندنی نییه. خامۆشی، وه‌كوو دۆڵێكی قووڵ وابوو له نێوان دوو مرۆڤدا. ڕۆح له ناو به‌ردا له قاڵب درابوو. خوڕه‌ی نه‌رمی ئاوه‌كه، له سه‌ر به‌رد به به‌ردی

ئەو دۆڵە قووڵەدا دەنگدانەوەیەکی پڕووکێنەری هەبوو. مووسا خۆشی نەیزانی کەی زمانی هەڵبڕی و بە دەنگێک، کە خۆشی یەکەمجار بوو ئەی بیست، وتی:

ــ ئەتەوێ من چیت بۆ بکەم، قەدیر؟!... فەرمووو!

قەدیر هەڵسابوو.

مووسا وتی:

ــ من هەرگیز لە تۆ سڵم نەکردۆتەوە، قەدیر!

قەدیر، پشتی لە مووسا لە لێواری جۆگەکە چۆکی دادابوو.

مووسا وتی:

ــ من لە لایەن خۆمەوە بەڵێنت پێ ئەدەم، قەدیر!

قەدیر دەستەکانی کردبوو بە ناو ئاوەکەدا و بە سەر ئاوەکەدا چەمابۆوە.

مووسا وتی:

ــ من تۆ لە خۆم ئەزانم قەدیر. ئا قەدیر؟

قەدیر ڕوومەتی خستبوویە ناو ئاوەکە و ڕایگرتبوو.

مووسا وەرگەڕا:

ــ ئا قەدیر؟

قەدیر هەڵسابوو ئاو لە سەروبەچکی ئەتکا.

مووسا دیسانەوەش بانگی کرد:

ــ قەدیر!... قەدیر...

قەدیر ڕۆیشتبوو. مووسا تێ ئەگەیشت ڕابووە و لە لای شەقەبیەکە وەستاوە، درێخ لە چاوی‌دا و تەزێک لە لەشی‌دا. ئەتوت دوا جووڵەی شانی قەدیر بوو کە لە شەوی پەنای دیوارەکەدا ون ئەبوو:

«ئا... قەدیر؟!»

شەوی پێگەییوو. چڕ و بەبالا. مووسا بە دەنگی هەناسەی وشترەکان هاتەوە بە خۆی‌دا. توانی سەیری لای خوارەوە بکات. وشترەکان لچیان لە ئاودا بوو. خشە خشی گیوەکانی قوربان

بەلووچ کە بە پەنای مل و پشتی وشترەکاندا بەرەو ئەملا ئەکشا، ئەیتوانی زیاتر مووسا لە خۆی دووربکاتەوە، بەڵکوو ئەو قاپوورە دژوارەی لێی ئالآبوو بشکێنێ و بەڵکوو لێی بێتە دەرەوە. لە هەموو زیاتر دەنگی زەلآڵ و خۆش نەوای بەلووچ ، مووسای هێنایەوە بە خۆیدا:

ـ لەم ناوەختە بۆچی لێرە وەستاوی وەستا مووسا؟

مووسا بە لێژایی چەوڕێژی قەراخ جۆگەکەدا هەنگاوی نا و وتی:

ـ کوڕی کەلایی خواداد بوو ئەڕۆیشت... قەدیر!

ـ ناسیم.

بەلووچ بە چەوڕێژەکەدا سەرکەوت و لە نزیکی مووسا لە سەر عەرزەکە دانیشت و پەتی توربێنەکەی لە شانی دەرهێنا، داردەستەکەی لای دەستیەوە داناو وتی:

ـ قەڵسە. چەن ڕۆژێکە ئارامی لە بەر هەڵگیراوە. باسی چی ئەکرد لەگەڵ تۆ؟ گلەیی ئەکرد، ئەرێ؟!

مووسا بە بێ وەڵام لای توربێنەکەی بەلووچەوە دانیشت، ئەژنۆی گرتە باوەش و وتی:

ـ گیر و گرفتاری ئادەمیزاد خۆ یەک و دووان نییە، قوربان!

ـ قوربان وتی:

ـ بۆ ئەیورووژێنن؟

ـ نازانم.

قوربان وتی:

ـ نابێ بی شەمزێنن. دوژمن تاشین کارێکی باش نییە!... دەنگوباسیماڵەوە؟ چوویتەوە؟

ـ نەء.

وشترەکان لچیان لە ئاو هەڵگرت و بەلووچ لە سەر چەوڕێژەکە هەڵسا، دارەکەی ڕاوەشاند و حۆی لێکردن. توربێنەکەی بە پەتێک بە شانیەوە هەڵواسرابوو. وشترەکان

سەرکەوتن و مووسا لەتەک بەلووچ کەوتە ڕێ و پاش تاوێک، لە کاتێکا بیر و هۆشی لە ئەفسوونی قەدیردا بوو، بە خاو و خلیچکی پێی نایە ماڵی بوندار.

لە ماڵەوە، نوورجیهان، ژنی بوندار، پیرتر لە هەمیشە لە بەر ڕووناکی مردووی فانۆسەکەی ژوورەکەی وەکوو بێوەژنێکی خامۆش دانیشتبوو. مووسا لای دەرگای دیوەکەی وەستا و سڵاوی کرد. بە دیتنی مووسا، ژنی بوندار چاوی تروووکاند و بە شێوەیەک کە بڵێی پێڵووەکانی ڕائەگرێ، چاوی بڕییە مووسا و بە بێ یەک و دوو کەوتە گلەیی:

ـ ئەوە تۆ لە کوێیت... مووسا گیان؟ لەپڕ ون ئەبیت و کارەکان ئەدەی بە ملی مندا. ئاخر بیری ئەوە ناکەیتەوە من ئیتر توانای قاڵی چنینم نەماوە؟ ئازاری قاچەکانم زیاتر بووە. پشتم ڕاست نابێتەوە. وەکوو ئەوە وایە سووژن بچەقێنن بە مۆخی ئێسقانەکانمدا. گۆچ بووم، مووسا گیان. پەکم کەوتووە. دووری شەیدا پشتی چەماندم، مووسا. من لە ژێر ئەم بارەدا ئیتر پشتم ڕاست نابێتەوە، مووسا! مووسا... مووسا... مووسا! غەمی دنیام کەم بوو، دووری شەیداش سەرباری هەمووی. غەم و دووری، شەیدا، مووسا. کەی من چاوەڕوانی ئەو هەمووە چارە ڕەشیەم کردبوو مووسا؛ کەی؟ چاوەکانم سپی بوون ئەوەندە لە سەر بان دانیشتووم و چاوم بڕیوەتە ئەو ڕێگایە مووسا. نە شەو ئارامم هەیە و نە بەڕۆژ ئوقرە، مووسا. کوڕەکەم، لاوە چاکەکەمیان برد. جەوانەکەم عەلیئەکبەرمیان برد بێگانە. زۆرابەکەم، سیاوەشمیان برد بێگانە، مووساگیان. یووسفم، یووسفمیان برد بۆ خاکی غەوارە، مووسا. ئارەزووی مەرگ، ئارەزووی مەرگم لە خوا هەیە؛ ڕۆژی هەزار جار بۆ مەرگ لە خوا ئەپاڕێمەوە، مووسا. ڕۆژی هەزار جار، هەزار جار. ئەم شمری زوجەوشەنە، ئەم بونداڕەش خۆ دڵ لە سینگیدا نییە. لە لێواری قەبریشدا بم، تەرمەکەم دائەنێ قاڵی بۆ بچنێ. تۆ

فریام کەوە، مووسا. تۆ فریام کەوە کوڕەکەم. تا چارەنووسی کوڕەکەم دەرئەکەوێ کارەکە لەنگ مەکە. با منیش تاوێک بە غەم و خەفەتی خۆمەوە بم. بلا دەرفەتی غەمخواردنم هەبێ کوڕەشیرینەکەم. نزا بۆ جەوانیت ئەکەم. تا ئەو دوو فەرشەمان لە دار نەهێناوەتە خوارەوە کارەکە لەنگ مەکە، مووسا. ماڵەکە ئەبینی، کوڕم؟ بووە بە گۆڕستان. ڕووناکی تیانەماوە. هیچکەس نییە، هیچکەس نییە. شەیدا نییە، وەکوو ئەوە وایە هیچکەس نەبێ. ڕاستیەکەشی کەسی لێ نییە. ئەسڵان قاچی لە ماڵەوەیە و سەری لە قەڵاتی خوێناڵ، ماهدەروێشیش لە جێدا کەوتووە. شێرۆش گیرۆدەی ماهدەروێشە. هەموو گیرۆدەن. تەنها منم کە ئەبێ باری غەم و خەفەتی هەمووان بە کۆڵ بکێشم. قاچێکم لە دووکانە و قاچێکم لە کارگەیە. زمانم لاڵ بووە، بەڵام گوێم پڕە لە جنێوی بوندار. نە چۆکم هێزی تیا ماوە و نە دڵم بەرگە ئەگرێ، مووسا. مووسا... مووسا... مووسا؟! تۆ ڕۆیشتی مووسا؟ نات بینم، نات بینم؛ هاتیتەوە؟ لێرەی مووسا؟!

ـ بەڵێ، ئەوەتا لێرەم، دایە!

ـ وەرە دانیشە، وەرە! تۆ لە جێی کوڕی منی، مووسا. تۆ لە جێی شەیدای.

مووسا، ئەگەر دڵی ئەوەی هەبوایە سەیری ڕوخساری تێکشکاوی ژنە بکات، ئەیبینی کە پێستە چرچەکەی گۆنای ژنە تەڕبووە. بەڵام ڕاستەکەی مووسا بۆ خۆشی دڵشکاو بوو، سەری داخستبوو و گوێی لە قسەکانی ژنە بوو، کە ئەتوت سەردۆلکە ئەهۆنێتەوە.

ـ با هەڵسم پارووە نانێکت بۆ بهێنم، مووسا. پیاڵەیەک چا. چ جۆرە مرۆڤێکم منیش! لە ڕێوە هاتوویت، لە بڕی ئەوەی نان و ئاوێکت بۆ بهێنم، سفرەی دڵم بۆ کردوویتەتەوە. خەریکم شێت ئەبم.

ـ من نان و ئاوم خواردووە، دایە. دانیشە و ئارام بگرە. لە

بەیانیشەوە خۆم ئەچمەوە سەرکار. خەم مەخۆ. ئێستەش ئەڕۆم هەواڵێکی ماهدەروێش بپرسم.

ژنی بوندار لە بەر خۆیەوە وتی:

ــ ماهدەروێشی بێ بەخت. بەد بەخت، ماهدەروێش. لە عەرز دراوی لە عەرزکەوتوو ماهدەروێش. هێشتاش لە بەر چاومە ئەو شمری زوجەوشەنە، چۆن ئەو سەیدە بێچارەیەی هەڵگرت و لەو بانەوە... ئای خوا گیان... ئای خوایە... وەکوو فڕەی باڵی هەڵۆ... ئۆف!

مووسا ڕۆیشتبوو و لای شانی وشترەکە، بەرامبەر بەلووچ وەستابوو ئەیوت پێکەوە بڕۆن و هەواڵی ماهدەروێش بپرسن. بەلووچ درک و داڵەکەی لە کوڵکەی سمت و ورگی وشترەکە کردەوە و وتی:

ــ تۆ بکەوە ڕێ... منیش بە دواتدا دێم.

مووسا لە دەرگاکەوە چووە کۆڵان و بە قەراخ جۆگەکەدا بەرەو قەڵاکۆن کەوتە ڕێ.

لەبەر ڕووناکی مژگرتووی لامپەکەدا، ماهدەروێش سەری نابوویە سەر سەرین و لەشی تابن مل لە ژێر مەوجێکی لێڵدا شارابوویەوە. ڕەنگی ڕوخساری لە پێستی پەتاتە ئەچوو و نیگای چاوی ڕەشی لە کالانەدا لێڵ ببوون و قژی لاجانگی کە پێشتر ڕەش بوون وەک شەوەزەنگ، تاڵی سپی تێکەوتبوو. پەڕەی لووتی فرەوان ببوو و بن گۆنای قوپابوو. ملی ببوو بە کلکی سێو و ئێسکە ناسکەکانی ڕوخساری دەرپەڕیبوون. پێڵووەکانی کەوتبوونە سەر یەک و بە دژواری و بە قورسی هەناسەی ئەکێشا.

شێرۆ لای دیوارەکە لە ناوخۆیدا، دانیشتبوو. وەکوو پیرێژنێکی بەلاکێش، دانیشتبوو. چەناگەی خستبوویە سەر کەشکەی ئەژنۆی و چاوی لە سەر خاڵێک -کامە خاڵ- ئەبڵەق ببوو. هاتنی مووساش نەیتوانی شێرۆ بهێنێتەوە بە خۆیدا. ئەوەندە نەبێ کە سەری هەڵێنا، وەک بێگانە سەیری مووسای کرد و چەناگەی

خستەوە سەر ئەژنۆی. شێرۆش لەبەرچاوی مووسادا شکابوو. لاواز و غەمگین. وەک بڵێی غەم چەماندوویەتیەوە. وازی ئەوەی نەبوو دەمیش بکاتەوە. نەمامی لە ئاو دابڕاو.

لە خامۆشی خەفە و قورسی هۆدەکەدا، مووسا خۆی خزاند بۆ لای ماهدەرویێش و بە ئارامی دانیشت:

ـ ئێستە چۆنە، ئاغە سەید؟

ـ شوکر... شوکر... وەستا مووسا. سەد هەزار جار شوکر!

دەنگی ماهدەرویێش لە دوورەوە ئەهات. لە زۆر دوورەوە. بگرە سێبەرێک لە پشت حەوت دیواری کۆنەوە، لەبری ماهدەرویێش قسە ئەکات؛ بە گوتەیەکی ماندوو و غەمبار و پووکاو. ئەو وشانەی کە خەریک بوون لە ناو ڕێ دابکەون و بپووکێنەوە. دائەکەوتن و ئەپووکانەوە. دائەکەوتنە خوارەوە وەکوو خۆڵەپووتی کۆنی دیواری کارێزێکی دێرینە، ئەبوون بە تۆز و بێدەنگ ئەبوون. قسەی چی؟ مووسا پڕکێشی نەکرد قسەیتر بکات. وتن و بیستنی چی، کاتێکە بابەتەکە ڕووت و ڕەوان لە بەر دەمتایە و هەزار زمانی هەیە. ئیتر پرسینی چی لە ماهدەرویێش؟ چی بگێڕێتەوە ماهدەرویێش؟ کە ماهدەرویێش، کە ئازار، بۆ خۆی وەکوو بەڕەیەک لە بەردەمتدا ڕاخراوە بە هەزار شینە زمانەوە.

ـ بکشێرەوە ئەگەر بۆنی شیاکە ئازارت ئەدات مووسا، بکێشرەوە!

مووسا ئاوڕی دایەوە و سەیری شێرۆی کرد. شێرۆ شوێن قسەکەی خۆی گرت:

ـ بابە گوڵاو لێرەبوو. حەکیمی کرد. ئەو وتی ماهدەرویێش لە پەین بگرین. منیش لە ئێوارەی درێژەوە کەوتمە ڕێ بە ماڵاندا و چی پەین و تەپاڵەی تازە لەم قەڵاتەدا هەبوو کۆم کردەوە و هێنام. بابە گوڵاوی بێچارەش قۆڵی هەڵکرد. پەینەکانی شێلا و تەختی کرد لە سەر قوماشێک، سەیدی لە سەر خەواند و لە ناو پەیندا مەڵۆتکەی کرد. ئەو وتی چارەی دەردەکەی هەر ئەمەیە

و هەر ئەمە. من خۆ کەڕ و گێژ بووم. ڕەنگیشە وابێ. چووزانم؟!

مووسا بە بێهوودەی زانی کە باسی دەواودەرمان و دکتۆر بکات. بە باشی زانی ئەوەی بە بیری دادێت بە بابقولی بونداری بڵێ. بەڵکوو ڕێ بکەوێ و ماهدەروێش ببن بۆ شار و هەر چۆن بووە لە سەر تەختی نەخۆشخانە بیخەوێنن. لە هەمان کاتدا بیریشی چوو بۆ چاپخانە و دکتۆری ئاژەڵەکە کە قاپووتی بارانی بەری و ڕۆژنامەی دەستی لە هەموو شت زیاتر لە یادی مووسادا مابوو. هیوای ئەوەی کە ئاشنا تازەکانی بتوانن یارمەتیەکی ماهدەروێش بدەن.

شێرۆ وتی:

ـ ئەو ڕۆژانەی سەرەتا، قوربان بەلووچ چوو بۆ شۆراو و وەستایەکی ئێسکگرەوەی هێنایە سەری. وەستا نیوڕۆژ خەریکی گرتنەوەی ئێسکەکانی سەید بوو. خوای لێ ڕازی بێ زۆر لەگەڵی ماندوو بوو. سەیدیش زۆری ئازار چەشت. قیژەی هەموو دراوسێی هێنایە سەرمان. قیژە و... قیژە، خوایە، بڵێم چی!

ماهدەروێش بەناڵینەوە وتی:

ـ مەڵێ!... مەڵێ!... گوێم لە گێڕانەوەی بێ، ئەکەوێتەوە بیرم. بکەوێتەوە بیرم... ئازارم بۆ دێ. ئازار... ئازار... مەڵێ، مەڵێ!

شێرۆ بە بێ گێڕانەوەی کاری گرتنەوە، وتی:

ـ ڕەنگیشە باش نەچووبێتەوە جێ. ڕەنگیشە باش جۆشی نەخواردبێتەوە. وەستاکە وتی تەنها لەجێ چوون نەبووە، وتی لە چەند لایشەوە شکاون. بۆیەشە سەید ناتوانێ جووڵە بکات. ئەملاولای پێ ئەکەم، جێگەکەی بگۆڕم قیژەی ئەگاتە ئاسمانی حەوتەمین. بۆیەش هەروا وەکوو تەختە کەوتووە و ناتوانێ جووڵە بکات. بە دووکەڵی شیرە، ناڵاندنەکەی ئەخەوێنین و ڕای ئەگرین. ئێستەش ئەوا چاوەڕێی قوربان بەلووچین. لەو ڕۆژەوە کە سەید کەوتووە، خۆمان بە بەردەوامی هەر لێرە نێرگەلەی شیرەی بۆ ساز ئەکەین. قوربانیش خوا لە برایەتی کەمی نەکا، ئەگەر

نەچووبێ بۆ بیابان ڕۆژی سێ جار دێت و شیرە بۆ سەید چاخ ئەکا. بەڵام مەعازەڵڵلا خودی بەلووچ لێوی بۆ ببات. ئەوە نییە، لە پەسا چاو هەڵئەبڕێ و سەیری دەرگاکە ئەکا. تەقەی پێی هەر کەس بێت ئەو پێی وایە بەلووچ هاتووە.

ماهدەروێش وەک بڵێی لە دوورەوە، وتی:

ـ خوا لە برایەتی کەمی نەکات!

مووسا دەستی خستە سەر شانی ماهدەروێش و وتی:

ـ ئەوەندت نەزانی پەیدا بوو. خەریک بوو وشترەکان تاقەت بکات.

شێرۆ لەپڕ وەها بێدەنگ بوو، ئەتوت سەد ساڵی تریش خەیاڵی قسە کردنی نییە. مووسا بینی کە مژۆڵەکانی تەڕ بوون و وەک بڵێی بێ ئەڤان، دەنگی هەڵبڕی و چاوی بڕییە چاوی مووسا و وتی:

ـ سەیر ئەکەی مووسا چ ڕۆژێکم بە تووشەوە بووە؟ ئەبینی، مووسا؟! سکاڵا بۆ کێ بەرم مووسا؟ بۆ کێ... مووسا؟

مووسا چی بووتایەت؟ ئەیتوانی بڵێ چی؟ هەندێ جار وا دەرئەکەوێ هیچ شتێک لە وشە پووکتر نییە. بۆیە بۆی ئەوە خۆی لە بەر دژواریی بێدەنگی‌دا ڕابگرێ، سەری داخست بەڵکوو ئەو پەژارەیەی وەکوو نان لە سەر ساجی ڕوخساری شێرۆ ئەبرژا، نەبینی:

«ئەبینی مووسا؟! چاوت لێیە؟!»

ماهدەروێش لە دوورەوە، لە ڕێیەکی زۆر دوورەوە، لە پشت حەوت دیوارەوە وتی:

ـ تۆ... خۆت... باشی، مووسا؟

ـ من باشم سەید گیان!

ـ لە کوێ بووی، ئەو... ماوە... درێژە؟

ـ لە شار بووم سەید گیان!

ـ شـ... شار؟ ئـ اااا... شار!

بۆ ئەوەی جەوی سارد و سڕی ژوورەکە بگۆڕدرێ، مووسا بە شێرۆی وت:

ـ خۆ ئاگات لێیە گوڵمحەمەد لە حەپس هەڵاتووە؟

شێرۆ بە نەرمی سەرێکی لەقاند.

مووسا وتی:

ـ خۆ ئەزانی ئەگەر هەڵنەهاتایەت لە قەنارەیان ئەدا؟

شێرۆ دیسانەوەش بە هێوری سەری لەقاند.

مووسا وتی:

ـ دیارە هەواڵەکانی تریشت بیستووە؟

شێرۆ بە لۆی سەرپۆشەکەی چاوەکانی وشک کردەوە و هاتە زمان:

ـ چارەڕەش پوورە گوڵەندام. چارەڕەش پووری ڕەبەنم. لە پاش عەلیئەکبەر ئەبێ چ ڕۆژێکی هەبێ، ئەو پیرێژنە؟ کێ ئەڵێ لە خەفەتا دڵی ناتۆقێ؟ هەی... ئاخ...

مووسا وتی:

ـ خۆ دڵت بۆ خودی عەلیئەکبەر ناسووتێ؛ ئەسووتێ؟

داماو و دڵ لە هەزارڕێ، شێرۆ وتی:

ـ چیت پێ بڵێم مووسا؟ چیت پێ بڵێم؟ هەر کەس و هەرچی بوو، پوورزام بوو. خزم بووین. هاوخوێن بووین. لە تیرە و هۆزێک بووین. ئەی براکانم... ئەوان چییان بە سەر دێ؟ چارەنووسی ئەوان چۆن ئەبێ. غەم و خەفەت! ئازار و غەم و خەفەت! دڵی مرۆڤ چۆن تاو بهێنێ؟ دڵم بووە بە کەباب مووسا. هەڵقرچاوە، دڵم.

مووسا حەزی ئەکرد، باسی پیاوەتی براکانی شێرۆ -کە هەر واش بوون- بکات. ئەیویست ورەی شێرۆ بەرز بکاتەوە. ئەمەی بە تەنها ڕێگە ئەزانی بۆ ئەوەی بەڵکوو ژنەی خێڵاتی لەو دڵڕەشیە دەربهێنێ. بۆ شێرۆ مایەی دڵخۆشی بوو کە براکانی شێرە پیاون. دلاوەرن. بەڵام مووسا شوێن و کەسەکەی بە ئەرخایەن نەئەزانی. نە ئەبوا متمانە بە ماهدەروێش بکات. لە چۆڵێکی دوو کەسیشدا،

لەگەڵ خودی شێرۆش دوودڵ بوو لەوەی هەموو وردەکارییەکان باس بکات. بۆیە ناچار بوو دان بەخۆدا بگرێ و ئارام بێت.

ـ تەح! ئەوە خۆ هەڤاڵی ڕێم وەستا مووساش لێرەیە!

عەباسجانی کەلایی خواداد بوو کە لەپڕ لە ماڵی ماهدەروێش هەڵقوڵی. ئەتوت کەس نەیبینی چۆن خزایە ژوورەوە. بە بێدەنگ هات، وەک پشیلە. جاکەتە شیتاڵ شیتاڵەکەی دابوو بە شاخێکی شانیدا و قۆڵەکانی جاکەتەکەی وەکوو ملی گەدا شۆڕەوە ببوو. عەباسجان بە بێ ئەوەی وەڵامێکی ڕوون لە مووسا یان کەسی‌تر ببیسێت، نەرم و بێدەنگ هاتە پێشەوە. لای ماهدەروێش و بەرامبەر بە مووسا گورگی دانیشت و پرسی:

ـ تۆ چۆنی، ئاغە سەید؟ دوو سێ ڕۆژ ئەبێ سەرم نەداوی.

دەنگی ماهدەروێش بە باریکی کشا:

ـ شوکر... شوکر... عەباسجان!

ـ تۆ چۆنی، شێرۆ؟

ـ منیش خراپ نیم!

شێرۆ هۆی هاتنەکەی عەباسجانی ئەزانی. عەباسجان زانیبووی کە نێرگەلەی شیرە بۆ ماهدەروێش لە ماڵەوە دابین کراوە و ماهدەروێش چاوەڕوانی قوربان بەلووچە، بێت و کارەکەی بخاتە ڕێ. ئەویش هاتبوو لەبری بەلووچ نێرگەلەی بۆ تێ بکات و دەوروبەرەکەشی بتاشێ بۆ خۆی و بیکێشێ.

عەباسجان ڕووگیری کەس نەبوو. چاو و زمانی بەرەو هەموو کەس ئاوەڵە بوو. لە کاتی نیازدا لە هیچ کردەوەیەکی بێشەرمانە نەئەپرنگایەوە. بۆیەش بوو وتی:

ـ قوربانم بینی... زۆر گرفتار بوو. ئەگەر ئازارت زۆرە با چراکە داگیرێنم. یەک دوو مژ بکێشی هەتا قوربان ئەگات. وتت چی سەید گیان؟

عەباسجان و ماهدەروێش هەردووکیان چاویان بڕییە چرای شیرەکە. شێرۆ هەڵسا و سینی چرا و نێرگەلەی لە سەر تاقەکە

هێنا و لای دەستی عەباسجانەوە داینا. عەباسجان خەریکی چرا و نێرگەلە بوو و شێرۆش چوو چا ساز بکات و مووسایش چاوی بڕییە ئەوەی بە بەرچاویەوە ئەکرا. دیارە ئەبوا هەڵسێ و بڕوات. بەڵام هەستی کرد تاقەتی هیچکارێکی نییە. حەزی نەئەکرد بجووڵێ. داگیرابوو. زیاتر لەوەی خۆی هەستی ئەکرد، داگیرابوو. ئەتوت غەمی دنیا لە سەر دڵی بووە بە بار. ناوچەوانی خستە سەر پشتی دەستی، کە دەستی لە سەر کاسەی ئەژنۆی دانابوو. هەستی کرد بۆنی دووکەڵی شیرەی تریاک بەرزەوە بوو و لەگەڵ بۆنی شیاکە تێکەڵ بوو.

ـ شێرۆ... لە کوێی شێرۆ؟... شێرۆ!

دەنگە خۆشەکەی قوربان بەلووچ ماڵەکەی پڕکرد:

ـ لە کوێی شێرۆ؟ هەڵێ بڕۆ بۆ ماڵەوە، بوندار کاری پێتە.

مووسا سەری هەڵێنا و سەیری قوربان بەلووچی کرد کە پێی نابوویە ناو چوارچێوەی دەرگاکە:

ـ بوندار هاتۆتەوە؟

قوربان وتی:

ـ هاتۆتەوە و ئاگر لە دەمی ئەبارێ، ئەڵێی ئەژدیهایە. نادعەلیشی هێناوە. کوانووی چێشتخانە خامۆشە، ماڵەکە خامۆشە. هیچکەس نییە. بۆیەشە شێت بووە. لەوە تووڕەیە. هەڵێ! لە تۆش ئەگەڕا مووسا!

مووسا بە دەم ڕابوونەوە وتی:

ـ لەمن ئەگەڕا؟ کاری بە من چییە؟

قوربان لای دیوارەکە دانیشت و وتی:

ـ نازانم. خۆت پیشان بدەی زەرەدی نییە.

شێرۆ پیاڵە و پریاسکەی خورماکەی لای دەستی قوربانەوە دانا و وتی:

ـ تا من بێمەوە خۆ لێرە ئەبی؟

قوربان وتی:

ـ دائەنیشم.

هەرچەند هیچی وا لە ماڵی شێرۆ و ماهدەروێش نەبوو مەترسی تاڵانچوونی لێ بکرێ؛ سەرەڕای ئەوەش شێرۆ، بە چاو ئەماژەی بە عەباسجان کرد و قوربان سەری جووڵاند و شێرۆ دەرکەوت.

ـ راوەستە، شێرۆ. منیش دێم.

لە دەرەوەی دەرگاکە شێرۆ چاوەڕێی مووسای کرد.

بن داڵانە کۆنە، وەکوو هەموو شەوان کپ و تاریک بوو.

مووسا بە شێرۆی وت:

ـ ئەزانم و ئەبینم کە دڵگیری؛ زۆریش دڵگیری. بەڵام ئەمەوێ یەک دوو وشەت لەگەڵ بڵێم.

ـ ئا لێرە؟

ـ لێرە، یان لە هەر کوێ!

ـ دەی... بڵێ!

مووسا وتی:

ـ یەکەمیان ئەوەی کە هەر چۆن بووە ئەبێ ماهدەروێش بگەیەنینە شار. من لەوێ ئەتوانم دۆست و ئاشنای وا پەیدا بکەم کە ماهدەروێش لە نەخۆشخانە بخەوێنن. هەر چۆن بووە ئەبێ ئەو کارە بکەین. ئەگینا هەتا ماوە ئەبێ بەو ئازارەوە بتلێتەوە.

ـ چۆن؟ چۆن ئەتوانین بیبەین بۆ شار؟

ـ بە هەر شێوە کە بکرێ، هەر جۆر کە بتوانین، ئەبێ بیبەین!

ـ ئەو ناتوانێ لە سەر جێگەی خۆی جووڵە بکات. دەستی لێ ئەدەی قیژەی لێ بەرز ئەبێتەوە.

ـ چارە چییە؟ ڕێگەیەکیتر هەیە؟ ئەگەر نەیبەین ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر ئەبێ.

لە داڵانە کۆنەکە بایان دایەوە بۆ ناو مەیدانەکە، لالایان بینی:

ـ ماهدەروێش لەماڵەوەیە، شێرۆ؟
ـ ئەی لە کوێیە؟ مەگەر قاچی هەیە بڕوات؟
لالا قاپەکەی بەدەستیەوە بوو پیشانی شێرۆی دا و وتی:
ـ خەریکم شۆربای بۆ ئەبەم؛ خوا شەفای بدات.
ئاخێکی درێخ لە سینەی شێرۆوە دەرپەڕی و لالا لە ناو داڵانە کۆنەدا لە چاو ون بوو.
مووسا وتی:
ـ غەمت زۆرتر بووە، ئەزانم.
ـ خۆت ئەبینی خۆ! نابینی؟ بەم دڵسۆزی کردنەیان ئەمکوژن. دەی... چاکە، تۆ قسەکەت بکە.
قەدیر لای سووچی گەرماوەکە وەستابوو. مووسا ئەوەی ئەزانی قەدیر بۆ دڵخۆشی کەس لەوێ نەوەستاوە. لە شێرۆ گەڕا بڕوات بۆ ماڵی بوندار و خۆی کشایەوە و لە بن شەقە بییەکەدا وەستا.
قەدیر هات بۆ لای مووسا و وتی:
ـ ئەزانی نادعەلی هاتووە؟!
ـ بیستم.
ـ نادعەلی بەڵێنی پێدابووم ئەگەر بێت بۆ قەڵاچیمەن، میوانی من بێ. سڵاوی منی پێ بگەیەنە.
ـ هەر ئەوەندە؟
ـ خۆت بیهێنە بۆ ماڵەوە. دەرگاکە داناخەم.
قەدیر شانی سووڕاند و ڕۆیشت. مووسا لە جۆگەکە پەڕییەوە، بە بن دیوارەکەدا بەرەو ماڵی بوندار چوو. بابقولی بوندار لە بانیجە خەریک بوو پەمپی ئەدا لە چراتۆڕەکە و ئەینەڕاند:
ـ ... هەر کامتان ئەبێ لە گۆڕێکدا بدۆزمەوە! لە کوێن ئێوە؟! پێتان وایە من مردووم وا ئێرەتان بەرەڵا کردووە و ڕۆیشتوون؟! ئەگەر بە چوار میوانی بێگانەوە بگەڕایەتمەوە چی؟ ئابڕووم ئەچوو ئیتر! ئەمە لەقەز ماڵەکەمە، بەڵام ئەڵێی هاتووم

بۆ گۆڕستان! شێوی غەریبانە. خوا لە باوکی نمەک نەناس خۆش نەبێ.

شێرۆ بە بێ هیچ قسە و گوتەیەک چوو بووە چێشتخانە؛ مووسا بە پلیکانەکان‌دا سەرکەوت و سڵاوی لە بوندار کرد.

ــ من تازە گەیشتبووم، بوندار. شێرۆش بە دەم ماهدەروێشەوە بوو.

بوندار دەستی لە پەمپ لێدان هەڵگرت و قیژاندی بە سەر مووسادا:

ــ ماهدەروێش! ماهدەروێش! بەم ماهدەروێشە جگەری منتان کون کردووە. مەگەر ئادەمیزاد چەند جار ئەمرێ؟ یان چەند جار ئەژیەتەوە؟ خۆ هەموو کارەکانی دنیا نابێ بە بۆنەی نەخۆشینی ماهدەروێشەوە پەکی بخرێ! ئەو لە سووچێکا کەوتووە ئیتر چ کاری بەم دنیایە هەیە؟

مووسا هیچی نەوت چراتۆڕەکەی لە بوندار وەرگرت و بردییە دیوەخان.

لە قووڵایی دیوەخان، لە بەر پەنجەرەکە، نادعەلی وەستابوو و چاوی بڕیبوویە تاریکایی بێ کۆتایی بیابان. کاتێکە ڕووناکی چڕا تۆڕەکەی لە پشت سەرەوە دای لە نادعەلی، مووسا بینی شانەکانی کوڕی چارگویشلی زیاتر دانەویوە. بە دزیکەوە سەیری بانیجەی کرد، سڵاوی لە نادعەلی کرد و وتی:

ــ قەدیری کەلایی خواداد سڵاوی لێ ئەکردی، ئەرباب!

قورس و ماندوو و خامۆش، نادعەلی وەرگەڕا و سەیری مووسای کرد. چاوەکانی نادعەلی لە بەر تیشکی چراکەدا، وا دیار بوو یاویان هەیە؛ گەرم و ئاگراوی بوون. وەک بڵێی بیدایەت لە هەرچییەک ئەیسووتاند و تێئەپەڕی. گەرمای گڕی لۆکسەکە ڕەنگە گڕی بەرئەدایە ناوچەوانی مووسا، بەڵام یاوی سووتێنەری چاوەکانی نادعەلیش سووتێنەر بوو؛ بۆیە سەری داخست و وتی:

ــ قەدیر پەیامی بۆ ناردی لە ماڵی خۆیان چاوەڕێتە. وتی

بەڵێنتان داوە سەرفرازی بکەن.

نادعەلی ڕووی کردەوە پەنجەرەکە و وەکوو پێشتر چاوی بڕییەوە چاوی بیابانی شەوپۆش و نووتەک.

دەنگی بابقولی بوندار، مووسای هەڵبەزاندەوە:

ــ هۆی!... چیت بە سەر هات؟ وەرە مەنگەڵەکە ساز بکە!

مووسا هەڵاتە دەرەوە و بە پلیکانەکان‌دا چووە خوارەوە و لەبەردەم دالانەکە سەماوەری لە بوندار وەرگرت. هێنای، داینا و چوو بە دوای مەنگەڵ‌دا. تاوڵەمەکەی لە دەستی شێرۆ وەرگرت و کەوتە سووڕاندن و گەشاندنەوەی. شێرۆ پیاڵە و ژێرپیاڵەی ئاو کێشا و داینا بۆ مووسا و وتی:

ــ تۆ بیانبە سەر. من بچم بۆ یارمەتی دایکی شەیدا.

مەنگەڵ و سینی، بونداری بێدەنگ کرد کە ئەیویست دیسانەوە بقیژێنێ.

مووسا پیاڵە و ژێر پیاڵەی لە بەر سەماوەرەکە دانا. بوندار لێواری سینیەکەی گرت و بە پەنجە درێژەکانی خۆی ڕایکێشا و بە شک و بەدگومانیەوە، بە تیژی سەیرێکی نادعەلی کرد و خەریکی کاری خۆی بوو. نادعەلی ئەتوت نە گیان و گەرما لە لەشی دایە و نە هەناسە لە سینەی‌دا و نە زمانی لە دەم دایە؛ خامۆش و ئارام لە بەر وەنەدی پەنجەرەکە وەستابوو و تێکەڵ بە شەو و بیابان ببوو. بابقولی بوندار نەی ئەتوانی لە بوونی ئازاردەری نادعەلی‌دا ئارام بێ و هەڵچوونی دەروونی و دڕدۆنگی خۆی دابمرکێنێتەوە. بۆیەش بوو لە هەموو ساتەکان‌دا، ئەو ساتانەی کە ئەتوت بە دەمی مەقاشەکە لێکیان جیا ئەکاتەوە، هۆش و بیری لە لای نادعەلی بوو و ئەوەی ئەیوت و ئەیکرد بە جۆرێک پەیوەندییان بە بوونی نادعەلیەوە هەبوو. ئەوەی کە گیانی بونداری ئەکێشا بێدەنگیە قورس و مەندەکەی نادعەلی بوو. ئەو بێدەنگیەی لە ماڵی کوێخا حەسەنی زەعفەرانیەوە دەستی پێکردبوو، بە درێژایی ڕێگەیە بەردەوام ببوو و ئێستەش وەکوو باریکی قورس و کوشندە

به ئەستۆی بوندارەوە، درێژەی هەبوو.

ــ جێی بەتاڵی شەیدا ئەبینی خاڵۆ گیان؟ ئەبینی جێگەی خاڵۆزات چەندە دیارە؟ ئەبینی؟ ئەبینی کە شەیدای لێ نییە؟! ئەبینی، نادعەلی؟... ئاخ... ڕووم نییە بگریم، ئەگینا فرمێسکی خوێنم دائەباران. وەرە دانیشە خاڵۆ گیان، وەرە دانیشە!... ئەی کوا قەندانەکە؟!

مووسا بۆ هێنانی قەندانەکە هەڵاتە دەرەوە. شێرۆ لە سەر پلیکانەکان قەندانی دا بەدەست مووساوە. مووسا گەڕایەوە و قەندانەکەی لە بەردەستی بوندار دانا. نادعەلی هەروا وەستابوو، بە شانە چەماوەکەیەوە. مووسا ساتێک سەیری نادعەلی کرد. بابقولی بوندار داخوڕا بە سەریدا:

ــ لێرە وەستاوی بۆ چی؟ بڕۆ بڵێ شێو ئامادە بکەن!

مووسا چووەدەرەوە، بە پلیکانەکاندا خوار بوویەوە، لە داڵان تێپەڕی و لای بیرەکە، لە تەنیشت شێرۆوە کە خەریکی ئاوەڕووتکردنی مریشکێک بوو، وەستاو وەک بڵێی لەگەڵ خۆیەتی، وتی:

ــ شێت بووە!

دەنگی بوندار لە دیوەخانوە بەرز بوویەوە:

ــ وەرە کوڕە دوو چا تێکە! ئەوە چیت لێهات؟!

مووسا سەرکەوتەوە، چووە دیوەخان و لە لای سەماوەرەکەوە دانیشت. بۆنی تریاک ژوورەکەی داگرتبوو. بوندار وافوورەکەی نابوو بە لێواری مەنگەڵەکەوە و پاشماوەی دووکەڵەکەی لە لووتیەوە ئەدایە دەرەوە. دەستی ڕاکێشا بۆ ژێر پیاڵەکە و پرسی:

ــ وتت کەی هاتیتەوە؟

ــ لای ئێوارە گەیشتم...

بوندار پیاڵەی چاکەی گەڕاندەوە بۆ لای مووسا و وتی:

ــ تۆختری بکە... دەی، دەنگوباس؟

ــ سلامەتی سەرت.

مووسا چاکەی بونداری تۆختر کرد و نایە بەر دەستی و بە لاچاو سەیری نادعەلی کرد. نادعەلی پاڵی دابوو بە جێوبانەکەوە و بەرامبەر بوندار چۆکی هەڵێنا بوو و هەروا خامۆش بوو. مووسا هەستی ئەکرد، هێزێک لە نادعەلی چوارگوێشلیدا هەیە کە سەرنجی ڕائەکێشێ. بە ڕادەیەک کە نەی ئەتوانی سەیری نەکا و خۆی لێ گێل بکات.

ـ پیرەخاڵۆ چۆن بوو؟

ـ دۆعا بێژە بوندار، سڵاوی لێ ئەکردی.

بوندار پیاڵەکەی نا بە لێویەوە و وتی:

ـ بیستم ئەم هاوڕێیەی تۆ، ستاری پینەچی، بۆتە هۆی هەڵاتنی گوڵمحەمەد و چەند کەسیتر؟

هەستی ئەوەی کە بوندار نەشە بووە و قسەی لەگەڵ ئەکرێ، وورەی خستە بەر مووسا بۆ ئەوەی بە بوندار بڵێ:

ـ ئەوە چیرۆکە بۆ ستاریان هەڵبەستووە. پیاوێکی غەوارەی نەدار و نەبوو کێ بێ ببێتە هۆی هەڵاتنی گوڵمحەمەدەکان؟ پۆلیس و قۆڵچییەکان خافڵگیر بوون و ئەوسا کە زانیان هیچیان بە دەستەوە نەماوە، لە ستاریان هەڵپێچاوە و ئەیانەوێ تۆمەتەکە بخەنە ئەستۆی ئەو. کێ باوەڕ ئەکات؟!

نادعەلی بە نیگایەکی نیوەچڵ و هەندێکیش بێ باوەڕ سەیری دارەتی ڕوخساری مووسای کرد و دیسانەوە چووەوە ناو خۆی. مووسا لەپڕ خۆی کۆکردەوە و بە وردی بە قسەکەی خۆی و تەنانەت شێوەی وتنەکەشیدا چووەوە و بە خێراییەک کە تەنها خەیاڵ ئەتوانێ ئەو کارە بکات، دیسانەوە هەڵیسەنگاند و خۆی ئامادەی بەرامبەرکێ کرد لەگەڵ ئەو هەژانەی لە دەروونیدا ڕاشەکاندبوو. هەروەها گوێی لە قسە و چاوی لە لێوی دانیشتوان بوو تا تاودانەوەی قسەکەی خۆی لە کاردانەوەی ئەواندا ببینێ و لەوەی بوندار ئەیوت بتوانێ بناسێتەوە. ئەو خاڵەی کە گومان و دڕدۆنگی مووسای هەژاندبوو ئەوە بوو کە بێباکانە و تەنانەت

جەربەزانە باسی ستاری کردبوو و داکۆکی لێکردبوو. کاردانەوەی -هەرچەندە نیوە چڵی- نادعەلیش لەو شێوازی قسەکردنە و بێ باوەڕییەکەشی هەر لەو ڕووەوە بوو. خودی مووساش لەو شێوازەی خۆی سەری سووڕمابوو.

بوندار کە بە دوای وەڵامەکەی مووسادا هێشتا سەری هەڵنەهێنابوو و هەروا بێدەنگ بوو، پۆڵوویەکی سووری قەڵەوی بە دەمی مەقاشە هەڵگرت. دەمی نا بە مۆدەنەی وافوورەکەوە، شارەزایانە مژێکی وای لێدا جیکەی لێوە هێنا و بە هەمان مژ تریاکی سەر وافوورەکەی تەواو کرد. ئاگر و مەقاش و وافووری لە سەر لێواری مەنگەڵەکە دانا و بە بێ پەلە و بەهێوری دووکەڵەکەی لە لووت و دەمیەوە دایە دەرەوە، پەنجەی نیشانەی -رەنگە بە گوێرەی خوو- نا بە بن لووتیەوە و بە بێ ئەوەی نیگای لە بن برۆی بەرزبکاتەوە، بە دەنگێک کە وردە وردە خەریک بوو ئارام ئەبوو، پوخت و پاراو وتی:

ـ هەموو کارێک بە هەموو کەسێک ناکرێ؛ بەڵام... هەندێ کار هەیە تەنها بە هەندێ کەس ئەکرێ. بەو کەسانە ئەکرێ کە گومانت بۆیان ناچێ. بەو کەسانە ئەکرێ کە لە سەرنجی یەکەمدا پێت وایە سەر و سەکوتیان چوارقەران ناهێنێ. منیش دڵنیا نیم کاری ستار بووبێت. ئەو بڕیارەش نادەم. بەڵام لە یەکمجارەوە کە ئەم ستارەم بینی حەزم لە چاو و سەروبەچکی نەکرد. لە هەمان نیگای یەکەمەوە زانیم کە کورتانەکەی لارە. لەم خولەدا، ئەو جۆرە ئادەمیزادانە کەم نین. گورگن لە پێستی مەڕدا. لە هەموو شوێنێک بڵاوبوونەتەوە. وەکوو کوللە و مێروو لە بیابان و گوندەکانی ئەم وڵاتەدا خولەیان دێ. یەکیشیان ئەم پینەچییە! کێ چووزانێ کێیە؟ کێ ئەزانێ چی ئەکات؟ باشە کاری چییە لەم ناوە؟ جگە لە تەختە و درەوشەکەی هیچیتری لە کەس ڕوون نییە. کەس لە خۆی نەپرسیوە ئەم کابرا زگورتییە لە کوێوە هاتووە و بۆ کوێ ئەچێ؟ بە ناو جوتیار و ڕەشایی قن ڕووتدا

دێت و ئەچێ، کە چی؟ چ سوودێکی لەو کارە دەس ئەکەوێ؟ کەس بینیوێتی ئادەمیزاد کارێک بکات بە بێ ئەوەی قازانجێکی تیا هەبێ؟ ئەم هاتن و چوونە چ قازانجێکی بۆ ئەو تیایە؟ کەس نییە پێی بڵێ ماڵکاول خۆ خەڵکی پێڵاو و گیوەیان بە پێوە نییە تا تۆ بیدووریتەوە؟ تا ئێستە کەس لێی نەپرسیووە. نەیپرسیووە؛ بەڵام ئەمجارە لەمناوە پەیدای ببێ من لێی ئەپرسم!

بوندار لێرەدا هەڵوەستەی کرد و مووسا کە لە نێوان قسەکانیدا نیگای لێدزیبۆوە و سەری داخستبوو و ببوو بە یەکپارچە گوێ، لە خامۆشی کتوپڕی بونداردا بە بێ ئەڤان سەری هەڵبڕی و سەیری بونداری کرد و لەپڕ تێگەیشت کە خافڵگیر بووە؛ چونکە چاوەکانی بوندار چەقیبوونە تەختی تەوێڵی. نیگای مووسا خۆی پێ ڕا نەگیرا. لەرزی و هەڵات و جەوان بۆ ئەوەی شەڵەژانەکەی خۆی بشارێتەوە، دەستی برد بۆ پیاڵە بەتاڵەکەی لای سینیەکە، هەڵیگرت و گرتی بە بەر شێری سەماوەرەکەوە و ویستی چا بۆ بوندار تێ بکات. بەڵام کە دەنگی بوندار دیسانەوە بەرزەوە بوو تا درێژە بە قسەکەی بدات، موچرکەیەکی توند و خێرا بە لەش و قۆڵ و بازووی مووسادا گەڕا و دەنگی لەرزینی پیاڵەی ناو ژێرپیاڵەکە، پێش ئەوەی بگاتە بن شێری سەماوەرەکە، بەرز بوویەوە و بونداریش و نادعەلیش هەستیان پێکرد. سەرەڕای ئەوەش ئەبوا خۆی هێور بکاتەوە و نەهێڵێ لەرزینی دەستی قۆریەکە قلْپ بکاتەوە. هەرچەند ڕژانی چای لە لوولە گاوکراوەکەی قۆریەکە بە هۆی لەرزینی دەستیەوە بەری پێ نەئەگیرا:

ـ تۆختر بۆت تێکەم... بوندار؟!

ـ سەروسەکوتی پەیدا ئەبێتەوە، هەر دێتەوە، ئەزانم! تا ئێستەش ئەگەر لێم نەپرسیبوو لە بەر ئەوە بوو دەسەڵاتی ئەو کارەم نەبوو. بەڵام ئەمرۆ ئیتر وا نییە. ئەمڕۆ ئیتر تەنها بابقولی بوندار نییە کە ئەو کارە ئەکات. ئەمجارە وەکوو بونداری

فەرمانبەری حکوومەت بەری پێ ئەگرم و لێی ئەپرسم. ئەم شوێنە، شوێنانیتر نییە!

مووسا بە هەر دژوارییەک بوو دەستی چەپی کرد بە کوڵەکە و تۆزێ خۆی لارەوە کردەوە و پیاڵە لەرزۆکەکەی لای سینیەکە دانا؛ بەڵام هەر لەم کاتەدا و بەر لەوەی مووسا خۆی ڕاست بکاتەوە، بوندار لێی مۆربوویەوە و ڕووت و پەتی پێی وت:

ـ تۆیش، ئەگەر بتەوێ وەکوو بەچکەی ئادەمیزاد کار بکەیت و بژیت... نابێ ئیتر لەگەڵ ئەودا خولەت بێ!

مووسا بۆ ساتێک هەروا ڕاما. وەک بڵێی ڕامابوو و نەی ئەتوانی خۆی گرد و کۆ بکاتەوە و چاوەڕوان بوو بزانێ بوندار چ ڕەفتار و کردارێک پیشان ئەدا.

ـ بەلووچ جۆی کردووەتە ئاخوڕی ئەسپەکەی نادعەلی؟

ـ بەڵێ بوندار!

عارەقە لە تەوێڵی مووسا نیشتبوو کاتێکە توانی خۆی ڕاست بکاتەوە و ئوقرە بگرێ.

بوندار ڕووی لە مووسا و زمانی لە نادعەلی وتی:

ـ نادعەلی خاوەنی هەموو شتی ئەم ماڵەیە. ئەمە بە هەموویان بڵێ. تا ئەو کاتەی نادعەلی لێرەیە، نە خۆی و نە ئەسپەکەی نابێ لە هیچ کەمیان هەبێ. نادعەلی بۆ من وەکوو شەیدایە، وەکوو شەیدا!

لێرەدا بوندار ڕێگەیەکی دۆزییەوە بۆ ئەوەی نادعەلی بدوێنێ:

ـ دڵگیر مەبە خاڵۆگیان، دڵگیر مەبە. چاکەت بخۆ؛ هەر لەم ڕۆژانەدا خاڵۆزات لە گیری ئەفغانەکان ڕزگار ئەکەم. چاکەت بخۆ. ناهێڵم تاقە موویەک لە سەری کوڕی خاڵت کەم ببێتەوە، تاقە موویەک!

نادعەلی ڕەنگە بیری لە شەیدا ئەکردەوە؛ ڕەنگیشە بیری لێ نەئەکردەوە. ئەگەر بیری لە شەیدا ئەکردەوە، بێگومان نە لەو ڕوانگەیەوە بوو کە بوندار ئەیوت. لە هەر بیر و خەیاڵێکدا

بوو نادعەلی، ئەوەی کە بە ئاشکرا دیاربوو، ئەوە بوو کە ئەو غەم دایگرتووە. هەم بە دڵ و هەم بە ڕوخسار ژاکابوو. ڕوخساری جەوانی چوارگوێشلی وەها وشک و داخزاو بوو ئەتوت دێرزەمانێکە وشە بە سەر لێو و زمانیەوە وشکەڵاتووە. لێوەکانی ئەتوت مۆریان لێدراوە و نیگای قورس و سەخت و خەیاڵاوی بوو. ڕەگی نێوچەوانی دەر پەڕیبوو و بن گۆناکانی قوپابوو. ئەم بێدەنگیەی وتار و سستیەی کردار، شتێک نەبوو بوندار بە دەرکەوتەی باشەیان دابنێ. کەمترین نیشانە ئەوە بوو کە شتێک لە دەروونەوە جەوانی چوارگوێشلی دائەڕزێنێ.

«چیرۆکی ئەوینی سەوقی، ئایە هێشتاش لە دڵی نادعەلیدا کۆن نەبووە؟»

خەیاڵی بوندار! بە مووسای وت:

ـ چایەکی تریش تێکە. چا کەی نادعەلیش بگۆڕە. بڕۆ بزانە نانەکە بوو بە چی!

مووسا وای کرد و ئاوی کردەوە بە سەر قۆریەکەدا، نایەوە سەر سەماوەرەکە. هەڵسا و چووە دەرەوە.

لە چێشتخانە، نوورجیهان و شێرۆ لای کوانووەکە چیچکانیان کردبوو و جووجەڵە کەڵەشێرەکەیان لێ ئەنا.

مووسا سفرە و نانی ئامادە کرد و بردییە دیوەخان. دەنگی ناو ژوورەکە پفەپفی چرا تۆڕەکە بوو و جیکەی وافوورەکەی بوندار. مووسا سفرەکەی لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا دانا و هاتە دەرەوە. بە پلیکانەکاندا چووە خوارەوە بۆ قاپی ماست و پارچی ئاو و خوێدان و ئەوە و ئەوە. فیکەی قەدیر مووسای لە بەر دەرگای چێشتخانەدا ڕاگرت. مووسا بە لاچاو سەیرێکی بانیجەی کرد و تیژ چوو بۆ لای قەدیر.

قەدیر ئەیویست دڵنیا بێ پەیامەکەی بە نادعەلی گەیشتووە. گەیشتبوو.

قەدیر ڕۆیشت و مووسا گەڕایەوە بۆ چێشتخانە. جووجەڵەی

کوڵاو و نەکوڵاو، لە لای قاپی ماست و پارچ و پەرداخ و خوێدان، لە ناو سینیدا دانرا و برا بۆ دیوەخان. مووسا لە سەر سفرەکە داینا و لای دەرگاکەوە وەستا ئەگەر کارێکیتر هەبێ.

بوندار وتی:

ـ ئەگەر کارم هەبوو بانگت ئەکەم.

نوورجیهان و شێرۆ هێشتا لە چێشتخانە بوون. ماینەکەی ماهدەرویش کە ئێستە هی بوندار بوو، لە حەوشە ئەخولایەوە و لچی بۆ درک و سفرەی وشترەکان ئەبرد و تێ ئەپەڕی.. ئەسپە سپیەکەی نادعەلی لە سەر ئاخوڕەکە بەسترابۆوە و جار جارە قەپۆزی لە ڕان و سمتی خۆی ئەدا. دەنگێکی تایبەت لە شەوی قەڵاچیمەنەوە نەئەهات. ژنی بوندار فانۆس بە دەست لە چێشتخانە هاتە دەرەوە. خامۆش و شکاو بەرەو هۆدەکەی چوو و لە چاو ون بوو. شێرۆش بە دوای ڕووناکیەکەدا هات. لای ڕیزی کووپەکان پاڵیدا بە دیوارەکەوە، عارەقەی ناوچەوانی سڕییەوە و شانی دانەواند. تاوێکی ترلە هەمان جێ دانیشت. جەڕەیەکی لای سندۆڵکەوە هەڵگرت، قومێک ئاوی خواردەوە و داینایەوە و وتی:

ـ بزانە ئەگەر کاریان بە من نییە بڕۆم بۆ لای سەید، حاڵی زۆر خراپە.

مووسا لە بن دیواری لای داڵانەکە هەڵسا و لە ناو داڵانەکەدا ون بوو. دەنگی پێی لە بانیجەوە هات. پاشان دەنگی پێی هات کە گەڕایەوە و بە پلیکانەکاندا شۆڕ بوویەوە. لە جەمسەری داڵانەکەوە دەرکەوتەوە و خۆحەن بۆ لای شێرۆ چوو:

ـ ئەڵێ بەیانی زوو وەرەوە. وا دیارە قاڵیەکانی پێش فرۆش کردووە.

شێرۆ هەڵسا و بەر لەوەی بڕوات، وتی:

ـ تۆ ئەتویست شتێکم پێ بڵێی؟

مووسا لە تەک شێرۆ تا نزیک دەرگای حەوشە ڕۆیشت و لەوێ وتی:

ـ جارێ با چارەیەک بۆ ماهدەروێش بدۆزینەوە، ئەوسا...

شێرۆ لای دەرگاکە وەستا و ڕووی کردە مووسا:

ـ بۆچی دڵم بە هەزار لادا ئەبەی؟ پێم بڵێ، ئەتەوێ چی بڵێی؟

مووسا شانی نا بە سووچی دیوارەکەوە و وتی:

ـ تاقەتت هەبێ، پێتی ئەڵێم. جارێ بڕۆ بۆ لای ماهدەروێش. کات درەنگە... بڕۆ.

شێرۆ لە دەرگاکە چووە دەرەوە و ڕۆیشت. مووسا لەپڕ غاریدا بە دوای شێرۆدا و وتی:

ـ ئەتەوێ لەگەڵت بێم تا لە دالانە کۆن ئەپەڕیتەوە؟

شێرۆ، ئاوڕی دایەوە و بە ڕامانەوە سەیرێکی مووسای کرد. شەو بوو. بەڵام سەرەڕای ئەوەش مووسا هەستی کرد، نیگای شێرۆ وەڵامی هەستە ناسکەکەی ئەو بوو. پاشان بە بێ قسە کشایەوە. وەرگەڕا و بە دەنگی دوور کەوتنەوەی سووکەڵەی شێرۆ، کە تا دواین ترپە، وەکوو تێکەڵەیەکی شەڵەژان و سەرکۆنەکردنی خۆی، لە گوێیدا ئەزرنگایەوە، هەستی بە کردارێکیتری بە هەڵپەی خۆی کرد.

ـ ئەهای... وەستا مووسا، بە ئەربابت بڵێ بێ بۆ تەلەفوون!

مووسا لە کاتێکا ئەهاتە حەوشە بە سەیدی تەلەفوونچی، کە لە گوێسەوانەی بانی ماڵی خۆیان وەستابوو، وتی:

ـ ئەربابی منە و ئەربابی تۆ نییە؟!

سەیدی تەلەفوونچی، نەک لە بەر ئەوەی قسەکەی مووسای بیست، بەڵکوو لە ترسی خورتە و بۆڵەی بوندار، لە بان هاتە خوارەوە. تای دەرگاکەی لێکدا. لە جۆگەکە پەڕییەوە و بەر لەوەی مووسا پەیامەکە بگەیەنێت، خۆی هەڵدایە حەوشەی ماڵی بوندار و بە دەنگی بەرز، بانگی بونداری کرد:

ـ بوندار... بوندار... ئاغەیە؛ کاری پێتە.

جاکەت بە شانەوە، بوندار هاتە بانیجە و بەر لەوەی

سەید قسەکەی دووپات بکاتەوە، وەک بڵێی بیستوویەتی و تێگەیشتووە؛ توند و خێرا لە پلیکانەکان هاتە خوارەوە، لە داڵان تێپەڕی و لە بەردەمی سەیدەوە پێی نایە کۆڵان.

ـ هۆی... کوڕە! تۆ... ناوەکەتم لە بیر چووەوە!

ـ مووسا، ئەرباب. من ناوم مووسایە.

نادعەلی لە بانیجە وەستابوو و خەریک بوو بەرەکە ڕەشەکەی بە سەر شانیەوە ڕێک ئەکرد. مووسا چاو و دەمی بەرەو بان، پرسیاری کرد:

ـ کارێکت هەبوو، ئەرباب؟

نادعەلی لە وەڵامی‌دا هیچی نەوت. بە بێدەنگی دابەزی و داوای لە مووسا کرد تا ماڵی قەدیر لەگەڵی بچێ.

ـ ئەی خاڵۆت، ئەرباب؟ ئەو ئێستە ئەگەڕێتەوە!

نادعەلی وەک بڵێی هیچی نەبیستووە، خامۆش و خەیاڵ پێی نایە ناو کۆڵان و مووسای بە دوای خۆی‌دا ڕاکێش کرد.

ئەم گوێ نەدانەی نادعەلی، ڕەنگە ئەبوا بۆ مووسا ناخۆش بێ. بەڵام مووسا نەک هەر لەو ڕەفتارەی نەڕەنجابوو، زۆریشی پێخۆش بوو ئەو بەو جۆرە ئەجووڵێتەوە. ئەو خۆگرتن و خۆ بە زل زانینەی نادعەلی بە پەسەند ئەزانی. ڕەنگە لە بەر ئەوەی کە ئەو ڕەفتار و کردارەی نادعەلی تەنها لە بەرامبەر بوندار و لە دژی بوندار بوو. کاردانەوەی ئەو بەڵایەی خاڵۆ بە سەر نادعەلی هێنابوو. ئەمە شتێک نەبوو -کە تەنها ئەمڕۆ و ئەمجارە- دەرکەوتبێ، بەڵکوو مووسا ئەیزانی دڵسۆزییەکانی بوندار بەرامبەر بە خوشکەزا هەمووی درۆ و لە بەر بەرژەوەندییە و ڕووکە شێکە بە سەر پیلانەکەی بونداردا. ئەوەشی زانیبوو کە نادعەلی نەک خۆی هاتبێ، بەڵکوو بوندار بە قیرسیچمەیی خۆی ڕاکێشی کردبوو بۆ قەڵاچیمەن. لە ڕاستی‌دا هێنرابوو بۆ قەڵاچیمەن. هەرچەند وەک مووسا ئەیبینی، بۆ نادعەلی ئێرە و ئەوێ جیاوازییەکی ئەو تۆی نەبوو. بەو جۆرەی مووسا ئەیبینی، بۆ

نادعەلی چوارگوێشلی هیچ نەک هیچ شتێک، بەڵکوو یەک شت گرنگ بوو. یەک کات، یەک سات. ئەویش ئەوەی کە ئەیویست خۆی لە بەندێک ڕزگار بکات. ئەو کۆت و بەندەش لێرەدا دیداری بوندار بوو. نادعەلی بەو جۆرە هەڵسوکەوتی ئەکرد کە هیچ شتێک بۆ ئەو گرنگ نییە مەگەر ئەو ساتەی کە تێیدا ئەژی. ئەمەی بە ڕێکردنی خۆی بە بێخەیاڵ ڕۆیشتنی خۆی پێشان ئەدا و دەری ئەخست لە هەر هەنگاوێکی‌دا جگە لە خودی هەنگاو، لە هیچی‌تر ناگەڕێ. پیاوی سات بوو.

نادعەلی چوارگوێشلی وا پێ ئەچوو خەریکە ئەچێتە ڕیزی ئەو خەڵکانەوە کە ئەیانەوێ ئەم کاتەیان بگەیەننە کاتێکی‌تر. نەک لە بەر ئەوەی کە لەو کاتەی‌تردا بۆ شتێکی تازە بگەڕێ. هەروەها نە لە بەر ئەوەی ئەیەوێ لەم کاتەی ئێستەشی هەڵێ. لە ترسان. هەڵاتن لە هەموو شت مەگەر ئازادی. بێ خەمی مردن یان بەردەوامیی ژیان. کە ئەمانە هەر کامەیان وەکوو تڵتە فڕێ ئەدرێن بە بێ ئەوەی دڵ بۆیان دابچڵەکێ. بەڵکوو وەکوو ژنێک کە پەڕۆی بێنوێژی فڕێ ئەدا. پیاوێکی وەها کە نادعەلی بێ و پیاوانی وەها کە ئەوان بن، تەنها لە یەک کار و کرداردا دەستیان ئاوەڵەیە: توندی و زێدەڕەوی لە عەشقدا. زێدەڕەوی لە خۆشی و لە پەژارەدا. زێدەڕەوی لە خەمۆکی و لە تووڕەیی‌دا و؛ تا ئەو کاتەش کە پارە لە بنی کیسەکەیان‌دا مابێ، زێدەڕەوی لە بەخشش و بەخشین‌دا. لە قەراخی دۆزەخ‌دا وەستاون بە بێ ئەوەی کێشەری گڕەی ئاگر لە خۆفی دۆزەخ لە بیر بکەن:

«دۆزەخ!»

بەیانی ڕۆژی ئەمانە، واتەیەکی جگە لە ڕووناکی هەتاو نییە. هەر بەو جۆرەی کە شەویشیان بە خراپ و خراپی و خەونی خەرابات واتا ئەکرێ. ئەڵێی بە ڕەتکردنەوەی ئەوەی قاڵب و قەبارە و بیچم و قانوونە، جەنگی دۆڕاوی خۆیان دەستپێکردووە. کە وا بوو، دۆڕاندن و فەوتاندنی هەبوو و نەبوو و، لە کۆتایی‌دا، خودی خۆیان، باج و

سزای ئەو جەنگە نا بەرامبەر و لاسەنگەیە. حەزێکی تیژپەڕانە بۆ سووتاندنی پەڕوباڵی خۆیان، بۆ دوورکردنەوەی خەوش و خاڵی دەوروبەریان و لە کۆتاییدا بۆ ئیفلیج کردن و لە ناوبردنی خۆیان، لە دەرونیاندا بڵێسە ئەکێشێ. کەڵکەڵەی چڵک لێکردنەوە و خۆ خاوێنکردنەوە، تا ئەو ڕادەیە زێدەڕەوی تیا ئەکرێ کە ئەگەر -لە کاتی خۆیدا- نەیەتەوە بە خۆیدا ئەبێ بە پێست و ئێسقان. ئەمجۆرە پیاوانە، وشیار و بێهۆش ئەیانەوێ ڕۆحی خۆیان ڕزگار بکەن؛ هەرچەند ناخودئاگا و بێئەڤان. لافاوی دەرونیان ئەتوانێ بە ئاقار و ڕێبازی جۆراوجۆردا ڕێ بکات. سەرگەردانی ڕۆیشتن و ونبوون و لە کۆتاییدا وشک بوون لە تراوێلکەی بیابان و هەتاودا؛ یان ڕزگاریی بێ کۆت و بەند لە تاشەوتاشی هەزار زەردوماهدا تا تێکشکان و لەش پارە بوون. پارە پارەی لەش بە ماندوێتی و مانەوە، بە داماوی و داڕزان لە سەر تاشە تاشەی هەر بەردێک و داڕوخانی شاخ و ماه و بەرد. قووڵایی عەشق، گێژەنی ترسناک، یان بە جارێک ونبوون لە دەریای بەخشندەییدا. هەر چۆن و بە هەر شێوە تیاچوون. لە کۆتاییدا تیاچوون و فیدابوون. تا ئەم لافاوە خرۆشاو و ترسناکە بە بەرستێنی کام ڕێگەدا ڕێ بکات. قووڵایی عەشق؛ بیابانی غەم، زەریای بەخشندەیی؛ یان تاشەبەردی ڕق و تووڕەیی؟! تاکەی، لە کوێ و کێ؟!

ـ تکایەکم هەیە، ئەرباب!

ـ لە من؟!

ـ لە تۆ بەخشندەترم نەبینیوە، ئەرباب. بۆ کارێکی خێرە!

ـ کاری خێر؟!

ـ بەڵێ ئەرباب، لێرە پیاوێکی نەخۆشمان هەیە. پشتی شکاوە. ئێسکەکانی... ئەگەر نەگاتە شار، ڕەنگە گیان دەرنەبا، ئەرباب. لە ماڵی خاڵۆت کاری ئەکرد. ئەفغانەکان لە بانەوە هەڵیاندایە خوارەوە و گیانیان ورد و خاش کرد. لە ڕاستیدا بوو بەپێش مەرگی کوڕی خاڵت، شەیدا. ئەوا دەمێکەیە لە جێدا

کەوتووە. دەواودەرمان چاری نەکردووە. بونداریش زۆر گرفتارە. دەرفەتی ئەوەی نییە بەو جۆرە کارانە ڕابگات. بۆیە ئەبێ پیاوێکی پیاوانە ببێ بە هۆکاری خێر و ببرێ بۆ شار؛ پاشانیش لە سەر تەختی نەخۆشخانە بیخەوێنێ. ڕاستەکەی... من بۆ کەسێک ئەگەڕام، ئەوا خوا بەڕێزتانی گەیاند. منیش بە باشم زانی بە جەنابتی ڕابگەیەنم. ئەمکارە تەنها بە بەڕێزت ئەکرێ. بە بوندار بڵێن ڕەنگە بتوانین بیبەین بۆ شار.

مووسا، گوێڕایەڵ بوو، بەڵکوو نادعەلی بڵێ: «ئامادەی بکە، ئەیبەم!» بەڵام نادعەلی وا دیار بوو قسەکانی مووسا با بوو داویە بە گوێیدا و تێپەڕیوە. دەستی نا بە دەرگای ماڵی کەلایی خواداد دا و وەک بڵێی لەگەڵ خۆیەتی وتی:

ـ ئەم ماڵە... هۆشم لە کوێیە؟! هۆی!

ـ بەڵێ ئەرباب؟!

نادعەلی لە دالانەکە تێپەڕیبوو و ئەوا شانی دانەواند بۆ ئەوەی خۆی بکات بە هەمارەکەدا. قەدیر لەبەری هەڵسا، فانۆسەکەی لە دیوارەکە کردەوە و بە زمانی چەور و نەرمەوە بەخێرهاتنی کرد:

ـ گەورەتان کردم، ئەرباب!

مووسا لە دەرەوەی دەرگاکە وەستابوو و وا دیاربوو هێشتاش لە ئەرباب نائومێد نەبووە؛ نادعەلی خامۆش بوو. ئەو تەنانەت وەڵامی کوڕنوشەکەی قەدیریشی نەدابوویەوە. مووسا ویستی جارێکی تریش داواکەی لە بەرچاوی قەدیر دووپات بکاتەوە؛ بەڵام هەستیکرد ئەو لە سەر ڕۆیشتنە ڕەنگە کاردانەوەی پێچەوانەی لە سەر کابرای چوارگوێشلی هەبێ. بۆیە، بۆ ئەوەی هەبوونی مڵۆزمی خۆی لە نادعەلی گەیاندبێ، وتی:

ـ ئەرباب، فەرمایشێکتان لەگەڵ من نییە؟

نادعەلی سەری هەڵێنا، ڕووی کردە دەرگا نزمەکە و چاوی بڕییە چاوە زەقەکانی مووسا کە لە بەر پرتەی فانۆسەکەدا

ئەدرەوشایەوە و، هەروەها ڕاما، بە جۆرێک کە مووسا، بە ڕاستی یان بە خەیاڵ هەستی کرد چەناگەی نادعەلی بە هێوری کشا بۆ پێشەوە. مووسا دەرفەتی بەو بێدەنگیە نەدا کە خەریک بوو کۆڵی پێ‌ئەدا:

ـ ماهدەروێش، ئەرباب، تکام ئەوەیە کە...

قەدیر پیاڵەکانی پڕکرد و لە مووسا مۆر بوویەوە. مووسا ڕووی کردە قەدیر و وتی:

ـ لەگەڵ ئەرباب قسەی ماهدەروێشم کرد، بەڵکوو بیبەین بۆ شار و لە نەخۆشخانە بیخەوێنین...

قەدیر، بەو مەبەستەی پاڵ بە مووساوە بنێ، پیاڵەکەی لە بەر ئەژنۆی نادعەلی ڕاگرت و وتی:

ـ کاری خێر بۆ جێگەی دوور ناچێ. سەیدی ڕۆڵەی پێغەمبەر غەریبی ئێرەیە، کەسی نییە...

نادعەلی کە جارێکی‌تر سەری داخستبوو، بە بێ سەیرکردنی مووسا، وتی:

ـ بوندار ئەگەر لە منی پرسی، بڵێ چوو بۆ پیاسە!

مووسا ئەبوا بڕوات. نەئەبوا زیاتر بە بۆنەی جەوانیەوە سەرکوت بکرێ. ئەبوا بڕوات. تێگەیشتنی ئەوە دژوار نەبوو. کە کەوتە ڕێ پرسی:

ـ نیوەشەو بێمەوە بە دواتاتدا، ئەرباب؟

ـ خراپ نییە؛ خراپ... نییە! بۆ ئەوەی ڕێگەکە ون نەکەم؟!

وەڵامەکەی نادعەلی تەوسی تیابوو. مووسا بە هەستێکی دڵازار، هەستێکی هەڵقوڵاو لە ناپسپۆڕی لە کار و کرداریدا، هەستێکی بەرەنجامی نەشارەزایی لە وتووێژدا، بە هەستی ئازارێکی کاڵ و بێزەون، بە ئەسپایی و بە ڕەنگ و ڕوویەکی شەرمەزارەوە خۆی لەبەرچاو و هۆشی نادعەلی و قەدیر ون کرد و وەکوو پشیلەیەکی دەرکراو، بەرەو کۆڵان چوو؛ لە کاتێکا هەردوو دەستی خۆی کردبوو بە مستەکۆڵە و بە ڕق و تووڕەییەوە ئەیدا

بە یەکا؛ نیشانەی کاڵۆکرچی خۆی.

نادعەلی شانی دانەواند، پیاڵەکەی لە بەر پێی هەڵگرت و بە بزەیەکی تەوساوییەوە وتی:

ـ پێت وانییە خاڵۆم ئەم مێردمنداڵەی داناوە ئاگای لێم بێ؟

ـ مەبەستت چاودێری بۆ دانابێتی!

نادعەلی پیاڵەکەی هەڵدا، پەنجەیدا لە ماستەکە، بردی بۆ زمانی و وتی:

ـ گاڵتە ئەکەم، بۆ ئەبێ چاودێرم بۆ دابنێ؟ «لەبەر چی» ئەبێ چاودێرم بۆ دابنێ؟ ها؟!

ـ مەبەستت لە «لەبەر چی» چییە ئەرباب؟

نادعەلی وتی:

ـ تێکە! پیاڵەکەت پڕکە!

قەدیر پیاڵەکانی پڕکرد و وتی:

ـ شتێکی تازە قەوماوە؟

نادعەلی پیاڵەی دوومی هاوێشت بۆ ناو گەرووی، پیاڵە بەتاڵەکەی دایەوە دەست قەدیر و وتی:

ـ ئێرە... قەدیر، من... من لێرە... ئێرە زۆر تەنگ و خەفەیە، قەدیر. ناکرێ بچینە دەرەوە؟ قەراخ ئاوێک بۆ وێنە؟ سووچێک، ناودارێک؟

قەدیر وتی:

ـ چۆن نابێ، بۆچی نابێ؟ عەشق، عەشقی تۆیە، ئەرباب. خۆ من دامودەزگایەکم نییە! ئا... هەر ئێستە کۆی ئەکەمەوە، ئەیخەمە توربێن و ئەچین بۆ قەراخ ئاو؛ خوار ئاوەکە. ئەوتا... عەلی مەدەد! ئەمەش کیسەی ماستەکە!

ـ باوکت چی؟

ـ خەمی ئەوت نەبێ. خزمەتم کردووە. خۆ فانۆسمان ناوێ؟

ـ نەء. شەو، خۆی خۆشە!

لای بەردەکە، لە تەختایی خوار ئاوەکە دانیشتن.

نادعەلی شانی نا بە بەردەکەوە، چەناگەی بەرز ڕاگرت و بۆ ماوەیەک سەیری ئاسمان و ئەستێرەی کرد. قەدیر، شوێنی سوراحی و پیاڵەکانی بە ئانیشک تەختکرد و قەیتانی ملی کیسە ماستەکەی بە ددان کردەوە و ملی کیسەکەی بە دەوردا قەد کرد، پیاڵەکانی پڕ کرد و وتی:

ـ ئەمەش ئەمە. دەروێش سفرەی لە هەموو شوێن ڕائەخات.

ـ قەدیر!

ـ بەڵێ ئەرباب؟!

نادعەلی ڕووی بەرەو ئاسمان و چاوی لە قووڵایی ئاسمان هەروا ڕامابوو و قەدیریش لە نادعەلی. نیگای نادعەلی هەر بەرەو ئاسمان، وتی:

ـ ئەم دنیایە... چییە؟!

ـ هێلانەی ڕەنج و کوێرەوەری، ئەرباب. وام بیستووە.

ـ هەرگیز سەیری ئەم هەمووە ئەستێرەیەت کردووە، قەدیر؟

ـ کارم هەر ئەوەیە، ئەرباب! شەو تا بەیانی لە بن ئەم ئاسمانە و ئەستێرەکانی‌دا پێڵاو ئەدڕێنم!

نادعەلی کە ڕاکشابوو، پانیەی سەری نابوویە سەر بەردەکە، وتی:

ـ چەندە بیرم کردۆتەوە لەم هەموو ئەستێرە، لەم هەموو ئەستێرەیە. چەندە بیرم لێکردۆتەوە! چ گەردیلەیەکی بچکۆلانەم، من!... ئەوە ئەڵێم چی... چیم ئەوێ من؟

ـ پیاڵەکان پڕە، ئەرباب!

ـ پڕیکە!... پڕیکە!... لەم دنیایە ئەترسم قەدیر! لەم گەورەییە ترسێنەرە. لەم جوانیە بێ سنوورە، لەم هەموو گێژەنە.

ـ ئەمشەو زیاتر داگیراوی، ئەرباب!

نادعەلی سەری لە سەر بەردەکە هەڵگرت. ڕاستەوە بوو. پیاڵەکەی هەڵگرت و وەک بڵێی لەگەڵ خۆیەتی، وتی:

ـ ئەرباب!... ئەرباب چی هەبوو، بۆیان هەڵلووشی!

ـ هەر هەمووی؟ بە بێ باقی؟
ـ نەک بە بێ باقی! ئەسپەکەم، خۆم و بەرگەکەم بۆ ماوەتەوە! هەهـ، هەهـ... حاحاحا!
قەدیر، بۆ ئەوەی وای دەربخات لەگەڵ خۆیەتی، بە ئەسپایی وتی:
ـ کە وا بوو چنارێکیان دۆزییەوە، چاڵی قەرزی ئەفغانەکانی پێ پڕبکەنەوە!
نادعەلی بۆ ماوەیەک لە قەدیر ڕاما و وتی:
ـ کامە چاڵ، قەدیر؛ کامە قەرز؟
قەدیر بەپاراوی وتی:
ـ خاڵۆت و ئالاجاقی، وا پێ ئەچێ پارەکەی بازخانی ئەفغانیان بۆ ئەوە نەدایەوە، کە بتوانن پارەی ئاو و زەوییەکەی تۆ بە نەخت بدەن!
ـ تۆ باسی چی ئەکەی؟ کامە پارەی نەخت؟!
ـ نرخی ئاو و زەوییەکەی تۆ ئیتر! خۆ بە خۆڕایی نەتداوە پێیان؟!
نادعەلی پێکەنی. پێکەنینێکی بەردەوام، قاقا:
ـ تێکە، عارەقەکەت تێکە، برام. تێکە قەدیر؛ من جادووم لێکراوە. منیان ئەفسوون کردووە. دایکم... حەک چەند تیژە ئەو عارەقە! عارەقی کوێیە؟
ـ نۆش! دەستکردی دەرەگەزە. جگەرە چی؟
ـ ئەکێشین!... دەی، تۆ چۆنی ئەگوزەرێنی؟
قەدیر پەنجەیەکی دا لە ماستەکە و وتی:
ـ ئەوەتا خۆت ئەیبینی؛ بە سایەی سەری تۆوە...
قەدیر بۆ جگەرە و شەمچە، دەستی برد بۆ گیرفانی و نادعەلی وەک بڵێی لەگەڵ دڵی خۆیەتی، وتی:
ـ خاڵۆ... خاڵۆ گیانی من! هەهـ... گەوواد!
قەدیر بە دەم داگیرانی جگەرەوە وتی:

ـ ئەبێ پێی بڵێی گەوواد!

نادعەلی جگەرەکەی لە نێوان پەنجەکانی قەدیر وەرگرت، پاڵیدا بە بەردەکەوە و وتی:

ـ شیاوی لەوە خراپتریشە. لەوەش خراپتر. ئەتوانم پێی بڵێم قورمساخ! ژنە قوڕ بە سەرەکەی هیچ تاوانی نییە، ئەگینا ئەمتوانی پێی بڵێم ژن جەڵەب! ئا، ژن جەڵەب! قەحبە، دایک حیز، کوڕی زۆڵ، تۆوی حەرام، ئەکرێ پێی... جاکەش، چیتر... چووزانم! ئەو گازی لە مەمکی دایکی خۆی گرتووە. کەسێکە کە... ئاخ، سەرم. سەرم هێشتا ژان ئەکا، ژان! نازانم لە ماڵی ئەو کوێخا حەسەنە لار و لەوێرە چییان لەگەڵ عارەق دایە دەرخواردم؟ چەندەیان پێدام و چییان پێدام! گێژ و وڕ بووم... هێشتاش گێژم. سەرم...! هەر نەشم زانی چیم واژۆکرد؟! پەنجەشم پیا نا. پێما نەنا؟... با پێما نا! ئەی چۆن وا بزانم پەنجەشم پیا نا. نازانم! پێموابێ پەنجەم بە چەن شوێنێکدا نا. هەندێ شوێنیشم واژۆکرد. ئا... لە بیرمە؛ بەڵێ... یەکێک پەنجەی گرتبووم... پەنجەی گرتبووم و لەملا و ئەولا ئەینا بە بن پەڕەکاندا و مۆری ئەکرد. هەر جەوهەری ئەدا لە پەنجەم و هەر ئەینا بە بن پەڕەدا و هەر مۆری ئەکرد! چەن پەڕەبوو نازانم؟ چووزانم؟! دەفتەر و پەڕاوی زۆری لێبوو. زۆر زۆر. بەرپرسی کۆڵکە و تاپۆشیان هێنابوو وابزانم. هێنابوویان؟ ئا پێموابێ. خۆی بوو ئیتر. چاوێلکەی هەبوو و زنجیری کاتژمێرەکەی زیو بوو. خۆی بوو ئیتر. دەفتەرەکەی گەورە بوو، زۆر گەورە بوو. ڕەنگیشە من پێموابوو زۆر گەورەیە. چووزانم؟ ئەویش چەند جار پەنجەشی گرتم و نای بەبن پەڕەکەدا. سیان بوون. ڕەنگیشە چوار. یانیش دووان بوون. جیاوازی چییە؟ هەم واژۆ و هەم پەنجە.

نادعەلی ناخود ئاگا پشتی لە سەر بەردەکە بەرزکردەوە، جگەرەکەی بە دەستی چەپ لە دەستی ڕاست وەرگرت و پەنجەی نیشانەی وەک هەڕەشە بەرزکردەوە، ڕاستەوڕاست لەبەرچاوی

خۆیدا ڕایگرت و وتی:

ــ چووزانم؟ ڕەنگە بڕیاری مردنی خۆمم مۆر کردبێ؟! هەه... گەووادینە، گەووادینە! ژن حیزی بێ بەزەیی، ئالاجاقی! زمانیان بەستم؛ جادوویان لێکردم. لە خۆم دوور کەوتمەوە؛ دوورمیان کردەوە، زمانیان بەستم، بەستیان!... خۆزگە پەشیمان بوایەتم! بەڵام نا، پەشیمانیش نیم. پەشیمانیش نیم! لەوێش هەندێ شتم لێ دیار بوو. ئەمزانی خەریکن دەورم ئەدەن، ئەمزانی. بەڵام لە ناخەوە پێمخۆش بوو وا خەریکن زوڵمم لێئەکەن. حەزم ئەکرد. ڕقم لێیان بوو. بەڵام حەزم لەو ڕەبەنیەی خۆم هەبوو. ڕازی بووم. چووزانم! ڕەنگیشە چارەم نەبوو؟ ڕێگەیەکیتر نەبوو! هەرچی چۆن بوو... ئەمبینی و تێئەگەیشتم کە دەوریان گرتووم و ئەمخۆن، بەڵام ڕازی بووم. هەه... بە جەهەننەم، بە جەهەننەم! چڵکی دەس، ئەوان چڵکی دەسیان سڕیمەوە. بۆچیمە؟ با ئەوان بەروبوومەکە هەڵگرن، دیسانەوەش هەڵیگرن. پارەکە... پارەکەی ئەگەر بگاتە دەستم قەدیر، پێکەوە ئەچین بۆ مەشهەد. ئەچین بۆ وەکیڵئاوای مەشهەد و مەست ئەکەین. ئەچین لە سەر ئاوەکەی وەکیڵئاوا و تا بیناقاقا ئارەق ئەخۆینەوە. ئەچین بۆ خانمبازی، قەدیر! پێکەوە ئەڕۆین بۆ میوانخانەیەکی ڕێکوپێک. بەرچایی هەنگوێن ئەخۆین لەگەڵ شیری داخ. دەستەیەک مووزیکا و عەرەبانەیەکیش ئەگرین بە کرێ. مووزیکاچیەکان لێدەن و سەما بکەن؛ لۆتی... قەدیر! تۆیش بیستووتە سەوقی لەگەڵ لۆتیەکان کەوتووە؟

ــ لە بیری بکە، ئەرباب. دنیا هەزار ڕەنگی هەیە!

ــ لە بیری بکەم. ئا، بەڵێ، ئەبێ لە بیری بکەم. دنیا چوار کات و سات زیاتر نییە. دنیا بۆ خۆی تێ ئەپەڕێ. سەیرئەکەی چەندە خێرا تێ ئەپەڕێ؟ وەکوو سێبەری ئادەمیزادە، دنیا. تۆ چەندەش چوارناڵە غاری بدەی، دیسانەوەش سێبەرەکەت لە پێشی تۆوەیە. هەندێ جاریش سەر ئەنێ بە شوێنتەوە، ئەویش

هەر وەهایە. بۆ هەر کوێ ئەچی، چەندە بە خێرایی ئەڕۆیت، بە دواتەوەیە؛ مەگەر ئەوەی کە خۆت هەڵدەیتە ناو سێبەرێکی گەورەتر و خۆت ون بکەی. دنیایە ئیتر؛ تێکە قەدیر. خۆ عارەقمان ماوە؟

ــ شیری مریشک و گیانی ئادەمیزادیشت گەرەک بێ هەیە، ئەرباب. کووزویەکی دوو قفڵەش خۆم خستوومە. خەمت نەبێ. من کوژراوی پیاوچاکی تۆم. گیان لە قەدیر، داوا بکە.

ــ گیانت سلامەت!

ــ نۆش!

ــ قوربانی پیاوی ڕووڕاست. من حەز ئەکەم لەگەڵ تۆ دائەنیشم، قەدیر.

ــ گەورەیی خۆتانە، ئەرباب!

ــ ئەچین بۆ مەشهەد، قەدیر. ئەڕۆین بۆ مەشهەد و عەرەبانەیەک ئەگرین بە کرێ. دەربەست. پارەی عەرەبانەچیەکەش ئەدەین بۆ ئەوەی هەمیشە ئامادە لە بەر دەمی میوانخانەکە بوەستێ. دەمی ئەسپەکەی پڕ ئەکەین لە پارە. ئەڵێین دوو خانمی باشیشمان بۆ بهێنێ. لە نمرە یەکەکانی. عەرەبانەیەک بە دەستەی مووزیکەوە. ئەڕۆین بۆ سەر ئاوەکەی وەکیڵئاوا. ئەڕۆین بۆ کێوە بەردینە. ئەڕۆین بۆ تۆرقەبە. ئەڕۆین، قەدیر!

ــ بۆ ئەوسەری دنیاش بڵێی دێم، ئەرباب، بە سلامەتی خۆت!

ــ نۆشی گیانت، هەڤاڵی من. نۆشی گیانت.

قەدیر پیاڵە بەتاڵەکەی دانایەوە و وتی:

ــ من دۆستایەتی تۆم ئەوێ ئەرباب. دۆستایەتی و سلامەتی تۆ. ماڵی دنیا چڵکی پشت دەستە. بە مەسینەیەک ئاو، ئەشۆردرێ! دەستی منیش چڵکن بوو ئەرباب. ئەوان چڵکی پشت دەستی منیشیان شۆرد. جگەرەکەت، ئەرباب!

ــ قوربانی دەمت، قەدیر! قوربانی دەمت. قسەی هەق وەکوو دڕک لە دڵی پیاو ئەچەقێ. مایەی ئازارە، بەڵام هەقە؛ ڕاستە،

ڕاستەقینەیە، هەقە. هەمان جاری یەکەم کە بینیتم، خۆزگە لەگەڵ خۆم بمبردایەتی.

ــ باسیشی مەکە، ئەرباب!

ــ تۆ زۆر بە کاری کاروباری من دێی، قەدیر.

ــ باسیشی مەکە، ئەرباب.

ــ بۆ نا قەدیر؟ حەز ئەکەم بڵێم. حەز ئەکەم ڕاستیەکەی بڵێم. تۆ ئەتوانی زۆر کار بۆ من بکەی.

ــ برینەکەم مەکولێنەوە، ئەرباب. تۆ چووبوویتە دڵمەوە. منیش حەزم ئەکرد لە گەڵت بێم و ببم بە خزمەتکارت. تۆیش زۆر بە کاری ئەم ژیانە کلۆڵەی من ئەهاتی. بەڵام... ڕابرد ئیتر. بە سلامەتی!

ــ خۆزگە هاتبای. خۆزگە خۆت لەگەڵم خستبا. خۆزگە... ئەم گەووادانە، ئەم گەووادانە... ئاخ...

ــ ئەرباب، بیر و خەیاڵ، تازە چ سوودێکی هەیە؟! هەرچی بوو تێپەڕی و تەواو بوو. هات و چوو!

ــ نەء... نەء... نەء! نامەوێ باوەڕ بکەم تەواو بووە.

ــ تێپەڕیوە و ئەبێ بە مردووی دابنێی. بەڵام ئەگەر ئەو ڕۆژانە منت وەکوو سەرکار لەگەڵ خۆت ببردایەت، ڕەنگە بەرم پێ ئەگرتن و نەم ئەهێشت بستێک لە زەوییەکانت داگیر بکەن.

ــ ئەی بۆ لەگەڵم نەهاتی؟ ها قەدیر؟ بۆ لەگەڵم نەهاتی؟!

لە پرسیارە توند و تۆسنەکەی نادعەلیدا، قەدیر تۆزێ بێدەنگ بوو تا نادعەلی جارێکیتر هێور ببێتەوە. نادعەلی لە بێدەنگیەکەی قەدیردا، شان و پانایی سەری پاڵدا بە بەردەکەوە و قنچکە جگەرە کوژاوەکەی نا بە لێویەوە و وڕ و کاس بە خۆی وت:

ــ ئەترسم... من لەم گێژەنە ئەترسم!

قەدیر، وەک بڵێی بە دزیەوە گوێی بۆ وڕێنەکەی نادعەلی هەڵخستبوو، ماستی سەر پەنجەی مژی و بە بێ ئەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ نادعەلی بێ وتی:

ــ من ئەم داڵە کەرخۆرانە ئەناسم. من ئەیانناسم! سەد داد و بێداد!

هەروا پاڵدراوە بە بەردەکەوە، بە بێ هەڵچوون و دڵنگەڕانی، نادعەلی وتی:

ــ ئەگەر ئەیانت ناسی، ئەگەر ئەیانت ناسی...

ــ ئەمناسین ئەرباب. ئەمناسین و وتم. باسی ئەوانم بۆ کردی. وتم... بەڵام، تازە تەواو بوو. بە هەموو زمانێک پێم وتی کە بوندار و ئەربابەکەی شەو و ڕۆژ بە دوای ئەوەدا ئەگەڕێن یەکێک ببینن کەوتووە. بە پەلە بەرزی ئەکەنەوە، کفن و گۆڕی ئەکەن و دائەنیشنە سەر سفرەکەی. مرخ لە دار و نەداری خۆش ئەکەن. ئەوەندم پێوتی. لێت پاڕامەوە. خۆم خست بە سەر پێتدا. بەڵام تۆ سەر و دڵت لە لایەکیتر بوو. بۆیەش بوو گوێت نەی ئەبیست. بەڵام بەم شەوی خوایە سوێند بێ ئەگەر لەگەڵت بوایەتم نەم ئەهێشت ئەم سیسارکانە بەو جۆرە جگەرت لە سینەت دەربهێنن. نەم ئەهێشت. نەم ئەهێشت!

ــ لەسەری مەڕۆ، قەدیر!

ــ ناتوانم لە سەری نەڕۆم. جەرگم خەریکە ئاگر ئەگرێ، کاتێکە خۆم لە ئاوێنەی تۆ و تۆ لە ئاوێنەی خۆمدا سەیر ئەکەم!

ــ نامەوێ گوێم لەم قسانە بێ!

ــ منیش نامەوێ دەردی خۆم بشارمەوە! هەمووشت بە دڵخوازی ئەوان تەواو بووە. دەستی ئەربابی من لە هەموولایەک بڕاوە!

ــ من ئەربابی تۆ نیم. من ئەربابی کەس نیم!

ــ ئەتتوانی ببی. ئەتتوانی ئەربابی من بی. من ئێستە چیم پێ ئەکرێ؟ ئەتوانم دەس بدەمە یەخەی ئالاجاقی؟ ئەتوانم؟ بە پشتیوانی کێ؟

ــ قەدیر من هیچ داوایەکم لە تۆ نییە.

ــ من خۆم داوام لە خۆم هەیە. ئاخر لەقەز پیاوم، ئەرباب!

ـ قەدیر! نامەوێ گوێم لێبێ. من خۆم ئالاجاقی ئەناسم!

ـ من باشتری ئەناسم. من ئەو باشتر ئەناسم. ئالاجاقی هەمان ئەو کابرایە کە ساڵی قات و قڕییەکە، سەری گەنم کرەکانی لە موغیسە بری، خستیە ناو ڕەشکەی شووتی و ناردی بۆ حاکمی شار و گوتی ئەوە سەری چەتەکانە. چوارپێ و پارەی ئەو نەگبەتە ڕۆژەڕەشانەی خوارد و گوتی ئەوان دزەکان بوون!

ـ قەدیر... قەدیر!

ـ لێمگەڕێ با بڵێم، ئەرباب! تۆ ئیتر لە چوارگوێشلی جێگەت نییە. تۆ ئیتر لە هیچ کوێیەک جێگەت نییە. ئەو چوار مەڕ و بزنەشت لەبری ئاوبایی ئەبێ بدەی بە ئالاجاقی. ناچار ئەبی بیدەی بە خۆی. دڵنیابە نەخشەکەیان بۆ کێشاویت!

ـ بۆ بە پیک ئەدەی بە سەرمدا، قەدیر؟

ـ ڕاستەقینە، ڕاستەقینە، ئەرباب!

ـ ڕاستەقینە! بەڵێ، ڕاستەقینە!

دوو پیاو، مەستیان کردبوو. بۆ بە بێ پەردە قسەیان ئەکرد. ڕووت و ئاشکرا. لەوی‌تر زیاتر قەدیر بێباک و بە خرۆشەوە ئەینەڕاند. بۆ تاوێک هەردوو خامۆش بوون، بە چاوی مۆڕ و داچەقاو و سەری مەنگەوە. قەدیر جگەرەیەکی بۆ خۆی داگیراند و نادعەلیش پانایی سەری نایەوە بە بەردەکەوە و نیگا گێژەکەی بڕییە ئاسمان. هەستی کرد ئەستێرە و خاک و بیابان لە تەوەرێکی ناڕێکدا بە دەور سەریدا ئەسووڕێن. بە سەر زمان و چاو و مێشکی خۆیدا زاڵ نەبوو؛ بەڵام ئەتوت ناخودئاگا، وتی:

ـ گەورە... گەورە... گەورە و بێ سنوور و، پێچەڵە پلووچ... چیم من؟ کێم من؟!

قەدیریش لە سەر پشت ڕاکشابوو، مەچەکی نابوویە سەر تەوێڵی، چاوی لێکنابوو و گوتە نامۆ و پەڕاگەندەکەی نادعەلی، پچڕپچڕ و هەڕەمەکی ئەبیست. ئەی بیست و نەی ئەبیست. شتێکی هەڵیت و پەڵیتی خەواڵوو، ئەتوت لە خەیاڵدا ئەفڕێ.

ــ چەن ترسناکە!... چەند مەنگە و چەن... خۆفناکە! گومان و خەیاڵ و خۆف! چەن ئەترسم! چەندە لە هەموو شتێک ئەترسم؟! چی... ئەتوانم بکەم؟ چی... ئەبێ بکەم؟ چ کارێک؟ ئای... چ گەردیلەیەکی بێ بایەخم!

ــ بەس یەک ڕێ ماوە، ئەرباب!

بە دەم قسەکەیەوە، قەدیر بەرزەوە بوو و لە سەر چۆکێک دانیشت. نادعەلی هەروا ڕاکشابوو و لە خەیاڵە ڕەشەکەی خۆی خولەی ئەهات. بێگومان، ئەوەی قەدیر وتبووی ئەو بیستبووی. بەڵام وا دیاربوو بڕوا و هیوای خۆی دۆڕاندبوو. چونکە بە بێ پەیوەندی بە قسەکەی قەدیرەوە، لە بەر خۆیەوە وڕاوەی ئەکرد:

ــ جێیەک، شتێک، کەسێک! کەسێک، شتێک، جێیەک! لەم دنیا بەربەرینەدا، بەم هەمووە شتە سەیرانەوە، لە ناو ئەم هەموو ئادەمیزادە سەمەرانەدا؛ کەسێک، شتێک، جێیەک ئەبێ هەبێ!... هەر کەس و هەر شتە بۆ جێیەک، بۆ مەبەستێک ئەڕوات. سەیریکە! ئەستێرەیەک داکەوت. وژەی کرد. گێژبوو و وژەی کرد و کەوتە خوارەوە. بۆ شوێنێک چوو. بۆ هیچکوێ نەچوو؟ بە ڕێیەکدا ڕۆیشت. بەڕێدا نەڕۆیشت؟ لە جێیەکەوە هات. لە جێیەکەوە نەهات؟ لە کوێوە و لەکام ڕێوە؟ بۆ کوێ و بۆ کام مەبەست؟ چەندە حۆلەحۆل ئەڕوا، چەندە گێژە! سەرم... ئاخ!

قەدیر وەک بڵێی توانیوێتی خۆی خڕبکاتەوە و بێتەوە بە خۆیدا، پۆخت و پاراو و ڕاستەوخۆ ڕووی لە نادعەلی، وتی:

ــ تەنها یەک ڕێ هەیە، ئەرباب!

ــ چ ڕێیەک، قەدیر؟

ــ نکووڵی لێ بکە، ئەرباب. نکووڵی.

نادعەلی شانی لە بەردەکە کردەوە و سەیری قەدیری کرد:

ــ نکووڵی؟ چۆن؟

قەدیر وتی:

ــ بڵێ کاتێکە کاغەزەکانت واژۆ کردووە، لە دارەتی ئاسایی‌دا

نەبوویت.

ــ باشە، چۆناچۆن؟!

ــ روون و ئاشکرایە، ئیتر. کاتێکە کاغەزەکانت واژۆ کردووە، ئاگات لە خۆت نەبووە. ئەوانە شێوەیان لێداوی. بە فێڵ و فریوو مۆریان لێوەرگرتووی. مامەڵەکە لە کاتی ئاسایی‌دا ئەنجام نەدراوە. چی لەمە باشترە؟ جا تۆیش توند و تۆڵ ڕاوەستە و بڵێ کڵاویان کردۆتە سەرم!

ــ ها؟

ــ بڵێ داویان بۆ ناویتەتەوە. بیکە بە هەراوهوریا. بدە بە ژێری‌دا! پاشانیش لە سەر قسەکەت ڕاوەستە. یەکلایی بکەرەوە. خۆ ناتخۆن! چیت لێ ئەکەن؟ لە قەڵاوە هەڵت ئەدەنە خوارەوە؟!

دەنگە گڕەکەی عەباسجان، لەو بێدەنگیە کورتەدا، تێکەڵی وتووێژەکە بوو:

ــ نابێ، نەخێر! قسەی ئەرباب بە هیچ کوێیەک ناگا. نادعەلی خان خۆ منداڵ نەبووە! دادوەر ئەڵێ: لە سەر خۆتە کە ئاگات لە خۆت نەبووە!... تۆ چ وەڵامێکی ئەدەیتەوە؟... قانوونە، گیانەکەم؛ قانوون! قانوون خۆ گوێ لەو قسانە ناگرێ. ئەویش... کاتێکە بەڵگەنامە و واژۆ لە دەفتەری تۆمارگەدا نووسراوە. مامەڵە پەشیمان بوونەوە نییە. نەخێر، نییە!

لە بێدەنگی‌دا، لە بێدەنگیەکی ئاوێتەی حەپەسان، قەدیر و نادعەلی چاویان بڕییە عەباسجان. عەباسجان، لای چەوڕێژی جۆگەی ئاوەکە، وەکوو بەردێک بە بێ جووڵە و تەنها باڵ، جاکەتەکەی دابوو بە شانی‌دا و هەر ئەوە قەبارەی هەبوونی دەرئەخست. بۆ ماوەیەک هەر سێکیان خۆیان ڕاگرت. بەڵام قەدیر، لەپڕ و بە تووڕەییەکی لەغاو پچڕاوەوە نەڕاندی و کەوتە جنێودان؛ پەلاماری سوراحیەکەی‌دا و ئەگەر نادعەلی دەست و بازووی قەدیری نەگرتایەت، سوراحی لە سەری عەباسجان‌دا ورد و خاش ببوو.

ـ لێگەڕێ. نەحلەت لە شەیتان بکە، ئارام بگرە و شەوەکەمان لێ تاڵ مەکە. ئەو تەتەری بوندار بوو بۆ چوارگوێشلی. لەحنەت لە شەیتان!

قەدیر سوراحیەکەی دانا و قۆڵە ئارەق پیارژاوەکەی گووشی و تفی کرد لە عەرزەکە و وتی:

ـ زەرگەتە! زەرگەتە! ئاخرەکەی لە بن پێمدا ئەتفلیقێنمەوە، توخمی زۆڵ! کرا بۆ تاوێک لە کۆڵم ببیتەوە؟ سەیری کە، سەیری کە! خۆزگە بەقەد هەرزنێک شەرم و ئابڕووت ئەبوو! هەروا کز ئەکەیت و چاوە ڕیپۆقاوییەکانت ئەبڕیتە گونت. پشیلەی بێ چاو و ڕوو! بۆ جارێکیش بووە تریق ببەرەوە، بێ شەرەف!

ـ لێگەڕێ، قەدیر! کارت پێی نەبێ. ئەویش بۆ خۆی دەعبایەکە لەم دنیایەدا! هەر دەعبایەکیش بە شێوەیەک ززە زز ئەکات. دەعبا، هەه... پیاو دڵی بۆ ئەو هەموو دەعبایە ئەسووتێ!

عەباسجان، وەک مشکە کوێرە، سەری لە ناو شانی دەرهێنا، زەلیلانە و وەک لالانەوە وتی:

ـ چاوت لێیەتی، ئەرباب! ئەیبینی؟ ئەمە لەقەز برا بچکۆلەی منە. ئەیبینی چۆن ڕێزی گەورە و بچووکی ڕائەگرێ؟ ئەیبینی؟

قەدیر، جارێکیتر خۆی بەرەو عەباسجان ڕاوەشاند:

ـ لەبەر چاوم ونبە، جاکەشی ناپیاو! بڕۆ ونبە ئەگینا قوڕقوڕاچکەت هەڵئەدڕم، بڕۆ ون بە، گەنە! ون ئەبی یان ناء؟

عەباسجان بە سارد و سڕی و قیرسێچمەییەکی شێتکەرانەوە وتی:

ـ پەیامێکم بۆ نادعەلی خان هەیە.

قەدیر بە بێ ئەوەی هەوڵبدا تووڕەییەکەی خاو بکاتەوە، توند و بە ڕقەوە وتی:

ـ پەیامەکەت چییە؟

ـ باشە تۆ کارت بە من چییە! من لە سەر زەوی خوا دانیشتووم، خۆ لە سەر کۆڵی تۆ نیم!

نادعەلی پرسی:

ــ پەیامەکەت چییە؟ بیلێ!

عەباسجان هەڵسایە سەر چۆک و خزایە بەرەوە. خۆی لە نادعەلی نزیک کردەوە و خۆمانە و بە شێوەیەک کە ئەوەندەی تر قەدیری قوشقی ئەکرد وتی:

ــ راستەکەی سەبارەت بە مادەرویش ئەمەوێ ڕووت لێ بخەم. خۆم هەڵبەت نیازم هەبوو، بە گوێرەی ئەوەی ئێوارە چووبووم بۆ سەردانی ماهدەرویش. بەڵام ئەم کوڕە، مووسایە بەری پێگرتم و لەو ڕووەوە کە ئەیزانی من لە لای جەنابت ئابڕوویەکم هەیە و ڕووم ناخەنە عەرز، پاڕایەوە و تکای کرد کە داوا لە بەرێزت بکەم...

ــ دەی!

ــ داوا بکەم کە... کە ئەگەر بکرێ، هەنگاوێکی خێر بۆ سەید هەڵبگرە.

قەدیر نەڕاندی:

ــ درۆ ئەکات! درۆ ئەکات وەکوو سەگ! سەد ساڵ مووسا داوا لە خوێڕی وا ناکات!

عەباسجان وتی:

ــ لا ئیلاهە ئیلەڵڵا!

نادعەلی هیچی نەوت. قەدیر، وەک بڵێی لەبری نادعەلی، وتی:

ــ زۆر چاکە، پەیامەکەت گەیشت... چۆڵیکە، برۆ!

عەباسجان شانی لە بن جاکەتەکەوە هەڵتەکاند و وتی:

ــ خۆ وەڵامەکەم وەرنەگرتۆتەوە، هێشتا!

قەدیر وتی:

ــ تۆیش نووسراو و واژۆت ئەوێ؟!

نادعەلی پیاڵەکەی خۆی هەڵگرت، ڕایگرت بۆ عەباسجان و وتی:

ــ بگرە!

لە ناو دەنگە بێزارەکەی نادعەلی‌دا، عەباسجان وەکوو مشکە کوێرە بە سەر خۆڵەکەدا، خزایە بەرەوە، پیاڵەکەی لە نادعەلی وەرگرت و بە بێ ئەوەی خۆی ڕاست بکاتەوە، بە خێرایی هەڵیدا و لە کاتێکا پەنجەی بۆ تۆزێ ماست بە حەواوە ڕاگرتبوو وتی:

ــ خوا بەرەکەت بە ژیان و جەوانیت...

نادعەلی تۆزێ ماستی کردە سەر پەنجەی عەباسجان و وتی:

ــ من ئیتر هیچم لە دەس نایەت!

عەباسجان قامکی لستەوە و بە دەنگێکی بێزارکەر وتی:

ــ مەبەستت بە نائومێدی بڕۆم؟!

قەدیر وتی:

ــ گوێت لێ نەبوو؟!

عەباسجان هیچی نەوت و بۆ ئەوەی خۆی بخلافێنێ، گیوەی داکەند و لەقەز کەوتە گەڕان بۆ زیخ و خۆڵ داتەکاندنی و کاتێکە بینی بێدەنگیەی نادعەلی درێژەی کێشا، سەری بردە بن گوێی و وتی:

ــ یان مەبەخشە یان بە تەواوەتی ببەخشە، ئەرباب گیان. پیاڵەی دوەم. ئەوەی یەکەمیان بەس خومارشکێن بوو!

قەدیر لەوە زیاتر خۆی پێڕانەگیرا، پیاڵەکانی هەڵگرت و خستیە گیرفانی، ملی سوراحیەکەی گرت و وتی:

ــ تا خوێنێکم نەکردووە ئەمشەو، هەڵسە با بڕۆین ئەرباب!

عەباسجان گیوە شڕەکەی خستە سەر پێی و بە زمان لووسی وتی:

ــ من ئەڕۆم... من ئەڕۆم، ئەرباب، من ئەڕۆم جەنابان. من... ئا... ڕۆیشتم. ئا... بەس دڵۆپێک، دڵۆپێک... قەدیر گیان!

ــ وەرە! قوزڵقورتی کە. بیکە بە ژەهرت ئیتر!

قەدیر سوراحیەکەی لە سەر دەمە داچەقاوەکەی عەباسجان ڕاگرت و پاش ئەوەی یەک دوو قومی کردە ناو گەرووی، بە

کەشکەی ئەژنۆی وەهای کوتا بە ناو سکیدا، کە عەباسجان فڕێدرا و دەسبەجێ قاقای نادعەلی بەرزەوە بوو. عەباسجانی بە سەر عەرزەکەدا ڕاکێش کرد و جاکەتە شڕەکەی وەکوو کلکی سەگ لە ناوگەڵیدا، دوورکەوتەوە. لە کاتێکا ڕوون نەبوو لە بەر خۆیەوە، چی ئەڵێ. قەدیر کە چەند هەنگاو بە دوای عەباسجاندا ڕۆیشتبوو، نەفرەت و تووڕەیی لە گفتیدا گەڕایەوە:

ــ کەی لە پیاو ئەگەڕێن تۆزێ دانیشێ بۆ خۆی؟!... بە چی پێئەکەنی، ئەرباب؟!

نادعەلی، هەر پێ ئەکەنی و پێ ئەکەنی و پێ ئەکەنی.

ــ ئەرباب؟ بە چی پێ ئەکەنی؟ چۆنی، باشی ئەرباب؟! نادعەلی خان؟ نادعەلی خان...

نادعەلی پێکەنینەکەی خاو کردەوە و وتی:

ــ سەیرە!... هەهە... هەهە... هەهە! من ئەبێ نوێژەکەم بکەم! ئەبێ دەس و دەم بشۆم و نوێژ بکەم... چەندە هەمووشت گاڵتەیە! هەندێ جار حەز ئەکەم هەزارساڵی تەواو پێبکەنم! ئاه... ئەی خوایە گیان! تێکە، قەدیر؛ تێکە!

ــ بەڵێ، ئەرباب؟

ــ تۆ... براگیان، چاو و گوێت لە من کراوەترە. چاو و گوێت کراوەیە. وشیاری تۆ. وەکوو تۆم کەم بینیووە. جا بڵێ بزانم. ڕاستەکەیم پێ بڵێ. ئەم خاڵۆیەی من، بابقولی بوندار، پیاوێکی بێ شەرەفە؟ ها؟... نەء، خۆ من نەم ئەویست ئەمە بڵێم. نا! بۆ خۆم ئەخلافێنم، منیش؟ بۆ زمانم ئەجۆڕێنم؟ بۆ ناوێرم قسەی ڕاستم دەرببڕم؟ بۆ جەربەزەم نییە؟!

ــ ئەرباب!

ــ قەدیر!... ڕاستیەکەیم پێ بڵێ! تۆیش بیستت سەوقی بووە بە لۆتی؟

ــ لە بیری بکە، ئەرباب!

ــ قەدیر... نەفرەت لە من! نەحلەتی خوا لە من! خوا چۆن

تاوانی من ئەبەخشیّ؟!... ئەبیّ دەستنویّژ بگرم. خوا چۆن من ئەبەخشیّ؟ چۆن منی ڕووڕەش و تاوانبار! ئەی... ئەی... تۆ ئەتوانی شوێنی هەڵگری، قەدیر؟ شوێنی سەوقی؟ بۆ وامکرد، بۆ ئاوارەم کرد؟ تۆ ئەتوانی بیدۆزیتەوە؟ ڕەنگە نەتوانی! ڕەنگیشە بتوانم جارێکیتر بیبینم. بیبینم و بڵێم... نەء! من ئەوم نەئەویست؛ من ڕەنگە ئەوم نەویستبوو. ئەمویست؟ ویستن چۆنە، قەدیر؟ هەتا ئێستە کەست ویستووە؟ ها؟ ویستن چۆنە؟ ویستن چییە؟... ئاو. ئەبیّ دەستنویّژ بگرم. نادعەلی هەڵسا؛ دەستی بە بەردەکەوە گرت و هەڵسا. بەڵام ئەوەندەی دەستی لە بەردەکە بەردا، نەیتوانی ساتێک زیاتر خۆی ڕابگریّ. چاوەکانی لەپڕ کوێر بوون، سەری لە گێژەوە هات و بە دەما بەربوویەوە. قەدیر هەڵات بۆ لای. بنباڵی گرت و بە دژواری لە سەر خۆڵەکە داینا و لە سەر هەردوو چۆک ڕایگرت. سەری نادعەلی ڕانەئەوەستا و ئەو هەوڵی ئەدا سەر و ملی ڕاست ڕابگریّ. قەدیر لە بەرامبەریدا چۆکێکی نایە سەر عەرزەکە و لێی پرسی:

ــ چیت ئەویّ بۆتی دابین بکەم، ئەرباب؟

ــ خوام ئەویّ، خوا. بمبە بۆ لای ئاوەکە!

ــ ئەوەتانیّ، ئەوە جۆگەی ئاوەکەیە. لەملاوە تەنها یەک هەنگاوە.

نادعەلی لە سەر چۆک بۆ لای ئاوەکە چوو. بە بیّ ئەڤان دەستی تا لای ئانیشک کرد بە ئاوەکەدا، پەنجەی لە قوڕەکە چەقاند و سەری کرد بە ئاوەکەدا. قەدیر کە خۆیشی بە دژواری ئەیتوانی خۆی ڕابگریّ، بۆ گرتنەوەی کڵاو مێزەرەکەی نادعەلی خۆی خستە ناو جۆگەکە و گرتیەوە. گیوە و دەلینگی شەرواڵ و سەر قۆڵەکانی هەموو تەڕبوون. لە ناو جۆگەکە هاتە دەرەوە. کڵاو مێزەرەکەی گووشی و لە لای نادعەلیەوە، لە سەر چەوڕێژی جۆگەکە دانیشت. نادعەلی جارێکیتر سەرورووی کردەوە بە ئاوەکەدا و لە کاتێکا دەستەکانی هەروا لە ناو ئاوەکەدا

چەقاندبوو، وەکوو بزنە کێویەکی جووت ونکردوو، سەر و ملی تەڕی بۆ ئاسمان بەرزکردەوە، و بە دەنگێکی بە ئاشکرا و سەیر و جیاواز وتی:

ــ بە خواوەندی خوا سوێند بێ بۆ خوا ئەگەڕێم! خوایە... بۆ تۆ ئەگەڕێم!

ــ ئەرباب! ئەرباب گیان... ژن زۆرە لەم دنیایەدا. بەڵام تۆ ئەبێ سەرەتا کاری ئاو و زەوییەکەت جێبەجێ بکەی!

نادعەلی دەستەکانی، وەکوو بزنە کێویەکی تێراو، یەکە یەکە لە ئاوەکە هێنایە دەرەوە؛ ئەژنۆکانی کشاندەوە و لە گەڕانەوەی قورس و سستی خۆیدا بۆ لای قەدیر، دەست و قۆڵی تەڕی لەبەردەمیدا ڕاگرت و وتی:

ــ قۆڵەکانم بۆ هەڵکە؛ خێرت ئەگات.

قەدیر قۆپچەکانی سەردەستی کراسەکەی نادعەلی کردەوە و قۆڵی بۆ هەڵکرد.

ــ بڵێ قەدیر!... زۆر پەیدا ئەبێ. زۆر! ژن لەم دنیایەدا زۆرە. بەڵام... عەشق... عەشق زۆر کەمە. عەشق هەر نییە. هەم مایەی پێکەنینە و هەم مایەی گریانە! عەشق یان هەیە یان نییە قەدیر. ئەگەر نییە ئەوا نییە. ئەگەریش هەیە. ئەگەر هەبێ. ئەگەر پەیدا ببێ لە تۆدا، ئەوسا تۆ ئیتر نیت. تۆ نیت ئەوسا کە عەشق هەیە!... تێم ئەگەی چی ئەڵێم؟... چووزانم؟ چووزانم؟ چی ئەڵێم؟ چووزانم ئەڵێم چی؟ عەشق! عەشق... هات و بردی! دێت و ئەیبات. ئەی... ئەی... بوون و نەبوون! هەبوون و نەبوون. گومان گومان!... ئەم ماهدەرویێشە، پیاو نییە؟ وتت پیاو نییە؟!... ئەم خاڵۆیەی من چی؟ ئەتوانم چی لێبکەم؟ چی ئەتوانم لەم سروشتە داماوەی خۆم بکەم؟ گرفتاری من ئەوە نییە کە ئەو مامەڵەیە لە کۆڵ خۆم بکەمەوە. گرفتاری من، خودی خۆمم!... شەڕی خۆم چۆن لە کۆڵ خۆمی بکەمەوە؟! من... من چی لێبکەم؟ ئەو برا دەعبایەی تۆ، ئەو نگریسە،

قسەیەکی هەقی کرد. ڕاست ئەکات خۆ من مناڵ نیم! وایە، خۆ من مناڵ نیم! مناڵم؟ نا! بیسمیللا. سەرەتا ئەبێ سێ جار دەمم بشۆم. سێ جار بە فەرموودەی خوا. بیسمیللا. ئاو چ ڕێژەنێکی بە نرخە! ئاو... ئاو! جارێکیتریش! قانوون... قانوون لەو قسانە تێناگات! سەیری پەنجەم بکە! جوان سەیری بکە! نابینی؟ نەء. ئەی ئەم مانگە بۆ دەرنایەت؟ ئەگەر مانگ و مانگە شەو بوایەت، ئەگەر ڕووناک بوایەت، ئەتتوانی ڕەنگی مەرەکەبی دەواتی کابرای دەفتەردار ببینی. من بن پەڕەکانم - نازانم چەند پەڕە- مۆر کرد. من بنی لاپەڕەکانی دەفتەرەکە -نازانم چەند لاپەڕە- واژۆم کرد. واژۆم کرد و پەنجەم پیا نا. قانوون! من ژێری هەموو ئەو شتانەی کە نووسرابوو، پەنجەم پیانا و واژۆم کرد. هەم واژۆ و هەم پەنجەمۆر! نەفرینی خوا لەو مەرەکەبە بێ. چەند باسی خۆم ئەکەم کاتێکە ئەمەوێ بچم بۆ لای ئەو. سەرەتا ئەبێ دەستی ڕاستم بە دەستی چەپ بشۆم. لا حولە و لا قوت الا باللە. من دۆڕاندم قەدیر. من دۆڕاندوومە. هیچکارێک لەم دەستانەی من نایەت. پاشان دەستی چەپ بە دەستی ڕاست، تا سەرووی ئانیشک. ئەو مەلاژنەی قوتابخانە... ئەی... هەی کێ تا سەر ژیاوە؟ خوا لێی خۆش بێ. ئەو نان و گۆشت و میوەیەی ئەمانبرد بۆ قوتابخانە، تەنها نیوەی لێوەرئەگرتین. خوا لێی خۆش بێ. دەنگی ئێستەش لە گوێمدا ئەزرنگێتەوە: «دەستی ڕاست بە هۆی دەستی چەپەوە هەتا سەروی ئانیشک!» لە دەستم چوو، قەدیر. دار و نەدارم لە دەستم چوو! ئەبێ هەڵسم و مەسح بکەم. دەستم بەردە پیاو، شانم... ئاگات لە شانم بێ! سەرەتا... سەرەتا... خوا نەمبەخشێ، خوا لێم خۆش نەبێ. ئاگام... بۆ ئاگام لە خۆم نەماوە؟ سەرەتا... سەرەتا... هۆشم چووە بۆ کوێ؟ هۆشم چی لێهاتووە؟ خوایە گیان... ئەوە خۆ خەریکە گەوج ئەبم؟ گەوج بووم! سەرەتا... سەرەتا مەسحی پێ، یان مەسحی سەر؟! کامیان لە پێشەوە، قەدیر؟

ـ پێ ئەرباب. یەکەم... نا، نا! یەکەمجار سەرە، ئەرباب. یەکەم سەر. سەر؟ یەکەم سەرە، یان پێ؟ نازانم، منی سەگی ڕووڕەش!

ـ خۆم... خۆم لە تۆ باشتر ئەزانم، گەوجەی ڕووڕەش. خۆم باشتر ئەزانم. هەوەڵ پێیە. نەخێر، یەکەم سەرە. سەر، سەر، سەر! چونکە سەر لە پێ گرنگترە. من خۆ گەوج نەبووم! سەر، پادشای لەشە. سەرەتا سەرە! بەڵام... بەڵام... من بۆ ئەبێ دوودڵ بم؟ بۆ دڕدۆنگ بم. من... ئاخ... کەرێک لە من عەقڵی زیاترە! کەر، کەر!... قەدیر، من... من... بێچارە بووم. خۆم، خۆم تیابردووە. خەریکم خۆم تیا ئەبەم. من... خوا لەحنەتی لێکردووم. گیانی باوکم لەو کەریەتیەی من لە قەبردا ئەلەرزێ. باوکی من! من لەو دنیا وەڵامی ئەو چی بدەمەوە؟ وەڵامی دایکم لەم دنیا چۆن بدەمەوە؟ ئەم دنیا و ئەو دنیا؛ ئەو دنیا و ئەم دنیا! ڕۆژگاری من! سەیر ئەکەی چیم بە سەر خۆم هێناوە؟... فەوتاوم... فەوتاوم من، قەدیر!

ـ ئەرباب؛ ئەرباب، هەڵسە. ئێرە قوڕە ئەرباب. هەموو جلەکانت... ئەرباب!

قوڵپی گریان، ڕێگەی ئاخاوتنی لە نادعەلی گرتبوو.

قەدیر هەردوو دەستی لە پشتەوە دایە بن باڵی و پەنجەکانی لە سەر سینگی قفڵ کرد و بردیەوە جێگەی یەکەمی، بۆ بن بەردەکە و پاڵی بدا بە بەردەکەوە. نادعەلی چارەبڕاو، قووڕە قووڕ کەوتە گریان، دەستی و گۆنای نایە سەر بەردەکە و تا توانی گریا:

ـ رووتیان کردمەوە... ڕووتیان کردمەوە ئەم دزانەی سەر گەردەنە. ڕووتیان کردمەوە و بەرەڵڵایان کردم. خوا تۆڵەیان لێ بکاتەوە. خوا ماڵیان وێران بکات. خوا خۆی... مەگەر. من... من ئەترسم. من ئەترسم. هەم لەم دنیا ئەترسم، هەم لەو دنیا. هەم لە مەرگ ئەترسم، هەم لە ژیان، قەدیر! من... من چ کارێک...

قەدیر دەستی‌دا بە شانی نادعەلی‌دا و بە مایەیەک لە دڵسۆزییەوە، ئەو هەستەی کە زۆر بە کەمی سەردانی قەدیری ئەکرد، وتی:

ــ هێشتاش درەنگ نەبووە ئەرباب! هێشتاش دەرفەت هەیە. برۆ لەگەڵ بوندار قسە بکە. بڵێ پەشیمان بوویتەتەوە. بڵێ لەو مامەڵەیە پەشیمانی. بڵێ! بڵێ ناتەوێ زەوییەکەت بفرۆشی. ئەتوانن چیت لێ‌بکەن؟!

نادعەلی بە ڕواڵەتێکی بێ بڕواوە، چاوە تەڕەکانی بە شێوەیەکی مناڵانە بڕییە قەدیر و پاش ڕامانێکی کورت پرسی:

ــ ئەبێ؟!

ــ بۆ نابێ، ئەرباب! ئەتوانن داوای هەقی پەشیمان بوونەوە بکەن. ئەوە خۆ هیچ نییە، هەقی پەشیمانیان ئەدەیتێ.

نادعەلی جارێکی تریش پرسی:

ــ ئەبێ؟!

قەدیر بە دڵنیاییەوە وتی:

ــ من ئەگەر لە جێی تۆ بوایەتم، ئەبوو و باشیش ئەبوو!

ــ لێیگەڕێ قەدیر، لێیگەڕێ! هەقی خۆیەتی. هەقی خۆیەتی من ئەو زوڵمەم لێبکرێ... من شیاوی ئەوەم! من ئەبێ بە چوار دەست و پێ بڕۆم بە ڕێدا. من ئەبێ بسەڕێنم. سەڕین! تێکە، قەدیر!

قەدیر خۆی بە سوراحیە بەتاڵەکەوە خەریک کرد؛ ئەوەی کەمابوو کاتی گێرەوکێشە ڕژابوو و نەشئەکرا بە نادعەلی بڵێ نەماوە. خوو و سروشتی ئەمانەی ئەناسی قەدیر. بۆیە بیری لێکردەوە بەڵکوو نادعەلی هەڵسێنێ:

ــ ئەرباب!

نادعەلی وەک هەر لە بیری نەبێ داوای لە قەدیر کردووە، بە گوێدانە قسەکەی قەدیر، وتی:

ــ لێیگەڕێ با بڕوات. با بڕوات بۆ ئەو جێگەی کە نەشیاوە،

به قیروسیا! بۆ چیمە؟ لە سەرەتاشەوە من ئەوم نەئەویست. باوکی خواڵێخۆشبووم ئەیویست ئەو بدا بە کۆڵمدا، لە بەر ئەوەی ئەو چوار مەڕ و بزنەی کچە نەفەوتیّ. باوکم ئەیویست ئەو بدا بە من. من کەی عاشق بووم؟ کەی من عاشقی سەوقی بووم؟ من و سەوقی وەکوو خوشک و برا لە ماڵێکدا ئەژیاین. مەگەر خوشک و براش ئەتوانن حەزیان لە یەکدی بیّ؟ مەگەر ئەتوانن عاشقی یەکدی بن؟ عەشق! ئەگەر من عاشقی ئەو بووم... نەء! من عاشق نەبووم. مەدیار عاشق بوو. تەنها «ئەو» عاشق بوو کە لەو ڕێیەدا سەری دانا. چەندە خۆشەویست بوو مەدیار، ئەگەر لێرە بوایە. من درۆم ئەکرد. درۆیشم نەئەکرد، نا! بەڵام من عاشق نەبووم. بۆ نەم ئەزانی کە من عاشق نیم؟ من ئەمویست بە زۆر خۆم ڕازی بکەم کە عاشقم. بە زۆر. بەڵام ڕاستەکەی ئەوەیە کە من ئەمویست ببم بە خاوەنی سەوقی. خاوەن! ئەوم بە بەشێک لە دارایی خۆم ئەزانی. بڕوام بەوە کردبوو. بە خۆم سەلماندبوو. پێموابوو، حەزم لێیەتی. خەیاڵ! بەڵام من... مۆر و بەرماڵەکەم، قەدیر. مۆر و بەرماڵەکەم... کوانیّ؟... ئەبیّ دوو ڕکات نوێژ بخوێنم. ئەگەر بیدۆزمەوە، خوا... ئەی ئەم شەوە بۆ وا ڕەشە؛ ئەم مانگە لەو هەورەدا. ئەم هەورە لەم مانگەدا. با لە کام لاوە دیّ، قەدیر؟

ــ ئەرباب! بڕۆین، ئەبیّ تۆزێک پیاسە بکەین. بابڕۆین.

ــ ئەگەر بیدۆزمەوە، ئەگەر بیدۆزمەوە! بیستوومە ئەگەر بیدۆزیتەوە، ئۆقرە ئەگریّ... ئەوساش کە ئۆقرە بگریّ ئەتوانیّ بیدۆزێتەوە. خوا ئەڵێم. خوای من لە کوێیە؟!

ــ ئەرباب، هەوای دەشت خۆشە. بڕۆین بۆ لای گەنمەکە، تۆزیّ پیاسە بکەین.

ــ سەرەتا ئەبیّ لە دەروونی خۆتدا ئۆقرە بگری. سەرەتا ئەبیّ دڵ بدەی بە ئەو. پاشان تۆبە بکەی. پاشان دەروویەک بدۆزیتەوە بۆ ئەوەی بە دیداری شاد ببی. بەڵام من... نە ئۆقرەم هەیە، نە دڵم

هەیە، نە سەرنجم بۆ کۆئەبێتەوە! من پڕووزەم با بردوویەتی. من وردوخاش بووم، قەدیر! خوایەگیان لەت و کوتەکەم کۆ بکەرەوە!

ــ ئەرباب! ئەڕۆین بۆ لای دەشتی گەنمەکە. بایەک بدا لە سەرمان. هەڵسە، ئەرباب گیان، هەڵسە!

ــ خوایە گیان، پارچەکانی ڕۆحی من کۆ بکەرەوە!

قەدیر یارمەتی نادعەلیدا و بە دژواری لە سەر پێ ڕاوەستا و هەردوو دەستی خستە سەرشانی قەدیر بۆ ئەوەی بتوانێ خۆی ڕابگرێ. بەڵام تەزوویەکی یەکبەند ئەویش و قەدیریشی ئەجووڵاند و دنیا، شەو و خاک و ئاو و ئەستێرە. بە دەوری سەریاندا ئەسووڕا:

ــ بە تەنها جێم مەهێڵە، قەدیر!

ــ دەستت بخە سەر شانی من، ئەرباب!

ــ هەرچی تۆ بڵێی... هەرچی تۆ بڵێی، قەدیر. جگە لە تۆ من کەسم نییە. دایکم... وایە دایکی ڕەشپۆشیشم! وایە، وایە... مەدیار؟ خۆزگە دەستم ئەشکا، خۆزگە دەستم ئەشکا! من نایەم بۆ دەشت، قەدیر!

ــ ئەرباب؟!

ــ مار... لە مار ئەترسم. دەشتی گەنم، ماری هەیە.

ــ ئەوە ئەڵێی چی، ئەرباب؟ ئەوە خەیاڵە.

ــ ناتوانم قەدیر؛ ناتوانم! ئەترسم! ئەبێ نوێژەکەم بخوێنم... کوانێ بەرد و بەرماڵەکەم، قەدیر!

سوراحی لە سەر خاک و پیاڵە لێرە و لەوێ و خاک بە کەشکەی ئەژنۆی سەرخۆشان شەقار شەقار و زەمزەمەی نەرمی ئاوەکە کە ئەڕۆیشت و ڕۆینەی بەردەوام بوو؛ شوێنی بەتاڵی پیاوەکان بوو جگە لە هەنسکەی گریان کە دوور و دوورتر ئەکەوتەوە، دەم و ئادەم نیشانەی نەمابوو و یادی ئەوانیش وا ئەڕۆیشت لە بیربچێتەوە.

لە کۆڵان، پاشماوەی گریانە پەنگ خواردووەکەی نادعەلی

هەر بەردەوام بوو. نادعەلی بە ڕیسوایی نەئەگریا، بەڵام ئەگریا. لە گەرووودا ئەگریا. شانەکانی ڕائەشەکان و تەزووی لەشی لە ڕێگەی دەستیەوە بە سەرشان و ملی قەدیردا تێ ئەپەڕی. گریانەکەی خەریک بوو ئەبوو بە ناڵین. زار و بێزار ئەگریا و گریان ئەبوو بە لاڵاندنەوە و دەنگی ئەتوت دەنگی ئەو نییە و گوتەکانی مەنگ بوو و سەمەرە. تا ئەو ڕادەیەی کە قەدیر هەستی کرد دڵی بۆی ئەسووتێ و بە قووڵی خۆی بە غەمخۆری نادعەلی چوارگوێشلی ئەزانێ و غەمی ئازارەکەی کاری تێکردووە. بەڵام ئەم هەستە لەپڕە درێژەی نەخایاند و پەرەی نەسەند. خودی قەدیر دەرەتانی بەو هەستە نەدا و لەپڕ بەوەی زانی کە خەریکە هەموو بەرنامەکانی لە شەپۆلێکی سۆزدا، کە هەتا ئێستە نەی ئەناسی، ون ئەبن. تێگەیشت لەپڕ هەستێکی پاکیزە لە دەروونیدا سەری هەڵداوە. هەستی مەلەکردن لە ئاوێکی زوڵاڵ و شتێکی وەکوو لەدایک بوونی منالێک. بەڵام زۆری دەرفەت بەو هەستە سەیر و سەمەرەیەی خۆی نەدا. نیگەرانی ونکردنی خۆی -ون بوونی ئەو «خودەی» کە لەگەڵی ڕاهاتبوو- خۆی کۆکردەوە. نەء! نابێ ڕێگە بە بێگانە بدات. ئەو بێگانەیەی لەودا سەری هەڵێنابوو، نەئەبوا مەیدانی پێ بدرێ. باشتر وابوو ئەو هەستە سەمەرەیە بگەڕێنێتەوە بۆ کونەکەی خۆی. نەء، نەء هەرگیز! بۆیە هەرچەند هێشتاش گێژ و حۆل بوو، زمانی چەوری خستە گەڕان:

ـ غەمی هیچت نەبێ ئەرباب. ڕۆژگار لەم وازیانەی زۆرە. بەم تەمەنە کەمەی خۆمەوە زۆر وازی ژیانم بینیووە. منیش وەکوو تۆ بووم، سەردەمایەک. منیشیان ڕۆژە ڕەش کرد، ئەم چەتانە. ئەم خاڵۆیەی تۆ؛ بابقولی بوندار ڕووتی کردینەوە. وەکوو مەڕێک کە نەرمە نەرمە بە بڕینگ ئەیبڕنەوە، ڕووتی کردینەوە. ئەبینی؟! جلەکانیشمانی لە بەر دەرهێنان. قوڕی کرد بە سەرماندا. پەڕوباڵی کردین!

نادعەلی لەپڕ گۆڕابوو و ئەتوت هاتۆتەوە بە خۆیدا. چونکە وەکوو کەڵەشێرێکی بە تاج و یاڵ، خۆی ڕاوەشاند. لە قەدیر جیابوویەوە و لە بەرامبەریدا وەستا، بە هەر چۆنێک بوو خۆی ڕاگرت و وتی:

ــ من هێشتاش پەڕوباڵم نەکراوە، قەدیر! من هێشتاش لە سەر پێی خۆم وەستاوم. پەزەکانم هێشتاش نەکەوتۆتە دەس ئەم گەووادانە. نەخێر! ئەو ڕانە هێشتاش هی کوڕی حاجی حسێنی چوارگوێشلیە! هینی منە. هینی نادعەلی...

نادعەلی خۆی پێ ڕانەگیرا، دەستی گرت بە دیوارەکەوە و درێژەیدا:

ــ من... من لەگەڵ خۆم ئەتبەم بۆ چوارگوێشلی و... پێشانت ئەدەم. لەگەڵ خۆمدا ئەتبەم، قەدیر.

ــ لە خزمەتدام ئەرباب! تۆ داوای سەر بکە!

ــ تۆ پیاوێکی زۆر دڵپاکی قەدیر. پشتم بەرمەدە!

ــ من نۆکەری تۆم، ئەرباب!

لای دیواری ماڵی بەڵخی، جارێکیتر نادعەلی شانیدا بە دیوارەکەوە، سەرە کاسەکەی داخست و وتی:

ــ بڕۆ قەدیر! بڕۆ بە ماهدەروێش بڵێ، خۆی کۆبکاتەوە ئەچین بۆ شار. ئەیبەم و لە نەخۆشخانە ئەیخەوێنم! ئەیبەم. ئەیبەم و دوکتۆری بۆ بانگ ئەکەم. من هێشتاش کوڕی حاجی حسێنی چوارگوێشلیم!

ــ هات... ئەرباب!

ــ کێ هات؟!

قەدیر سەری بردە بن گوێی نادعەلی و وتی:

ــ وابزانم بابقولی بوندار بێ. خاڵۆت!

نادعەلی هەروا شانی بە دیوارەکەوە بوو و سەری داخستبوو. چاوی بڕییە بەرامبەری خۆی. بوندار و عەباسجان ئەهاتن. هاتن. گەیشتوو و نەگەیشتوو، بوندار فانۆسەکەی دەستی بەرزکردەوە

و کەوتە جنێودان و دەم هەراشی:

ــ هۆی کوڕی کەلایی خواداد! توخمی زۆڵ! بۆ دەس لە سەر کەسوکاری من هەڵناگری؟ کێ بە تۆی وت خوشکەزاکەی من لە سەر فەرشەکەم بدزیت و چی گەن و گووە لەبری عارەق بیدەیتە دەرخواردی؟ مەگەر من گۆچم نەتوانم قاپێک عارەقی بۆ دابین بکەم؟ ها؟ کێ بە تۆی وت؟!

قەدیر زمانی خۆی ڕاگرت و هیچی نەوت و گوێی لە نادعەلی بوو بەڵکوو ئەو وەڵامێک بە خاڵی بداتەوە. بەڵام نادعەلیش هیچی نەوت. بوندار بۆ ئەوەی ئەو بێدەنگیە ناحەزە بشکێ، کەف بە دەم و داواکار وەستابوو. نادعەلی ڕووی لە بوندار وەرگیرا و بە قەدیری وت:

ــ بڕۆ بەو سەیدە بڵێ خۆی ئامادە بکات!

قەدیر پێپەڵکەی کردو نەیزانی فەرمانی نادعەلی جێبەجێ بکات یان نا؟ بەڵام لەو کاتەدا بوندار سینەی نا بە سینەی قەدیرەوە و وتی:

ــ بۆ لاڵ بوویت کوڕی کەلایی خواداد؟

قەدیر سەیرێکی نادعەلی کرد، نادعەلی وتی:

ــ ئێمە ئەڕۆین بوندار!

ــ ئەڕۆی؟! بۆ کوێ؟ لەگەڵ کێ؟

ــ لەگەڵ قەدیر و ماهدەروێش! ئەیبەین بۆ شار!

ــ بەم نیوەشەوە؟!

ــ ئەڕۆین، بوندار!

ــ ئەوە ئەڵێی چی تۆ؟ مەگەر من ئەهێڵم بەم شەوە خوشکەزاکەم لە ماڵم بڕوات! کێ پڕی کردوویتەتەوە خاڵۆ گیان؟ کام قورمساخ؟ تۆ ئەبێ لێرە بمێنیتەوە! تۆ ئەبێ جێگەی شەیدام بۆ پڕبکەیتەوە، خاڵۆ گیان!

ــ من لە ماڵی تۆ ئەڕۆم بوندار!

ــ ئەوە چ قسەیەکە نادعەلی؟! وتوومە جێگەت بۆ ڕاخەن.

جێگەی شەیدا بۆ تۆ...

ـ قۆڵم بەردە پیاو! من نامەوێ جێگەی کەس پڕبکەمەوە. ئەڕۆم من. ڕیام بە هەرچی ماڵ و ژیانی وەکوو هی تۆیە!

ـ نادعەلی!

نادعەلی دانەوییەوە و خەنجەری لە کالانەی پووزەوانەکەی دەرکێشا و لەگەڵ ڕاست بوونەوە و دەست هەڵێنان‌دا، نەڕاندی:

ـ بڵێ ئەسپەکەم زین بکەن! ئەسپەکەم زین کە، نۆکەر!

بوندار، کە ئەتوت دەستی بە فانۆسەکەوە بە حەواوە وشک بووە، لە بن نیگای ترسناکی نادعەلی‌دا کشایەوە و بە ترسەوە چووە دواوە. عەباسجانیش نە کەمتر لە بوندار ترسابوو، کلکی خڕ کردەوە وهەڵاتە بن سێبەری دیوارەکە. نادعەلی نەڕاندی:

ـ هۆی... عەباس گەدا! وەرە ئەم پێنچ قەرانیە بگرە و بە غار بچۆ بۆ ماڵی ماهدەروێش بڵێ خۆی ئامادە بکات، هەڵێ، تانجی!

ـ بە سەر چاو... ئەرباب گیان!

عەباسجان لە کاتێکا بە ترسەوە سەیری نادعەلی ئەکرد چۆکی دادا و بۆ دۆزینەوەی پێنج قەرانیەکە چنگی خستە ناو خاک و خۆڵەکە. پارەکەی دۆزییەوە و وەکوو سەگ چوار دەست و پێ کشایەوە و تۆزێ لە نادعەلی دوورکەوتەوە. هەڵسا و شان و نیورۆخی لە نادعەلی کەوتە ڕێ. نادعەلی جارێکی‌تر هاواری کرد:

ـ هۆی... سەگ!

عەباسجان گەڕایەوە؛ نادعەلی مشتێک پارەی وردەی هەڵدا بە سەری‌دا و وتی:

ـ ئەمەش لەبری مزگێنی هەواڵە خۆشەکەت! کۆیان بکەرەوە تانجی!

عەباسجان، هەرچەند خەریک بوو لە ترسان دڵی ئەتۆقی، بەڵام نەشی ئەتوانی پارەکان کۆ نەکاتەوە. بۆیە جارێکی‌تر چۆکی دادا و دەست و پەنجەی بۆ دۆزینەوەی قەران و پەنابات برد بۆ ناو خۆڵەکە؛ بە بێ ئەوەی ساتێکیش چاو لە هەموو جووڵەیەکی

نادعەلی خافڵ بکات. نادعەلی تفێکی لێکرد و وتی:

ـ ژن حیز! چاوم پێت ئەکەوێ خەریکم ئەڕشێمەوە! قەدیر! خۆ تۆ پێت ناخۆش نییە بە براکەت ئەڵێم ژن حیز! نا، تۆ نابێ پێت ناخۆش بێ. ئەم مێشە... خۆت برۆ ئەسپەکەم زین بکە قەدیر. بڕۆ!

قەدیر کەوتە ڕێ. بوندار لەو بەری کۆڵانەکەوە، لای دەرگای ماڵەکەیەوە دەنگی بەرزەوە بوو:

ـ نابێ! من ناهێڵم نامەحرەم بچێتە ماڵەکەم!

ـ خۆم دێم خاڵۆ گیان!

نادعەلی شانی لە دیوارەکە کردەوە، بە خۆی و مێزەر و بەرەک لە کۆڵانەکەدا کەوتە ڕێ و قەدیری بە دوای خۆیدا ڕاکێش کرد و هاواری کرد:

ـ پارەم بۆ بهێنە، بوندار! پارە!

بە بۆچوونی بوندار، قسەکردن لەگەڵ نادعەلی، ئەویش بەو جۆرەی کە خەڵکی تاک و تەرا لە سەربان و پەنا و پەسێرانەوە سەریان ئەکێشا، نەک هەر بێهوودە، بەڵکوو زیانباریش بوو. بۆیە بە فانۆسەکەی دەستیەوە خۆی کرد بە ماڵدا و بەرلەوەی دەرگاکە بە دوای خۆیدا دابخات، قەدیر و نادعەلیش چوونە ژوورەوە.

بوندار بەرەو دالان کشا و نادعەلیش یەکسەر بۆ لای ئەسپەکەی چوو. دەستی گرت بە ملی ئەسپەکەوە و ئەتوت بە شانی ئەسپەکەدا بەربوویەوە. قەدیر زین و سەرجلەکەی هێنا و دای بە پشتی ئەسپەکەدا؛ بەڵام بوندار لەپڕ چوو بۆ لایان؛ لەغاوی ئەسپەکەی گرت و هەموو جەربەزە و دووڕوویی خۆی لە دەنگیدا کۆ کردەوە:

ـ نەء! ناهێڵم. من ناهێڵم بەم نیوەشەوە میوان لەماڵم بڕوات. بۆ من شوورەییە. نەنگە. ناهێڵم!

نادعەلی لە کاتێکا خۆی بە یاڵی ئەسپەکەدا هەڵواسیبوو، خزایە بەرەوە، لەغاوەکەی لە دەستی خاڵۆی دەرهێنا و وتی:

ـ لەوە زیاتر بازارگەرمی مەکە! حەز ناکەم خۆت بۆ من بکەی بە کەباب، خاڵۆ گیان! بەسمە، ئیتر بەسمە. ون بە! ون بە، چونکە نامەوێ ئیتر قەپۆزی دزێوت ببینم. قوڕمساخی هیچوپووچ! بڕۆ پارەم بۆ بێنە!

نادعەلی ئەمجارە دەستی برد بۆ بەر پشتوێنەکەی و بوندار دەسکی خەنجەرەکەی بینی و لە کاتێکا بە بێ بیانوویەکی ئاشکرا لە نادعەلی دوور ئەکەوتەوە و بەرەو داڵان ئەچوو، نەڕاندی:

ـ لە قەڵاچیمەن دەرت ئەکەم، قەدیری کەلایی خواداد! ئەگەر دەرم نەکردی لە جێی تۆبم!

دەسبەجێ، بوندار خۆی گەیاندە بانیجە و لە هەڕەشە و گوڕەشە بەردەوام بوو. قەدیر بە بێ هیچ کاردانەوەیەکی ئاشکرا ئەسپەکەی برد بۆ کۆڵان و لە کۆڵانەوە بەرەو داڵانەکۆنە و ماڵی ماهدەرویش چوو.

نادعەلی، لە سەر جۆگەکە دانیشتبوو، وتی:

ـ پارەکەم بۆ بهێنە! بە بۆنەی پارەوە منت ڕاکێش کرد بۆ ئێرە. پارەکەم بۆ بهێنە، دزە!

پاش تۆزێک بوندار بە قولێک پارە و قەڵەم و کاغەزەوە هاتە خوارەوە. هاتە کۆڵان و سەیدی تەلەفوونچی بانگ کرد. سەید باڵی چۆخەکەی بە دەستیەوە هاتە دەرەوە. بوندار لە نێوان سەیدی تەلەفوونچی و نادعەلیدا وتی:

ـ ئەمەوێ پەنجە بدەی لەم پسوولەیە. واژۆشی بکە! هەرچی ژانەسەرم تووش بوو ئیتر بەسمە! تۆیش شایەت بە، سەید!

ئەوەندەی پارە و پسووڵە دەستاودەست بکرێ، ماهدەرویش هێنرا.

قەدیر، مووسا و قوربان بەلووچ، ماهدەرویشیان هێنابوو. قوربان بەلووچ بوخچەیەکی گرێ دابوو بە کەللەی زینەکەوە، بۆ ئەوەی ماهدەرویش بتوانێ سینە و سەری خۆی بدا بە سەریدا.

شێرۆ بە دوایاندا ئەهات و گریان لە چاویدا بوو. دراوسێکان تاک و تەرا هاتبوونە دەرەوە و بە چاوی خامۆشەوە سەیریان ئەکرد. ماهدەروێش وەکوو جاڵجاڵووکە خۆی دابوو بە سەر بوخچە و کەللەی زینەکەدا و لە بەر خۆیەوە ئەیناڵاند. قەدیر هێشتاش چاوەڕوانی کاردانەوەیەک لە لایەن بوندارەوە ئاگای لە دەوروبەری خۆی بوو. عەباسجان بە سێبەرەکاندا ئەخزا. نادعەلی هەڵسا و هەنگاوێکی نایە بەرەوە. سەیدی تەلەفوونچی کشایەوە و لە بەر دەرگای ماڵی خۆیان وەستا. ئەسپ و سەید و ئەوانیتر گەیشتن. نادعەلی لە بەر ئەسپەکەوە کەوتە ڕێ. قەدیر هەوساری ئەسپەکەی ڕاکێشا. بوندار دیار نەبوو. دەنگیشی نەئەهات. ڕنگە تووڕە و تۆسن لە بانیجەی دیوەخان وەستابوو و ددانی لە چیڕەوە ئەهێنا و سەیری ڕۆیشتنی ئەم شەوڕێبوارە بێ سەرەنجامانەی ئەکرد.

مووسا، شێرۆ و قوربان بەلووچ تا ئەوبەری چەمە وشکەکە لەگەڵیان چوون. لای بەستێنی چەمەکە، ڕاوەستان و مانەوە تا ماهدەروێش و قەدیر و نادعەلی لە پەنای گردی خۆڵامۆدا لە چاو ون بوون، مووسا بە شێرۆی وت:

ــ بڕۆین ئیتر! چ سوود لەم هەموو گریانە؟ بڕۆین!

شێرۆیان گەڕاندەوە. قوربان بەلووچ و مووسا و شێرۆ بە شیوی چەمەکەدا بەربوونەوە، تەختایی بەستێنی چەمەکەیان بڕی و بە هەورازی سینەکێشی چەمەکەدا سەرکەوتن. شەو، خامۆشی پڕ ئەستێرەی شەو، سروەیەک ڕای ئەوەشاند. سروەی با لە ناو لێڕەکە، لای سەرەوەی ڕێبوارەکان، بزوتنی زیاتر بوو. بیمێنێ بۆ کاروانسەرا بچکۆلەی لای سەرەوەی قەڵاچیمەن، قوربان بەلووچ لەپڕ ڕاوەستا، چۆکی دادا و گوێی نا بە عەرزەکەوە. مووسا و شێرۆ بە سەرسووڕمانەوە، بە سەر سەرییەوە ڕامان. بەلووچ گوێ و گۆنای لە سەر خاکەکە بەرزکردەوە، ڕاست بوویەوە لە کاتێکا کەشکەی ئەژنۆی لە سەر عەرزەکە بوو، وتی:

ـ گوێتان لێیە؟ ئەبیسن؟! دەنگی غاری وشترە! وشتری سوارییە، سواری! لە پشتی لێڕەکەوە دێ. ئەبێ گوڵمحەمەد بێ؛ گوڵمحەمەد!

بەلووچ بە بێ ئەوەی چاوەڕوانی کاردانەوەی شێرۆ و مووسا بێ، هەڵسا و، خۆڵی سەرچۆکی تەکاند و بەرەو دەنگە نامۆکە ڕۆیشت و سەروچاوی بەرەو بیابان سووڕاند. مووسا و شێرۆ کەوتنە سەیرکردنی ڕەفتاری بەلووچ. بەلووچ لە نیگای ئەوان دوور کەوتەوە، بەو ڕادەیەی کە تەنها تارمایەکی لە ناو لێڵاییەکەدا دیاربوو. لەو لاشەوە، لای سەرەوەی بەلووچەوە، سێبەرێکی زەبەلاح لە دڵی شەوەوە خۆیا بوو. زیاتر و زیاتر دەرکەوت. وشتر بوو و بە غار ئەهات. مووسا و شێرۆ بە دوایدا بەرەو وشترەکە چوون. دەنگی بەلووچ لە ناخی تاریکیەوە هات:

ـ شەیدایە! شەیدا. ژنێکیشی لەگەڵ خۆی هێناوە؛ کچێک! مووسا! مووسا، بڕۆ بوندار ئاگادار کە!

شێرۆ نەیتوانی لە دوو هەنگاو زیاتر لەگەڵ مووسا بڕوات. وەستا و چاوی لەوەی لەبەرچاویدا ترسناک بوو، بەست و لێوە لەرزۆکەکەی بە ددان گرت و هەوڵیدا بەر بە گوشاری ئەو شەپۆلە بگرێ کە لە دەروونیدا و لەو کاتە ناکاتەدا، هەڵیکردبوو. بەڵام بەو جۆرەی کە پێویست بوو خۆی پێ ڕانەگیرا و ڕوخساری لە ناو هەر دوو دەستیدا شاردەوە. لە تاریکی شەودا چەمایەوە، خۆی گرمۆڵە کرد و هاواری هەڵێنا:

ـ خوایە گیان... خوایە!

# بەشی چواردەهەم

١٦٤٩
**کەلیـــدەر**
بەرگی پێنجەم

١٦٥٠
کەلیدەر
بەرگی پێنجەم

## بەندی یەکەم

«ئەسپەکە، ڕووت بوو. تا بگەینە خاکی ئەفغان ناو لنگم تۆخی چوو. دەستم لە پشتەوە بەسترابوو و هەردوو قولاپەمیان لە بن سکی ئەسپەکەوە بە گوریس بەستبوو بەیەکەوە. هەموو لایەک بیابان بوو. کێو و بیابانیان وەکوو بەری دەستیان ئەناسی، گوندەکانی سەر ڕێشیان ئەناسی. لە زۆر شوێن لە گوندەکانی سەر ڕێ ئاشنایان هەبوو کە نان و ئاو و ئالیکی بۆ ئەهێنان. زۆرتر، بە شەو ڕێمان ئەکرد و بەڕۆژ ئەخەوتین. شەو بوو کە گەیشتینە خاکی ئەفغان، دوو ڕۆژ و نیو و دوو شەو، بەڕێوە بووین. چەن کاژێرێک کە لە خاکی ئەفغان ڕۆیشتین گەیشتینە گوندێکی کۆن. چەن ماڵی لێ ئەژیا. ژنەکان لە پیاوەکان زیاتر بوون. پیاوەکانی جیهان منیان دایە دەس خەڵکی گوندەکە و خۆیان ڕۆیشتن. بەیانیەکەی خودی بازخان هات بە تیپێک تفەنگچیەوە. لەگەڵ من قسەی نەکرد. لە دوورەوە منیان پیشانیدا، بازخان سەرێکی لەقاند و ڕۆیشت. پاشان منیان گەڕاندەوە بۆ کوولەکە. بەرۆژ ئەمتوانی بێمە دەرەوە و تۆزێ پیاسە بکەم. دەوری گووندەکە دیواری هەبوو. برج و دەروازەشی هەبوو. بەڵام لە برجەکاندا گۆیاری لێنەبوو. چەند ئەسپ و هێسر و وشتر، چەن ژن و کچێک و یەک دوو پیرەمێردیش لەوێ بوون. بیرێکی ئاو و تەنوورێک و چەند ئاخوڕ و تەغاراو بۆ ئەو چەند بزن و مەڕەی

شەوانە ئەهاتنەوە بۆ قەلآت.»

«شوێنێکی ئارام و بێدەنگ بوو. لە مەیدانی قەلآت، جارجارە کچێکم ئەبینی لە سێبەری دیوارەکەدا دائەنیشت و قژی ئەدۆزی. زانیم غەمێک لە سینەی دایە. دیاربوو ڕۆژ بە ڕۆژ کزتر ئەبێ. هەرجۆرێک بوو توانیم بە دوور لە چاوی ئەم و ئەو نیشانەی بکەم. ناوی سارا بوو. کچی ئەو بەلووچە ئەفغانەی لێرە کەوتە دەس ئێوە. جیهانەکان بە ئەسپەکەی ئەو منیان برد بۆ ئەفغان. پاشان زانیم ساراش وەکوو من بارمتەیە لە لای بازخان. بارمتەی دەزگیرانەکەی و باوکی. باوکی سارا کرێگرتەی بازخان بوو. منیان کە برد بۆ ئەوێ سارا ئەسپەکەی باوکی ناسیەوە و زانی کە من بەو ئەسپە براوم بۆ ئەفغان. ئەوەی کە باوکی کوژراوە یان هێشتا زیندووە، خایلەی خستە دڵی و پێمەوابێ هەر ئەمەش وای لێکرد لەگەڵ من قسە بکات. هیوای بە دەزگیرانەکەشی پتەو نەبوو. ئەیزانی دەزگیرانەکەی کاتێک ئەتوانێ دەستی ئەو بگرێ و بیباتەوە بۆ ماڵەوە کە پارەی تریاکەکە وەرگیرابێ. جا سارا یان ئەبوا لەوێ بە یەخسیری بمێنێتەوە یان لەگەڵ من هەڵبێ. ئەوە بوو ئەویش لەگەڵم هەلآت. وشترەکەش هەر ئەو ئامادەی کرد. لە بن دیواری قەلآت، خۆم هەڵدا بۆ سەر ملی وشترەکە و هەوسارەکەم وەرگێڕا بۆ ئەمبەر. شەوەزەنگ بوو، باش هەڵیکرد و ونبووین. ئێستە ئەوا سێ شەو و ڕۆژە لە بیاباندا ئەگەڕێن. ئەگەر بمتوانیایەت سەرڕاست بێمەوە شەو ڕۆژێک زیاتر نەبوو بەم وشترە. چ وشترێکە، باوکە! وەکوو با دەرئەچێ. بەیانیەکەی زانیم کەوتووینەتە قاینات. لای جام و قاینات. ڕەنگیشە بەختمان یار بوو کە کەوتینە ئەو ناوە؛ چونکە بازخان زانیوێتی و ئەوساش کە بزانێ بێکار دانانیشێ!»

ـ «چاوەکانت پڕە لە خەو، هەڵسە بڕۆ بخەوە. کچەکەشم دایە دەست دایکت. بەداخەوە بێ باوک بوو، کچی ڕەبەن!»

ـ «کوشتتان؟ بێکەس کوژ؟»

ـ «من نەمکوشت، دامە دەس جەندەرمەکان. بەڵام لەوێ، لە زیندان، گوڵمحەمەدی کەلمیشی لە خشتەی برد و لەگەڵ خۆی لە زیندان فڕاندی و یەکڕاست هێنای و خستیە بەر کەڵپەی گورگەوە. کوڕی حاجی پەسەندیش، لە بگرە و بەردەی شەڕەکەدا مێشکی پژاند. چارەنووسی ئەویش ئەوە بوو ئیتر. خوالێی خۆش بێ. چیرۆکەکەی درێژە. تۆ جارێ بە کچەکە هیچ مەڵێ تا بزانین چۆن ئەبێ. تازە هەر هاتووە، لێگەڕێ با تۆزێ بحەسێتەوە. بخەوە، بخەوە!»

بابقولی شەیدای خەواندبوو. شەیدا خەوتبوو.

شەیدا، ڕەنگە هێشتاش لە خەودا بێ:

«کوڕم... کوڕەکەم! بە هەق لە پشت و تیرەی منی!»

بوندار بەڕێوە بوو. سواری ماینەکەی ماهدەرویش بوو و لنگی ئەیدا لە قەبرغەی ماینەکە. نیگای سەرگەردانی دەشت و بیابان و هەتاو بوو. هووروووژمی ماندوێتی شەیدای خەواندبوو و هێرشی خەیاڵ و خەفەت خەوی لە بابقولی زڕاندبوو. بێداریی خەیاڵ و دڵەڕاوکێ بوو و خەوی خۆف و مۆتەکە. خەوتوو و بێدار و پەرێشان بوو. پەرێشانی هێرشی دووبارەی جیهەن خانی سەرحەدی. شەیدا گەڕابۆوە. هاتبۆوە و خۆش هاتبۆوە. جوامێرانە، تەندروست و سەربەرز گەڕابوویەوە. مایەی شانازی و دفرەی بوندار. سەرفراز و بەجێ، نموونەی دلێری و چالاکی و جەوانسەریی. بەڵام ئەمە کۆتایی کارەکە نەبوو. هەروەها کۆتایی قڕەکەش نەبوو. گەڕانەوەی شەیدا مەڵهەمێک بوو. بەڵام دەرمانی برینەکە نەبوو. چونکە برینەکە قووڵتر ببوو و کێشەکە ئەوەندەیتر بەربەرینتر بوو.

بابقولی بوندار وەکوو ڕۆژ لێی ڕوون بوو کە بازخانی ئەفغان دەرەتانی ناداتێ. دەرفەتی ئەوەی پێ نادا ئاوی خۆش لە گەرووی بچێتە خوارەوە. نەک هەر بازخان، لەویش خراپتر جیهەن خان ئەهەژێ. ئەو ئەیەوێ باری ئەو سووکایەتیە لە سەر شانی داماڵێ و تیژتر و خێراتر هێرش بۆ قەڵاچیمەن ئەهێنێ. گومانی تیا نەبوو

بەکرێگیراوەکانی بازخان، تفەنگچیە برسیەکانی، ئەو پیاوانەی گیانیان لە گرێوی پارووە نانێک‌دا بوو، جارێکیتر هێرش ئەهێنن و هێرشەکەیان زۆر دژوارتریش و ڕق ئەستوورانە ئەبێ. زرمە و گەردەلوولی سمی ئەسپەکانیان لەو ڕقەی لە دڵیان‌دایە، ئەگاتە ئاسمان. ئەکوژن و ئەسووتێنن و ئەڕۆن. کاولی ئەکەن و بە جێی ئەهێڵن. خوێنیان دابوو و خوێن بیانوویەکی زیندووە.

بەڵام چارە چی بوو؟ چارەی کار کامە بوو؟ پارەی ئەفغانەکان لە گەرووی ئالاجاقی‌دا گیری کردبوو و بەو ئاسانیە دەر نەئەهات. نەلێی دەرئەهێنرا و نەلێی ئەچووە خوارەوە. کە وا بوو ڕۆیشتن بەرەو ئالاجاقی ئەنجامی نەبوو. نەی ئەتوانی داوای لێ بکا. دەرەقەت نەئەهات. ئاو و زەوییەکەی نادعەلیش هێشتا بە تەواوی نەکەوتبوویە دەس ئالاجاقی. ئەگەر کەوتبێتە دەستیشی هێشتا بەرهەم هەڵنەگیراوە. هەرچەند ئەگەر بەرهەمیش هەڵبگیرایەت، هێشتا هەر چارەی هەموو کارەکە نەبوو. ئەی چارەی چی بوو و ڕێ کامە بوو؟

بوندار، ئەویش نە بە ڕوونی و ئەرخایەنی، دوو ڕێگەی لە بەردەمی خۆی‌دا ئەبینی. یەکیان ئەوەی کە شەیدا و کچەی ئەفغانی هەڵگرێ و بە پێی خۆی بچێ بۆ خاکی ئەفغان، لە سەر سفرەی بازخان چۆک دابدات و پێی بڵێ پارەکەی لە گەرووی کام بەرازدا گیری کردووە. واتە ڕاستەوخۆ بەرەو ڕووی ئالاجاقی بکاتەوە؛ کە ئەمەیان هەڵبەت باوەڕی پێ نەئەکرا و نە ئەچووە سەر. بۆچی؟ چونکە حەسێبی بازخان لەگەڵ بابقولی بوندار بوو نەک کەسێکی‌تر. بۆیە بە قازانجی بازخانی ئەفغان نەبوو تا دەست لە بوندار هەڵبگرێ و شاخ لە شاخی ئالاجاقی بگیرێنێ. ئەو ڕێگەیە زۆر نامۆ و خەیاڵاوی بوو. گریمان -کاری نەگونجاو- بازخانی ئەفغان قبووڵی ئەکرد و ئەیوت باشە پارەکەم لە ئالاجاقی ئەسێنمەوە. ئەوسا چی ئەبوو؟ یەکەم شت ئەوە بوو کە بوندار ئەبوا دەست و دڵ لە بن و بنەچەی خۆی دابشۆرێ و پایە و پلەی

بدۆڕێنێ. بۆ ئالاجاقی دژوار نەبوو ژێر پێی بابقولی بوندار گەسک بدات. کە وا بوو بوندار، پشتیوانی خۆی، زۆر و دەسەلاتی خۆی لە دەست ئەدا و ئیتر بوون و کەسایەتیەکی بۆ نەئەمایەوە کە بە یارمەتی ئەو هێزە، بتوانێ هێرش بکاتە سەر ئەم و ئەو. بە پەیامێک گزیری و سەرکاری ئاو و زەوی ئالاجاقی لێوەرئەگیرایەوە. لە کوێخایی ئەخرا و دەستی لە هەموو لایەک ئەبڕا. پاشانیش بەو هەموو دوژمنەوە بوندار بۆ خۆی دروست کردبوو، هیچ دوور نەبوو ڕەگ و ڕیشە و دار و نەداری تیا بچێ.

ئەم گومانە خاوە، کە لە پێشەوە خۆڵەمێشەکەی بونداری کوێر ئەکرد؛ ئەم بۆچوونە بە پێچ و خەمە کاتێک جێبەجێ ئەبوو کە بازخانی ئەفغان بڕوا بە بوندار بکات. کە ئەگەر وایشی لێ بهاتایە -کە بە دڵنیایی ڕواڵەتێکی ناخۆشی پەیدا ئەکرد- کێ ئەڵێ ئالاجاقی بۆ سووتاندنی ڕەگ و ڕیشەی بوندار، خودی بازخانی تێبەر نەئەدا. ئەوە نییە هەر لە سەرەتاوە مامەڵەی بازخان لەگەڵ بوندار بوو؟ ئەوە نییە کە دەس دەس ئەناسێ؟ ئەوە نییە کە کوڕ و پیاوەکانی بوندار، کاڵاکەیان لە دەست جیهەن خان وەرگرتبوو؟

بەڵێ، ئەم ڕێگەیە داخراو بوو. هەرچەند ئەگەر داخراویش نەبوایە، پڕ مەترسی و خوێناوی بوو. گومانی خاو. گومانی بێ ئەنجام بوو کە بوندار ڕوو لە بێگانە و پشت لە خۆیی بکات. ترسی تیاچوون، بونداری بۆ چ هەڵەیەک ڕاکێش ئەکرد! ماڵ و بن و بنەچەی مەگەر لە خاکی ئەفغان هەبوو، بوندار؟ ئەگەر دژی ئالاجاقی بوستایەت، لەپاش قەلاچیمەن کوێی هەبوو پەنای بۆ ببات؟ لە کوێ خۆی بگرێتەوە و کار و ژیانی چۆن بەڕێوە ببات؟ بابقولی بوندار خۆ ماهدەروێشی خەرمانگەڕ نەبوو؟ بابقولی بوندار خۆ قوربان بەلووچی لە کەسوکار دابڕاو نەبوو. بابقولی بوندار تەنانەت گوڵمحەمەدیش نەبوو. بوندار، بنەداری قەلاچیمەن بوو. ئەگەر بوو بە قەلاچیمەنەوە بوندار بوو. پێی

لە سەر خاک، ڕیشەی لە سەر خاکی گوند و دیاری خۆی دابوو؛ تێکەڵی هەبووەکانی، بەستراوە بە هەبووەکان. ئاو و زەوییەکی نیوە چڵ، ماڵ و دووکانێک، مەڕ و وشتر و چوارپێ، کڕین و فرۆش بە فراوانی مەڵبەندی زەعفەرانی. هەمار و خەرمان و کادێنێک. کار و سەرکاریی زەویوزاری ئاغە. سوود و قازانجێک، لە قەبەرغەی گایەک کە ناوی ئالاّجاقی بوو. منداڵ و ئایندە و ئارەزوو؛ بە دەسەڵاتێکەوە کە پێی وابوو هەیەتی. ئەم هەمووە کەم نەبوون. چاوپۆشی لەو گێژەنەی ئێستە تێیدابوو. ئەم شتانە بەرەنجامی تەمەنێکی ژیانی بوندار بوون. بەرهەمی تەمەنێکی نە ئاسان و یەکدەست. چاوپۆشی کردن لە بەرهەمی ژیان، بە هەر کەس بکرایەت، بە بوندار نەئەکرا. مەگەر ئەوەی شێت ببوایەت. ئەو شێتییە ڕووخێنەرەی کە تان و پۆی ژیان لێک ئەپچڕێنی و مرۆڤ لە بەستێنی هەڵەت و هەڵدێردا خۆی بە خۆی کردووە. کارێکی سانا نەبوو! بابقولی بوندار خۆ نادعەلی چوارگوێشلی نەبوو! جا ئاوەز تا کوێ بڕبکات.

ڕێگەیەکی‌تر. ڕێگەیەکی شیاوی ئارەزووەکانی بوندار، ئەو ئارەزووانەی لە سروشت و خووی بوندارەوە سەرچاەی ئەگرت. ڕێگەیەک کە خێر و خۆشی بوندار و تیاچوونی دژبەرەکەی بە دواوە بێ. شێوازێک کە ئەو بتوانێ خۆی لە پەنایدا حەشار بدات. داهێنانی ڕووداوێک تا خۆی بتوانێ لە لاوە بوەستێ و وەکوو چاودێرێکی زیرەک لە بەڵا پارێزراو بێ. ئەو شێوەیەی کە بتوانێ لفێک بۆ جیهەن خانی سەردار، بەرامبەر بە دەستی بەهێزی بازخانی ئەفغان بتاشێ. هاوتایەکی شیاو، خەنیم و خەباتگەرێکی نەبەرد. پیاوێکی بەهرەمەند لە دەماری شێتانە، بۆ ئەوەی بتوانێ جۆگەی خوێن لە چەقی ژیانی بوندارەوە بۆ لای خۆی و بنەماڵەی لار بکاتەوە. بەرانی بەرامبەر بە بەران و، لەم کاتە و لەم گێژەنەی بونداری تێکەوتبوو، ئەو خەنیم و هاوتایە بڵێی کێ بێ؟

«گوڵمحەمەد!»

خەیاڵی بوندار، لە یەکەمین و کورتترین ڕێگەدا گوڵمحەمەدی بینیبوو:

«دۆزیمەوە! گوڵمحەمەد! گوڵمحەمەد خۆ ئیتر پیاوێکی ئاسایی نییە. ناتوانێ پیاوی ئاسایی بێ. ناوبانگی لە سەرانسەری مەڵبەندەکەدا ڕۆیشتووە. لەمەودوا ئەو پاڵەوانە. لە حەپس هەڵاتووە، دز و دلاوەرێکی وەکوو کوڕی حاجی پەسەندی کوشتووە. جەندەرمەکانی بێ سەروشوێن کردووە و هێشتاش بەگوڕ و زیندووە. ئەسپی سەرکەشی دەشت و بنار و کێو و دەربەند؛ پیاوی بەناوبانگی کەلیدەرە. تەنها گوڵمحەمەدە کە بتوانێ لە بەرامبەر جیهەن خانی سەرداردا ڕابوەستێ و دەرەقەت بێ. تەنها گوڵمحەمەدە کە بتوانێ لە پەنای‌دا خۆیدا حەشاری بدات. بەڵام گوڵمحەمەد کوا و لە کوێیە؟ گوڵمحەمەد خۆی لە هەموو بێگانەیەک نەدیو کردووە. بەڵام من، بابقولی بوندار، خۆ لەگەڵ گوڵمحەمەد بێگانە نیم. هەم؟ بونداری قەڵاچیمەن لەگەڵ گوڵمحەمەد خۆییە. ئەوە نەبوو لە کاتی تەنگانەدا دەستم گرتووە و قەرزم پێداوە و لە ساڵی سەخت و وشکەساڵی پەڕاندمەوە؟ ئەوە نییە تەمەنێکی دوور و درێژە ئێمە و کەلمیشیەکان پێکەوە مامەڵەمان هەبووە و هەیە؟ ئەوە نییە خزمیشین! خەریکین ئەبین بە خزم و کەس. ئەسڵانی بوندار ئەگەر کچەکەی عەلی‌ئەکبەری حاجی پەسەند بگوێزێتەوە -کە ئەیگوێزێتەوە!- ئێمە لەگەڵ کەلمیشیەکان ئەبین بە خزم. هەر ئێستاکەش خزمین. خەجۆ دەزگیرانی کوڕەکەی منە. ئەوە نییە هەر ئێستاکەش کوڕەکەی من کاروباری دایکە کوێرەکەی عەلی‌ئەکبەر ڕائەپەڕێنێ؟ ژنی کوڕەکەی من، نەوەی پووری گوڵمحەمەدە. گریمان گوڵمحەمەد پوورزاکەی خۆی کوشتبێ، بەڵام خۆ خوێنی خزمایەتی لە دەمارەکانی خۆی دەرنەکێشاوە! گوڵمحەمەد خزم و کەسی منە. خزم ئەبێ دەستی خزم بگرێ، ئەبێ یارمەتی بدات. ئادەمیزاد مەگەر خزمی بۆ چ کاتێک ئەوێ؟

لەم ڕۆژانەدایە کە ئەبێ خزم بەکاری خزم بێت. ئەگەر وانەبێ بۆچیمە؟ نەبێ باشترە! ئەرکی سەرشانێتی و ئەبێ یارمەتیم بدات. مەگەر من کەمم چاکە لەگەڵ ئەم خزمانەم کردووە؟ ئەمانە نان و نمەکی منیان خواردووە. هەقم بە سەریانەوە هەیە. قەرزاری چاکەی منن ئەمانە. خەیاڵیان کردووە؟! جگە لەمانەش، ئەگەر زۆر قسەیان هەبێ، ئەگەر زۆر زۆر لووتیان قنج بگرن، ئەگەر زۆر خۆیان بە باڵادەست بزانن، دەیجا چییە... مامەڵە ئەکەین. مامەڵە! کام پیاوی ژیرهەیە لەم دنیایەدا کە نەیەوێ مامەڵە بکات؟ مەگەر کەر بێت! خزمایەتی با بوەستێ، مامەڵە ئەکەین. جۆ بهێنە و ئاڵوو بەرە! برایەتی بە کەنار، هێلکە یەکی دووشایی! وەرە بەرەوە، وەرە! یەکێک بدە و یەک وەرگرە! ئیتر ئەڵێی چی؟ من قەرزم لەلاتە، گوڵمحەمەد، قەرز. خۆشت ئەزانی. حەسێبەکەتم هەمووی نووسیووە. قەران بە قەرانی دیارە. قەرزەکەمت پێ ئەبەخشم. قەرزەکەم، لەبری کوڕەکەم. ئیتر ئەڵێی چی؟ ئەمە چ جۆرە مامەڵەیەکە؟ تۆ زستانێک شەیدات لە لای خۆتان ڕاگرتووە. تۆ وەکوو برا بوویت بۆ شەیدا. شەیدا وەکوو برای خۆی ناوی تۆ ئەبات. ئێستەش ئەینێرمەوە بۆ هەواری ئێوە. ئێستەش ئەیدەمەوە دەست خۆتان. ئەیدەمە دەست تۆ، دەست بڵقیس. ئەزانم جیهەن خانی بەلووچی ڕقی لە شەیدا هەڵگرتووە. خۆت ئەزانی ئەم بەلووچانە چەندە ڕق وشترین! زۆر لە بەریان گران بووە کە شەیدا توانیوێتی خۆی لە دەستی ئەوان، لە پشت برج و شوورەی ئەفغانەوە ڕزگار بکات. هەڵاتن لە قەڵای بازخانی ئەفغان کارێکی ئاسان نییە، دڵی شێری ئەوێ. کوڕەکەی من داخی ناوە بە دڵی ئەفغانەکانەوە، گوڵمحەمەد! ئەو دڵ و جەربەزەیە شەیدا، بەهۆی هەڵسوکەوت لەگەڵ تۆ بەدەستی هێناوە، گوڵمحەمەد! شەیدا کوڕی منە، بەڵام دەسپەروەردەی تۆیە. خونچەی جەوانی ئەو بە بوون و ڕەوشتی تۆ پشکووتووە. ئێستەش ئۆباڵی لە ئەستۆی خۆتە. دەست پەروەردەی خۆت

بگرە و بیپارێزە. ئەمەش برایەک بۆ تۆ. بە برایەتی قبووڵی بکە. وەری بگرە! من نامەوێ ئەفغانەکان جەوانەکەم لێ بسێنن. داخی لە دەسچوونی شەیدا ئەمکوژێت. شەیدا، تاقانەی منە، گوڵمحەمەد! ئەمجارە ئەگەر شەیدایان دەس بکەوێ بە زیندوێتی نای گەڕێننەوە، گوڵمحەمەد. ئەگەر ئەو ڕووداوە بقەومێ -زمانم لاڵ- من ئیتر چیم بۆ ئەمێنێتەوە؟ ئەو ئەفغانانەی من ئەیانناسم سەری کوڕەکەم بە خڕی ئەبڕن و بۆمی ئەنێرنەوە، گوڵمحەمەد! لە خۆبایی، چاونەترس و ڕقەونن. نامەوێ، نامەوێ خوێنی جگەرگۆشەکەم بە تیغی بازخانی ئەفغان بڕژێت، گوڵمحەمەد! شەیدا هیوای ژیانمە. یارمەتیم بدە، گوڵمحەمەد. یاریدەم بدە و دەستم بگرە. مەهێڵە قوڕ بچێ بە سەرمدا، دەستم بگرە! داماوم و پەنام بۆ تۆ هێناوە. خزمی من، برای من، سەرداری من، دەستم بە دامێنت. شەیدا غوڵامی تۆیە، برای بچووکتە، بەگمحەمەدی تۆیە. ئەم گەورەییەت لە بیر نابەمەوە، ئەم جوامێرییەت. ناوی تۆ، پشتی بە جەرگترین پیاوەکان ئەلەرزێنێ. تۆ پاڵەوانی. من پەنام بۆ تۆ هێناوە. گیانی کوڕەکەم وا لە دەستی تۆدا. ئەتوانی بیخەیتە ئاگرەوە، ئەتوانی ئازادی بکەی. هەڵۆی منە، شەیدا. ئێمە پێکەوە نان و نمەکمان خواردووە، گوڵمحەمەد. نان و نمەک. بەو نانە، بە بەرەکەتی ئەم سفرەیە سوێندت ئەدەم؛ بە مەردی و جوامێری سوێندت ئەدەم، گیانی جەوانەکەم بۆ بپارێزە، گوڵمحەمەد. بە جەوانی و بە جوامێری خۆت سوێندت ئەدەم؛ دەس مەنێ لە ڕوومەوە. ڕۆژێک هەر بۆت قەرەبوو ئەکەمەوە. ڕۆژێک چاکەت ئەدەمەوە. بەم کاتی خوایە، بە گیانی شەیدام، بە نمەکی ئەم سفرەیە، ئەم یارمەتیەت هەرگیز لە بیر ناکەم. ئەوە براکانت، مامت، دایکت شایەتی و وتووێژەکەی ئێمە بن. کە من بە مووی بەگمحەمەد سوێندت ئەدەم و بە گیانی شەیدا سوێند ئەخۆم! دەی؛ گوڵمحەمەد؟!»

ڕوو تێکچڕژاو و داگیراو؛ لووتی کشاو و برۆی تیژی بە

خەمێک لە هەر کەوانێکیدا، گوڵمحەمەد سەری هەڵێنا و سەیری خانئاپۆی کرد. لە هەمان کاتدا، وەک بڵێی پشیلەیەک نەوازش ئەکات، دەستە خاراوەکەی هێنا بە دەسکە پەڕداخت کراوەکەی تفەنگەکەدا و وتی:

ـ چۆن شوێنت هەڵگرتین؟

بوندار کە زیاتر لە بێدەنگیەکەی خانئاپۆ ئەترسا تا پرسیارەکەی گوڵمحەمەد، بە شێوەی تاوانبارێکی مسۆگەر ڕەنگ لە ڕوخساری پەڕیبوو و ترپەی دڵی توندی کردبوو. وەڵامی دایەوە:

ـ برادەر، برادەر ئەدۆزێتەوە خان! من هەمان بابقولیەکەی ساڵانی پێشوم کە ڕۆژی خۆم لە ناو ڕەوەند و هەواری کەلمیشیەکان و تۆپکاڵیەکان دەس ئەخست. بۆ ئەبێ ئێستە نەتوانم دۆست و ئاشنای ساڵانی خۆم بدۆزمەوە؟ بێدەنگی و دیسانەوەش بێدەنگی. خانئاپۆ سەری هەڵێنا و لە پەنای برۆ خەنجەرییەکانیدا، خامۆش و قووڵ ڕوانیە چاوە پەرێشانەکەی بوندار. بونداریش وەکوو چۆلەکەیەک کە خۆی لە نیگای هەڵۆیەک ئەشارێتەوە، کەوتە باڵە فرتێ؛ نیگای لە چاوانی خانئاپۆ دزییەوە و بە ناچاری و پاڕانەوەوە ڕووی کردە گوڵمحەمەد و بە بێ ئەوەی دەسەڵاتی بە سەر پرتە پرتی پێڵووەکان و گفت و قسەی پچڕپچڕی خۆیدا هەبێ، بە بێ ئەڤان پەنجە لەرزۆکەکانی خستە جووڵان و بە زەبوونی وتی:

ـ ئێوە... مەگەر ئێوە بە... بە من... بە بابقولی بوندار بڕواتان نییە... ئێوە؟!

خانئاپۆ بەبڕشت وتی:

ـ نەء!

ـ باشە بۆچی، خانئاپۆ؟! ئاخر لە بەر چی؟ چیتان لە من بینیووە؟ من کەی خراپەم لەگەڵ ئێوە کردووە؟ چ لارییەکم بەرامبەر بە ئێوە هەبووە؟ من... ئێمە... سی ساڵە... چی... لانیکەم بیست ساڵ زیاترە کە... کە پێکەوە مامەڵەمان هەیە،

یەکدی ئەناسین. هەمیشەی خوا ئاگامان لە کاری یەکدی، لە ڕۆژ و ژیانی یەکدی هەبووە. بۆچی ئەتانەوێ دەس لە ڕوومەوە بنێن؟ من... من کوێم هەیە بچم؟ کێم هەیە پەنای بۆ بەرم؟ من لێرە... تەنها ئێوەم هەیە. مەرد و مەردانە، مەرد و مەردانە خەریکم... خەریکم؟ داوای یارمەتیتان لێ‌ئەکەم، لە ئێوە، خان‌ئاپۆ؟!

لە بری وەڵام، خان‌ئاپۆ سەیری گوڵمحەمەدی کرد. گوڵمحەمەد وتی:

ـ ئێمە خۆمان گیرۆدەین، بوندار. دەست و باڵمان ئاوەڵە نییە. دوژمنیشمان کەم نییە. زیادەشمان هەیە. ناتوانین دوژمنی تریش بۆ خۆمان بتاشین؛ ئەویش لە خاکی ئەفغان! قەرزەکەشت لە کاتی خۆیدا ئەدینەوە.

بوندار بە دڵ لە ڕقدا سووتابوو، بەڵام بە ڕواڵەت زەلیل و پەرێشان بوو. وەڵامە سەرڕاست و بێباکەکەی خان‌ئاپۆ ژانی ڕژاندبوویە دڵی. بەڵام نەشی ئەتوانی بکشێتەوە. لەو بەر جێگەی نەبوو. سەر کزانە و بە زەلیلی و پاڕانەوەی زیاترەوە وتی:

ـ تاڵانم ئەکەن، گوڵمحەمەد! خان‌ئاپۆ، تاڵانم ئەکەن. ماڵ و ژیانم ئاگر تێبەرئەدەن! ئەمەش بە جەهەننەم. لانیکەم جەوانەکەم، جەوانەکەم بۆ بپارێزن ئێوە!

ـ بۆ داوا لە ئاڵاجاقی ناکەی؟

ـ کردوومە. دیسانەوەش ئەیکەم. خۆم خستۆتە ماڵەکەی. دیسانەوەش ئەچم. لە بەرپێی‌دا خۆم داوە بە عەرزا، دیسانەوەش ئەو کارە ئەکەم. بەڵام تا ئەچم و تا دەسم لە شوێنێک بەند ئەبێ شەیدام داڵدە بدەن. لەبەرتان ئەپارێمەوە. پێتان ماچ ئەکەم. خۆم ئەکەم بە قوربانتان خان‌ئاپۆ! گیانمان لە مەترسیدایە گوڵمحەمەد خان. مەترسیمان لە سەرە. جیهەن خان بووە بە دوژمنی خوێنیمان. دڵی ئەو کابرایە لە بەردە و مێشکیشی گەچی تیایە. مرۆڤ کوشتن وەکوو بزن کوشتن وایە لە لای. سۆز و بەزەیی نییە، خان. ژن و منداڵ و دار و نەدارم ئاگر تێبەرئەدا.

کابرایەکی یاخی کە ببێ بە بەکرێگیراوی حکوومەت خۆت ئەزانی چی لێدەرئەچێ. من کەوتوومەتە گیری ئەو گورگانە، هاوار و داد!

لە دوا وشەدا، بوندار نیگای لەسەر خانئاپۆ گیرسایەوە. هەر هەموو ڕوخسار و نیگای داماو و داواکاری یارمەتی بوو. خانئاپۆ وتی:

ــ تۆ پیاوێکی دووڕوو نا، دە ڕووی بوندار. عەلیئەکبەری حاجی پەسەند کە مەڕەکانی لە ئێمە دزی، دەستی تۆیشی تیابوو. دەستی تۆ لە هەموو کارەکانی ئەم مەڵبەندەدا هەیە؛ لە هەموو کارێکی ئەم ناوچەیەدا هەیە. ئەم جۆرە کار و کردارانە ون نابێ و لە بیر ناچێ.

گوڵمحەمەد، بۆ کۆتایی هێنان بەو جۆرە وتووێژە، وتی:

ــ دز لە دز ئەدزێ خانئاپۆ. کاری دز، دزییە، بیبڕێنەوە!

بوندار خۆی هەڵدایە ناو باسەکە و لە کاتێکا وەک شەپڵە لێی دابێ جووڵەی دەستەکانی پێ ڕانەئەگیرا وتی:

ــ ملم لە موو باریکترە، خان. تاوانەکەی ئەدەم. ئەیبژێرم. ملم لە موو باریکترە!

گوڵمحەمەد وتی:

ــ بچۆرەوە سەر گرفتاریەکەی خۆت، ئەتوت!

بوندار وتی:

ــ قسەی من ئەوەی کە من و ئێوە کارمان بەیەک هەیە. بەر لەمەش کارمان بەیەک هەبووە، لەمەو دواش سەروکارمان پێکەوە ئەبێ. گوڵمحەمەد خان؛ هەر کام لە ئێمە جۆرێک گرفتاریمان هەیە. هەر کاممان بە جۆرێک. من لە لایەن بازخانی ئەفغان و جیهەن خانی بەلووچەوە خراومەتە ژێر گیروگاز و ئێوەش لە لایەن حکوومەتەوە. ئێوە ئیتر ئاسایشتان نییە. ناتوانن لە یەک جێگە ئارام بگرن. ئەبێ هەمیشە نیشانەی هەڵە بدەن و ڕێ ون بکەن. ئەبێ لە تەق و ڕەو دابن. باشە، باشە... لەم کات و هەلوومەرجەدا یەکێکتان ئەوێ کە چاو و گوێی ئێوە بێ، وا نییە؟ یەکێکتان ئەوێ نان و ئاوتان پێ بگەیەنێ؟... ئالیک و

تفاق بۆ مەڕ و چوارپێتان دابین بکات؟ شمەک و کاڵاتان مامەڵە بکا و بۆتانی ساخ بکاتەوە؟ ئەتانەوێ. کەسێکتان پێویستە خزمتتان بکات. چاو گوێتان بێ. کەسێک کە پەیامتان بۆ... بۆ وێنە بۆ سەرۆکی جەندەرمە ببات و -ڕەنگە- پەیامێکتان بۆ بهێنێ. ئەنجامەکەی یەکێکتان ئەوێ ئەمانەتدارتان بێ. من لەم ڕوانگەیەوە زۆر دەستم ئاوەڵەیە. چەندین جۆر پیاوم لە ماڵەکەم هەیە. ئەتوانم زیاتریش پەیدا بکەم. ئەتوانم کارەکانتان بۆ بکەم. ئەتوانم یارمەتیدەر بم. مەگەر ئێوە پێویستتان بە یەکێکی وەها نییە؟ پێویستتان بە یەکێک نییە لەو نێوانەدا هەبێ؟

زمانی ڕێوی گورگ تێی ئەگات. خانئاپۆ تێگەیشتبوو بوندار ئەیەوێ چی بڵێت. ئەیبینی بوندار خەریکە گیا ئەگرێ بە بەردەمی بزنەوە. ئەیزانی بابقولی بوندار باسی چی ئەکات. بەیەک واتا، بوندار خۆی ئەکرد بە شەریکەبەش. بە واتایەکیتر تۆزێک خۆیشی ئەخستە مەترسیەوە. بەڵام ئەوەی کە بوندار ئەیوت -هەرچەند لە پەرێشانی و شپرزەییدا- زۆر بەجێ بوو. خەریک بوو هەنگاوێکی بەجێی هەڵئەگرت. پەنجەی لە سەر خاڵێکی بەرهەست و ورد دانابوو. ئاوەندیار! ئەو شتەی کە «بوون»ی لەم کاتەدا لە هەموو شتێک پێویستتر بوو. کەسێک پێویست بوو تا ئەو نێوانە پڕبکاتەوە. ئاڵقەیەک پێویست بوو و بابقولی بوندار بۆ ئەو کارە زۆر لەبار بوو. بۆیەش بوو کە جارێکیتر وەڵامی نا بە بوندار نەئەدرایەوە. لە خامۆشی شەوانەی کوختە قوڕینەی بیاباندا، لە بەر ڕووناکی تریفەی مانگەشەوی مەنگ کە لە کونەڕۆچنی بنمیچەکەوە ئەهاتە ژوورەوە، زانراو و نەزانراو پەیمانێک ئەبەسترا. پەیمانێک لە نێوان بێدەنگی گوڵمحەمەد و گوتەی بونداردا. ئەو دارەت و ڕەفتارەی کە خانئاپۆی بۆ پەسندکردنی ئەو پەیمانە بۆین ئەکرد.

خانئاپۆ بە مایەیەکی تەوسایەوە، بە بونداری وت:

ــ بەڵێن ئەدەی دەستت لار نەبێ بوندار؟

بزەیەکی نیوەچڵ و سووتاو بە دەوری ددانەکانیەوە، بوندار وتی:

ــ گاڵتەم لەگەڵ ئەکەی، خانئاپۆ! ئێمە تەمەنێک نان و نمەکمان پێکەوە خواردووە.

ــ زۆریش بەڕاستمە، بوندار! وەڵامی درۆکردن و دووڕەنگی، ئێمە بە گوللە ئەیدەینەوە. خۆشت ئەزانی، چارەی تریشمان نییە!

بزە سووتاوەکەی دەور ددانەکانی بوندار وشک هەڵات و کۆبوویەوە و ئەو تۆزە وزەیەش کە زابووە گلێنەی چاوەکانی، دامرکایەوە و بە ناچاری سەری ڕاوەشاند و چاوەڕێی کرد.

خانئاپۆ سەیری گوڵمحەمەدی کرد، ڕووی قسەی لە بوندار و پرسێنەر لە گوڵمحەمەد، وتی:

ــ جا خان بڵێ چی، بڕیاری کۆتایی بە دەس ئەوە!

گوڵمحەمەد سەیری خانئاپۆی کرد و وتی:

ــ قبووڵی ئەکەین!

بوندار وەک بڵێی لەپڕ ژیابێتەوە و وەک بڵێی خرابێتە سەر ئاگر، کەوتە هەلەکەسەما و تەنها کارێکە توانی بیکا ئەوە بوو کە دەستەکانی گوڵمحەمەدی بە هەردوو دەستی گرت و سەری بە سەریاندا دانەواندەوە و دەسبەجێ لەگەڵ خانئاپۆش وای کرد و ئەوەندە بە شەڵەژاویی کەوشەکانی ئەدا بە سەر یەکدا، وتی:

ــ بەندەم... خولامم، خۆم و بنەماڵەم. خۆم خولامم، خۆم و بنەماڵەکەم بە ئێوە ئەسپێرم. شەیدا بە ئێوە، بە تۆ ئەسپێرم گوڵمحەمەد خان، خانئاپۆ. من... یا پێغەمبەر!

خانئاپۆ هەڵسا و وتی:

ــ کوڕی گوڵخانم ئەتباتە سەر ڕێگەکە.

نوشتانەوە و لە دەرگا کورتەکەی کوختە قوڕینە چوونە دەرەوە. خانئاپۆ وتی:

ــ لە هەمان ڕێگەوە کە هاتی ئەگەڕێیتەوە. خۆمان لێت ئەگێڕینەوە! مردوو لێت نەبیسێ، بوندار!

لە سەربانەوە وترا:

ـ کوڕی گوڵخانم لە پێچی چەمەکە چاوەڕێتە! ماینەکەشت لەوێیە!

دەنگەکە جەوان بوو. بوندار سەیری سەربانی کرد. بەگمحەمەد، لە ژێر نیوخەمی مانگدا کێشکی ئەدا:

ـ ڕێگەکە بەو لایەدایە!

ـ بە سەر چاو خان. بە سەر چاو. بەڵام... داواکارییەکی ترم هەیە!

بەگمحەمەد وتی:

ـ بڵێ!

ـ ئەبێ لە خزمەتی خودی گوڵمحەمەد خاندا ڕایبگەیەنم.

خانئاپۆ کە گەڕابوویەوە بۆ بەر دەرگای کوختەکە و وا پێئەچوو بەگمحەمەدی لە سەر شانی خۆی ڕاگرتووە، وتی:

ـ وەرە بزانم ئەڵێی چی؟

بوندار بەرەو خانئاپۆ چوو و گوڵمحەمەد لە دەرگاکە هاتەدەرەوە و پشتی ڕاست کردەوە. بوندار نزیکی گوڵمحەمەد و خانئاپۆ وەستا و وتی:

ـ سەبارەت بە ئەسڵانیش تکایەکەم هەیە، خان!

ـ ئا، بڵێ!

ـ سەبارەت بە زەماوەندەکە، ئیشەڵڵا. زەماوەندی ئەسڵان لەگەڵ کچەکەی عەلیئەکبەری حاجی پەسەند. ئەگەر خان ڕای لێبێ وردە وردە بکەوینە خۆمان. خۆ ئاگاتان لەوە هەیە کە خەجۆ دیاریکراوی ئەسڵانە؟ ویستم دەرفەت لە خان وەربگرم.

گوڵمحەمەد وەڵامی پرسیارەکەی نەدایەوە و چوو بۆ پشت دیوارەکە.

خانئاپۆ بە بونداری وت:

ـ چۆن ڕووت هەیە ئەو داوایە بکەی پیاو؟ گڵی سەر قەبری پوورزاکەیان خۆ هێشتا وشک نەبۆتەوە، تۆ ئەتەوێ بە دەهۆڵ و

زوڕناوە کچەکەی ببەی بە بووکی؟!

بوندار، بۆ قەرەبووکردنەوەی هەڵەکەی، بە شەرمەوە سەری داخست و وتی:

ــ بۆ ئاگاداری و وەرگرتنی دەرفەت وتم، خانئاپۆ. ئەگینا بڕیار، بڕیاری گوڵمحەمەد خانە.

دەنگی بەگمحەمەد لە سەربانەوە، جارێکیتر هات:

ــ ڕێگەکە لەملاوەیە، لەملاوە!

ــ بەڵێ، خان. سپاس!

گوڵمحەمەد لە پێچی دیوارەکە گەڕایەوە، خانئاپۆ سەیری سێبەرەکەی بونداری کرد کە ئەڕۆیشت، وتی:

ــ درۆزن! فێڵەباز! سەیری ئەکەی؟ هەر لە ئێستەوە گەرووی ساف ئەکات، داراییەکەی عەلیئەکبەری حاجی پەسەند بە خەجۆوە هەڵئلووشێ. لە ڕاستیدا قسەی شایی کوڕەکەی و خەجۆی عەلیئەکبەر ناکات. باسی مەڕەکان و گوندەکەی کوڕی حاجی پەسەند ئەکات. ڕاستەکەت ئەوێ ئەو ئەم شتانەی بە وردی حەسێب کردووە! ئێستەش ئەدا بە گوێی ئێمەدا کە خاوەنی قەڵات و ڕانەکەی کوڕی حاجی پەسەندە. ئەسڵان، کوڕەکەی! قوڕمساخ، بە زمانی چاوی قسە ئەکات!

گوڵمحەمەد، خۆی لەم بۆچوونە، بزەیەک کەوتبوویە سەر لێوی؛ بەڵام وا پێ ئەچوو دڵ و دەماخی لە سەر ڕۆیشتنی نەبوو. ئەماژەیەکی بۆ سەربان کرد بۆ ئەوەی بەگمحەمەد دابەزێ و بەرەو چەمەکە ڕۆیشتن.

بەرداوێژێکی مابێ بۆ چەمەکە، بەگمحەمەد فیکەیەکی لێدا. دەسبەجێ محەمەد ڕەزای گوڵخانم ئەسپەکانی هێنا و هات. هەر کەسە و دەسکەوساری ئەسپەی خۆی گرت و پێی لە ئاوزەنگی نا. سواربوون و کەوتنە ڕێ. شەو، پەنای ڕەمیوەکان. بەرەو کوێ؟

ــ سەنگرد.

**بەندی دووەم**

قەڵای سەنگرد، لە بناری ڕۆژهەڵاتی کێوی سەنگرد لێی خەوتووە و کێوی سەنگرد لای سەرووی بەری ڕۆژاوای قەڵای سەنگرد ڕاوەستاوە. کێوی سەنگرد چوار لووتکە، یان بەو جۆرەی کە خەڵکی ناوچەکە پێی ئەڵێن چوار قوتەی هەیە: لووتکەی حەسەن کرڕاو، لووتکەی چاڵقی، لووتکەی تەکمەرگی و لووتکەی پیازی. لەگەڵ چوار دەروو: تەنگەی تاق مەتاق، گوزەری گاتاق، دەرووی چابڵووک و بواری باریک.

تەنگەی تاق مەتاق، گوزەری قەڵای سەنگرد.
دەربەندی گاتاق، دەروازەی قەڵامەیدان.
دەرووی چابڵووک، ڕێبازی قەڵاتی چاڵە سووتاو و،
بواری باریک، ڕێچکەی پشتکێوە.

پیرە کێوی سەنگرد، بە چوار لوتکە و چوار دەرووەوە. لە قاپێکی قووڵ ئەچێ. شتێکی وەکوو قاپێکی لە کۆنەوە سەری لە خاک دەرهێنا وە. لار و قۆڕ و ناڕێکوپێک. زەرد و ماهێکی بەردەڵان و کەم دار و کەم گیا؛ بە کانییەکەوە لە قووڵایی چاڵەکەدا کە بە بەردەوامی هەڵئەقوڵێ: کانی شیرین.

پیاوانی مە، بەرەو قەڵای سەنگرد داژووتن.

ـ رەوەند و ڕان دەنگیان چییە؟ لە کوێ بن باشە؟

خانئاپۆ لە وەڵامی گوڵمحەمەد دا وتی:

ــ لە دەوروبەری دەرەوەزان، ئەگەر هەڵنەکشابێتن بۆ بناری کەلیدەر. سەبرخان و کاکم لەگەڵ ڕانەکەن. ڕەنگیشە دابەزبێتن بۆ لای شینە ڕووبار یان گردەڕەش. خانمحەمەدیش دوور و نزیک ئاگای لە ڕەوەند و ڕانەکە هەیە. ویستم محەمەدڕەزای گوڵخانم بنێرم بۆ لای ڕەوەند، بەڵام...

گوڵمحەمەد وتەکەی خانئاپۆی لە ناوقەددا بڕی و وتی:

ــ ئەم کوڕەی گوڵخانم خۆ دەمی لەق نییە؟

بەدەم لۆقەکردنی ئەسپەکانەوە، محەمەدرەزای گوڵخانم گوێی هەڵخست بە ئاقاری سروەی بادا و بە نیگایەکی تیژ و نیگەرانەوە چاوی بڕییە نیوڕۆخە ڕەقەکەی گوڵمحەمەد. خان ئاپۆ پرسی:

ــ بۆچی؟ مەگەر شتێکت لێ دیوە؟

ــ هیچم لێ نەدیوە، بەڵام ئاشنایەتی لەگەڵ بوندار. ئەم ڕێویەی قەڵاچیمەن، هێشتاش متمانەم پێی نییە من! ئا، کوڕی گوڵخانم؟

محەمەدرەزای گوڵخانم بە شەڵەژاوییەوە وتی:

ــ نەء خان، نەء! بە سەری خۆت من لەگەڵ بوندار باسی یەک شتیشم نەکرد. نا!

خانئاپۆ پرسی:

ــ تۆش گومانت لە بوندار هەیە؟

گوڵمحەمەد لە وەڵامی خانئاپۆدا وتی:

ــ لە کوێوە بزانین خودی بوندار، لەگەڵ جەندەرمەکان ڕێک نەکەوتووە؟

خانئاپۆ وتی:

ــ قسەی دڵ و زمانی من ئەکەی! پێشتریش وتوومە بوندار پیاوێکی فێڵەبازە. زمانچەور و زمانبازە. لە شوێنی خۆیشیدا بێ بەزەییە. ئەو جۆرە کەسانە چەندە لە بەرامبەر بەهێزتر لە خۆیاندا خوێڕی و زەبوونن، لە بەرامبەر لاوازتر لە خۆیان زۆر

دڕەندەن. دڵی گورگ لە سینەیان دایە. ئەم شتانە هەمووی بە تەوێڵی بابقولی بوندارەوە نووسراوە. مەگەر ئەوەی کە شەیدای وەکوو بارمتە گل بدەینەوە.

گوڵمحەمەد لە وەڵامدا تۆزێ ڕاما و بە بێدەنگی ئەسپەکەی ئاژووژت و پاشان پرسی:

ــ بەڵام بیر لەوە ئەکەمەوە کە... ڕێککەوتن لەگەڵ جەندەرمە چ سوودێکی بۆی هەیە؟ بۆ ئەبێ ئێمە بکا بە دوژمنی خۆی؟ ئا، خانئاپۆ؟

خانئاپۆ وتی:

ــ نازانم.

گوڵمحەمەد وتی:

ــ چەندە بیری لێ ئەکەمەوە ئەبینم بوندار تا ئەمڕۆ بۆ ئێمە خراپ نەبووە، بووە؟

خانئاپۆ وتی:

ــ ئەوە نییە ئێمەش بۆ ئەو خراپ نەبووین. بەڵام مرۆڤ نابێ پشت بە پیاوی فێڵەباز ببەستێ. دووپشک بە پێی سروشتی خۆی پێوە ئەدا. جگە لەمەش بۆی هەیە دەرگای باخی سەوزیان پیشان دابێ. خۆ نابێ هەر خراپەت لەگەڵ کەسێک کردبێ کە بیەوێ تۆڵەت لێبسێنێتەوە. مامەڵە! ئەوانەی کە سەری دۆستمحەمەد خانی سەرداریان خڕخڕ بڕی چ خراپییەکیان لێ دیبوو؟ دۆستمحەمەد خان چ خراپەیەکی لەگەڵ کردبوون؟ مامەڵە، تەماح، گوڵمحەمەد. بوندار پیاوێکی تەماحکار و مامەڵەگەرە. لەپڕ بۆت دەرئەکەوێ لە سەر سەری ئێمە مامەڵەی کردووە!

گوڵمحەمەد بە بێ وەستان، وتی:

ــ ناوێرێ؛ جەربەزەی ئەوەی نییە! تۆ ئەڵێی ئەوێرێ؟

خانئاپۆ وتی:

ــ مەگەر ئەمەیان. مەگەر ئەوەی کە نەوێرێ، ئەگینا جێگەی بڕوا نییە.

گوڵمحەمەد، پەیگیری بیرەکەی خۆی وتی:

ــ قازانجیشی بۆی نییە. هەیەتی؟ ئەو پێویستی بە ئێمەیە. وایە؟ پێموانییە کاری وا بکات. نەخێر! خۆ مێشکی کەر لە ناو کەللەیدا نییە! تۆ ئەڵێی ئەوە نازانی ئەگەر دژی ئێمە کارێک بکات، ئەگەر تەنانەت یەک پیاوی کەلمیشی بمێنێ، تۆڵەی لێ ئەکاتەوە؟ نەء؛ بوندار پیاوێکی ژیرە. شەیدا، کوولەکەی دڵیەتی. ڕووناکی چاویەتی و ئەیداتە دەس ئێمە. ناچارە لەگەڵمان یەکڕوو بێ. چارەی نییە. سەبارەت بەو کوڕەکەی تریشی، ئەسڵان، هەمدیسان دەستی لە بن بەردی ئێمەدایە. بە بێ ڕا و ڕەوایی ئێمە خۆ ناتوانێ خەجۆ مارە ببڕێ. ئەتوانێ؟ نەخێر! جەربەزەی ئەوەی نییە. نەء. پێموانییە!

خانئاپۆ، جێگە و هەلی بۆ گلەیی کردن بەلەبار زانی:

ــ ئەوەندەی من ئەبینم تۆ بە دەستی خۆت دار و نەداری کوڕە پوورت پێشکەش کردووە بە بابقولی بونداری قەڵاچیمەنی! من نازانم چی لە سەری تۆدایە؟ دارایی کوڕی حاجی پەسەند لە شیری دایکیشت حەڵاڵترە. خوادایەکەی میراتی عەلیئەکبەری حاجی پەسەند بە کەلمیشیەکان ئەگات؛ بە کوڕەکانی بلقیس ئەگات. بە تۆ و براکانت ئەگا. بەڵام تۆ، تۆ ئەڵێی کوڕی پێغەمبەری نەعووزوبیللا!

گوڵمحەمەد، ڕووی کردە مامی خۆی و پرسی:

ــ ئەبوا چیمان بکردایەت؟

دەسبەجێ، خانئاپۆ وەڵامی دایەوە:

ــ ئەبوا دارایی عەلیئەکبەری حاجی پەسەندت بە گرد و کۆیی بگواستایەتەوە بۆ هەواری کەلمیشیەکان!

ــ مەبەستت ئەبوا قەڵاتی خوێناڵ بدەم بە کۆڵ ئەسپەکەمدا و بیبەم بۆ هەواری کەلمیشیەکان؟!

ــ نەء! خشت و کەرپووچی قەڵات، نا. بەڵام شمەک و کاڵای ئا! ڕان و چوارپێ ئا. ئێمە نەئەبوا قەناعەتمان بە چواردانە

پەرواره بکردایەت، ئەبوا کارەکەمان تەواو بکردایەت. ئەم برایەی تریشت، بەگمحەمەدیش ئەبوا دەستی لە عەشقێنی هەڵبگرتایەت، دەستی خەجۆمان بۆ ئەگرت و ئەمانهێنا لای دەستی بڵقیسەوه بۆمان دائەنا. خەجۆ ئەبوو بە بووکی بڵقیس و دارایی کوڕی حاجی پەسەندیش حەڵاڵ و پاک و خاوێن ئەگەیشت بە کەلمیشیەکان. ئەو پیرێژنە، گوڵەئەندامیش پارووەنانێکی لە سەر سفرەی خوشکەکەی بڵقیس، ئەخوارد. کاتێکیش کە بەگمحەمەدی ئێمە خەجۆ مارە ببڕێ، ئەسڵانی بوندار کلکی ئەخاتە ناو گەڵی، بۆی دەرئەچێ و لاشناکاتەوه. ئەچێتەوه بۆ پاچاڵی دووکانەکەی و قەند و چای خۆی ئەفرۆشێ. ئەوسا دەریش ئەکەوت کە ئەسڵانی بوندار ئەیەوێ بووک بباتەوه یان ماڵ و دارایی؟ ئەوسا دەرئەکەوت کە بە ڕاستی خەجۆی ئەوێ یان ڕان و قاڵیچە و باڵەخانە؟ باشە، ئەگەر خەجۆی ئەوێ، با مارەی ببڕێ؛ بەڵام بەو مەرجەی دار و نەدارەکەی لە سەر جێی خۆی بێ و هی پوورزاکانی عەلیئەکبەر. بەڵام ئەگەر ئەسڵانی بابقولی، سەرەتا داراییەکەی خەجۆی بوێ، ئەوسا دەستی چەور ئەکات و دێت و بەم سپیندارەدا هەڵئەگەڕێ! حەح... حەح... حەح! بەڕای من هێشتاش درەنگ نەبووه. بەگمحەمەدی ئێمە ئەتوانێ عەشقێنی کچی سوڵتانحورد لە سەری دەربکات و تووڕیدا. ئەمکاره زۆریش بەجێیە. یەکیان ئەوەی کە نەوەی پووری خۆی لە بن دەست و لاقی ئەم کەمتیارانە ڕزگار ئەکات و خۆیشی سەرپەرشتی کاروبار و داراییەکەی ئەکات. یەکیشیان ئەوەی کە کچی سوڵتانخورد دیاریکراوی نەجەف سەنگردییە و نەجەف لە ڕیزی دوژمنەکانمان ئەچێتە دەرەوه. دوژمنێک کەمتر. دوا وتەم بۆ ئێوه ئەوەیە، ئەگەر جگە لەمە بکەین واتاکەی ئەوەیە لەبری ڕێکردن بە ڕاستایی‌دا، خەریکین بە شاخ و هەڵدێردا سەر ئەکەوین. جا بڵێ بزانم بەگمحەمەد خان، کام پیاوی ژیر لە پارووەیەکی چەور و نەرمی وەکوو خەجۆ لائەدا و ئەچێ بۆ ژانەسەر ئەگەڕێ؟ خوا خۆی

خەجۆی لە ئاسمانەوە هێناوە و داوێتیە دەس برازای من. بەڵام برازای من بە دەستی خۆی کچەکە ئەدا بە ڕێوییەکی وەکوو کوڕی بابقولی بوندار، کە ئەو چەپکە گوڵە بژاکێنێ و بیپڕووکێنێ!

خانئاپۆ ئەیوت و بە نەرمە غار داژووت؛ بەڵام گوێی بەگمحەمەد وشەکانی مامی خۆی وەرنەئەگرت. وەک بڵێی خانئاپۆ بۆ کورتکردنەوەی ڕێگە، قسەکەی درێژکردۆتەوە. بەگمحەمەد بێدەنگیەکەی خۆی بە نیشانەی ڕێزگرتن لە خانئاپۆ پیشان ئەدا و، گوڵمحەمەد، بە جارێک لەوێ نەبوو و هەوایتری لەسەردا بوو. گوڵمحەمەد قسەکانی خانئاپۆی ئەبیست، بەڵام ئەو قسانەی بە گرنگتر لە مەترسی ئەو سێبەرە نەئەزانی کە بە دوایانەوە بوو. ئەوەی کە چەقی گومان و بیرکردنەوەی گوڵمحەمەدی داگیرکردبوو، ئەو کارە بوو کە دەستی تێوەردابوو و تێوەی گلابوو. کوشت و کوشتار. تەق و ڕەو. نا هێمنی و ناچاریی. ئەوەی کە ئێستاکانێ چ جۆرە مرۆڤێکە و بە چ شێوەیەک ئەبێ هەڵسوکەوت بکات؟ چی لە بەر بوو و چۆنی بکات؟ گوڵمحەمەد چاوی لە دواڕۆژ بوو و خانئاپۆ بەهرەی ئەمڕۆی ئەویست. خانئاپۆ، کوشتاری بە لابردنی لەمپەری سەر ڕێگا ئەزانی و گوڵمحەمەد کوشتاری بە کۆسپی سەر ڕێ. گرفتاری لە سەر گرفتاری، پەرێشانی لە سەر پەرێشانی. کۆتاییەکەی، ئەوەی کە لە بۆچوونی خانئاپۆدا کرانەوە و ڕێ دەربازکردن بوو، لە نیگای گوڵمحەمەددا بەرتەنگی و تەنگانە بوو:

ــ ئەبێ لە بیری شتیتردا بین، خانئاپۆ!

ــ وەکوو؟

ــ ئەبێ لە بیری هاوڕێدا بین. ئەبێ خەڵک بدۆزینەوە. خۆ ناتوانین وەکوو چەن دانە بزنە کێوی، بە دوور لە خەڵک و ئاوەدانی، بە بیاباندا بخولێینەوە. یار و هاوڕێمان پێویستە!

خانئاپۆ بە بێ شاردنەوەی گلەیی و بناشتی خۆی، وتی:

ــ ئەوە نییە زۆرمان ماڵ و دارایی پێکەوە ناوە؟! یار و هاوڕێ

نانی ئەویٚ، کەرەسە و جل و بەرگی ئەویٚ. ئەگەر دەستمان بە دەممان بگەیشتایەت، برسی و ڕووتەڵە لێمان کۆ ئەبوونەوە. بەڵام کە دەستمان بەتاڵ بیٚ، کیٚ دیٚت؟ بۆچی بێت؟ بۆ ئەوەی برسێتی خۆی لە سەر سفرە بەتاڵەکەی ئێمە هەڵگرێتەوە؟ مرۆڤ ئەتوانیٚ بە تەنها خۆشی بیٚ و برسێتیش بچێژیٚ. ئەو هاوڕێیەی کە تۆ ئەیڵێی خۆ نەخۆش نییە بێت و ئەو پارووە نانەی کە نییەتی بە خوێنی خۆی تەڕی بکات!

گوڵمحەمەد بەڕادەیەک بە بیر و خەیاڵەکەی خۆیەوە خەریک بوو ئەتوت نەیتوانیوە گوتە و تەشەری خانئاپۆ ببیسیٚ. بۆیە بە بیٚ گوێدانە ئەوەی کە خانئاپۆ بە گیروگرفتی ئەزانی، وتی:

ــ ئێمە پێویستمان بە هاوڕیٚ هەیە، خانئاپۆ! ئەبیٚ خەڵکێک هەبیٚ کە بێت بە دەنگمانەوە. ئێمە خۆ ئیتر ئەو پیاوانەی دوێنیٚ نین!

ــ ئەوە ئەزانم، مامە گیان! بەڵام کوانیٚ ئەو جۆرە پیاوانە؟

ــ ئەبیٚ هەبن.

ــ ئەگەر هەبن خۆ ئێمە دەس نانێین لە ڕوویانەوە.

ــ ئەبیٚ بیاندۆزینەوە. نیشانیان بکەین. ئەبیٚ بگەڕێین و دەستیان بخەین، یەکێک لە کارە گرنگەکانمان ئەبیٚ هەر ئەمەبیٚ. خۆزگە ئەویش لێرە ئەبوو.

ــ کیٚ؟

ــ لەگەڵ خۆم بووم. بەڵام... بەڵام لە مامەڵە لەگەڵ بوندارادا، ئەبوا داوای قوربان بەلووچمان لێبکردایەت. تۆ هیچی لیٚ ئەزانی خانئاپۆ؟

ــ هەندێکی لیٚئەزانم. ڕەنگە زیاتر لەوەی کە خۆی پێی وایە خەڵکی دەربارەی ئەزانن!

گوڵمحەمەد سەیری خانئاپۆی کرد و وتی:

ــ منیش ئەو شتانەی لە سەر ئەزانم. ئەگەر هێشتاش هەوایەک لە سەریدا مابیٚ یار و هاوڕێیەکی بەنرخە.

خانئاپۆ وتی:
ــ جارێ ئەوا بووە بە کەو و سەری کردووە بەبن بەفرەکەدا و دەنگی لێوە نایەت. بەڕای من ئەبێ پەروەندەکەی لە بن خاک دەربهێنین و بیخەینە بەردەمی!... بەران!
گوڵمحەمەد وتی:
ــ هەرگیز! ئەتەوێ بیشەمزێنی؟ لەگەڵ ئەو ئەبێ ڕاستگۆ بین!
خانئاپۆ وتی:
ــ ئەوەیان لە سەر خۆت! کێیترت ناوەتەوە؟
گوڵمحەمەد وتی:
ــ خەریکم بۆیان ئەگەڕێم!
بەگمحەمەد دایە غار و هاتەلایان، لە پشت چەورێژەکە ئەسپی ڕاگرت، لەغاوی کێشایەوە و وتی:
ــ خەریکین ئەگەینە سەنگرد، کاکە!
گوڵمحەمەد وتی:
ــ لە لاوە ئەڕۆین. ماڵی نەجەف برج و شوورەی هەیە. یەکێک بچێتە سەر برجەکە. خۆت، بەگمحەمەد! خانئاپۆ ئاگای لە حەوشە ئەبێ. منیش لەگەڵ نەجەف ئاغە ئەدوێم. تفەنگەکانتان پڕن؟
گەرووی برنەوەکان پڕ بوو لە فیشەک.
ــ تۆ لە ناو دالانەکە، لە پشت دەرگاکە کێشک ئەدەی، کوڕی گوڵخانم.
ــ من... من خۆ نازانم تفەنگ بتەقێنم، گوڵمحەمەد خان؟ بەڵام بە چاوان!
ــ خۆ خەنجەرێکت لە بن پووزەوانەکەت پێیە؟
ــ بەڵێ خان!
ــ زمانیشت خۆ لاڵ نییە!
ــ بەڵێ خان، بە سەر چاو!

خودی نەجەف سەنگردی دەرگا گەورەکەی ماڵەکەی بۆ کەلمیشیەکان کردەوە. پیاوان و ئەسپەکانیان چوونە ناو دالانەکە. خانئاپۆ تاکانی دەرگا پان و بەرینەکەی داخست، زنجیرە ئاڵقە درشتەکەی لە قوڵفەکە تێپەڕاند، گوڵمێخە زلەکەی کرد بە قوڵفەکەدا، سینە بە سینەی نەجەف گەڕایەوە و بە ڕاشکاوی وتی:

ــ تا ئەوکاتەی میوانی تۆین نەجەف خان، نابێ هیچکەس لەم دەرگایەوە بچێتە دەرەوە. نە لەم دەرگایەوە و نە لە هیچ کەلەبەرێکی ترەوە. ئەم پیاوەی ئێمە هەر لێرە، لە پشت ئەم دەرگایەدا کێشک ئەدا.

لە خامۆشیە مەنگەکەی نەجەفدا، بەگمحەمەد بە پلیکانەکاندا سەرکەوت بۆ ئەوەی بچێتە سەر برجەکە. نەجەف هەروا واق و وڕ، سەیری پەیشوێنی بەگمحەمەدی کرد. گوڵمحەمەد، نەجەفی لەگەڵ خۆی هێنا بۆ حەوشە و پرسی:

ــ لە جوتیارەکان یان پیاوەکانی خۆت کەس لە ماڵەوەیە؟

نەجەف سەری ڕاوەشاند و وتی:

ــ کارەکانیان کردووە و ڕۆیشتوونەتەوە بۆ ماڵی خۆیان.

ــ میوانی ئاشنا یان بێگانەی لێیە؟

ــ نەء، نەخێر!

ــ خۆیی چی؟

ــ تەنها دایکم، هیچکەسی‌تر!

خانئاپۆ لەوەزیاتر ڕانەوەستا، بڕنەو بە سەر دەستەوە، بە ناو ئەسپەکاندا تێپەڕی و لە ناو حەوشە، سووڕێکی دایەوە و سەری کرد بە ژوور و سەرتەنوور و هەمارەکاندا؛ گەڕایەوە و لەو بەری حەوشە، بەرامبەر بە ناودالان لە سەر لێواری ئاخۆڕەکە دانیشت و تفەگەکەی لە سەر ڕانی دانا.

نەجەف ئەرباب گوڵمحەمەدی بەرەو شانشین ڕێنموونی کرد. گوڵمحەمەد شان بە شانی کەوتە ڕێ. کاتێکە پێی نایە ناو

بەر هەیوانی سەرەوە بۆ ئەوەی پەرێشانیە دەروونیەکەی نەجەف ئەرباب هێور بکاتەوە، وتی:

ــ راهاتوون بە پارێزەوە بجووڵێنەوە، چیان لێ ئەکەی؟

نەجەف ئەرباب چووە شانشینەکە و ڕوخسارە خڕ و قەڵەوەکەی بە بزەیەک هێور بوویەوە. گوڵمحەمەد ڕاست بەرامبەر بە دەرگاکە پاڵیدا بە پشتیە هەورێشمەکەوە. نەجەف ئەرباب خوارتر لە گوڵمحەمەد نزیکی چراتۆڕەکە دانیشت و پرسی:

ــ شێو چی؟... لە پێشەوە چا، باشتر نییە؟

گوڵمحەمەد وتی:

ــ پاروویەک ئەخۆین.

نەجەف ئەرباب وتی:

ــ ئەگەر ئەمێنەوە با بەرخێک سەر ببڕم؛ ئەگەریش پەلەتانە با شێوێکی خێراتان بۆ ئامادە بکەم. هێلکە و ڕۆنێک...

دەنگی دایکی نەجەف لە بەرهەیوانەوە هات، بانگی کوڕەکەی کرد:

ــ وەرە سەماوەرەکە بەرە!

نەجەف ئەرباب چووەدەرەوە و پاش تۆزێک بە سەماوەرەوە گەڕایەوە:

ــ وتم هێلکەتان بۆ بکەنە ڕۆن.

سەماوەری لای دیوارەکە دانا و چوو بۆ لای تاقەکە بۆ ئەوەی سینی و پیاڵە و قەندان بهێنێ. ئەمکارەی لە ژێر چاودێری نیگای توندوتیژی گوڵمحەمەددا ئەنجام دا. پاشان پاکەتێک جگەرە، تووتن و شەمچە و سەبیلەی لە ناو دەورییەک لە بەردەمی گوڵمحەمەددا دانا و وتی:

ــ جگەرە ناکێشی... ئەکێشی؟

گوڵمحەمەد سەری ڕاوەشاند و خامۆش ما. نەجەف ئەرباب دانیشت. دەنگی هێشتا هەڵچوونی پێوە دیار بوو، بەڵام

ئەویست بە سەریدا زاڵ بێ. ئاگای لە گفت و کرداری خۆی هەبوو. هەرچەند هێشتا سی ساڵی پڕ نەکردبوویەوە بەڵام گفت و هەڵسوکەوتی نیشانەی بڕوا بە خۆیی پێوە دیاربوو؛ ئەگەرچی بە بێ مەبەست نەبوو ئەم بڕوا بەخۆ بوونە و نواندێکی شانۆیی پێوە دیاربوو. هەرچەند لەگەڵ گوڵمحەمەددا و لەم کاتی تەنگانە نامۆیەدا، لەسەرخۆ بوو و کرداری ڕێکوپێک بوو. وای دەر ئەخست، هەوڵئەدا قورس و قوڵ و تۆکمە بێ و بەو جۆرەی کە بە خۆی سەلماندبوو، تێ ئەکۆشا شوێنی بەتاڵی باوکی پڕبکاتەوە. نەکا جووتیار و ڕەشایی وابزانن خۆف و هەیبەتی لە باوکی کەمترە. کە وا بوو نەجەف ئەرباب ڕەفتارێکی وای لە خۆی پیشان ئەدا کە هەموو سووچ و کەنارەکانی ئەو قاڵب و قەبارەیەی لە باوکی، لە پیرەمێردە چاوشینەکە، لە بیر و مێشکی خەڵکدا مابوو، پڕبکاتەوە. ئەو پیرەمێردەی کە بەوپەڕی ئارامیەوە ئەیتوانی ڕاوەستێ و سەیری دارکاری کردنی جووتیار و ڕەشایی و شوان بێ: حاجی عەبدولعەلی سەنگردی. جا، نەجەف ئەرباب هەوڵی ئەدا لە بەرامبەر گوڵمحەمەدیشدا کە ناوبانگی خەریک بوو هەموو مەڵبەندەکەی پڕئەکردەوە، هێور و لەسەرخۆ بێ. هەرچەند هاتنی ئەو کەسانە، بە تفەنگ و فیشەکدان و بەو کاتە ناوەختە و بەو کتوپڕییە، نەی ئەتوانی گیانی نەلەرزێنێ. بەڵام نەجەف ئەرباب بە هەموو هێزو توانای خۆیەوە هەوڵی ئەدا ئەم خافڵگیربوونەی خۆی بە میواندارییەکی ئاسایی بنوێنێتەوە. میوانە و میوانیش کات و ناکات ڕوو لە ماڵی ئاغە ئەکات. بە شێنەیی ئاوی کردە قۆرییەکە و نایە سەر سەماوەرەکە. چاوە خڕ و شینەکەی کە لە چاوی پشیلە ئەچوو بڕییە گوڵمحەمەد و وتی:

ـ ئەڵێی چی، یەک دوو قاپ دۆکولیویش بڵێم ساز بکەن؟

گوڵمحەمەد، پێکەنینێک لە ژێر پێستیدا پرسی:

ـ ناپرسی بۆچی هاتووین، نەجەف ئەرباب؟

نەجەف، پیاڵەکەی گرت بە بن شێری سەماوەرەکەوە و وتی:

ــ باوی ئەدەب نییە میواندار لە میوانەکەی پرس و جۆ بکات، خان. بەڵام کە خۆت هێناتە گۆڕێ، باشە... ئەپرسم. بۆ چکارێک؟

گوڵمحەمەد چۆکاوچۆک جێ گۆڕکێی کرد و وتی:

ــ کات کەمە و سەرت نەیەشێنم. کاکڵی مەبەست ئەوەیە لە سەردەمی جەنگدا، پیاوێکی زیرەکم ئەناسی لە سەربازی بوو. خەڵکی جوللین بوو. کاتێکە وڵات تێکچوو لە سەربازی ڕایکرد. کاتی خزمەت بەرپرسی چەک و تەقەمەنی بوو. بەو پێیەی کە مرۆڤێکی ساختە بوو، نەک هەر خزمەتی نەکرد، بەڵکوو فەردەیەکیشی پڕکرد لە چەک و لەگەڵ خۆی بردی. ئەمەم کە بیست کەوتمە دوای تفەنگەکان و شوێنم هەڵگرت؛ نیشان بە نیشان و شوێن بە شوێن هاتم تا گەیشتمە بەر دەرگای ماڵی نەجەف ئەربابی سەنگردی. تا ئەم ماڵە.

بیبیلە شینەکانی چاوی ئەربابنەجەف، لەپڕ کەوتە سووڕان. ئەتوت چاوەڕێی هەموو شتێک بووە جگە لەمە. ئەتوت لاڵ بووە. لێوی وشکەڵات و زمانی بەسترا. نەیتوانی هیچ بڵێت، دایکی نەجەف سینی خواردن بە سەر دەستەوە فریای کوڕەکەی کەوت و نەجەف توانی بە هەڵسانی خۆی، ئەو چوارچێوە تەنگەی تێیکەوتبوو بشکێنێ و لەو قەفەسە خۆی ڕزگار بکات. نان و پیاز و ماست و قەیماخ لە ناو سینییەکەدا. دایکی ڕۆیشت هێلکە و ڕۆن و قاپێ دۆکولێو بهێنێ. نەجەف ئەرباب، سینییەکەی لە بەردەمی گوڵمحەمەددا دانا و خۆی کشایەوە.

ــ جا من ئێستە... پێویستم بەو چەکانەیە!

نەجەف ئەرباب هەناسەی ڕاست کردەوە و بۆ ئەوەی بێتەوە بە خۆیدا دەستی برد بۆ نانەکە، پارچەیەکی لێکردەوە و خستیە دەمی، کە لەپڕ ببوو بە داری وشک. چاوە ترساوەکانی کە هێشتاش فرەی ئەهات کەوتە سەر دەستە خاراوەکانی گوڵمحەمەد. دەستی گوڵمحەمەد، وەک بڵێی ناخودئاگا، دەسکی پەرداختکراوی برنەوەکەی وەکوو پشتی پشیلەیەک نەوازش کرد.

دایکی نەجەف بە سینیەکی ترەوە لە ناو دەرگاکەدا دەرکەوتەوە و گوڵمحەمەد بە نیگایەکی تیژ باڵی سێ گۆشەی سەربەندەکەی، کە لەژێر چەناگەیەوە بە سەر سینەی کراسەکەیدا بینی و تێپەڕی. دایک ڕۆیشت و نەجەف سینیەکەی دانا و دەورییەک هێلکە و قاپێک دۆکولێوی خستە سەر سینی میوانەکەی و بە دەنگێکی بەرز دایکی بانگ کرد:

ـ بۆ ئەو خانانەیتریش ببە!

دەنگی دایکی هات:

ـ بردوومە. پارچی ئاو لای دەرگاکەیە و زەرکیش لە سەر ڕفحەکەیە.

گوڵمحەمەد دەستی برد بۆ نانەکە و وتی:

ـ بە بێ پاداشت نابێ، نەجەف ئەرباب، ئەزانم حەزت لە مەڕی «شیرا»یە. لە دەرفەتێکدا سەر لە هەواری ئێمە بدە. ڕنگە بتوانی چەند دانەیەک مەڕی لەبار بۆ خۆت جیابکەیتەوە.

سەودا، سەودایەک کە سەرێکی زۆر بوو، کۆتایی پێ هاتبوو.

شێو خورا. نەجەف ئەرباب شەڵتەیەکی خۆڵاوی لە بەردەمی گوڵمحەمەددا دانا. گوڵمحەمەد دەرگای شەڵەتەکەی کردەوە و چەکی ورد و درشتی یەکەیەکە هێنایە دەرەوە و بە وردی سەیری کردن. چوار دەمانچە و سێ تفەنگ. پاش هەڵسەنگاندنی چەکەکان، چاوی بڕییە نەجەف و وتی:

ـ تفەنگی بێ فیشەک بەکاری چیدێ، نەجەف ئەرباب؟ بیانهێنە!

نەجەف ڕۆیشت و مجرییەکی بچوکی لە پاشخان هێنا. گوڵمحەمەد سەری مجرییەکەی هەڵدایەوە و کیسەی فیشەکەکانی دەرهێنا و سەیری کرد. کات و جێگەی مانەوە نەبوو. گوڵمحەمەد هەڵسا و وتی:

ـ ناتەوێ تا دەرەوەی ئاوایی بە ڕێمان بکەی، ئەرباب؟

نەجەف بە بێهوودە هەوڵی ئەدا گرێی مۆنی ناوچەوانی

بکاتەوە و ڕووی خۆش پیشان بدات. بۆیە ئەوەی بە ڕوخسارییەوە بوو پێکەنین نەبوو، بزەیەکی ژەهراویی بوو لە بن پێستیدا.

ـ چییە؟ پێپەڵکە ئەکەی، نەجەف ئەرباب؟

ـ نامەوێ نەموتبێ، گوڵمحەمەد. لەیلێ، کچی سوڵتانحوردی خەرسوفی دیاریکراوی منە. ئەمەوێ بە بەگمحەمەد بڵێی بکشێتەوە. بەگمحەمەد قسەی تۆ وەرئەگەرێ، لە تۆ... مەڕی «شیرا»م لێت ناوێ. ئەمەم ئەوێ.

گوڵمحەمەد لە شانشینەکەوە پێی نایە ناو هەیوان و وتی:

ـ سەر لە ڕەشماڵەکانی ئێمە بدە، نەجەف ئەرباب! وەرە خوارەوە حەمە! نانت خوارد، خانئاپۆ؟ هێلکەکەی بەلەزەت بوو کوڕی گوڵخانم؟ وەرە، ئەم شەڵتەیە بگرە و باری کە!

نەجەف ئەرباب، کاتێکە مەحەمەد ڕەزای گوڵخانم بە بەردەمیدا تێپەڕی، پرسی:

ـ ئەمە کوڕەکەی گوڵخانم... شوانەکەی عەلیئەکبەری حاجی پەسەند نەبوو؟

گوڵمحەمەد وتی:

ـ سوار ئەبین. نەجەف ئەربابیش تا خوار گردەکە لەگەڵمان دێ، ئەو شەڵتەیە درایە دەس تۆ، خانئاپۆ!

پیاوان لە ناو شەوی کۆڵانەکانی سەنگردا.

دایکی نەجەف، نیگەران و دڵ بە پەرۆش دەرگا گەورەکەی داخست:

ـ زوو ئەگەڕێتەوە، نەجەف؟

پیاوان ون لە شەوی کۆڵانەکانی سەنگردا.

سێبەرێک لە دوورەوە، جەندرمەیەک لە دوورەوە بە ئارامی بەرەو ماڵی نەجەف ئەرباب ئەڕۆیشت. نەجەف ئەرباب وتی:

ـ ئاشنایە؛ بۆ کارێکیتر هاتبوو.

جەندەرمەکە بە لاچاو سەیری کردن و تێپەڕی. سوارەکانیش بە هەمان ئارامی تێپەڕین. دەرەوەی قەڵاتی سەنگرد. غار، غار تا

خوار گردەکە. بە سینەی گردەکەشدا سەرکەوتن. لە سەر یاڵی گردەکە لەغاویان کێشایەوە. گوڵمحەمەد لەغاوی شەوەی بۆ لای یاڵی ئەسپەکەی ئەربابی سەنگرد وەرگەڕاند و وەستا. چۆکی دوو پیاو، سەربەسەر، گوڵمحەمەد تەوقەی لەگەڵ نەجەف کرد و لە وەڵامی پرسیارەکەی پێشوویدا وتی:

ـ بەڵێ. کوڕی گوڵخانم، شوانەکەی کوڕی حاجی پەسەند بوو. کوڕی حاجی پەسەند زۆر خراپ کوژرا. کوژرا لە بەر ئەوەی پاشقولی لە ئێمە گرت!

نەجەف، بە پێکەنینێکەوە وتی:

ـ بیستوومە!

گوڵمحەمەد وتی:

ـ ئێمەی فرۆشت بە حکوومەت بۆ ئەوەی خۆی دەرباز بکات. کەچی بوو بە بایسی سەری خۆی، پاشقولی لە ئێمە گرت کە هاوخوێنی خۆی بووین؛ چی بکەین ئیتر؟! ئەم خێڵاتیانە...

گوڵمحەمەد ئەمازەی بە مام و براکەی کرد و درێژەیدا:

ـ زۆر ڕق ئەستوورن. چاوەڕوانی یەکرەنگین؛ بەڵام ئەوسا کە ناپیاو ئەبینین ئیتر ناتوانی پێشیان پێ بگری!

نەجەف ئەرباب وتی:

ـ ئەزانم!

گوڵمحەمەد وتی:

جا بۆیەشە جەندەرماەکان لە کەین و بەینی ئەمشەوی ئێمە تێنەگەن باشترە. ژانەسەری کەمترە!

نەجەف ئەرباب سەری داخست و وتی:

ـ تێئەگەم!

گوڵمحەمەد لەغاوی سوڕاند و وتی:

ـ سەر لە ڕەشماڵەکانی ئێمە بدە، نەجەف ئەرباب. لانیکەم ئەوکاتەی کە هاتین بۆ ئاران و لە ئێوە نزیک بووینەوە. دەنگمان لێ دامەبڕە، پیاڵەیەک چا و قاپێک دۆکولیو هەر دەس ئەکەوێ...

ــ ئیشەڵڵا، ئیشەڵڵا!

شەو، تارماییەکەی نەجەف ئەربابی قووتدا.

گوڵمحەمەد لە کاتی کەوتنەڕێدا بە خانئاپۆی وت:

ــ کوڕی گوڵخانم بخە ڕێ بچێ بۆ لای ڕەوەند. های... مەڕەزا!

ــ بەڵێ خان!

ــ بزانە خانئاپۆ چیت پێئەڵێ، بەو جۆرە بکە!

ــ بە سەر چاو خان!

ــ دەبڕۆ دەی!

خانئاپۆ کوڕی گوڵخانمی بانگکرد و جووتە برا، بەگمحەمەد و گوڵمحەمەد بە خاوی ئەسپەکانیان بە شیوی نەرمی گردەکەدا بەردایەوە. خامۆش و بێدەنگ لە ژێر شەوی درێژ و ساماڵ و ئەستێرە باراندا. تەنانەت دەنگی سمی ئەسپەکانیش نەئەهات، کە عەرزەکە قوم بوو و وەکوو خۆڵە پووت. ئەتوت لبادت لە سمی ئەسپەکان بەستووە.

بەگمحەمەد، هەژاو و خامۆش بوو و، گوڵمحەمەد ئارام و خامۆش بوو. بەگمحەمەد ئەوەندە بێ ئوقرە بوو، شەڵەژانی هەناوی بە سەر زینەکەوە ئاشکرا بوو و، گوڵمحەمەد لەوپەڕی هێوریدا بە سەر زینەکەوە، ئارام و نەرم داژووت. پشت و شان و ملی، نەک چەماوە بۆ بەرەوە، بەڵام ئازاد و بەخۆ. چاوەکانی بۆ بەرەوڕوو، بە سەر ڕێگەی خۆڵەمێشیدا. خامۆش و لە ناو بیردا. بەڵام نەک بێ گوتە. گوتەی بێدەنگ. دوان لە ناخی خۆیدا و لەگەڵ خۆیدا. گوتە بە سەر زمانیدا نەئەگەڕا، کە گوتە و وشەی لە ناو مێشکیدا بوو و بیری، گوتە و وشەی ئەو. بە هەست و سروشت ڕەنگە تێگەیشتبوو زمانی بەرەڵڵا، بەرەڵڵایی بیر و هەناوی بە دواوەیە. ئەیویست قورسایی ئەو بارەی هەڵیگرتووە، ورده ورده هەست پێ بکات. بۆیە گرێیەک لە دەروونیدا موتوربە بوو و، نیشانەکەی گرێیەک بە ناوچەوانیەوە، ناچاری بیرکردنەوە و هەڵسەنگاندنی خۆی و کرداری خۆی. ناچاری مەیدانداری ئەو

مەیدان و ئەو جیهانەی بە دەوری‌دا دەمی لێکردبۆوە. مەیدان و جیهانێکی نوێ، لە کات و سەردەمێکی نوێ‌دا. بۆیە ئەبوا زمانی بخاتە ئەڤانی خۆی و بەر بە فرەوێژی و هەڵەبێژی بگرێ. ئەبوا کەم بڵێت و ئەشبوایەت بەجێ بڵێ: بۆیە هەموو کردە و گوتەیەکی، ئەبوایە بیر و گیانی هەبێ. کردە و گوتە و بیری، حەسێبکراو. بۆیەش ناوچەوانی خەریک بوو گرژییەکی تازەی لە سەر نەخش ئەبوو. مۆنیەک نە لە تووڕەیی‌دا بەڵکوو بە هۆی بیرکردنەوەوە. تاودانەوەی گرژییەکی موتوربەکراو لەگەڵ هەناوی‌دا. ئەبوا بڕوا بەوە بکات کە پێی ناوەتە ڕێگەیەکی زۆر هەڵەت و ناڕێک و ئەستەمەوە.

بەگمحەمەد بەڵام، ئارام نەبوو. نیگەران و شەڵەژاو بوو و دڵی لە دووی قسەیەک بوو لە سەر زمانی ئەسووڕا. هەژاوی کارێکی زۆر دژوار کە بە ئاسانی گرتبوو و، هەم نیگەرانی بەرەنجامی کارەکە. خان‌ئاپۆ کە لە خامۆشی شەو و نەرمەی ڕێگادا، ماوەیەکی قورس و درێژ بوو هاوڕێی برازاکانی ئەسپی داژووت، بە گاڵتەیەکی هەستپێکراو برازای ڕاچەناند:

ــ ئەم نەجەف ئەربابە زۆر خراپ لە بنەوە سەیری ئەکردی، بەگ؟!

بەگمحەمەد، لەپڕ و دەسبەجێ وتی:

ــ منیش هەر بیر لەوە ئەکەمەوە، خان‌ئاپۆ!

قاقا بە دەم و بە گاڵتەوە خان ئاپۆ وتی:

ــ دیارە ئەبێ کچەکەی سوڵتانحوردی خەرسوفی لە ئارادابێ، وا نییە؟!

بەگمحەمەد، ڕووی لە خان‌ئاپۆی وەرگێڕا و وتی:

ــ سەر ئەخەیتە سەرم، خان‌ئاپۆ!

بە قاقاوە، خان‌ئاپۆ وتی:

ــ قسەی دڵی تۆ ئەکەم مامە گیان، خراپم وتووە مەگەر؟

پاشانیش لە وەڵامی خامۆشیەکەی بەگمحەمەددا، درێژەی

پێدا:
ــ هەموو ئاگرەکان لە بن سەری ژنەوە، بڵێسە ئەگرێ، مامەگیان! من ئەم دنیایەم کۆن کردووە. ئەم شتانەی دنیا وەکوو ڕۆژ ڕوونە. بەڵام ئەمەوێ بزانم خۆت چۆنی بۆ ئەچی! ئا، خۆت چۆنی بیر لێ ئەکەیتەوە؟
بەگمحەمەد وتی:
ــ من دڵنیگەرانم خانئاپۆ! خەیاڵی پشتی سەرمان لە مێشکم دایە. نیگەرانی ئەوەم نەجەف سەنگردی کەی جەندەرمەکان ئەنێرێ بە دوامان‌دا. ئەوە نییە حکوومەت، بڕیاری گرتن و کوشتنی مەی بە هەموو زاڵگەکانی جەندەرمە داوە، وانییە مەگەر؟!
خانئاپۆ لە وەڵامدا وتی:
ــ بۆچی نا! منیش پێموایە.
ئەوسا بە گاڵتەوە درێژەی پێدا:
ــ بەڵام ئەگەر نەجەف ئەو کارەش بکات، بە هۆی دوژمنایەتی لەگەڵ تۆ ئەیکات.
بەگمحەمەدیش گاڵتەکەی مامی بە تەوسێک وەڵام دایەوە:
ــ من پێم وابوو نەجەف سەنگردی تفەنگەکانی لە کچەکەی سوڵتانخورد زیاتر خۆش ئەوێ! لەوەی کە بەو جۆرە بە خۆڕایی چەکەکانی لێسەندراوە ئەبێ جەرگی سووتابێ. بۆیەش ئەڵێم دوور نییە لەپڕ سەری ئەسپەکەی وەرگێڕابێ و بای دابێتەوە بەرەو زاڵگەی حەسەنئاوا. وانییە؟ ناکرێ؟
خانئاپۆ کە هەر لە سەرەتاوە دڵی لای ئەو خامۆشیەی گوڵمحەمەد بوو وتی:
ــ تۆ ئەڵێی چی گوڵە؟
گوڵمحەمەد وتی:
ــ سەری ئەسپەکەی بادابێتەوە بەرەو زاڵگەی جەندەرمە و بای نەدابێتەوە، ئێمە ئەبێ هەمیشە و هەموو کات وا بزانین

جەندەرمە هەنگاو بە هەنگاو بە دوامانەوەن. وشتر دزین خۆ بە کوورە کووڕ نابێ!... ئەبێ؟

بەگمحەمەد بە خۆیدا چوو و ترێق بوویەوە:

ــ ئەوە ڕاستە... بەڵام خۆ ئەبێ دۆست و دوژمنی خۆشمان بناسین!

لە تاریکی شەودا گوڵمحەمەد ڕووی لە براکەی کرد، چاوی تێبڕی و وتی:

ــ نەجەف ئەربابی سەنگردی دوژمنی ئێمەیە؛ بیناسە!

لەو بێدەنگیەیدا کە کەوتەوە، گوڵمحەمەد سەری وەرگێڕا و بە ڕاستی و بە شێوەیەکی وشک و تۆکمە وتی:

ــ بەڵام نەک لە بەر کچەکەی حاجی سوڵتانخوردیخەرسوفی کە تۆ حەزت لێیەتی؛ بە پێچەوانەی گاڵتەکانی خانئاپۆ!

گوڵمحەمەد هێور بوویەوە. بەگمحەمەد بەر لەمە ئارام بوو. خانئاپۆ بە خامۆشی گوێی ڕاگرتبوو. وا دیار بوو ئەیویست زیاتری لێ ببیسێ. بەڵام گوتەی گوڵمحەمەد خامۆش بوو. بێدەنگ. دەنگ، دەنگی سمکوتی ئەسپەکان بوو لە سەر خاکی بیاباندا. شەو لە کوێ سەر بنێنەوە؟

ــ قەڵامەیدان!

ماندوێتی کە لە سەر ماندوێتی کەڵەکە ئەبێ و لەش دائەهێزێ. ماندوێتی قورس. شەکەتی لەش، کوترانی ڕەگ و دەمار و ئێسقان. ڕێگە هەرچەند دووریش نەبێ و تا قەڵامەیدان بێ. تەپۆڵکە و دەستکەند. ئەمەش قەڵات. دابەزین. دەس بە ئاوێک. شۆردن و داتەکاندنی تۆزی ڕێگا لە قژ و سەر و گەردن. هەڵسەنگاندی گوند و پەنا و پەسێر. دیوار و کۆڵان و لاپاڵ. دەرووی دەرباز بوون. ڕێی ڕەو، ڕێگەکانی هەڵاتن. هەرچەند دەروبان و کۆڵان و کەنار لە شەودا ڕەشە و نامۆ. بەڵام قەڵامەیدان ئێرەیە؛ ئەوە بە جێی خۆی کە پیاوانی کەلمیشی تا ئەم کاتە ناچار نەبوون هەڵیسەنگێنن. بەڵام گوندی مەیدانە ئێرە.

چەکوشی کام دەرگا بتەقێنن؟
ــ هەم ئەبێ باڵەخانە بێ و هەم لە لایشەوە بێ.
ــ وابزانم، لەبەری ئەمبەر، کۆڵانی سەرووی گۆلاوەکە، ماڵێکی وام دیبێ سەردەمایەک.
ــ کە وا بوو بکەوە بەرەوە، خانئاپۆ!
هەر کامە و دەسکەوساری ئەسپی خۆی بە دەستەوە بە قەراخ مەیدانەکەدا چوونە ناو کۆڵانەوە. خانئاپۆ لە پێشەوە، بەگمحەمەد لە دواوەوە و گوڵمحەمەد و قەرە لە ناوەڕاستدا. کۆڵانەکە هەرچەند یەک دوو پێچ و خەمی تێ ئەکەوت بەڵام تا گەیشتن بە ماڵەکە کورت بوو. لە بەر دەرگایەکدا خانئاپۆ ڕایگرت و چەکوشی دەرگاکەی کوتا. پاش تۆزێک دەنگی خەواڵووی پیاوێک لە دالانی پشت دەرگاوە بیسرا کە ئەیپرسی کێیە!
ــ میوان ڕائەگری، کاکەبرا؟
ــ میوان خۆشەویستی خوایە، برام.
دەرگاکە بە دەم قسەکەی کابراوە کرایەوە و هەرچەند لە بینینی غەوارەکان تۆزێ داچڵەکا، بەڵام وتی:
ــ بەخێر بێن!
خانئاپۆ وتی:
ــ سێ پیاو و سێ ئەسپ.
ــ سەرچاوی من؛ فەرموون.
کابرا، هەردوو تای دەرگاکەی کردەوە و وتی:
ــ بیسمیلا!
خانئاپۆ کشایەوە و ڕێیدا بە گوڵمحەمەد. گوڵمحەمەد کاتێکە پێی خستە ناو حەوشەوە، وتی:
ــ نانمان خواردووە، برام. بەس جێیەکمان ئەوێ بۆ خەوتن. بەس جێگەی خەو!
کابرای جووتیار ئەوبەری حەوشەی پیشان دا و وتی:
ــ دیوەخان، خان. فەرموونە دیوەخان. شێویشتان نەکردبێ،

پارووە نانێک هەر دەس ئەکەوێ.

لە حەوشە، گوڵمحەمەد هەڵوەستەیەکی کرد و دەوروبەرەکەی هەڵسەنگاند.

جووتیار وتی:

ـ شوێنی ئەسپەکان هەر لێرەیە، خان. بەهاربەند شوێنێکی فراوان نییە، بەڵام... هەر ئێستە فانۆس ئەهێنم.

بەگمحەمەد بەرەو دیوارە کورتەکەی بەهاربەند کشا و ئانیشکی نایە سەر لێواری دیوارەکە، سەیرێکی جێ و کەوشەنی چوارپێکانی لای ئاخوڕەکە لێی نووستبوون کرد. خانئاپۆ، چوو بۆ هەیوان و شەڵتەی پڕ لە چەکی هەڵگرت و دای بە شانیدا. گوڵمحەمەد چوو بۆ لای دیواری بەرامبەر بەهاربەندەکە و بە نەرمی دەستی نا بە دەرگایەکی نزم و لارولەوێردا کە ئەژنۆیەک لە چاڵدا بوو و بەگوشارێکی ئەسپایی جیرەیەکی لە دەرگاکە هێنا. کابرای جووتیار فانۆس بە دەست لە ژووری بن هەیوانەکەوە هاتە دەرەوە، بە لای شانی خانئاپۆدا تێپەڕی و بە گوڵمحەمەد، کە لای باریکە ڕێی پلیکانەکانەوە وەستا بوو، وتی:

ـ لێرەوە، خان.

کابرای جووتیار، چەند پلیکان سەرکەوت، ئاوڕی دایەوە و فانۆسەکەی بۆ گوڵمحەمەد ڕاگرت و بە بەگمحەمەد کە هەروا لای دیواری بەهاربەندەکەوە وەستا بوو وتی:

ـ چوارپێکە ئەهێنمە دەرەوە، خان. جێ بۆ ئەسپەکان ئەکەمەوە. فەرموون!

جووتیار چاوەڕوانی کاردانەوەی قسەکەی خۆی لە سەر بەگمحەمەد نەکرد. لە دوا پلیکانەکە چووە سەر و باریکەی هەیوانەکەی بە دوو هەنگاو بڕی، قفڵی دەرگاکەی هەڵگرت و خۆی بە فانۆسەکەوە چووە ژوورەوە. فانۆسەکەی بە بزمارەکەدا هەڵواسی و ڕووی کردە میوانەکانی. ڕوخساری لە بەر تیشکی نەرمی فانۆسەکەدا ئاشکراتر دەرکەوت و لە کاتێکدا هەوڵی ئەدا

گومان و دڕدۆنگیەکەی بشارێتەوە، بە ڕوویەکی کراوەوە وتی:
ـ بەخێر هاتن. خۆ پیاڵەیەک چا ئەخۆنەوە؟ خراپ نییە خۆ؟
ـ بۆ ئەبێ خراب بێ؟
ـ بیرێک بۆ ئالیکی ئەسپەکان ئەکەمەوە. جۆی وشک بکەم بە سەر کا دا باشە یان گوڵە جۆیان بۆ دانێم، گوڵمحەمەد خان؟
گوڵمحەمەد بۆ ئەوەی لەوە زیاتر کابرا ڕانەگرێ، وتی:
ـ جۆیشتان ئەگەر نییە، بڕێک گیای تەڕ بخەرە بەریان.
ـ هەر ئێستە. جێگەکە تۆزێ تەنگەبەرە، بەڵام... هەر چۆن بێ ئەمشەو بیگوزەرێنن. ماڵی خۆتانە.
خانئاپۆ لای جێو بانەکەوە دانیشت و وتی:
ـ لە سەریشمان زیادە. زۆریش باشە.
کابرا کاتێکیش چووە دەرەوە هەر لە خۆی ئەبوویەوە. گوڵمحەمەد هێشتاش لای شانی دەرگاکە، نزیکی پەنجەرەکە وەستابوو و هەوڵی ئەدا، ڕوانگەی پەنجەرەکە بخاتە بن چاودێری، هەرچەند شەویش بوو. خانئاپۆ شەڵتەکەی نایە لاوە و پاڵیدا بە جێوبانەکەوە، دەستەکانی بەرزکردەوە و خۆی کێشایەوە، بە جۆرێک کە نووکی پەنجەی دای لە لێواری تاقەکەی ژوور سەری. باوێشکێکی کورتیدا و لە بێکاریدا لە گوڵمحەمەدی پرسی:
ـ ئەتناسی؟
گوڵمحەمەد هەروا لە بەر پەنجەرەکە و پشتی لە خانئاپۆ وتی:
ـ ناسیومە؟ جیاوازی چییە ئێستە ناوەکەی فێر ببین، یان لەمەوبەر ناوەکەیمان زانیبێ؟
خانئاپۆ دیسانەوەش دەمی بە باوێشکێکی پێکەنیناوی کردەوە و وتی:
ـ وا قسە ئەکەی ئەڵێی ماڵی خۆمانە ئێرە!
گوڵمحەمەد لە وەڵامی خانئاپۆدا وتی:
ـ مەگەر وا نییە؟ لەمەولا ماڵی خەڵکی ماڵی ئێمەیە.

ـ قسەکانت بۆنی دڵەڕاوکێی لێ نایەت، ئاپۆ گیان؟!
گوڵمحەمەد ئاوڕی لە خانئاپۆ دایەوە و وتی:
ـ هەر بۆیە بۆ شوێنی هێمن ئەگەڕێم.
هانگاوێکی بەرەو باوڵەکەی بن دیوارەکە هەڵێنا کە لە چاڵی دیوارەکەدا دانرابوو لە سەر لێواری باوەڵەکە دانیشت و قۆنداخی تفەنگەکەی لە نێوانی هەردوو قاچی لە سەر تەختی دیوەخان دانا و چاوی بڕییە مامی:
ـ ژیانی ئێمە خانئاپۆ، ئیتر گۆڕاوە و، ڕەفتار و کرداریشمان ئەبێ پێ بە پێی ژیانمان بگۆڕدرێ.
خانئاپۆ، بە وردی لە برازاکەی ورد بوویەوە و وتێی ڕاما. دیار بوو بەو ئەوەندە وەڵامە ڕازی نەبوو و ڕوونکردنەوەی زیاتری لە گوڵمحەمەد ئەویست. بەڵام گوڵمحەمەد وتی:
ـ ئەمشەو، من کێشکی یەکەمم. پاشان بەگمحەمەد ئەوەستێ. پاشانیش تۆ، گەنجەکان خەوی دەمەوبەیانیان پێخۆشترە. کێشکی تۆ ئەکەوێتە دەمەو بەیان.
خانئاپۆ بە گاڵتەوە وتی:
ـ کێشکمان ئیتر بۆ چییە؟ ئەوە نییە ئەڵێی شوێنی هێمنمان دۆزیوەتەوە؟
گوڵمحەمەد لە سەر باوەڵەکە هەڵسا و بە نەرمە پێکەنینێکەوە وتی:
ـ سەر مەخەرە سەرم ئاپۆ گیان! تۆ ئەم شتانە لە سەدی وەکوو من باشتر ئەزانی. ئێمە پشتمان ئەدەین بە خەڵکەوە، بەڵام لە سەر پێی خۆمان ئەوەستین.
بە دەم قسەکەیەوە، گوڵمحەمەد بەرەو دەرگای دیوەخان کشا و درێژەی دا:
ـ یار... چەندەش تۆی بووێ، لەخۆت زیاتر تۆی ناوێ!
کابرای جووتیار، پیاڵە و سفرەی مێوژەکەی هێنا و لای دەستی خانئاپۆوە دانا:

ـ جێی ئەسپەکانم خۆش کرد. کا و جۆ و کۆزەرەشم داناوە، خودی گوڵمحەمەد خان بە ئیشتیای خۆی بیکاتە بەریان.

ـ قوباد!

ـ بەڵێ خان!

کابرای جووتیار لە ناو دەرگاکەدا، لەپڕ پێی کشاندەوە و بەرەو خانئاپۆ وەرگەڕا. خانئاپۆ، خامۆش و خەندە لە سەر لێوی سەیری کرد.

جووتیارەکە تاوێک ڕاما و چاوەکانی دڕدۆنگ و ترساو هێڵی نێوان هەردووکیانی بڕی و پاشان بە پێکەنینێکی ساختەوە، چاوی بڕییە ددانەکانی خانئاپۆ و وتیەوە:

ـ بەڵێ خان؟!

خانئاپۆ، پشتی لە جێوبانەکە کردەوە و باڵنجەکەی لە بن باڵیدا گرمۆڵە کرد و لە هەمان دارەتدا، بە پێکەنینەوە وتی:

ـ کارم نەبوو، قوباد بەس ویستم بزانم هێشتاش بیرم بڕئەکات یان ئەبێ... فاتیحەی بۆ بخوێنم!

قوباد بە هەستێکی ئاسوودەیی و ئارامیەوە، پێکەنینەکەی ڕەنگی ڕاستەقینەی وەرگرت و وتی:

ـ ئا بەڵێ، خان. ڕاست ئەفەرمووی. بەڵام... لە کوێ بە خزمەتت گەیشتم؟ کەی بوو؟

خانئاپۆ سەرنجی دایە نیگای پرسای گوڵمحەمەد و وتی:

ـ زۆر لە خۆت مەکە. تا تۆ کتری چاکە بهێنی، من دێتەوە بیرم. لە سەر ناوی تۆ لەگەڵ گوڵمحەمەد خان گرێومان ئەکرد.

کابرا، بە پێکەنینێکی کورت و کول و پچڕاو ڕۆیشت بۆ چایی و خانئاپۆ پێکەنینەکەی لە چاوەکانی گوڵمحەمەددا تەواو کرد و وتی:

ـ هەرئەوەندە، بەس ناویم لە بیر مابوو!

گوڵمحەمەد هەنگاوێکی بە دوای قوباددا هەڵگرت و پێی وت:

ـ ئەسپەکانی ئێمە یەکەناسن، ئاگات لێبێ!

دەنگی قوباد لە سەر پلیکانەکانەوە هات:

ـ بەڵێ قوربان، ئاگام لێ ئەبێ!

بەگمحەمەد هاتە ژوورەوە و گوڵمحەمەد چووە دەرەوە و لە بەر هەیوانەکە، کە ئەیڕوانی بە سەر بەهاربەند و حەوشەدا وەستا. خانئاپۆ دەستی بۆ سفرەکە برد و مشتێک مێوژی هەڵگرت، دەستاودەست فووی لێکرد و کردیە دەمی و ڕوو لە بەگمحەمەد کە لە چوار چێوەی دەرگاکەدا وەستابوو و نەی ئەزانی چی بکات، وتی:

ـ گوڵمحەمەدی ئێمە بڕوای بە هیچکەس نییە. تەنانەت ئەم جووتیارەش.

بەگمحەمەد لە ناو دەرگاکەوە سەیرێکی براکەی کرد کە پشت لەمان وەستابوو و وتی:

ـ وا دەرئەکەوێ.

گوڵمحەمەد لە نیگای خانئاپۆ و بەگمحەمەد ون بوو و بەرەو پلیکانەکان پێی هەڵگرت. خانئاپۆ لوێچێک مێوژی هەڵگرت. بۆ بەگمحەمەدی ڕاگرت و وتی:

ـ وەرە پێشەوە؛ بۆ لەوێ وەستاوی؟ وەرە دەمت شیرین بکە!

بەگمحەمەد هاتە بەرەوە، چیچکانی کرد و دەستی لە بن مشتی خانئاپۆدا ڕاگرت. خانئاپۆ دەنکی مێوژەکانی لە کونی مشتیەوە، وەک دەنکی گەنم کە لە پلووسکی ئاشەوە ئەڕژێتە گەرووی هارەوە، ڕژاندە ناو دەستی بەگمحەمەد و بەر لەوەی دەستی لە سەر دەستی بەگمحەمەدەوە بکشێنێتەوە وتی:

ـ ئەوەی کە خۆیشی بەکێشکی یەکەم دانا، ڕازەکەی لەمەدا بوو.

لەپڕ، وەک بڵێی بیەوەێ خۆی بێدەنگ بکات، پەنجەی بۆ لێوی برد و وتی:

ـ گوێت لێیە؟!

بەگمحەمەد، لەسەرلا خۆی درێژکرد، ئانیشکی لە سەر لبادی ژوورەکە، سەر و گوێی برد بۆ ناو دەرگاکە و وتی:

ــ ئەبیسم. هەندێ شت ئەبیسم!

خانئاپۆ دەستی برد بۆ پشت گوێی، نەرمەی وەک چەرمی گوێی ئەتوت لکاوە بە پشت سەرییەوە، بە دوو پەنجە گرتی و سەر و ملی خوارکرد و پاش تۆزێک بە بەگمحەمەدی وت:

ــ خەریکە پرس و جۆی لێئەکا بەم نیوەشەوە؛ کابرای بەستەزمان! جوان گوێ بگرە؛ هێناویەتیە قسە. ئەبیسی؟! ئەها...

بەگمحەمەد، لە سەر شان و ئانیشک خۆی گەیاندە بەر دەرگاکە، سەر و شانی بردە دەرەوە، نیگای لە خانئاپۆ و گوێی لە وتووێژەکە بوو. خانئاپۆیش، لە سەر جێی خۆیەوە، کپ و بە پێکەنینەوە پرسی:

ــ ئەبیسی؟!

بەگمحەمەد، پەنجەی برد بۆ بەر لێوی و لە وەڵامی خان ئاپۆدا، سەری ڕاوەشاند.

دەنگی قوباد ئەوجا ڕەوانتر ئەهاتە سەر:

ــ من... پیاوی خۆمم، خان. پیاوی خۆمم. جووتیاری کەس نیم. نیو ڕۆژ ئاو و سفرەیەک زەویم هەیە. خۆم ئەیکێڵم و خۆشم هەڵی ئەگرم. ئەم گوڵە جۆیەی کە براکەی خان کردوویەتە بەر ئەسپەکان، بەری زووڕەسی دێمی ئەمساڵە...

ــ خێزانت، لە خوارەوەن وایە؟

ــ بەڵێ خان، لە ژووری دانیشتن... ئێستە ئەگەڕێمەوە و دەستێکی تر جێوبانتان بۆ ئەهێنمە سەر.

ــ نا، نا! نایەوێ مناڵەکان خەبەر بکەیتەوە. ئەو دوو دەسە بەسە.

لە پێش قوبادەوە، گوڵمحەمەد هاتە ژوورەوە، خانئاپۆ شەڵتەکەی هێنابوویە بەردەمی، ماوزێڕێکی ڕووسی دەرهێنابوو و

بەدەستیەوە، لە بن نیگای تامەزرۆی خۆیدا، دەستاو دەستی پێ ئەکرد. قوباد بە دوای گوڵمحەمەددا هاتە ژوورەوە، کتری چاکەی نزیک بەگمحەمەد دانا و چاوەکانی لە تەماشای بریسکانەوەی لوولەی تفەنگەکان کە لە دەمی شەڵتەکەوە هاتبوونە دەرەوە، دەروشایەوە و بۆ ئەوەی سێبەری ترس بە ڕوخساری خۆیەوە بشارێتەوە، پیاڵەکانی هێنایە بەرەوە و خۆی بە چا تێکردنەوە خەریک کرد. گوڵمحەمەد جارێکیتر، لە سەر باوەڵەکە دانیشت و وتی:

ــ لە خەویشمان کردی قوباد! خۆش بخەوی، برام!

قوباد ئەبوا هەڵسایەت و بڕۆشتایەت بۆ لای خێزانەکەی لە ژووری دانیشتن. ئەمە، واتای ئاشکرای گوتەکەی گوڵمحەمەد بوو. کترییەکەی دانا و بە دوودڵیەوە هەڵسا، بە بێ ئەوەی بتوانێ نیگای دووبارەی لە شەڵتەی چەکەکان بدزێتەوە:

ــ کترییە بەتاڵەکە خان... بە ئەرکی مەزانن لەودیو دەرگاکەوە دابنێن بۆ ئەوەی بەیانی زوو لە خەوتان نەکەم!

گوڵمحەمەد وتی:

ــ بە هیوای خوا!

ــ قوباد... شتێکی تر!

بە دەنگی گوڵمحەمەد، قوباد گەڕایەوە و لە ناو چوارچێوەی دەرگاکەدا وەستا و ترسێکی شاراوە لە گوتەیدا، وتی:

ــ بەڵێ، خان!

گوڵمحەمەد، بە ئارامی قوناخی تفەنگەکەی کوتا بە سەر لبادی ڕاخراوی ژوورەکەدا و بێ ئەوەی سەیری قوباد بکات، وتی:

ــ ئەمشەو دەرگا لە هیچ بێگانەیەک نەکەیتەوە!

ــ بە سەر چاو، خان. تێ ئەگەم. فەرمانێکیتر ئەگەر هەبێ...

گوڵمحەمەد، بە بزەیەکی نیشانەی سپاس لە چاوەکانیدا، سەیری کابرای جووتیاری کرد و وتی:

ــ ئاسوودە بخەوە، برام. خەمت نەبێ. خوات لەگەڵ!

قوباد، پێی نایە ناو هەیوان و لە کاتێکا بای ئەدایەوە بۆ لای پلیکانەکان وتی:

ـ بە هیوای خوا... بە هیوای خوا!

قوباد و دەنگی قوباد لە شەو و پێچی پلیکانەکاندا ون بوو، گوڵمحەمەد ئەتوت بە دوای کابرا و دەنگەکەیدا تا خوارەوە چوو. تاوێک ڕاوەستا و بە دەنگی کردنەوە و داخرانەوەی دەرگای ژووری دانیشتن -کە ئەتوت ڕاست لە ژێر پێی گوڵمحەمەد دایە-گەڕایەوە و جارێکیتر لە سەر لێواری باوەڵەکە دانیشت و قۆناخی تفەنگەکەی لە سەر لبادەکە دانا. لوولەکەی نا بە لای ملیەوە و پیاڵەی چا و مێوژی لە براکەی وەرگرت و بەر لەوەی مێوژەکان بخاتە دەمی وتی:

ـ لە بنی گەوڕەکەدا ڕێگەیەک هەیە بۆ کۆڵانی پشتەوە کە بەچەند ڕیز خشت و هێزم گیراوە، وەک کونە پشیلە. ڕێگەیەکیش، دەرگای حەوشە. دیواری حەوشەش کە خۆتان بینیتان، بە قەڵەمبازێک ئەتوانی خۆت هەڵدەیتە کۆڵان. لەم سەرەش لای چەپی هەیوانەکە کوڵە دیوارێک هەیە، پێموابێ ڕێگەی بانی باڵەخانەیە. لە سەر ئەم کوڵە دیوارەوە تا سەربان سینەیەک زیاتر نییە. ئەمێنێتەوە بزانین پشت دیواری ئەم باڵەخانەیە کوێیە و چۆن جێگەیەکە!

خانئاپۆ، ماوزەڕە ڕووسیەکەی لای چۆکیەوە دانا، دەستی برد بۆ پیاڵەی چاکە و وتی:

ـ ئەگەر باشم لە بیر مابێ، کەلاوەیە. ماڵێک بوو داتەپیبوو. تەنها هۆدەیەکی بە پێوە مابوو، کە برازای ئەم قوبادە -هەڵبەت برازای هەتیوی- لەگەڵ پیرێژنێک، نازانم کێ، لەو هۆدەیە ئەژیان. ئەمە قسەی ساڵ و نیوێک، ڕەنگیشە دوو ساڵ لەمەوبەرە. پاش ئەوەی کە براکەی قوباد، کاتی دۆڵەساوی کارێزەکە، لە بیرەکەی خنکابوو. ئەگەر باش لە بیرم بێ، هەمان ئەو کوڕەش لەگەڵ باوکی ببوو و قاچێکی گۆچ بوو. لە خواییەوە گیانی دەرباز کردبوو.

ئاخر ئەم کارێزانە هاوتەمەنی خوان. خاکەکەیان پووکاوەتەوە، هەوا لێیبدا دائەڕووخێ. جا قوبادی ڕەبەن تا بەیانی ناخەوێت و بیری لێ ئەکاتەوە کە منی لە کوێ دیوە و من ئەوم لە کوێ دیوە! نەمویست بەم کاتی شەوە بیری بخەمەوە. وتنی نەبوو. لەوێ دیبووم. لە سەر بیری کارێزەکە. تەرمی براکەی لە بیرەکە دەرهێنابوویە دەرەوە. کۆتایی پایز بوو، خەریک بووین ڕەوەندمان ئەبرد بەرەو چاڵە سووتاو. ئێوە هەر کامتان بە کارێکەوە خەریک بوون. قوبادی بێ زمان! ئێستە لە خوارەوە گوڵمێخێکی گرتووە بە دەستیەوە و خەریکە مێشکی هەڵئە کۆڵێ، هەتا من لە سووچێکیا بدۆزێتەوە! پیاڵەیەک چای ترم بۆ تێکە با بۆخۆم بخەوم؛ ئەرێ؟ وتت من ئێستە بخەوم، وایە؟!

گوڵمحەمەد لە وەڵامیخانئاپۆدا وتی:

ــ تۆ و بەگ؛ هەردووکتان!

دەنگی لێدانی دەرگای ژووری دانیشتن، گوڵمحەمەدی ڕاکێشا بەرەو هەیوان. قوباد، لێفەیەکی نیوداشتی بەکۆڵەوە، لە پلیکانەکان ئەهاتە سەر. گوڵمحەمەد گەڕایەوە ژوورەوە. قوباد لێفەکە و بالینجێکی هێنا بۆ دیوەخان، لای دیوارەکە داینا و لە کاتێکا لە دەرگاکە ئەچووە دەرەوە، وتی:

ــ وتم نەکا پێخەفتان کەم بێ...

قوباد نەوەستا، تا سپاسی میوانەکانی بە نیگا ببینێ یان بە گوێ ببیسێ. گوڵمحەمەد تا بەر دەرگاکە بەڕێی کرد و گەڕایەوە. سەیری خانئاپۆی کرد و وتی:

ــ پیاو شەرمکوژ ئەکەن! لێفەی سەر مناڵەکانیان ئەگرنەوە و ئەیهێنن بۆ میوان!

خانئاپۆ کە گرێی جێوبانەکەی کردبۆوە و خەریک بوو دۆشەکەکەی دائەخست، سەرینەکەی ڕێک کرد و لێفەکەی لادا، لە سەر دۆشەکەکە ڕاکشا و وتی:

ــ لە ترسـایە! لە ترسی خۆی بەو جۆرە خزمەتمان ئەکات!

ئـ . . ـا ـا ـا!

باوێشکەکەی تەواو کرد، مەچەکی نایە سەر تەوێڵی و بە گفتێکی خەواڵوو، پێڵووەکانی نایە سەریەک و درێژەی دا:

ـ هەرچی هەیە خوا چاکەی بداتەوە! ئێمە خۆ جارێ دەستمان لە عەرەب و عەجەم بڕاوە.

لەپڕ، خانئاپۆ وەها کوژایەوە ئەتوت ئەوە هەرگیز ئەو نەبووە کە هەر ئێستە بە ئاگا بوو و قسەی ئەکرد! بە بزەیەکی نەرم، گوڵمحەمەد نیگای لە ڕوخساری مامی گواستەوە و ڕووی لە بەگمحەمەد، کە جێی ڕاخستبوو و چاو و گوێی لە کاکی بوو، دەرفەتی خەوتنی بداتێ، وتی:

ـ چاوەکانت خەریکن دێنە دەرەوە لە بێخەویدا! وەرە، بخەوە ئیتر!

بەگمحەمەد تفەنگەکەی لای دەستیەوە خستە ژێر دۆشەکەکە و سەری خستە سەر سەرینەکە و لە نەرمەناسەی خانئاپۆدا، چاوی لێک نا و وەکوو منداڵێک خەوی لێکەوت. گوڵمحەمەد فانۆسەکەی کزکرد و جارێکیتر سەیری شەڵتەکەی کرد و خستیەوە سەر جێی خۆی. پاشان کتری و پیاڵەکانی هەڵگرت و لە دەرگاکە چووە دەرەوە. لە ناو هەیوانە بچووکەکە، لە سووچی شەودا وەستا. کێشکی یەکەم. هووروووژمی خەو. شەکەتی لەش و ئاڵۆزیی خەیاڵ. چاوانی تیژ و وشک. دوو چڵ گزیچاڕی وشک لە دڵی چاوەکانیدا، لە سەر مەمکی خەوتووی شەو. دوو تەڵاشی دڕنی دڕنی تامەزرۆیی خەو لە ناو ڕەگی شینی شەودا، حەزی سست بوونی پەرە پێ ئەدا. دەستانی بڵیند و ڕووت، باوەشێکی ئاوەڵە و ڕووت. شەو، جادووی سازکردووە، بەڵام ململانێ؛ ململانێی ناو جێگە و دڕکی چاو. ململانێی خەیاڵ و خەو، ململانێی شەو و بیری ناو سەری پیاوەکە: «ئەڕوات، هەر ئەڕوات!»

نەرمەناسەی خەو، نەرمەناسەی خەوی خانئاپۆ و

بەگمحەمەد. دەم و دەم، ئاوازی نەرمەناسە. چ خامۆشیەکی نامۆ بوو. دڵی شەو ئەتوت لە هەناوی زەویدا لێئەدا. شەو ئەتوت هیچ شتێک پێستی نالەرزێنێ. لەم ناوەدا گوڵمحەمەد بوو قاچی خەیاڵی لە کاکێشان و خاک، سەرگەردانی ڕێگەی نەڕۆیشتوو:

«من یاخی بووم؛ ئەمە ڕاستە. ڕاستەقینەیە!»

راستەقینە، هەندێ جار لە دڕکێک ئەچێ ئەچەقێتە چاو.

گوڵمحەمەد بیری لەو ڕۆژەڤە ئەکردەوە و ئەیبینی هیچکات بیرشی لێ نەکردۆتەوە. هەرگیز بە خەیاڵیدا نەهاتبوو ڕەنگە ڕۆژێک وای لێبێ. ئەوەی کە ئەمڕۆ هەبوو، ئەوەی کە ئەمڕۆ وای لێهاتبوو. ڕابردوویەکی دەماودەم دەست و پێگیرتر، دژوارتر. دۆسیەیەک ڕۆژ بە ڕۆژ قورستر. ناوێک هەتاو تا هەتاو بەربەرین، ئەفسانە و ئەفسانەتر!

«خەڵک... چ مەیدانێک بە بەرەگەی گومانی خۆیان ئەدەن!»

کێ بوو ئەمڕۆ گوڵمحەمەد لە نیگا و لە گومانی جەماوەردا؟ کێ بوو گوڵمحەمەد لە نیگای گومانی خەڵکیدا؟ گوڵمحەمەد بوو. بەڵام ئیتر ئەو پیاوە وردیلە چالاک و ئارامە و، ئەو داربڕە گوێڕایەڵە نەبوو. ئەو پیاوەش نەبوو کە لە سەر ئاو بایی و لەوەڕگە دەم بنێتە دەمی کوێخا و گزیر. گوڵمحەمەدی ئەمڕۆ دلاوەرێک بوو، دلێرێک بوو، دلاوەر لە گومانی دۆست و دلێر لە چاوی دوژمندا. گوڵمحەمەد، ساتێک بوو کە پێشتر هەرگیز بیری لێ نەکردبوویەوە.

«دلاوەر؟ دلاوەری؟!»

وەهابوو. وەهایە، دلاوەری بە باڵات بڕاوە. پێت خۆش بێ یان پێت ناخۆش بێ. وەهایە، کابرایەک وەستاوە باڵای بەقەد باڵای بڵیندی شەو. خۆری هەموو بیابانەکان لە چاویدا. دەستی بە میهرە و برۆی دژوێن و باری هەموو وێرانکارییەکان بە کۆڵیەوە. ئاگرێکە لە خۆڵەمێشی کوانووە بەردەکانی دەشت ڕاساوە. دەستی بە میهرە و برۆی دژوێن، هەتاوێکی سووتێنەر لە چاوانیدا

و ڕوخساری گەڕۆک، لە نێوان هەزار چاوی نامۆ و هەزار چاوی ئامۆدا. ئاشناکان کێن؟... کێ چووزانێ؟

دوژمنان؟... دیارن!

شەو دیار و، ئەستێرە ون.

«ئادەمیزاد چۆن پێوە ئەبێ؛ چۆن؟!»

بەردێک ئەخەیتە بیرەوە کە سەد ژیر ناتوانێ دەری بهێنێتەوە، شێتە! بەردەکە دەرناهێننەوە هیچ ، بەو خەوش و خۆڵەی ئەیکەن بە سەریدا، شوێنیشی ون ئەکەن، کوێری ئەکەن. نەء! ڕێی گەڕانەوە نەماوە، گوڵمحەمەد! ئەوەی هەیە، لە پێشەوەیە و، ئەوەی لە پێشەوەیە، هەیە. هەیە و هەیە. ڕاستیەکەی ئەمەیە. شادی کە لە چاوت ئەنیشێ. ئەو ڕێی کە بڕیوتە، گەڕانەوەی نییە. ڕێیەک ئەگەر هەیە لەبەردەمتە. دوێنێ ڕابرد. ئێستەش بۆ بەیانی سینە سپەر بکە! بەیانی، ڕۆیشتنی بە کۆمەکۆم و سینەخشکێ ئەگات، نەکا بە خافڵی تووش ببیت. کاری تۆ بەیانی دژوارتر ئەبێ. باری ڕابردووت، بەیانی قورستر، ئاڵۆسکاوتر، شەڵەژاوتر. ئەمە تازە سەرەتای عەشقە!

«ئای... ئای... چۆن بگونجێم؟»

شەو و گوڵمحەمەد. حەک لەم شەوە؛ شەوێکی وا، سروە ئەبێ سەما بکات.

دەنگێکی نامۆ ئەبێ هەبێ، لوورانەوەی چەقەڵێک ئەبێ لەم خامۆشیە تۆزێ بلەرێنێتەوە! ڕاوەشاندنی ناکاتی باڵی کەڵە شێرێک -لانیکەم- ئەبێ شەو بتەکێنێ. نەء، بەڵام نە! لە چاو و گوێی گوڵمحەمەددا هیچ نەبوو مەگەر خامۆشی و تەنهایی. شەو و، تەنها شەو. شەو، لە سەر شانی بانەکاندا جێی خۆش کردووە. شەوی ئەمشەو چەند پەتیە. چەند زوڵاڵ و چەند پاکیزە و چ ڕەسەنە. شەوی ئەمشەو لە ژنێک ئەچێ خۆی شۆردبێ، بە ئوقرەی دڵ. شەو...

«لە کوێی مارالەکەم؟ چاوەکانت لە بەستێنی کام پانتایی

پڕ ئەستێرەدا مەلە ئەکەن؟ خەیاڵت لە کام بیابان‌دا لە فڕین دایە؟ چی ئەکێشم لە دەستی تۆ، ماراڵ؛ ئەگەر ئازیزتر لە گیانم نەبوایەتی، ئەموت پێوقەدەمت شەڕ بوو ماراڵ! مایەی ئاوارەیی، ئەی مایەی ئاوارەیی من ماراڵ! ئێستە، بەڵام ئەگەر لە هەر ئەستێرەیەکەوە خەنجەرێکم لێ ببارێ، ڕووت لێ ترش ناکەم. پێو قەدەمت پیرۆز! بۆ ماڵی خۆت بەخێرهاتی!... بەڵام ئەی گیانەکەم، لەگەڵ دایکم چی ئەکەی؟ لەگەڵ ئەو چۆن ڕۆژگار ئەگوزەرێنی؟ مۆنی کەلمیشی، گرێی برۆکانی چۆن بە گیان ئەکڕی؟ زیوەر... ئەو چی؟ ئای... ئەو ئادەمیزادێکی غەمگینە! ئەی کوڕەکەم، کوڕەکەمان چۆن ئەدوێنیێ؟ سەیری من ئەکەی؟ هێشتاش سەرم نەپەرژاوە ناوێکی لێ بنێم. کۆرپەکەم لە ناو خوێن‌دا، پێی‌نایە سەر خاک و خشت. بە قریشکەی تفەنگ بەخێرهاتنمان لێکرد. بە دەمی تفەنگ و بۆنی باروت، نە بەخەندە و قاپێ شیر و بێنی گیا. بۆ خاکی خۆت بەخێرهاتی، ڕۆڵەکەم!»

سووتانەوەی بە ئازاری جێ پێی شەو لە سەر پێڵووەکانی. پێڵوو، کای وشک. ماندوێتی لە هەموو پێستیەوە، هەڵئەقوڵا. شەو بە هەر هەنگاوێکی، شوێن لە سەر گیان و دەماری کابرا دائەنێ. کێشە، بەردەوامە. کێشەی تێپەڕینی قورسی شەو و خۆڕاگریی پیاو. گوڵمحەمەد بەڵام ئەو کەسە نییە لە بەر شەکەتی لەش و ئێسقان ببەزێ. کە ئەگەر خۆی بدا بەدەست سستی لەشەوە، لافاوی خەو یەکسەر ئەیبات. ئەمەی بەتاقی کردۆتەوە، لە شەوانی دژواری زۆر سارد و سەخت‌دا و، هەم بە شەوانی زۆر گەرم و هەناسە پڕووکێن‌دا. لە سەر کێشکی شەو ئەوترا:

«بۆری ئاسن لە ناو ملی‌دایە!»

واتاکەی ئەوە بوو کە گوڵمحەمەد ناتوانێ مل دانەوێنێ، گوڵمحەمەد مل دانانەوێنێ. کە وا بوو، کێشک تا بەیانی، یەک پێ. با تەمێ ببێ. بەڵام تەمێ بوون بەو جۆرە بوو کە

گوڵمحەمەد تەمێ نەبوو. بەڵکوو لەوەش شێلگیرتر بوو. لەوەش گیان بەختتری لێدەرچوو. کۆتایی کار، لە ناو تەرمی خوێن و مەرگ و لە ناخی بەفر و نەفرەت و گوللە و ئاگرەوە خۆی دەباز کردبوو؛ بە هیوای بیابان و پەز و ڕەشماڵ؛ شوانی. لە هەموو کات و ساتەکاندا بیری لە شوانی و مەڕداری کردبوویەوە و بەس. هەرگیز و هیچکات بیری لەم ڕۆژە نەکردبۆوە کە بەو جۆرە دژوار و پڕ پێچ و پەنابوو. لە نێوان کەڵپەی مەرگدا لە گەرمەی شەوانی بە خۆفی خەباتدا، هەرچەند یەکلایەنە و هێرشکەر بوو، بەڵام ئەو و ئەوانی وەکوو ئەو، لە ترس و سایەی مەرگ پارێزراو نەبوون. بوو ئەوەی کە بوو و یەکلایەنە بوو، نەک بەم جۆرە لەم چەم و خەمی نامۆ و پڕ لە دڵەخورپەدا. بوو ئەوەی کە هەبوو، ئەرک بوو و ناچاری بوو و ماوەیەکی دیاریکراوبوو و کۆتایی هەبوو. ئەگەر گوللەیەکی لە ناکاو خوێنی لە سەر بەفر و خاک نەڕشتایەتی، ڕۆژت دوارۆژی هەبوو و ئەنجامی کارەکەت ئازادی بە دواوە بوو و ئازادییەکەت ئەیبردیتەوە بۆ ناو خێزان و ڕان و بیابانت، کە ئەوە خۆی مرازی تۆ بوو. بەڵام...

«ئای... لەم ئادەمیزادە چ سەرێکی شەڕاژۆی هەیە! تەمەن کورت و کات بە جیرە. خەو، خەو... با بخەون خۆشەویستەکانم. با تێرخەو بن. حەیف نییە لەو خەوە خۆشەیان بکەم؟! حەیف لە شەڵەژاندنی ئەو خەوە خۆشە. بلا بخەون. گوندێکی ئاوەدان لە سەد کاولە شار باشترە. بە شکاندنی ئەو خەوە، خەوی خانئاپۆ و بەگمحەمەدیش، باری من بار نابێ. بارەکەی ئەوان بەڵام لە نیوەی ڕێ لەنگ ئەبێ. با وزەی لە دەسچوویان بژیەتەوە. وزەی ئەوان وزەی منە. بازووی ئەوان، بازووی منە. شەوە و شەوێکە و نابێ بە هەزار شەو. با بخەون ئازیزەکانم، یارەکانم. ڕۆژ هەرئەگات. ڕۆژ هەر ئەبێتەوە!»

رووی لە دەرگای دیوەخان وەرگێڕا، چاڵی نێوان هەردوو شانی نا بە سووچی دیواری دەرگاکەوە و پانایی سەری نا بە دیوارەکەوە و

ساتێک ڕاما. پاشان بە نەرمی بە دیوارەکەدا خزایە خوارەوە و لە بن دیوارەکەدا چیچکانی کرد، تفەنگەکەی لای دەستیەوە لە سەر عەرز دانا و ئانیشکی نایە سەر ئەژنۆی و پێڵووە وشکەڵاتووەکانی چەند جار لێکدا بەڵکوو قورسی و سستی خەو لە چاوەکانی بتەرێنێ. سەری بەڵام قورس بوو و پێڵوو قورس و ماندوێتی بە خەستی و بە ئەسپایی بە دەمارەکانیدا ئەگەڕا.

کازیوە. بەرامەی لە دووری دەمەوبەیان. بۆنی پاشماوەی بەهار و بەرەوپیری هاوین. سستی تەمەڵی پاشماوەی شەو. خەو. تامەزرۆیی شیرینی خەو. شەو بە بێ خەو ڕا ئەبووری، دەمەو بەیان بەڵام ئەستەمە و ئەمە ئەگەر درۆ نەبێ، بەیانی بوو لە ناوچەوانی بڵیندی ڕۆژهەڵاتەوە ئەڕوا و باڵای ئەکرد. کازیوە. بۆنی سەرخۆشەکەی کازیوە. پیاوی شەو، بۆ ئەوەی خەوەکەی بڕوێنێتەوە، چاوی لە ڕووناکیە. هەمان ئەو ڕووناکییە مەنگ و نامۆیەی کە بە ترس و دڕدۆنگیەوە دەست بۆ تاریکی ماوەی شەو ئەبات. کێشەیەکی ئارام و بە ئاشتی. ڕێگە دیار و هەر کەس بە ڕێی خۆی. شەو بە پاڵەپەستۆی نەرمی بەیانی، پاشەکشە ئەکات و ئەڵێی سەری کردووە بە ناو ملیدا و بەرێی خۆیدا ئەڕوا. ئاسمان کراژ هەڵئەدا. ڕووت ئەبێتەوە. ڕووت و ڕووتتر. خاڵ و خشڵ لە خۆی ئەکاتەوە. کراس فڕێ ئەدا. باڵی بەهێزی کەڵەبابێک بە دەم باوێشکەوە، پۆپەشمینەی هەورێشم ڕائەشەکێنێ و هەورێشمی ناسک فڕینێکی شینباو لە باڵ ڕاوەشاندنی کەڵەشێرەکاندا ئەچرێنێ. فڕەی باڵ و بانگی کەڵەشێر. باڵەفڕە و بانگ و قووقەی کەڵەشێران. بەیانی لە سینەی ئاسۆوە خەریکە ئەڕوێ.

پیاوی خاوەن ماڵ هەڵساوە. دەنگی دەرگا. گوڵمحەمەد تیژ و چالاک سەر ئەکێشێ. کابرا سەرەتا چوو بۆ هەمار. جۆی وشک و گیای هێنا و ئامادە، لە بن دیواری بەهاربەندەکەدا داینا. قۆڵی هەڵکرد و بەرەو دەرگای حەوش چوو. پێی نایە ناو کۆڵان و لە نێوان دووتای نیوە کراوەی دەرگاکەدا ڕاوەستا. گوڵمحەمەد توانی

باڵی سەڵتەکەی لە سەر خۆڵی دەم جۆگەکە ببینێ. کابرا پاش تۆزێک گەڕایەوە و دەرگاکەی بە دوای خۆیدا داخستەوە. نووکی لووت و پەنجەکانی ئاوی لێ ئەتکا.

گوڵمحەمەد شانی دانەواند و سەیری ناو دیوەخانی کرد. هەوای دەمەو بەیان خانئاپۆی وشیار کردبۆوە. دەنگی نوێژکردنی قوباد لە هەیوانی خوارەوە ئەبیسرا. خانئاپۆ، لە سەر دۆشەکەکە تلا، لە سەر ئانیشک دانیشت و سەیرێکی دەوروبەری کرد. وەک بڵێی ئەیەوێ شوێن و کاتەکەی بیربکەوێتەوە و بە پێی خوو دەستی برد بۆ تفەنگەکەی.

گوڵمحەمەد، ڕووی لە ناو دیوەخان وەرگێڕابوو، وتی:

ـ بخەوە خانئاپۆ، ماوێتی تا خۆر هەڵاتن!

خانئاپۆ چاوی هەڵگلۆفی و لە ناو دەرگای باڵەخانەوە سەیری بەیانی کرد و وتی:

ـ ئەی بۆ لە کاتی خۆیدا وشیارت نەکردمەوە؟

گوڵمحەمەد وەڵامی نەدایەوە. خانئاپۆ لە سەر جێگەکە لاچوو و وتی:

ـ لانیکەم وەرە تۆزێ ڕاکشێ و چاوێک گەرم بکە. من وردە وردە ئەڕۆم سەر لە ئەسپەکان ئەدەم.

کاتی خەو، بە ڕاکشاوی لە سەر جێگە، تازە تێپەڕیبوو. گوڵمحەمەد، هەروا کە دانیشتبوو لە بن هەیوانەکە، پانیەی سەر بە دیوارەکەوە، خەوی لێکەوتبوو. خەو نا، ئەتوت لەشی پووکاوەتەوە. پووک و پووش، لێکهەڵبڕاو، داهێزراو. کونە وردیلەکانی پێستی لەشی، ئەتوت لەوە زیاتر خۆیان لە بەر ماندوێتی پێ ڕانەگیراوە. مۆخ مردوو، خاو و سست ببوون و دەنگی خانئاپۆ، ئەتوت پەیامی ئەرخایەنی بوو تا گوڵمحەمەد گیان و دەماری کوتراوی خۆی پێ بسپێرێ. بۆ تاوێک دەرباز بوون لە هورووژمی بیر و خەیاڵ.

خانئاپۆ سەر و شانی لە دەرگاکەوە بردە هەیوان و دەم بە

باوێشک، ڕاوەستا. بە تەمەڵی شانی نا بەدیوارەکەوە و پشتی دەستی گرت بە بەردەمیەوە و پێڵووەکانی بەست و کردیەوە. مەلەکردنی خڕۆکەی چاو لە ناو ئاودا. بە سەری پەنجە دڕنیەکەی دڵۆپە ئاوەکانی لەسووچی چاوی سڕییەوە، و بە لای گوڵمحەمەددا چووە هەیوان. سەری لە گێژەوە ئەهات یان لە چاوی خانئاپۆدا، خانووەکەی قوباد لە کازیوەی هێشتا لێڵی دەمەوبەیاندا خەوتبوو و دیوار و دەر و بان و حەوشە و گەوڕ و ئاخوڕ، خەریک بوون بەرگی ناسک و مژاوی بەیان، وردە وردە دابکەنن. باڵە فڕتێی کەڵەشێرێکی ڕەش لە سەر لێواری تەنوورەکە، دەستێکی بای دا بە گۆنای خانئاپۆدا.

خانئاپۆ چووە لای دیواری بەهاربەندەکە، جۆ و کۆزەرەکەی قوباد ئامادەی کردبوو، هەڵگرت و چووە گەوڕ. بەشی هەر ئەسپێکی کردە ناو ئاخوڕ و بێژنگ و کیتەڵەکەی نایە لاوە و بە نینۆک کەوتە لێکردنەوەی دڕک و پەیکوڵ بە کلک و یاڵی ئەسپەکانەوە. پاش ئەوەی کلک و یاڵ و پێستی ئەسپەکانی خاوێن کردەوە، کەوتە زین کردنیان. تەنگ و بەرتەنگی کێشان و بۆ ئەوەی ئەسپەکان بە ئیشتیا ئالیکەکەیان بخۆن، هاتە دەرەوە و بۆ شۆردنی دەست و چاوی چووە کۆڵان. لەولاتر، چەن هەنگاوێک بۆ ماڵی قوباد، کۆڵان دەمی ئەکردەوە و لە ناو مەیدانەکەدا، گۆلاوێک، هەسێڵێک بوو وەکوو سەرچاوەی کارێز. وایش نەبوو. بۆ ئەوەی ئاوەکە پیس نەبێ، سەری جۆگەکەیان داپۆشابوو و ئاوی خواردنەوەی لە گۆلاوەکە ئەهێنا. بۆیەش بوو بە گۆلاوەکەیان ئەوت سارداو و ئاوەکەی ئەوەندە ساردبوو کە سستی لە مێشکی خواڵوو بتەرێنێ:

«چ بەرەکەتێکی خۆشە، ئاو!»

خانئاپۆ دەستی کرد بە ئاوەکەدا و شڵپێکی دا بە ڕوومەتیدا. ئاوی سارد و ورياکەرەوە. ساردی ئاوەکە ئەتوت بە ڕاستی پەردەی لێڵی خەو و سستی لە مێشک و ڕوخساری خان ئاپۆ

داماڵی. ئەوسا کە چاوەکان دائەچەقێن، نیگا پەرداخت و گوێ تیژ ئەبێ. توانای هەست و تێگەیشتنی دیاردەکانی دەوروبەر، لە مێشک و گیاندا ئەکەونە جووڵە و ڕۆژ، ئەبێ بە ڕۆژێکیتر. ڕواڵەتێکیتر پەیدا ئەکات و خەیاڵ بە نمای نوێی خاک، نوێ ئەبێتەوە.

سروە و خاک، نوێ. نیگا و خەیاڵ نوێ. ڕۆژێکیتر. خاکێکیتر. نیگایەکیتر. لێرە و لەوێ، نیشان و نیشانەیتر. زەمزەمەی خاک و ئاو و سروە، بەرگوێ ئەکەوێ. سات و کاتی ڕۆژ و بەیانی و زەمان هەست پێئەکرێ. شتێک، تۆوێک، چرۆیەک لە دەروونی بووندا، لە هەناوی هەبووندا ئەجووڵێ. شتێک لە بوون، لە ناو بوون و لەگەڵ بووندا. پلی خاک و ئاو و سروە و گیا و ئادەمیزاد لێئەدا. کات لێئەدا. ترپەیەکی هارموونی، یەکباو، یەکبوو. جووڵەیەک بە واتای هەبوون. زەمزەمەیەک بە گوێرەی پێویست، لە شانە شانەی گیاندا. لەرینەوەی نەرمی چڵ و گەڵای تاقە بی قەراخ جۆگەکە. تەزی خۆشی لەش بە دەم سروەوە. بانگی جەوانی کەڵەشێرێک لە دوورەوە. مچ مچی چوارپێیەک لە پشت دیوارەکەوە. جووکەی خەوشکێنی پەلەوەری ناو بە ناو: چۆلەکە و ڕیشۆڵە و پەڕەسێلکە و پەپووسلێمانە. دوا نەرمەناسەی ماندوێتی کۆتایی خەوتن، بە حەوای قەڵامەیدانەوە. قەڵامەیدان لە کاتی ڕاچەنەنیندا. بان و خانوو، باڵەخانە و دیوار، حەوش و کۆڵان، ئەڵێی لە دوا دەمی کۆتایی شەو و بەرە بەیاندا ئەبزوێن. بەیانی خۆی سەرئەخات و ئاو ڕوونتر ئەبێتەوە. ڕوونتر لە شین. ئاوی ڕوون و ڕەوان. ئاو و دەست - دەست و ڕوومەت. وشیاری. سروەی سووکەڵە. هەوای خۆش. تاوێکیتر خانئاپۆ لە سەر سفرە دائەنیشێ و بە ئیشتیا ئەخوات. نان و ڕۆن و ماست و بە دواشیدا حەوت پیاڵە چا. چی لەمە خۆشتر؟ نانی گەرم و ئاوی سارد و هەوای خۆش!

ئەسپ ئامادە، خۆش، ژیان هەر خۆش بێ!

گوللە. ڤیزەی گوللە. بێدەنگی هێور و هێمنی دەمەوبەیان چەند نابەجێ تێکشکا. باوێشک، دوا خۆکێشانەوەی لەش بۆ کۆتایی هێنان بە ماندوێتی، تەواو نەبوو و سینەی پانی پیاو دەرفەتی ئەوەی نەکرد بە تەواوی هەواکە بە تێری و بە ئەندازە هەڵمژێ. مشتە گەورەکانی لە نیوە ڕێی کازیوە و سینەدا لێک هەڵبڕان. سووڕاندنی شان و مل و کەمەر. بازێک. قەڵەمبازێک. پێ هەڵکەوتنێک. خۆ هەڵدان، دیوار، بن دیوار. خوشینێکی مارئاسا. دەرگا. خۆ کۆتان بە دەرگادا. قرچەی ئێسکی شان و با. بای نابەجێ ئەتوت دەماری دەرگای لە ڕیشە دەرهێنا. دەسبەجێ. دەرگا، ئەبوا دابخرێ. لەقەیەکی بەجێ و بە کات، لە هەمان کاتدا خۆهەڵدان. خۆ کۆکردنەوە. پاشان، کێلوون. بەردێک، تەلەبەردێکیش. سندۆڵ. چاو گەڕاندن. دۆزینەوە. توند و وشیار. تەنوورەکە.

«دیارە هێشتا زیندووم!»

بە قژی ئاڵۆسکاوەوە، بەگمحەمەد لە ناو دەرگای باڵەخانە بە ئارامی خۆیا بوو و نیگای تیژی خانئاپۆی دۆزییەوە. دەست و شانی خانئاپۆ لای دەمی تەنوورەکەوە بەرەو هەیوان ڕاوەشا. تفەنگ. بەگمحەمەد لە چاوترووکانێکدا برنەوەکەی خانئاپۆی بۆ هەڵدا. خانئاپۆ تفەنگەکەی بە حەواوە گرتەوە، لە تەنوورەکە کشا دەرەوە و لە پەنای دیوارەکەدا سەنگەری گرت.

ـ سەرت بدزەوە خانئاپۆ!

ڤیزەی گوللە لەگەڵ دەنگی گوڵمحەمەد تێکەڵ بوو. قورقوشم لە دیواری باڵەخانە چەقی و لەشی گوڵمحەمەد تەختی بەر هەیوان بوو.

ـ گەمارۆ دراوین؟

لەبری وەڵام، گوڵمحەمەد، نیو نیگایەکی ژووری باڵەخانەی کرد. بەگمحەمەد، خۆی کۆوە کردبوو، بەڵام هەندێ بە توندی و شپرزەیی خەریک بوو زمانەی لۆخەندانەکەی توند ئەکردەوە.

جارێکیتر نیگایەکی چالاک بۆ گوڵمحەمەد، وتی:

ـ وایە؟ گیریان لێ هێناین؟

گوڵمحەمەد لە وەڵامی براکەیدا، نووکی کڵاشەکەی بەرەو پەنجەرەکە ڕاوەشاند و لە کاتێکا هەروا خۆی دابوو بە سەر سینە و ئانیشکیدا، وتی:

ـ بچۆرە بەردەمی ئەو کونە!

خانئاپۆ لە لێواری دیوار و پەنای گیشەی دڕکەکەوە سەری کێشا. باڵی ڕەنگ زیتوونی و خۆڵاوی یەکیان لە پەنای بیەکەدا، دیاربوو. خافڵگیر، پەنجەی نایە سەر پیلکە. پیلکە چرکا. خەنیم درا بە عەرزدا. قوباد، هەراسان و شەڵەژاو لە ژووری دانیشتن هاتە دەرەوە، خانئاپۆ، سەری دانەواندە پەنای دیوارەکە و گوڕاندی بە سەر قوباددا:

ـ خۆت داشارە دوابڕاو! ژن و مناڵەکەشت لە پشتی ئەو کەنوو و مەنووەدا بشارەوە!

کابرا، بەو خێراییەی دەرپەڕیبوویە دەرەوە، کشایەوە و خۆی تەپاندە ناو ژوورەکە و دەرگای لە سەر خۆی داخست. گریان و شیوەنی مناڵەکان دەنگی بە تەشەری خانئاپۆی بەرزکردەوە:

ـ دەنگیان ببڕە!

قیژە و شیوەنی ناکاتی مناڵ، ئەتوت لە دەست و داوێن و سینەی کابرادا خنکا.

گوڵمحەمەد، هەروا بە ڕاکشاوی لە سەر سینگ و ئانیشکی، عارەقەی نێوچەوانی سڕییەوە و ئارام و لەسەرخۆ پرسی:

ـ هیچ ئەبینی؟

بەگمحەمەد لە پشت کونەکەوە وەڵامی دایەوە:

ـ دوو گوێی ئەسپ و کڵاوێک ئەبینم. وابزانم لە پەنای گردەکەدان.

گوڵمحەمەد وتی:

ـ کونێک لە پەنجەرەکەدا بکەرەوە و تەقە بکە! ئەبێ

گەرمیان بکەی!

لوولەی تفەنگ لە کونی پەنجەرەکەوە چووە دەرەوە. جێی خۆش کرد و بەگمحەمەد دەسبەجێ تەقەی لێکرد. تەقە و کڵاوی جەندرمەکە هەڵدرا بە حەوادا و خۆی بە دەم قیژانەوە تلایەوە. حیلەی ئەسپەکەشی هات و ڕەوی. خانئاپۆ دەرفەتی دەست کەوت و دەست و نیگای خستە گەڕ. تەقە. تەقەی بەردەوام. لە گۆڕینەوەی ئاڵۆسکاوی گوللەدا، گوڵمحەمەد لە باریکە دیواری هەیوانەوە چووە سەربان و لە سەر شیوی گومەزی سەربانەکەدا، بە سکا خەوت. ئەمجار مەیدانی جەنگ لە بن نیگای گوڵمحەمەددا بوو. کابرای بە گوللەی بەگمحەمەد لە لێژایی تەپۆڵکەکەدا کەوتبوو، گیانی ئەدا. گوللەکە ئەتوت نابەجێ لێی داوە. بۆیە کابرا لە ترس و خۆفی مەرگدا، لە چاوی مەرگ و لە خوێنی خۆیدا ئەگەوزا و یەک بە خۆی ئەی زریکاند. تلی ئەدا، گرمۆڵە ئەبوو، خۆی لە خۆڵەکە وەر ئەدا و بە پاڕانەوەوە ئەیقیژاند و هاواری ئەکرد. بە هۆی ئازارەوە یان لە ترسی مەرگ گرمۆڵە ببوو. بە هەر هۆیەکەوە بوو، کابرای چارە ڕەش خەریک بوو شێت ئەبوو و لەو شێتێتیە لەنکاوەدا بە فیڕۆ هەوڵی خۆ ڕزگارکردنی ئەدا.

گوڵمحەمەد، چاوی گێڕا. تەقە. دەستێک و نیگایەک سیڕەی لە کونی پەنجەرەی باڵەخانەکە گرتبوو و ئەیویست ئاگری پەنجەرەکە بکوژێنێتەوە. بەڵام بەگمحەمەد ئاگرەکەی گەرم ڕاگرتبوو و نەی ئەهێشت بڵێسەکەی دامرکێتەوە. گوڵمحەمەد هۆش و بیری خۆی کۆکردەوە و نیگای تیژکرد. ئەبوا سەنگەر و شوێنی خۆحەشاردانیان بناسێ. ئەبوا ئاقارەکان دیاری بکات. ئەمە گرنگ بوو. لە کوێ بوون؟ ئایە تەنها لە لایەکەوەن و لە ئاقارێکەوە ئەیانەوێ هێرش بکەن؟ ئەیانەوێ خەنیمەکەیان بخڵافێنن یان بە پەلامارێکی خێرا کارەکە تەواو بکەن؟ چەند کەسن ئایە؟ دەستەیەکن؟ پۆلێکن؟ زۆرترن یان کەمترن؟ هی پۆست و پرسگەن یان هێزی شاریشیان لەگەڵە؟ پلانی داڕێژراویان پێیە یان ئەیانەوێ

تەنها دەستێک بوەشێنن و خۆیان دەرخەن؟ ئایە ئەیانەوێ تەنها بیانترسێنن؟ یان بڕیاریان داوە بۆ خۆش خزمەتی کارەکە بخەن بە لایەکدا و وایان داناوە لە ناوبردنی دوو سێ کەس خۆ کارێکی دژوار نییە؟ هەرچی چۆن بێ سەربەخۆ نەیان داوە لە ئاو! شوێن پێی نەجەف ئەرباب ئەبێ لەمکارەدا دیار بێ، یان ئەم پلانە لە پێشەوە داڕێژراوە؟ بۆ ناتوانێ هەردووکیان بێ؟ هەم ئەم و هەم ئەویش؟ بۆ نابێ؟ ئەی بۆ بەشەو پەلاماریان نەداون؟ پێ ئەچێ پێیان ڕاسپێردراوە بە زیندووی بیانگرن.

ـ تفەنگەکانتان دانێن و بێنە دەرەوە! هێشتاش دەرفەتتان هەیە گوڵمحەمەد! ئەمانتان پێدراوە!

دەنگەکە لە چەپی دیواری کۆڵانەکەوە ئەهات. کە وا بوو، سێ لاییان گیراوە. ئەگەر پشتیشیان لێ گیرابێ، ئەم شەڕە ئاکامێکی باشی نابێ. خانئاپۆ گۆنای لە دیوارەکە کردەوە، ڕووی وەرگێڕاو چاوی بڕییە چاوی گوڵمحەمەد. بە لەقاندنی نەرمی سەری، گوڵمحەمەد تێیگەیاند کە کەس دیار نییە. خانئاپۆ بە سەر و دەست لە گوڵمحەمەدی گەیاند کە ئەگەر گەمارۆ درابێتن، تەنها یەک ڕێگە ماوەتەوە: بڵاو بوونەوە. ئەوەی کە چەقی خەبات بکرێ بە سێ بەشەوە. جێ جێ. لە سێ جێ.

بە بێ وەڵامێکی ڕوون بە خانئاپۆ، گوڵمحەمەد نیگای بە هەموو لایەکدا گەڕاند. دانیشتوانی ئاوایی، لە تەقەی ناکاتی دەمەوبەیاندا خانەتەپێن کرابوون. لە نیگایەکی تردا، خانئاپۆ لە گوڵمحەمەدی گەیاند کە ئەو بارانی گوللە ئەبارێنێ بۆ ئەوەی جووتە برا بتوانن لە پەنای ئەو بارانەدا خۆیان بگەیەننە کۆڵان. بەو جۆرە، تەق و ڕەوەکە ئەگوێزرایەوە تا ـگوڵ و بەگـ مەیدانی جەنگەکە دەور بدەنەوە و لە پشتەوە بگەڕێنەوە ناو زنجیری گەمارۆکە.

ئەمە خۆی بیری پوخت بوو، لە ناچاریدا. بەڵام نەک ئەوەی کە خانئاپۆ لە تەوقی دیوار و گوللەدا بمێنێتەوە و دوو برا بڕۆن.

دژوارتر ئەوەی کە سەنگەرەکەی خانئاپۆ لە خوارەوە بوو ودەست و نیگای بە سەر دەور و بەردا زاڵ نەبوو. گوڵمحەمەد بەڵام، بە بەرزاییەوە بوو. کە وا بوو، مانەوە و ڕاگرتنی دۆخەکە و بەرگری کاری ئەو بوو. ئەوەندەش چالاک و بەدەستوبرد و پسپۆڕ و لەسەرخۆ بوو کە بتوانێ بۆ ماوەیەک دوژمن بخلافێنێ. کات و دەرفەتی «تۆ»-«من»یش نەبوو. سەیرکە! جەندەرمەیەک بە دزە دز بە سەربانەکاندا باز ئەدا. بە قەڵەمباز و خۆ دانەواندن بە سەر شیو و ورگی بانەکان و لە قووڵایی گومەزەکاندا، ئەهات و ئەیویست خۆی بگەیەنێتە پەنای خانووەکە، شوێنی بۆسە و وا پێئەچوو گوڵمحەمەدی نەبینیوە کە خۆی لکاندبوو بە بانەوە، چونکە هێشتا تەقە لە بڕنەوەکەی هەڵنەسابوو. کە وا بوو جەندەرمەکە ئەهات بۆ ئەوەی سەرکەوێ بۆ سەربان و خانئاپۆ لە بن دیوارەکەدا خافڵگیر بکات. خەیاڵی خاو! نەخێر، وادیارە چارە نەبوو. کابرا وەکوو ڕێوییەکی زیرەک ئەهاتە بەرەوە. پەنجەی گوڵمحەمەد نیشتە سەر پیلکە و بەخێرایی چرکاندی، کابرا بە دەم هاوارێکی ناباوەڕیی و سەرسووڕمانەوە سووڕا و خپ بوو.

خانئاپۆ، نیگای پرسێنەری هێشتاش لە گوڵمحەمەد بوو. گوڵمحەمەد، پێی وت:

ـ خۆتان باریک بکەنەوە و بۆی دەرچن ئەگەر ئەتوانن! من خەریکیان ئەکەم.

جێی دڕدۆنگی و دوو دڵی نەبوو. بەگمحەمەد بە قەڵەمبازێک لە هەیوانەوە خۆی گەیاندە حەوشە و بە لەقەیەک دەرگای گەورەکەی کردەوە و خۆی خزاندە سووچێک و ئەسپەکانی کردە حەوشە و چاوەڕێی کرد. خانئاپۆ لە سەر گیشەی دڕکەکە خۆی خزاندە خوارەوە، وەک پشیلەیەک چووە پشت دەرگای حەوشە، گوێی نا بە دەرگاکەوە و پەنجەی نا بە سەر نووکی لووتیەوە؛ وەک بڵێی خۆی بێدەنگ ئەکات. ئەسپەکان تۆقا و ڕەمیو، لە ناو حەوشە چکولەکەی قوبادا ئەهاتن بەیەکا و شەڵەژابوون.

پیاوەکان بۆ ساتێک سەیری یەکیان کرد. فرە فرِی دڕدۆنگی لە هەموو نیگایەکدا. سات. کلافەی ئاڵۆسکاوی یەکانگیربوونی نیگاکان. گرێی چاوەکان. قورقوشمی قورس و گیانکێشی خامۆشی. هەڵبژاردن، هەڵبژاردنی سات لە ساتی ناچاریدا. ڕچان. تەوژمی لەغاوپچڕاوی دڵ لە پەنای سینەدا. جگە لەوە، ئەتوت هیچیتر لە هەموو گیاندا ناجووڵێ. کردار، ساتی کردار. کردار و کارێک کە هەرسات و کاتێکی وازی ئاشکرای مەرگ و ژیانی تیا بەدی ئەکرا. تێپەڕ بوونی ژیان بە گەرووی مەرگدا. لەیەک ساتدا، تەنها لە یەک ساتدا و بە قەڵەمبازێک و لە بن پشتیوانی گوللەباراندا ئەبوا خۆیان بدەن بە دڵی مەرگدا و بە خێرایی نیگایەک بکوژن یان بکوژرێن. گوزەری ژیان بە گەرووی مەرگدا، بە ناچار و بە نابەدڵ. چونکە ئەگەر وایان نەکردایەت، بۆی هەبوو تا دوا گوللە، هەر لەوێ، لە ناو چوار دیوارە تەنگەکەدا بمایەتنەوە و گیریش بکەون.

لە پەنای دیوارەکەوە، جارێکیتریش دەنگەکە بەرزەوە بوو:

ـ هێشتا دەرفەتتان هەیە؛ تفەنگەکانتان داخەن و وەرنە دەرەوە!

کاتی کات بەفیڕۆدان نەبوو. ئەبێ کارێک بکەن. هەرچەند ئەمکارە پێشتر تاقی نەکرابێتەوە. بەختی خۆیان! لەرزینی بێ ئۆقرەی نیگا لە چاوەکانی بەگمحەمەددا و؛ تێغی دەبان لە چاوەکانی خانئاپۆدا. دڕدۆنگی ئەبێ تێک بشکێنرێ. تەقەی گوللەیەک بە سەر ئەو ساتی بیرکردنەوەیەدا تێپەڕێ. ساتێکیتر. چالاک و نەرم، بڵێ مار، گوڵمحەمەد خزایە ناو هەیوان و کەوانی ئاگری بەسێ لادا پرژاند. وەک هێڵی کەوانیی برژانگ، لە هەیوانەوە. گوڵمحەمەد ویستبووی بە ویستی خۆی تەقە بکات، بەڵام ناچار ببوو، وەڵام بداتەوە. چونکە دوژمن بۆ ئەوەی بیخاتە بەر سیرەی نیشانە چووبوویە سەربان و لەم فەرتەنەیەدا، دەسپێشخەری شیاوتربوو. وەستان شیاو نەبوو. وەکوو برووسکەی گوللەکانی

گوڵمحەمەد، بەگمحەمەد و خانئاپۆ لە قاوخی بیر و خەیاڵ دەرپەڕین. هاودەست و هاوباز، لەپڕ. کردنەوەی دەرگاکە. ڕەماندنی ئەسپەکان، هاواروهەرا و جنێو، تۆز و خۆڵ و پریشکەی ئاو و حیلەی ئەسپەکان. تەقە؛ تەقەی سەنگەری پشت دیوارەکە، ئەوەی کە داوای لە پیاوەکان ئەکرد خۆیان بدەن بە دەستەوە، بوو بە بێژنگ و دەسبەجێ بەر بوویەوە و کەوتە ناو جۆگەی ئاوەکە. بەگ و ئاپۆ بە قەڵەمبازێک خۆیان هەڵدایە سەر ئەسپەکان و بە خۆ خوارکردنەوە -لەگەڵ قەرە کە بە بێ سوار لە ناوەڕاستدا غاری دابوو- هەر کامە وەکوو زەرگەتەیەک خۆیان نووساند بە بن ورگی ئەسپێکەوە و لە ناو خاک و خۆڵ و قریوەی ترسناکی سمی ئەسپەکاندا، لە بن بریسکانەوەی فڕینی قورقوشمدا، خۆیان دەربازکرد و تاوێکیتر، لە خامۆشی شەڵەژینەر و دڵشکێندا، لە پەنای تەپۆڵکەکەوە سەریان لە خاک هەڵێنا.

لە پەنای گردەکەوە ئەگەر بکەوتنایەتە درزی گردەکە و سەر بکەوتایەتن ئەیانتوانی چی جەندرمە هەیە بە دوای خۆیان ڕابکێش و بڵاوەیان پێ بکەن و دەور و بەری گوڵمحەمەد، چۆڵ بکەن. بەڵام ئەمە بۆچوونی خانئاپۆ بوو و بەگمحەمەد کە لە سەر سینگ ڕاکشابوو چاو و نیگای لە باڵەخانەکەی قوباد بوو و دڵی لە لای براکەی بوو، کە بە تاق و تەنها ئەبێ چی بکات؟ بۆیە بەگمحەمەد لەگەڵ نەبوو:

ـ تۆ بڕۆ خانئاپۆ! من لێرە ئەمێنمەوە بۆ ئەوەی دەمی تفەنگەکانیان لە باڵەخانە وەرگێڕم. تۆ شاقەلی سەڵتەکەتیان پیشان بدە و چەند دانەیەکیان بە دوای خۆتدا ڕاکێشە. تۆ بڕۆ خانئاپۆ؛ با بیانکەین بە سێ بەشەوە!

خانئاپۆ، لە درزی گردەکەدا ئەسپی ڕاگرت و وتی:

ـ بە خواری ئەڕۆم و لە سەرەوە ئەگەڕێمەوە و دەوریان ئەگرین. ئەو کارەی کە ئەوان لەگەڵ ئێمەیان کرد. تەڕدەستیەکەی خۆیان. ئەسپەکەت لە پشت سەرتەوە ئامادەیە. خۆت مەکێشە

سەرەوە با دەر نەکەوی. قەرەش بەجێ ئەهێڵم بۆ تۆ! ئاگات لێی ئەبێ؟!

ـ لێی ئەبێ، برۆ!

غاری بەفڕکەی خانئاپۆ تا دوور بکەوێتەوە، لە گوێی بەگمحەمەددا ئەزریکایەوە و؛ دیوار و هەیوانی باڵەخانەکەی قوباد نەخشەیەک بوو کە بۆ ساتێکیش لە نیگای بەگمحەمەد ون نەئەبوو. ڕاستیەکەی هیوا هەر خانئاپۆ بوو. بەوەج و چالاک و خۆڕاگر لە جەنگدا، لەوپەڕی نەترسی و بێباکیدا. پوخت و شارەزا و پیری کار، نەک خاو و خلیچک. هەر ئەو ئەبوا کارێک بکات. ئەم داوەی کە وا بە بەرینی تەنرابوو، هەر ئەو ئەبوا بەلێزانی خۆی پووچەڵی بکاتەوە. هیوا، خانئاپۆ بوو؛ خۆش بێ ئاپۆ. بەڵام درێخ، گوڵمحەمەد بوو. داخی گرانم، گوڵمحەمەد ئەوا بە تاق و تەنها چی ئەکات؟

تەقە، جارێکیتر. ئەمجارە بەڵام نەک لە هەیوانی باڵەخانەکەی قوبادەوە. ئاگر، لە سەنگەرەکانی ناو کۆڵانەوە بەرەو بەرزایی بیابان، لە وەڵامی تەقەی خانئاپۆدا. تەقە، بە تاک و هەندێ جار هاوکات. دەنگی تەقەی خانئاپۆ، لە یەک کاتدا دوو دەنگی وەرئەگرت. تەقەی دوو تفەنگ، دوو جۆر گوللە. هەربژی، ئاپۆ! ئەتوت قاقاکانی خانئاپۆیە لە لوولەی تفەنگەکانیەوە ئەخنێتەوە و شەپۆل ئەدات.

«دەستخۆش، ئاپۆ!»

حەزی هەڵفریواندنی دوژمن، شەوقی شەڵەژاندنیان، بەگمحەمەد پەنجەی لە سەر پلیکە ترازاند. خراپی بۆ نەچوو بوو. لای جەندەرمەکان خەنیمێکی نوێ هاتبوویە مەیدانەوە. گوللەی وەڵام، مەیدانێک لەولاترەوەی تەوێڵی بەگمحەمەد، چەقیە خۆڵەکە و تۆزی برد بە حەوادا، پاشان کەمانەی کرد و بە سەر یاڵی ئەسپەکەدا چوو بۆ قووڵایی دۆڵەکە. خانئاپۆ لەو دەستی ترەوە کردبووی بە قوولە. دەنگی ئوستوار عەلی ئەشکین،

لە پەنای نادیاری دیوارەکەوە هات:

ــ بکەونە شوێنی!

دوو سوار، چەمانەوە بە سەر کەللەی زینەکەدا، لە باریکە کۆڵانەکەدا دایانە غار. گوڵمحەمەد درەوشی گوێی ئەسپەکانی خستە درزی سیڕەوە و بە دەم غاردانی ئەوانەوە لە سەر سینە و ئانیشک و نووکی پێی نیو کەوانێک سووڕا. وا دیاربوو سوارەکان غاریان داوە خۆیان بگەیەننە کەلێنی گردەکە. خۆیان لە گوللە ئەشاردەوە. بەگمحەمەد نەئەبوا ئەو هەل و دەرفەتە لە دەست بدات. لێیانگەڕێ با پێیان وابێ ئەتوانن خۆیان بگەیەننە ناو درزەکە. خافڵ لە پشت سەر و بەردەمی خۆیان. خانئاپۆ لە ڕووبەڕووەوە ڕێگەی درزەکەیان لێ ئەگرێ و بەگمحەمدیش... بەگمحەمەد لە سەر ئانیشک و پەنجەو ئەژنۆ، بە شیوی گردەکەدا خزایە خوارەوە، لەتەک ئەسپەکەیەوە و بە بێ ئەوەی بۆ ئاوزەنگی بگەڕێ خۆی هەڵدایە سەر زینەکە، شەودێزی بە دوای خۆیدا ڕاکێشا، لەغاوی ڕاوەشاند و دایە غار؛ لە پشتی سوارەکانەوە لە ناو گەلیەکەدا .

شەڕەکە گوازرابوویەوە بۆ دەرەوەی دیوار و دەروبانی قەڵات و وا دیاربوو دەوروبەری ماڵی قوباد خەریکە لە گوللە و پیاوان چۆڵ ئەبێ. چونکە ماوەیەکی باش بوو تەقە لە هەیوانی باڵەخانەوە نەئەکرا. هاتوچۆی گوللە، وەک بڵێی پیاوی ناو هەیوانەکە پێکرابێ، کۆتایی پێ هاتبوو.

ــ قوباد!... خاوەن ماڵ، قوباد!

دەنگی ئاشنای عەلی ئەشکین بەرگوێی گوڵمحەمەد کەوت و بزەیەکی نامۆ و دڕدۆنگ کەوتە سەر لێوی. خولێکیتر لە خەباتدا دەستی پێکردبوو. دەنگی جار جارەی گوللە لە دوورەوە ئەهات و ئەمە دەری ئەخست کە یاری گورگ و مەڕی مەرگ لە چاڵ و بەرزی بیابانی دەورو بەردا درێژەی هەیە. گوڵمحەمەد هەرچەندە نەی ئەتوانی هۆش و بیری لەوەی کە بە سەر کەسەکانی ئەهات

ئاسوودە بکات، بەڵام لەم کاتە ناسکەدا، باش ئەیزانی کە ئەبێ هەموو هۆش و شارەزایی خۆی بخاتە گەڕ؛ کە ناسکی جەنگ لەم کاتەدا، وەک تاڵە موویەک وایە لە تاریکی شەودا. تاق و تەنها و لە ناو ئەو فەرتەنەیە و لەو تەنگانەیەدا، خۆی خۆفی ئەخستە دڵەوە، ئەگەر دڵی شێریشت هەبوایە. بەڵام لە هەمان کاتی لێدانی دڵ و لەرزینی دەمار و پێڵووی خواروو، دەربازبوونی ئاپۆ و برا خۆی ڕووداوێکی پیرۆزە و دڵخۆشکەری هەناوە و هیوای مانەوە دوو بەرامبەر ئەکات. ئێستەش ئارام و چاودێر نابێ وەکوو پێشوو دەسپێشخەری بکات و تەنها کاتێک ئەبێ تەقە بکات کە دوژمن لە ڕووی بێباکیەوە ڕووبکاتە ماڵەکە و پێ بخاتە ناو داوەوە. ئەگەر ئەوەیان لەلا مسۆگەر نەبووبێ کە ئەویش -گوڵمحەمەد- بۆی دەرچووە و خۆی دەرباز کردووە؛ چونکە بڕوا کردن بە خۆشباوەڕی دوژمن، خۆی لە خۆشباوەڕییەوە سەرچاوە ئەگرێ!

بەڵام نەء! وا دیارە پێیان وایە ئەویش هەڵاتووە! ئەو گومانەش دیارە لە ماندوێتی و حەزنەکەردن بە درێژەدانی جەنگ و خۆزگەی یەکلا کردنەوەی کارەکەوە سەر هەڵئەهێنێ و ئەبێ بە ئاگر لە دڵی مرۆڤدا و ئوقرەی لە بەر هەڵئەگرێ. هەر ئەم پەلەکردنە پیاوی ناو مەیدان وا لێئەکات خۆی بە براوە بزانێ و بۆ زانینی بەرەنجام خۆی بخاتە ناو ئاو و ئاگرەوە. بۆیەش بوو کە عەلی ئەشکین لە ڕقا خەریک بوو گیانی لە سەر ئەو شێتیەتیە بدۆڕێنێ. کەفچەڕین و جنێو بە دەم، لە چوارچێوەی دەرگاکەدا و لە بەر نیگای گوللەدا، لە بەر پلدا:

«داد و بێداد، خوا غەزەبت لێ بگرێ، عەلی ئەشکین!»

ئەشکین، لە بەر نیگای فریودەر و تووڕەی گوڵمحەمەددا، کشایە پەنای دیوارەکە و جەندەرمەیەکی نارده پێشەوە:

ـ خاون ماڵەکە بنێرە دەرەوە و ماڵەکە بگەڕێ!

ترساو و نیوە گیان، جەندەرمەیەکی لەڕ و ڕوو زەرد، لاقی

دڕدۆنگ و لەرزۆکی خستە ناو حەوشە و چاوە وردەکانی -بڵێ دوو دانە مێش- بە دوو بەری لووتە زل و کەوانیەکەیدا بە پرتە پرت بە هەمووڵایەکدا سووڕاند و هاتە بەرەوە. لەپەنای کونی پەنجەرەکەوە کە گوڵمحەمەد سیرەی لێگرتبوو، ئەیتوانی بە تاقە گوللەیەک لەشە لەڕەکەی بپووکێنێتەوە و پەرێشانی بکات، بەڵام ئەو کاردانەوەیە نیشانەی پەلەکردن و کەم جیقەڵدانی بوو، گوڵمحەمەد ئەو هەڵپەکردنەی پێ ڕاست نەبوو. شیاوی پسپۆڕی ئەوە بوو کە داوەکە گەورەتر بکات، فراوانتر. ئەبوا لەغاوی پەلەی دەست و بیری تەنگ، تەنگتر بکاتەوە. بابێتە سەر و بێتە سەرتر.

کابرای زیرەک و لێزان -لانیکەم چالاکی هەڵاتن و خۆ حەشاردەر لە بەر چاوی غەیر- بەڵام سەرنەکەوت. بە پەرێزەوە چووە پەنای تەنوورەکە و بەو لەشە لاوازەیەوە، هەوای کردە لووتی و بە دەنگێکی وەک تریشقە گرماندی:

ــ وەرەدەرەوە، هیچوپووچ !

قوباد، لە کراسی ترس و بە ڕەنگ و ڕووی وەکوو گەچەوە، بە ترس و لەرز تایەکی دەرگاکەی بە ئەسپایی کردەوە. هاتە دەرەوە و یەک دوو هەنگاو بەرەو جەندەرمەکە نەڕۆیشتبوو کە لە بن نەڕەی کابرادا وشک بوو و کشایەوە:

ــ ماڵەکەت کردووە بە سەنگەری دزەکان؟!

قوباد، هێشتاش نەهاتبوویەیەوە سەرخۆی تا بتوانێ وەڵام بداتەوە، کەچی کابرا جارێکیتر گوڕاندی بە سەریدا:

ــ بیکێشە دەرەوە لەو کون و کەلەبەرانەت!

قوباد، هەروا وڕ وکاس ڕامابوو و تاقە وشەیەکی بۆ نەئەدۆزرایەوە کە وەڵام بداتەوە. بە فەرمانی ئەشکێن، قوباد بە قۆناخە تفەنگ برا بۆ کۆڵان و بۆ بن دیوارەکە و خرایە ناو مەنگەنەی پرس و جۆی توورە و تۆسنی عەلی ئەشکینەوە. پرس و جۆکە هەرچەند کە لە هەر هێرشێکدا ڕەنگی ئەگۆڕی، ئاوەژوو ئەبوو، لابەلا ئەبوو و دیسانەوە سەرلەنوێ ئەپرسرایەوە، بەڵام

واتاکەی ڕوون و ئاشکرابوو:

«کێ بوون و لە کوێوە؟ چییان ئەوت و چییان ئەکرد؟ لەکەیەوە و چۆن ئەیانناسی؟ بۆ داڵدەت دان؟»

ـ دایان لە دەرگا بۆ ئەوەی لێرە ڕۆژ بکەنەوە، بە قوربانی سەرت! منیش... چیم بکردایەت باش بوو؟ ڕێگەم دان. چووزانم؟ میوان، خۆ...

ـ چەن کەس بوون؟

ـ هەر ئەو چەن کەسەی کە بینیتان.

ـ گوڵمحەمەدت لە ناویاندا ناسی؟

ـ نەخێر، بەقوربانی سەرت.

ـ ئیتر کێ لە ماڵەوەیە؟

ـ دایکم و ژن و مناڵەکانم.

ـ لەوان چی؟

ـ هەڵاتن بە قوربانی سەرت. من نازانم بۆ کوێ! من لە ناو...

ـ چییان لە خۆیان بەجێ هێشتووە؟

ـ جا من چوزانم، بە قوربانی سەرت. من لە ژوورەوە بووم. تیر و تفەنگ دەسی پێکرد. دەرگامان لە سەر خۆمان داخست و لە ژوورەوە بووین. ئەگەر ئەفەرموون بچم بگەڕێم و ئەگەر شتێکیان لێ بەجێ مابوو بۆتانی بهێنم!

ـ بڕۆ! تۆیش لەگەڵی بڕۆ!

قوباد پێی وانەبوو جەندەرمەی لەگەڵ ئەخەن، گومانی وابوو ئەچێ یەک دوو پارچە شڕە و بڕە، ئەهێنێ و ئەیخاتە بەر پێیان و شەڕیان لە سەر خۆی لائەدا. بەڵام ئەوا جەندرمەیەکیان لەگەڵ خستبوو. کارەکە ئاڵۆز ببوو و نەی ئەزانی ئەبێ چی بکات؟ چی ڕوو ئەدات کە لەوە خراپتر نەبێ.

تۆ بڵێی هەموویان ڕۆیشتبێتن و کەس لە باڵەخانە نەبێ؟ ئایە کەسی لێبوو و خامۆش بوو؟ قوباد، بەس ئەیتوانی لە ناخی دڵەوە دۆعا بکات و هیوا بخوازێ بەڵکوو کەسی لێ نەمابێ. ئەمە

بەڵام تەنها ئارەزووی قوباد بوو. چی بکردایەت؟ چی ئەبێ با ببێ! جەندرمەکە کەوتە بەرەوە.

ـ لە کوێ خەوتبوون دوێشەو؟

قوباد، وەک بڵێی شانی نەی ئەتوانی دەستی بەرز بکاتەوە، چاوی ترووکاند و باڵەخانەی پیشاندا.

گرفتاری، گرفتاری. چەندە ئاڵۆسکاو بوو ئەوەی هاتبوویە پێش! وردە وردە وەڵامدانەوەی لە دەرگادانی شەوانە، خەریک بوو ئەگەیشتە ئەو جێگەیەی کە کابرای جووتیار هەرگیز بیری لێ نەکردبوویەوە. هەر بۆیەش بوو چاوەکانی لە ناو کالانەدا هێشتاش سەرگەردان بوون. ئەوە ڕوون بوو کە نیوەشەوی دوێشەو لە یەکەم نیگادا زانیبووی میوانەکانی لە جۆرێکیترن. تەنانەت گوڵمحەمەدی بە ناو و نیشانەوە ناسیبۆوە. بەڵام ئەمە ڕووداوێکی زۆر سەیر نەبوو کە میوانی لەو بابەتە، بە نیوەشەو بدەن لە دەرگا، شەوەکەی بحەسێنەوە و بەیانیش بڕۆن بە دوای کاریاندا. ڕازێکی نهێنی لەم جۆرە ڕووداوانەدا هەیە کە ئەزانرێ و خۆی لێ گێل ئەکرێ. میوانن و ئەگەن و تینوێتی و برسێتی ئەشکێنن، سەرخەوێک و ئەحەسێنەوە و ئەڕۆن: مردووش پێ نەزانێ!

بەڵام نەک بەم جۆرە! نەک بەم شێوەیە بە پاشکۆ و بەد ئەنجام. شەوی نیوەشەو بدەن لە دەرگاکەت، دەرگا بۆ خەڵکێکی بێگانە بکەیتەوە، بە ڕووی خۆشەوە لە سەر بەڕەکەت دایانبنێی. ئەوەی لە تواناتدا هەیە بۆیان ئامادە بکەی. بەجێیان بهێڵێ و بچێ بە دڵی ئاسوودە -گریمان تۆزێ بە گومانەوە- سەربخەیتە سەر سەرین و کازیوەی بەیانی گوللەیەک ئارام و ئوقرەت لە بەر هەڵگرێ. پاشانیش لەو شەڕ و شۆڕەی کە سازبووە، دابمێنی و نەزانی چی بکەی. هەڕەشەی تفەنگ و گوللە لە دوو لاوە. گوللەی میوان و قۆناخە تفەنگی جەندەرمە، هەر کامەیان وەکوو مەقاشی پۆڵا ئەتگووشن و تۆش جگە لە گوشار، لە هیچ تێ

نەگەیت و هەست پێ نەکەی، مەگەر ترس و نیگەرانی سات بە ساتی ئەوەی کە چی ڕوو ئەدات؟ تەنانەت هەستکردن بە گوناح، ئەو گوناحەی کە تۆ هیچ دەستێکت تێیدا نەبووە و نیشە. گوناحی ئەوەی کە میوانێکی گومانلێکراوت ڕێگەداوە و، گوناحی ئەوەی کە ئێستاکانێ ئەڕۆی تا میوانەکەت بدەی بە دەست جەللادەوە! بە بێ ئەوەی مەبەستت ئەوە بووبێ کە لە هیچکارێکدا خۆت هەڵقورتێنی. کار و کارستانێک کە ڕۆحیشت ئاگای لێی نەبووە.

ئێستە چی؟ ئێستە ئەبێ چیبکەیت و چیت پێ ئەکرێ؟ لەم ناوەدا داماویتی و گیرت خواردووە و بە سلامەتی ڕێ دەرناکەی، ئەگەر خۆتی تێ هەڵنەقورتێنی و هەوڵی ئەوە نەدەی لایەکیان بیباتەوە؛ چونکە تۆ ئیتر ئەوە نیت کە پێشتر بوویت؛ ئەو پیاوە نیت کە پێش هاتنی میوانەکانت بووی. بۆ ڕێگەی دەرباز بوون ئەگەڕێیت و بە چاوی کراوە، تۆزێکیش لە کراوە کراوەتر، بۆ ڕێگەیەک ئەگەڕێی و ئەتەوێ بە تاوانێکی ئاشکرا هەڵسیت. بیر و هۆشت بۆ ڕێگەیەک ئەگەڕێ بڕوات بە مسۆگەربوونی هەبێ و لێی دڵنیا بیت. بۆ بەدەسهێنانی ئاسایشی خۆت وا خەریکی میوانەکەت ئەدەیتە دەست جەندەرمە بۆ ئەوەی خۆت بپەڕێنیتەوە و ئەو تاوانەی کە کردووتە لە ڕۆژان و شەوانی داهاتوودا، لە بیر بەریتەوە، ونی بکەی. بە سەرکۆنەکردن و ڕەخنە لە خۆگرتن و بەهەزار هۆی ژیری و ئاوەز، بە خۆتی بسەلمێنی ئەو کارەی کردووتە لە ڕووی ناچارییەوە بووە. هەر بۆیەشە ئارەزووت ئەوەیە کە میوانەکەت بێ چەک و دەست بەستراو بوایەت؛ کە وانییە. بەڵام ئێستە کە وانییە، کە میوانەکەت بێ چەک و بێ مەتەرێز نییە و نەخوازە ئاگری خوێن لە لوولەی تفەنگەکەی ئەبارێ، تۆ سەد ئەوەندە لە تەوقی ترس و گوناح دای و مەنگەنەیەکی بەهێز شانەکانت ئەگووشێ و لە هێڵی نێوانی دوو دەمی بە بڵێسەی دوو تفەنگدا، ئەوەندە داماو و بێدەسەڵاتی کە هەموو ساتێک بۆی هەیە دڵت کون بکەن. ئەوەندە ناچار و بێ دەرەتانی ئەڵێی

چاڵی دۆزەخ وا لەژێر پێتدا و ئەڵێی بە سەر پەتێکی لەرزۆکدا ڕێ ئەکەن. بە بێ ئەڤان و مل بە فەرمان و لە مەترسیدا و ملکەچی مەترسیت و، گیری نێوان دوو هێزی، دوو تێغی ڕووتی جەنگاوەر کە بڕوا بە ئەنجامی چاکەی هیچ لایەکیان نییە و نیتە:

جەندەرمە ئەبەی بۆ نهێنگەی میوانەکەت و واشی دەرئەخەی چارەیەکی ترت نییە. لە هەمان کاتدا وای ئەنوێنی و وا خزمەتی پیاوی حکوومەت ئەکەی کە ئەمە ئەرکی سەر شانتە! هەروەها هەر لەم کاتەدا کە خەریکی ئەو ڕەفتارە لەگەڵ میوانەکەت -ئەگەر لەوێ مابێ- ئەکەی، ئەتەوێ بە هەزار شێوە تێی بگەیەنیی و بە زمانی بێ زمانی پێی بڵێی: «ئاگات لە خۆت بێ، بە دەست من نییە. ناچارم و لە دەسەڵاتی من بەدەرە، ئەگەر عیزرایلەکەت ئەهێنم بۆ لات. وەڵڵاهی بەدەس و بە دەسڵاتی من نییە کە ئەمکارە ئەکەم!» ئینجا لە گێژەنی ئەو فەرتەنە و ئەو هەژانەدا کە دەروونی تۆی شەڵەژاندووە، بە جۆرێک وەڵامی جەندەرمەکە ئەدیتەوە کە هەم وەڵامی ئەوت دابێتەوە و هەم وەڵامی نەوتراوی دوژمنەکەی ئەو:

ـ ئا لێرە... لەم باڵەخانەیە خەوتبوون، گیانی برا؛ سەرکار گیان!

گوڵمحەمەد لە سووچی ژوورەکەدا، کز ببوو و خۆی لە بۆسە نابوو:

«لێیگەڕێ با بێن، کابرای میهرەبان تۆ بۆ نیگەرانی؟ بیهێنە سەر! بیهێنە سەر، خەمت نەبێ، میوانداری بەسۆز. قین لە تۆ هەڵناگرم.»

قوباد کە پێی نایە بەر دەرگای باڵەخانە، لێدانی دڵی ڕەنگە گەیشتە سەد، بەڵام چارەشی نەبوو جگە لەوەی بە پێی خۆی بچێ بۆ کوشتارگە. پێی نایە ناو ژوورەکە و زمانی بەسترا. زمان و دەم و گەرووی وشک بوو، هەستی کرد وا گیان ئەدا. کردارێک بە نرخی خوێنی خۆی. لە هەمان هەنگاوی یەکەمدا، جەندەرمەکە

به زەبری قۆناخی تفەنگەکەی گوڵمحەمەد، بە ڕوودا تەختی عەرز بوو. چاوەکانی قوباد خەریک بوون کالانەیان ئەتەقاند، دەستی دابوویە چ کارێک؟ لە چ کارێکدا ببوو بە هاودەست؟ جەندەرمەیەکی ڕاکێش کردبوو بۆ کوشتارگە. پیاوی حکوومەت. هاودەستی یاخیەکان. داد و بێداد ئەویش تێوە تلا! دەست تێکەڵی یاخیبوون؟!

ــ تفەنگەکەی هەڵگرە!

ئەمە ئیتر چ قسەیەک بوو و ئەمە چ فەرمانێک بوو بە سەر قوبادا ئەسەپێنرا؟

ــ تفەنگەکەی... خان؟!

ــ هەڵیگرە؛ کارێکی نییە! ئاگات لێبێ گوللە بە فیڕۆ نەدەی!

ــ من... من نازانم تفەنگ...

ــ هەڵیگرە؛ فێر ئەبی! ئێستە کاتی ترسان نییە!

قوباد، ئەوا ئیتر بە ئاشکرا ئەلەرزێ. ڕەنگی ڕوخساری، مردووتر لە پێشتر، گەچتر. ترس لە چاوەکانیدا، باڵندەیەکی گرفتار بوو. بوێرێ بڵێ نا؟ هەرگیز. بۆیە فەرمانبەر و ملکەچ -بڵێ جادوو لێکراو- دانەوییەوە و تفەنگەکەی بە هەردوو دەست لە سەر لبادەکە هەڵگرت و بە ناباوەڕییەوە لێی مۆر بوویەوە و بە حەپەساوی لێی ڕاما.

ــ توند ڕایگرە!

دەنگی ئەشکین لە پەنای دیوارەکەوە هات:

ــ بۆ کوێ ملت شکاند؟ مردی؟!

قوباد، خۆفی مەرگ لە چاویدا، سەیری گوڵمحەمەدی کرد. گوڵمحەمەد تفەنگەکەی بە پڕێک لە دەستی دەرهێنا و لە کاتێکا پاڵی پێوە ئەنا بۆ دەرەوە، بە کپی و بە ڕاشکاوی پێی وت:

ــ رایکێشە ژوورەوە؛ ئێرە! یاڵڵا... بڵێ خەریکە ماڵەکە ئەگەڕێ! زووکە!

قوباد قاچێک لە ناو دەرگاکە و قاچێک لە هەیوان، زمانی لە

ترسا گیرابوو، وتی:
ــ لێرە... لێرە... جەنابی ئەشکین... خەریکە ماڵەکە ئەگەڕێ.
گوڵمحەمەد، لە پشت شانی کابراوە، بە هەمان کپی و توندی و ڕاشکاوییەوە وتی:
ــ دیسانەوەش، دیسانەوە! کون و کەلەبەر ئەگەڕێ. بڵێ، بڵێ!
قوباد، دووپاتی کردەوە:
ــ کون و کەلەبەرەکان، خەریکە کون و کەلەبەر ئەگەڕێ... جەنابی...
عەلی ئەشکین، ئوقرە لە بەر بڕاو پێی نایە ناو چوارچێوەی دەرگاکە و نەڕاندی. گوللەی گوڵمحەمەد دەسبەجێ دای لە کەشکەی ئەژنۆی ئەشکین و دوو هەنگاو ڕایدا بۆ پاشەوە و خستیە ناو جۆگەی ئاوەکە. خوێن و هاوار. بەرلەوەی کە قوباد لەو حەپەسانە نابەجێیە بێتە دەرەوە، گوڵمحەمەد بە قەدی تفەنگەکە پاڵی پێوە نا، بە پلیکانەکاندا فڕەی کردە خوارەوە و نیگایەکی بە پارێزی هاوێشتە هەردوو بەری کۆڵان و سەربان، خۆی هەڵدایە ناو کۆڵان، یەخەی جاکەتە سەربازییەکەی گرت و لە ناو ئاو و خاکی کۆڵانەوە ڕایکێشایە ژوورەوە و لە بن دیوارەکەدا فڕێیدا و ڕووی کردە باڵەخانە و هاواری کرد:
ــ ئەو ئەمانەتیە هەڵگرە و بیهێنە خوارەوە!
قوباد، لای پلیکانەکانەوە پرسی:
ــ کامیان خان؟ کابرا یان تفەنگەکە؟
گوڵمحەمەد، بە نووکی کڵاشەکەی دەرگای حەوشەی پێوەدا و وتی:
ــ کابرا! دەستی ببەستە و ڕایکێشە خوارەوە!
ئوستوار عەلی ئەشکێن، گرێی ئازار بە تەوێڵی ئارەقاوییەوە، لێوەکانی خستبوویە بن ڕق و تووڕەیی ددانەوە. نیگای خۆڕاگری

لەو خوێنەی کە دەست و پەنجەی شەلاڵ کردبوو، گواستەوە و لە کاتێکا هەوڵیئەدا لە بەرامبەر خوێن و ئازار و ڕەنگە مەرگدا خۆڕاگر بێ، چاوی بڕییە گوڵمحەمەد، هەناسەی ڕاست کردەوە و پرسی:

ــ بۆ نەتدا لە دڵم؟!

گوڵمحەمەد، چاوی لە پلیکانی باڵەخانە و ئاخۆ قوباد چی ئەکات، وتی:

ــ ویستم داخت بکەم. ویستم نیشانەی گوڵمحەمەد بخەمە سەر زیندووی ئەشکین، نە لە سەر مردووەکەی!... هۆی... کابرا! پەڕۆ کۆنەیەک بهێنە ئەو برینە ببەستم!

قوباد کە کابرای جەندەرمەی بە دەست بەستراوی دابوو بە شانیدا و لە دەرگای باڵەخانە هاتبوویە دەرەوە و ئەیویست پێ بنێتە سەر یەکەم پلیکانە، وتی:

ــ هەر ئێستە، خان!

ڕوومەتی ئەشکین لە زۆری ئازار، زەرد هەڵگەڕابوو. لێوی هەروا لە بن ددانیدا بوو. پانایی سەری بە لێوارەکەوە، نیگای بڕیبوویە بندەستەکەی بە سەر شانی قوبادەوە ئەهێنرایە خوارەوە، پرسی:

ــ ئەویشت کوشت؟!

گوڵمحەمەد، تاقمی لە پشتێنەی عەلی ئەشکین کردەوە و وتی:

ــ پێویست نەبوو بیکوژم. بێزارم من لە کوشتن!

قوباد، جەندەرمەکەی هێنا و دایگرت و لە بن دیوارەکە هەڵیدا و چوو بەرەو ژووری دانیشتن بۆ هێنانی پەڕۆکۆنێک. گوڵمحەمەد پرسی:

ــ چەند دانە لە جەندەرمەکانت هێشتا زیندوون، پێت وایە؟

ئەشکین، ددانی خوێناوی بە برینی لێو، وتی:

ــ لە تفەنگەکەی خۆت بپرسە؟!

گوڵمحەمەد پرسی:
ـ چەند کەسیان چوو بە دوای کەسەکانی مندا؟ ڕاستەکەی بڵێ!
ـ دوانیان.
ـ بەس دوان؟
ـ بە گیانی کوڕم، بەس دووان!
ـ ئەوانی تر چی؟
ئەشکین بەهۆی ئازارەوە، ڕوخساری تێکنا و وتی:
ـ یان بریندارن و لە پەنا و پەسێردا کەوتوون، یا کوژراون یان هەڵاتوون!
قوباد کراسە کۆنێکی هێنا و دای بە گوڵمحەمەد. گوڵمحەمەد لای قاچی ئەشکین چۆکێکی نایە زەوی و لوولە تفەنگەکەی نابە چاڵی شانیەوە. کێردی لە کالانە دەرهێنا و دەرەلنگی شەرواڵە سەربازییەکەی عەلی ئەشکینی لە سەر ئەژنۆیەوە بڕی و لە قاچی دەرهێنا و بە قوبادی وت:
ـ تفەنگەکە هەڵگرە و لە سەر هەیوان بوەستە و ئاگات لێبێ!
قوباد وایکرد و گوڵمحەمەد قاچە بریندارەکەی ئەشکێنی لە سەر ڕانی دانا، قۆڵی کراسەکەی بە تەکانێک لێکردەوە، گرمۆڵەی کرد و خنی بە کونی برینەکەدا؛ بەو ڕادەیەی کە ڕێگا بە فیشقەکردنی خوێنەکە بگرێ، پاشان پرسی:
ـ چەن کەس بوون؟
خوێنی لێوی ئەشکین بە هەردوو بەری لچیدا شۆڕەوە ببوو و خۆیشی لە زۆری ئێشدا لێوی بە تیژی ددانی ئەگەست. گوڵمحەمەد، لە کاتی هەڵدڕینی کراسەکەدا، بە بێ ئەوەی چاو لە چاوی ئەشکین بکات پرسیارەکەی دووپات کردەوە. ئەشکین، بە چڕی وتی:
ـ نۆ کەس!

ـ سوار یان پیادە؟
ـ سوار و پیادە.
گوڵمحەمەد برینەکەی بە قوماشێکی پان بەست و گرێیدا و کشایەوە؛ خەنجەری خستەوە ناو کالانە و تفەنگی لە شانی کردەوە و خۆی ڕاست بوویەوە.
ئەشکین ناوچەوانی لە ئێشدا نیشتبوویە سەر ئارەقە. دەستی برد بۆ یەخەی کراسەکەی و بە تەکانێک هەڵیدڕی و کەوتە سڕینەوەی ئارەقە، کە خوێنی پەنجە و چەناگەی لەگەڵ ئارەقەی تەوێڵی تێکەڵ بوون و چاو و ناوچەوانی بە خوێن ڕەنگ بوو. گوڵمحەمەد دەسڕی هەورێشمی لە گیرفانی دەرهێنا و خوێن و ئارەقەی چاو پێڵووی ئەشکێنی پاک کردەوە و پرسی:
ـ فەرمانی کوشتنی ئێمەت لە کێ وەرگرتبوو، ئەشکێن؟ کێ شوێنی ئێمەی پێشان دای؟ بۆچی لەم کاتە و لەم شوێنەدا؟!
ئەشکین، دانەوییەوە بە سەر قاچیدا، ئەژنۆی لە ناو چنگیدا گوشی و، بە ناڵەیەکی ئاوێتەی ئازارەوە، بۆ یەکمجار لە دەنگیدا، وتی:
ـ خۆزگە دابات لە سەر دڵم، گوڵمحەمەد!
قوباد لەپڕ وتی:
ـ هاتن خان!
سەری گوڵمحەمەد وەکوو گۆ بەرەو هەیوان، ئەو شوێنەی کە قوبادی لێوەستابوو، سووڕا و ڕاما:
ـ چەن کەسن؟
ـ سێ چوار کەسێکن ئەڵێی. لای سەرووی گردەکەوە دێن.
گوڵمحەمەد لە نیگای عەلی ئەشکیندا بە پلیکانەکاندا سەرکەوت و کاتێکە بە لای قوبادا تێپەڕی، فەرمانی پێدا:
ـ بەردێک بخەرە پشت دەرگای حەوشە!
تا کابرا فەرمانەکە جێبەجێ بکات، گوڵمحەمەد چووە سەربان. نیگای بە هەموو لایەکدا فڕان، لە چاڵی نێوان دیوار

و گومەزی بانەکەدا خۆی حەشاردا و چاوی بڕییە دەوروبەر. لە قووڵایی بزنە ڕێکەکەدا، لە ناو تۆزەکەدا کە لە کوڵکەی بزن ئەچوو، سینەی پانی خانئاپۆ خۆیا بوو. لە پشت شانی خانئاپۆوە، جەندەرمەیەک، ڕاست لە سەر ئەسپەکە دانیشتبوو و ئەتوت دەستی نییە. لە لای ئەوەوە، یەکێکیتر وەکوو تیری گەنم درابوو بە سەر ئەسپەکەدا و سەر و لاقی لە دوو لاوە شۆڕەوە ببوو. بە دوای ئەوانیشدا بەگمحەمەد بوو بە سواری سەمەندەوە و شەودێزشی بە دوای خۆیدا ڕائەکێشا. گوڵمحەمەد خۆیشی نەی ئەزانی و هەستی پێ نەئەکرد ئەوە خۆرە لە چاوەکانیدا هەڵدێ. یاڵ و سینەی هەڵێنا و بە خۆشیەوە، سووک و ئاسوودە وەک هەڵۆیەک دابەزییە هەیوان و چالاکانە خۆی گەیاندە حەوشە و بە دەم ڕێوە، خۆییانە بە قوبادی وت:

ــ خۆمانەن، دەرگاکەیان لێ بکەرەوە!

قوباد، سندۆڵەکەی لە پشت دەرگاکە هەڵگرت و گوڵمحەمەد پێی نایە ناو کۆڵان و وتی:

ــ بڕۆ لاشەکان کۆبکەرەوە و بیانهێنە بۆ ئێرە! یەکیان ئەبێ لە سەربانی پشتەوە کەوتبێ، یەکیش لەو بەرەوە. بە خەڵکیش بڵێ لە ماڵەکانیان بێنە دەرەوە، شەڕ تەواو بوو!

قوباد کە هێشتا بە خۆی نەزانیبوو چەندە گوێڕایەڵ و بە دڵخواز فەرمانی گوڵمحەمەد جێبەجێ ئەکات، کڵاوەکەی لە سەری توند کرد و گورج و خێرا بە قەراخ دیوارەکەدا کەوتە ڕێ. بە دوای قوبادا گوڵمحەمەد وتی:

ــ یەکێکیش لەگەڵ خۆت بەرە بۆ یارمەتی، تفەنگەکانیان ون نەبێت!

لە دوورەوەی ئەو شوێنە کە جۆگە سەرگیراوەکە ئەڕژایە ساردداوی ناو مەیدانەکە، ددانە درشت و سپیەکانی خانئاپۆ درەوشانەوە. گوڵمحەمەد تا لای ساردداوەکە چوو بە پیریانەوە و سەری تاشراوی ئەو جەندەرمەی درابوو بە سەر ئەسپەکەدا

گرت بە دەستیەوە. هەندێ بەرزی کردەوە و سەیرێکی چاوە مردووەکانی کرد و پاشان سەرەکەی وەکوو شووتیەکی کاڵ بەردایەوە و لێی گەڕا تا پاشماوەی دڵۆپە خوێنەکان کە لە یەخەی کراسەکەیەوە دابوویە دەرەوە و ملی خوێناوی کردبوو، لە نووکی تیژی چەناگەیەوە بتکێتە خوارەوە؛ کە نیگای کوژراوەکە زۆر داچەقا بوو بۆنی مەرگی لێ ئەهات:

ــ دەستت نەڕزێ خانئاپۆ! دڵم تۆزێکی بە بەرەوە مابوو.

بەگمحەمەدیش، بە دابەزینی خانئاپۆ لە سەر ئەسپەکە، خۆی هەڵدایە خوارەوە و بەرەو کاکی چوو و وتی:

ــ ئەمەشیان زیندووە. خۆی کراسەکەی کرد بە سەر تفەنگەیەوە و هاتە دەرەوە.

خانئاپۆ پەنجەی بە شانی چەپیەوە، ئەوەندەی گوڵمحەمەد خەریکی سەیرکردنی کابرابوو، چوو بۆ لای ئاوەکە و بە بێ ئەوەی لە سەر ئاوەکە دابنیشێ، مشتێک ئاوی لە جۆگەکە هەڵگرت و کردیە دەمی بۆ ئەوەی تۆز و وشکی دەمی بشواتەوە. گوڵمحەمەد کە ئەتوت تازە بەوەی زانی کە جەندەرمەکە بە ڕووتی و دەست بەستراو لە سەر ئەسپەکە دانیشتووە، بە براکەی وت کابرا بکاتەوە و دایبەزێنێ. خۆیشی بە ئەهوەنی سووڕا بەرەو خانئاپۆ و وتی:

ــ ئەو دوانەش بکێشنە دەرەوە خانئاپۆ. ناردم تەرمەکانی تریش کۆ بکەنەوە و بیهێنن.

خانئاپۆ هاتە ناو حەوشە، دەستی لە شانە خوێناوییەکەی هەڵگرت. دەستی دایە بن قۆڵی عەلی ئەشکین و ڕای کێشا بۆ کۆڵان و لە بن دیوارەکە ڕایگرت، تاوێک سەیری کرد و پاشان بە پێکەنینەوە وتی:

ــ کە وا بوو... تۆ خۆتی!

گوڵمحەمەد ئەویتری هێنایە دەرەوە و لای دیوارەکە داینا و چاوی بە خوێنی شانی خانئاپۆ کەوت و بە بێ ئەڤان دەستی برد

بۆ قۆڵی مامی. خانئاپۆ خۆی ڕاست کردەوە و بە دەم پێکەنینێکی کورتەوە وتی:

ـ ویستبووی بدا لە دڵم، ئەو کوڕە باشە! نیازی خێر بووە!

ـ با سەیری بکەم، خانئاپۆ!

خانئاپۆ شانی لە بن دەست و نیگای گوڵمحەمەددا ڕاگرت، بە نووکی کڵاشەکەی دای لە ئەژنۆی جەندەرمەکە و وتی:

ـ ئەم دووانە خۆ هەردووکیان زیندوون؟!

قوباد لە پێچی کۆڵانەکەوە، لە کاتێکا لە بن قورسایی لاشەکەدا تۆزێ چەمابوویەوە، دەرکەوت و بە دوای قاچەکانی تەرمەکەدا کە بە سەر عەرزەکەدا هەڵتەک هەڵتەکی بوو، گەنجێک ئەشەلی و تفەنگەکەی لەگەڵ خۆی ڕاکێش ئەکرد. گوڵمحەمەد کە ئەتوت نیگەرانی لە برینەکەی شانی مامی کەم ببۆوە، خۆی تەرمەکەی لە شانی کابرا داگرت و بە گەنجەکەی وت تفەنگەکە بدات بە بەگمحەمەد. خانئاپۆ تەرمە قورسەکەی لە بن دیوارەکەدا خەواند و قوباد بە دوای تەرمەکەی تردا کەوتە ڕێ و کازمەشەلی لەگەڵ خۆی برد. بەگمحەمەد بە ئەمازەی گوڵمحەمەد، لەغاوی قەرەی دا بەدەستیەوە، و ڕۆیشت تا کەلوپەلەکانی باڵەخانە بهێنێ. خانئاپۆ خەریکی ڕیزکردنی کوژراو و برایندارەکان بوو. تا ئێرە برینداریێک، دوو کوژراو و نیوەگیانێک و دیلێک کە لە بن دیوارەکەی بەرامبەردا ڕاوەستا بوو و لە هاوکارە شکست خواردووەکانی مۆر ببۆوە، ڕیزکرابوون.

قوباد، تەرمێکیتری بانەوبان هێنابوو و ئەوا لە سەر دیواری خانووەکەی، کە ئەیڕوانی بە ڕووی کۆڵاندا وەستا بوو. گوڵمحەمەد تەرمەکەی لە کابرای جووتیار وەرگرت و خانئاپۆ ئەویشی لە لای ئەوانی ترەوە خەواند و بە خۆی وت:

ـ ئەمە شەش!... ئەی ئەوانی تر کوان؟ هەر ئەوەندە بوون؟ یەکیشیان پێموابێ لە پشتی گردەکە کەوت؛ وایە گوڵمحەمەد؟

گوڵمحەمەد تفەنگی دووەمی لە گەنجە شەلەکە وەرگرت

و لە وەڵامی ئاپۆدا وتی:
ــ خودی ئەشکین ئەڵێ نۆ کەس زیاتر نەبوون. ڕەنگە ئەو دووانەش هەڵاتوون و بریندارەکەشیان لەگەڵ خۆیان بردووە.
خانئاپۆ هەم گوێی لە گوڵمحەمەد بوو هەم گیرفانی مردووەکان ئەگەڕا. لەمناوەدا گەنجە شەلەکەش کەوتە کردنەوەی فیشەکدان و فانووسقە و پۆستاڵەکان. قوباد چوو بۆ یارمەتی بەگمحەمەد. تا لای تەنوورەکە ڕۆیشت و چی خرت و پرت مابوو، دەس بە دەس هێنایان و خستیانە ناو شەڵتەکان.
خانئاپۆیش دەسکەوتەکانی بە یارمەتی گەنجەکە خستە شەڵتەوە و دایمەزراندن و هات بۆ لای گوڵمحەمەد و لە بەرامبەریدا وەستا و پرسی:
ــ ئەمجارە چی بکەین؟
گوڵمحەمەد بە بێ ئەوەی بە ئاشکرا سەیری ناوچاوی مامی بکات، وتی:
ــ چەندە پارەت لە گیرفانەکانیاندا دۆزییەوە؟
خانئاپۆ شانی هەڵتەکاند و چاوی لە ڕیزی جەندەرمە ڕاکشاوەکان وتی:
ــ نۆکەری دەوڵەت پارەیان لە کوێ بوو، قوڕیان بە سەر!
گوڵمحەمەد، قۆڵی خانئاپۆی گرت، تۆزێک بردییە ئەو لاوە و وتی:
ــ پارەی نان و ئالیکێک بدە بەم کابرا، بە قوباد. بەڵام نەک لە بەر چاوی ئەمانە. برۆ بۆ ماڵەکەی و بیدە دەس ژنەکەی. خۆ تێم ئەگەی؟!
ڕازی و نا ڕازی خانئاپۆ چووە ماڵەوە و لە بەر خۆیەوە بۆڵەیەکی لێوەهات. بەڵام نەک بەو جۆرەی گوڵمحەمەد بیبیسێ، یان تەنانەت ئەوانیتر لە پرتە و بۆڵەکەی تێبگەن. گوڵمحەمەد بەڵام دڵنیابوو کە مامی بەخشش‌ێکی وایان ناداتێ. ڕەنگە. واشی لێهات. چونکە خانئاپۆ زۆر بەخێرایی گەڕایەوە و بە تووڕەییەکەوە کە پێئەچوو پەیوەندی بە داواکەی گوڵمحەمەدەوە هەبوو،

لەبەرامبەر عەلی ئەشکیندا وەستا و لە کاتێکا چاوی تێبڕیبوو وتی:

ــ ئەی ئەمە چی لێ ئەکەی؟ ئەمە خۆ ئەیویست بە کوشتنی ئێمە ناو دەربکات!

گوڵمحەمەد وتی:

ــ ڕەنگە هەر بەم جۆرە بینێرمەوە بۆ لای سەرتیپ فەربەخش تا پاڵەوانەکەی ببینێ!

ــ ئەوە ئەڵێی چی؟ ئەتەوێ بە زیندوێتی لێیگەڕێی؟ حەح! کام پیاوی ژێر ماری بریندار بەرەڵڵا ئەکات؟ ئەڵێی دڵی مناڵ وا لە سینەتدا، تۆش! نە مامە گیان، نا! نابێ دڵت بۆ گورگ بسووتێ، ئەوە زوڵم کردنە لە پەزەکان. نەء. من ناهێڵم ئەم دڕندەیە گیان دەرببات! ئاو لە سەرمان لای داوە، تازە. بۆچی ئیتر گاڵتە لەگەڵ خۆمان بکەین؟!

گوڵمحەمەد، بە بێ ئەوەی لە وەڵامی خانئاپۆدا، هیچ بڵێت، قەرەی بە دوای خۆیدا برد بۆ لای ساردڵوەکە و گوێی لێبوو ئەشکین بە خانئاپۆی وت:

ــ تۆیش ئەکوژرێی، خانئاپۆ!

زایەڵەی قاقای خانئاپۆ حەوای دڕی و گوڵمحەمەد بیستی لە وەڵامی ئەشکیندا وتی:

ــ خۆ من ئەوە ئەزانم، کەرە گیان! بەڵام نازانم کەی و چ کات؟ بەس ئەوە ئەزانم کە خەریکم ڕۆژەکەی ئەخەمە دوواوە!

گوڵمحەمەد سەری ڕاوەشاند و دەستی خستە ئاوەکە و تازە هەستی بەوە کرد خۆر دەمێکەیە هەڵاتووە. ئەوا خۆری لە ناو ئاوەکەدا ئەبینی؛ ئاوێنەی ئاو هەتاوی لەگەڵ خۆی بە سەر دەستەوە ئەبرد و هەتاو بوو و ئاو بوو؛ ئاو بوو و هەتاو بوو، هەرچەند ئەڕۆیشتن و ئەگەرچی ئەڕۆیشتن دەستا و دەست و چاو لە چاو، بەڵام هەبوون و دەست بۆ ئاو ئەتتوانی هەتاویش بگری و گوڵمحەمەد ئەتوت تازە دەنگی بەرەبەیانی مەلە بچوکەکان

بەر گوێی ئەکەوێ کە چەند بێخەیاڵ و سەرخۆش بوون. بیابان چەندە ئەهوەن و بنار چەند خامۆش بوو؛ ئەتوت هیچ ڕووی نەداوە و تەنانەت دەستێک نەجوڵاوە و هیچ، وابزانە هەر هیچ نەبووە!

تەقە. تەنها گوللەیەک. گوڵمحەمەد، تەنانەت نەجووڵا. مامی خۆی ئەناسی. لە سەر پەنجەی پێ هەڵسا و وەستا. خانئاپۆ بە دەستێک، بە دەستی ڕاست تەقەی کردبوو. ئەشکین، ئیتر نەبوو! گوڵمحەمەد سەیری نەکرد. نە سەیری خانئاپۆ و نە هی ئەشکین. دەسکەوساری قەرەیدا بە براکەی. چووە ماڵەکە، ڕەنگە بۆ ماڵاوایی. هاتە دەرەوە و دەسکەوسارەکەی وەرگرتەوە و لێگەڕا بەگمحەمەد جارێکیتر سەیری شەڵتە و پاشتەرکی قەرە بکات و ورد و درشتی چەک و شمەکەکان دامەزرێنێ، نەکا پشت و پاشەڵی ئەسپەکە بەهۆی شتێکەوە بریندار بێ. گوڵمحەمەد بە قوباد، کە لە پشت سەرییەوە لە بن دیوارەکە وەستابوو، وتی:

ــ مەگەر خەڵکەکەت بانگ نەکرد؟!

قوباد وتی:

ــ ترسام بانگیان بکەم، خان!

گوڵمحەمەد نەک ڕوو لە کابرا و لە چاوی ئەودا، ئەتوت لەگەڵ یاڵی ئەسپەکەیەتی، لەو شەپۆلی دڕدۆنگیەی خەریک بوو لە هەناویدا سەری هەڵئەدا، هەژا و ئەمەش هەستێکی بە ئازاد بوو و هەموو جارە و لە کۆتایی هەموو جەنگێکدا یەخەی پێ ئەگرت، وتی:

ــ کە پییان وابێ تۆ هاودەستی ئێمە بوویت؟ لەمە ترسای؟! بانگیانکە!

گوڵمحەمەد لە هەمان کاتدا کە تووڕەییەکەی لە هەڵچوون دابوو، ڕووی کردە کابرای جووتیار و درێژەی دا:

ــ بانگیان بکە! بدە لە دەرگاکانیان و بڵێ ئەمەوێ بیانبینم، پێیان بڵێ ئێمە پیاوخۆر نین!

قوباد، کەوتبوویە ڕێ و بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکە ئەچوو، بەڵام گوڵمحەمەد جارێکیتریش دەنگی هەڵێنا:

ــ جاڕ بدە! جاڕبدە با کۆببنەوە! بڵێ ئەمەوێ بیانبینم!

ــ قوباد و بە دوایدا گەنجە شەلەکە پێیان تیژکرد و تەقەیان لە یەکەم دەرگا هێنا و پاش تۆزێک گوڵمحەمەد بیستی گەنجە شەلە، لای سارداوەکەوە چووە سەربانی ماڵێک و جاڕ ئەدا و بە فەرمانی گوڵمحەمەد خانی سەردار خەڵکەکە بانگ ئەکا بۆ مەیدانی سارداو.

گوڵمحەمەد پێی لە ئاوزەنگی نا و لە سەر زینەکە دانیشت و بۆ ئەوەی شەودێز لەپڕ نەداتە غار، بە توندی لەغاوەکەی ڕاکێشا کە حیلە لە گەرووی قەرەدا پاشگەز بوویەوە و کەمانی گەردنی هاتەوە یەک و ملی بە چەپدا چەمایەوە. سووڕێکی بە دەوری خۆیدا دا و پاشان وەستا، کە ئەبوایە بوەستێت.

خانئاپۆ ئاگاداری گرژبوونەکەی گوڵمحەمەد بوو و خۆی ئەیزانی هۆی هەڵچوونەکەی تەقەی لەپڕی ئەو بووە لە ناوچەوانی عەلی ئەشکین. هەرچەند وەک منداڵێک ژێوان ببوویەوە بەڵام بە ناچار، هەنگاوێکی بەرەو قەرە هەڵگرت و بە هێوری و بە مایەیەکی ترێق بوونەوەوە، وتی:

ــ ئەی ئەم دووانە چی لێبکەین؟ زیندووەکان؟

گوڵمحەمەد، نیگای بەرەو بیابانی دەرەوەی ئاوایی، بە هەمان ئارامی بەڵام لە نێوان ددانە لێک قفڵ کراوەکانیەوە وتی:

ــ هەر کامیان گوێیەکی ببڕە و بیخەرە بەری دەستیان، ئەگەر دڵت دێت. تەرمەکانیش ببەستە بە سەر دوو دانە لە ئەسپەکانیانەوە.

خانئاپۆ سەیری ئەسپە کۆکراوەکانی لای گۆلاوەکەی کرد و، دەسبەجێ ورد و درشتیانی بە سەر کرد و بە گلەییەوە وتی:

ــ جا ئەگەر بەم جۆرە بێ تەنها دوو ئەسپمان بۆ ئەمێنێتەوە، ئاپۆ گیان!

گوڵمحەمەد لەغاوەکەی سستکرد و وتی:

ــ من خولێک ئەدەم بە ناو کۆڵانەکاندا و ئەگەڕێمەوە. ئاگات لێبێ خەڵکەکە دێن لێیان تووڕە نەبی! بەم جۆرەش بە پیاوخۆرمان ئەزانن!

لە گەڕانەوەی گوڵمحەمەددا، ئەو جەماوەرەی بە دەور تەرمەکاندا کۆببوونەوە کۆڵانیان بۆ قەرە کردەوە. گوڵمحەمەد بە ناو خەڵکەکە و بە لای تەرمەکاندا تێپەڕی. هەنگاوێکی بمێنێ بۆ سارداوەکە لەغاوی ڕاکێشا و وەستا. دوو جەندەرمە زیندووەکە، هەر کامەیان گوێیەکی خۆی لە ناو مشتیدا ڕاگرتبوو و بە بێ ئەڤان و بە نەرمی گوێکەیان لە ناو مشتە خوێناوییەکەیاندا ئەگووشی و نیگایەکی کەساسیان لە گوڵمحەمەد بوو. گوڵمحەمەد، نە دەرفەتی ئەوەی هەبوو و نە جێکەی زۆر بەلەبار ئەزانی بۆ دەربڕینی ئەوەی بە ئاڵۆزی دەروونی شەڵەژاندبوو. بۆیە بە بێ ئەوەی سەیری کەسێکی دیاریکراو بکات وتی:

ــ ویستم بزانن کە ئێمە، گوڵمحەمەدەکان ئەم جەندەرمانەمان کوشتووە. ئەم کابرا کە نازانم ناوی چییە... ناوی چییە؟!

کوڕە شەلە لە ناو حەشاماتەکەوە شانی هەڵێنا و وتی:

ــ قوباد... خان. مامی...

گوڵمحەمەد، درێژەیدا:

ــ ... ئەم قوبادە، دوێشەو دەرگای لێکردینەوە و ڕێگەی داین لە ماڵەکەی، چونکە شوێنمان نەبوو لێی لا بدەین. ئەو شێوازی میوانداری بەجێ هێنا. نانی دا بە خۆمان و ئالیکی کردە بەر ئەسپەکانمان. ئێمە لە ماڵی قوباد میوانی ناوەخت بووین کە گەمارۆ دراین. هاتبوون بمانکوژن و ڕێکەوت... وای لێهات ئێمە ئەوانمان کوشت؛ هەڵبەت چەند دانەیەکیشیان هەڵاتن. ویستم ئەوە بزانن و بەوانیتریش بڵێن بۆ ئەوەی بزانن کە قوباد لەم کاتەوە لە پەنای ئێمەدا، لەپەنای گوڵمحەمەدەکان دایە. ئەوە

بزانن لە نەبوونی ئێمەدا، تاڵە موویەک لە سەری کەم نابێتەوە؛ هەرچەند کە ئێمە هەمیشە لەم دەوروبەرانە هەین. ویستم ئێوە شایەت بن کە ئەم جەنگ و شەڕە کاری ئێمە بووە و ئەم کوشتارە بە ناچاری بە ئێمە کراوە. ئێستەش... سێ چوار مەن نانمان ئەوێ، لەگەڵ کیتەڵەیەک ماست و دەسیرێکیش ڕۆن. ئەگەر خەڵکێک نانی ئامادەی هەیە لێتان ئەکرێن، ئەگینا هەرماڵە و نانێک!

بەگمحەمەد، دوا مەشکەی خستە ناو شەڵتەی تەرکبەندی ئەسپەکەی خۆی. هەر شەڵتە و جەوەندەیەک. گوڵمحەمەد ڕووی کردە جەندەرمە گوێ بڕاوەکان، لێگەڕا قەرە هەنگاوێک بچێتە بەرەوە و، وتی:

ــ ئێوەش! ئەمەوێ پەیامەکەی ئێمە بە فەربەخش ڕابگەیەنن. ئەگەر لەبری تفەنگەکانی، زمانی بخستایەتە گەڕ، باشتر بوو! پێی بڵێن ئەگەر لەشکرێک تفەنگچیش بنێرێ بە دوامانەدا، ناهێڵین بە زیندوویی بگەڕێنەوە. ئەمەوێ بوێرن و ئەم قسانەی هەروا بە ڕووتی پێ بڵێن. گوێیەکتان نەبێ لەوە باشترە سەرتان نەبێ! تۆ، ئەو ناوچەوانە گرژەت بکەرەوە! هەڵسە و یارمەتی بکە هاوکارەکانتان بارکەن، دەی!

نانەکان، لە سەر یەک هەڵچنرا و هێنایان. خانئاپۆ لێیانی وەرگرت و خستیە شەڵتە بەتاڵەکانەوە و دوو ئەسپە گیراوەکەی لە تەرکی ئەوانیتر بەست و بەو دوو جەندەرمەی هەر کامە و دەسکەوساری ئەسپێکیان بە دوو تەرمەوە پێبوو، وتی:

ــ بکەونە ڕێ ئیتر! ئەتانەوێ لێرە بمێننەوە تا هاوکارەکانتان لەگەرمادا بۆن بکەن؟

دوو جەندەرمە، کە هێشتاش نیگایەکی نا ئومێد و سەرگەردانیان هەبوو، لە بەرچاوی جەماوەری قەڵامەیدان و لە بن نیگای پیاوانی کەلمیشیدا، بە ترسەوە هەنگاویان هەڵگرت و نەرم و بە بێ کەمترین کاردانەوەی خود بە خودی تەنانەت، بە

ناو جەماوەرەکەدا تێپەرین و بەرەو مەیدانی گۆلاوەکە ڕۆیشتن. لە کاتێکا هەر کامەیان تەرمی دوان لە هاوکارەکانیان وەکوو دوو تێڕی دانەوێڵەی بارکراو لەگەڵ خۆیان ئەبرد.

ــ لەکام ڕێوە؟

گوڵمحەمەد، ڕێی دۆڵەکەی بە خانئاپۆ پیشاندا. خانئاپۆ بە سواری ئەسپە شینکیە بە قەڵافەتەکەی خۆی، دوو ئەسپی گیراوی بە دوای خۆیدا ڕاکێش کرد. لە مەیدانی سارداوەکە تێپەڕی و بە هەنگاوی لەسەرخۆ دوور کەوتەوە. بەگمحەمەدیش بە دوای خانئاپۆدا، کەوتە ڕێ. گوڵمحەمەد هەروا لەغاوی ڕاگرتبوو و لە بن سەری جەماوەرەکەوە سەیری تەرمەکانی ئەکرد کە ئەبرا. بەهەر هەنگاوێکی ئەسپەکان، تەرمەکان بە هەردوو لای چوارپێکەدا بە نەرمی و داشۆراوی ئەتەکاتەوە، ئەلەرانەوە و ئەڕۆیشتن و دوو جەندەرمەی شکست خواردوو، لەبەریانەوە، پێیان هەڵئەگرت و ئەڕۆیشتن و تاو بە تاو لەبەرچاوی گوڵمحەمەد دوور و دوورتر ئەبوونەوە.

هەتاو چ ڕەنگێکی سەیری هەبوو.

ئەسپ و تەرم و جەندەرمە، لە چاو ونبوون. گوڵمحەمەد بەڵام هەروا لە شۆپی ڕۆیشتووەکان، لە خاک و لە هەتاوی یافتی ڕۆیشتووەکان مۆڕەوە ببوو. چەندە سەیر بوو، گوڵمحەمەد هەستی ئەکرد لە گۆڕستانێکی خامۆشدا، بە تەنهایی بەجێ ماوە، تەنها و خامۆش. هەستی ئەوەی کە سێبەرێک، یەکێک لای تەرکبەندی ئەسپەکەوە، جووڵە جووڵێتی و جووڵانی قاچەکان و پاشەڵی قەرە، گوڵمحەمەدی هێنایەوە بە خۆیدا:

ــ ئەوە چی ئەکەی، پیاو؟

جووتیارێک کە لە چاوی گوڵمحەمەددا نامۆ بوو و لە هەمان کاتدا نیشانی ئاشنایەتیشی ئەتوت پێوەیە، دەستی لە شەڵتە و تەرکبەندە کە بەردا و وتی:

ــ نیو مەن ماستی پێستە و، تۆزێکیش ڕۆن، گوڵمحەمەد

خان. شتێکی وانییە... شیاوی ئێوەش نییە، بەڵام...

گوڵمحەمەد، دەمی بۆ سپاسکردن نەکردەوە. نەی ئەتوانی هیچ بڵێ. سەیری کرد. کابرا پاشەوپاش کشایەوە و گوڵمحەمەد لەغاوی قەرەی بەرەو دەرەوەی مەیدانەکە ڕاوەشاند و خواری کردەوە و بە خۆی وت:

«خۆزگە ئەمزانی بۆچی؟... خۆزگە ئەمزانی!»

قوباد کە سەری هەڵێنا، لە گوڵمحەمەد و ئەسپەکەی تەنها تۆز و خوڵێک بەجێمابوو. خەڵکی هێشتاش لە ناو کۆڵانەکەدا بڵاو بوون و ئەتوت وردە وردە دەم ئەکەنەوە و ئەکەونە قسە. یان ڕەنگە کەوتبوونە وتووێژ. بەڵام قوباد هیچی نە ئەبیست و تاقەتی قسەشی نەبوو. نیگایەکی مەنگ و گوماناوی بە سەر ڕوخسارەکانی ناو کۆڵاندا سووڕاند، پاشان تاوێک چاوی بڕییە ئەو خوێنەی لە بەر دەرگای ماڵەکەیدا ڕژابوو. بەتوندی خۆی کرد بە ماڵدا و دەسبەجێ بە دۆڵچەیەکەوە هاتە دەرەوە، قاچی نایە ئەمبەر و ئەوبەری جۆگەکە، دانەوییەوە و بۆ شۆردنەوەی خوێنەکە، دۆڵچەی کرد بە ئاوەکەدا و بە پەلە و شێلگیری ئەوەندەی ئاو پیاکرد، دیوار و بەردەرگا قوڕاوی بوو، بە بێ ئەوەی بتوانێ خوێنە ڕژاوەکە بەتەواوەتی لە خاکەکە بشواتەوە.

# بەشی پانزەهەم

## بەندی یەکەم

ـ «...من شتێک ئەڵێم و تۆش شتێک ئەبیسی! لەشکرێک بوون. لەشکرێکی سوار و پیادە، بە چەک و تەقەمەنیەوە، سێ ڕۆژ و سێ شەو قەڵایان گەمارۆدا بوو بەڵکوو بتوانن بە زیندوویی بیانگرن. خەڵکی ئاوایی سێ ڕۆژ و سێ شەوان نەیانتوانیوە لە ماڵەکانیان سەر بهێننە دەرەوە! ئەڵێن سەرت بهێنایەتە دەرەوە ناوچەوانت پەرێشان ئەبوو. گوللە نا؛ بڵێ شەستەی ڕەشەبارانی بەهار! سێ ژن بەریان خستووە. زیاتر لە حەڤدە-هەژدە کەس کوژراون. چەندەش بریندار بووە مەپرسە! ئەو بێبەزەییانە ئاویان لە گوندەکە گرتبۆوە بەڵکوو بەو جۆرە گوڵمحەمەد ناچار بکەن خۆی بدا بە دەستەوە. ڕەنگە ویستوویانە خەڵکیش زۆریان بۆ بێ و یاخی ببن و دژی گوڵمحەمەدەکان بکەونە شەڕەوە. گەوجانە! بە خەیاڵی خاویان خەڵک لە گوڵمحەمەدەکان هەڵئەگەڕێنەوە و بە نرخی گیانی خۆیان ئەیانگرن، باڵبەسیان ئەکەن و ئەیاندەنە دەس ئەوان، هەه! خەیاڵی خاو! شتی وایان کردووە بۆ گرتنی گوڵمحەمەد، جنۆکەش بیری بۆی ناچێ. بەڵام دیسانەوەش نەیانتوانیوە هیچ بکەن. چیرۆکی وەها لە ئازایەتی ئەم گوڵمحەمەدی کەلمیشیە ئەگێڕنەوە مرۆڤ لە بیستنی دۆش دائەمێنێ. چی ئەڵێن، چی ئەڵێن! ئەیوت تاقەرانیەک هەڵئەدە بە ئاسماندا، بەرەو هەتاو، بە برنەو ئەو تاکە قەرانیە

به حەواوە ئەپێکێ! کەم نییە، ئەوە؟ ڕۆژی خۆرەتاو، مرۆڤ بۆ ساتێکیش ناتوانێ سەیری ئاسمان بکات؛ چ بگات بەوەی بەرەو هەتاو، تاقەرانیش بە حەواوە بپێکێ! هەرگیز گوللەی بەهەڵەدا نەچووە! دەک دەستت نەڕزێ! دەک بە نۆشت بێ ئەو شیرەی تۆ خواردووتە، پیاو!»

ـ «ئەسپ سوارییەکەی بۆ ناڵێی؟ لە بەشی سوارە بووە و چەند دانە مەدالیاشی وەرگرتووە. ئەڵێن لە کاتێکا ئەسپەکەی بەغار ئەڕوا، گوڵمحەمەد لە سەرپشتی ئەسپەکەوە، وەکوو فڕفڕە خۆی ئەبا بۆ بن ورگی ئەسپەکە و هەروا بە بن سکی ئەسپەکەوە چوار فرسەق داژوێ. بیری لێ بکەرەوە! هەر بۆیەشە هەتا ئێستە کەس نەیتوانیوە بە سەر ئەسپەوە گوڵمحەمەد بپێکێ. کەم نییە، ها!»

ـ «کەم نییە، چییە؟ بێ وێنەیە. تاقانەیە. کێ تا ئێستە توانیوێتی ئەو شیرینکارییانە بکات؟ لە کێیان گێڕاوەتەوە؟ من خۆم نەم بیستووە. پێموانییە بابەکانی ئێمەش بیستبێتیان.»

ـ «ئەڵێن خان زادەیە. ئەڵێن باوکی یەکێکە لە خانە گەورەکانی قۆچان»

ـ «نەخێر؛ دەرەگەزییە. باوکیشی نەماوە. بەڵام حەوت گامێش و چل ئەسپ و هێستر و چوار گوندی بۆ بەجێ هێشتووە. هەندێک ئەڵێن دوانزە برا و خوشکن. هەڵبەت بە گوتەیەکی تریش ئەڵێن حەوت برا و سێ خوشکن، هەر کامیشیان بۆ خۆیان پاڵەوان و جەنگاوەرێکن.»

ـ «باسی ئەوە هەر مەکە! خودی گوڵمحەمەد ئەڵێن سێ مەتر قەد و باڵایەتی. چاوەکانی ئەمەندیە. بەقەد چاوی گوێرەکەیەک!»

ـ «وام بیستووە تا ئەمڕۆ کەس نەیتوانیوە چاو ببڕێتە ناو چاوی!»

ـ «کێ ئەوێرێ سەیری ناوچاوی پیاوێکی وەها بکات؟!»

ــ «... بیست ساڵ زیاترە کە من لەگەڵ باوکی گوڵمحەمەد ئاشناییم هەیە. لەو ساڵەوە کە بەردە هاڕەی بنەوەی ئاشەکەم نوێکردەوە. نەبووە کە لەکاتی گەرمێن-کوێستان، یان کوێستان-گەرمێن‌دا بە لای هەرەدیّدا تێپەڕن و شێو یان بەرچاییەک لە ئاشەکەی من لانەدەن. ئەمە جگە لە هاتوچۆیان بۆ بارهێنان. زۆربەی کاتەکان گەنم یان جۆ ئەهێنن و من دەسبەجێ بۆیان ئەگۆڕمەوە و بەڕێیان ئەکەم. زۆربەی جارەکان خودی گوڵمحەمەد بە تەنها یان لەگەڵ باوکی‌دا ئەهات بۆ ئاش. ئەو ڕۆژانەش بە ڕواڵەتیەوە دیار بوو کە پیاوێکی تایبەتە. بە ڕاستیش، پیاوێکی ترە. شان و شکۆیەکی تری هەبوو. بالایەکی وەها بەرزی نییە، بەڵام پاڵەوانە ماشەڵڵا. چوارشانە و تێکسمراو، وەکوو بەرد، تەختی سینەی، بەربەستی ئەسکەندەر. سمێڵەکانی لە بناگوێیەوە دەرچووە. بە هەیبەتە و شکۆدار. درۆم نەکردبێ، قۆڵەکانی بەقەد ئەم بەردە ئەستوورە. چ قژ و کاکۆڵێکی هەیە! برۆکانی کەوانی مانگ، چاوەکانی وەکوو ئەڵماس. دڵ و جەربەزەی پیاو، لە چاوەکانیەوە ئەبریسکێتەوە. بۆتان بڵێم گلێنەکانی هەر کامەیان ئەڵێی دەبانی ڕووتن. هەر ژەمێکی ڕانەمەڕێک تەواو ئەکا. هەموو بەیانیەک هەژدە هێلکە لەگەڵ پێنج سیر ڕۆنی زەرد، ئەکا بە هێلکە و ڕۆن و بە پێنج نانەوە ئەیخوا، ئەوسا لە سەر سفرە هەڵئەسێ. لە زۆران گرتن‌دا، لە ناو هەموو کوردەکانی مەڵبەندەکەدا، کەس پێی ناوەستێ. هەتا ئەمڕۆ هیچ پاڵەوانێک نەیتوانیوە پشتی گوڵمحەمەد لە خاک بدا. هێزی خودایی لە بازوویایەتی. من خۆیشم بە گەنجێتی زۆرانباز بووم، بەڵام گوڵمحەمەد پاڵەوانێکی ترە. چاوەزاری خودایی هەیە!»

ــ کاتی منداڵی، تورکمەنەکان بە دیلی بردوویانە. تورکمەنەکان بەشەو ئەدەن بە سەر هەوارەکەیان‌دا، ڕانەکەیان ئەدەنە بەر

و ئەبێ بە شەڕە تفەنگ و باوکی گوڵمحەمەد کە ئەو کاتە گەنجێکی بەوەج و لێهاتووبووە، هەر ئەو شەوە ئەکوژرێ. تورکمەنەکانیش ئەم گوڵمحەمەدەی خۆمان و دایکی ئەگرن و بە دیلی ئەیانبەن بۆ تورکمەنسەحرا. لەوێ، دایک و کوڕ لە لای خۆیان ڕائەگرن و بێگاریان پێ ئەکەن. گوڵمحەمەد، وردە وردە گەورە ئەبێ تا ئەبێ بە دەسالان و ئەکەوێتە بیری ئەوەوە کە ئەی باوکی کوانێ؟ شەو و ڕۆژ بیر لەوە ئەکاتەوە کە هەموو منالێک باوک و دایکی هەیە؛ ئەی باوکی ئەو کوانێ؟ ئەم بیر و خەیالانە ئازاری ئەدا و ڕۆژ بە ڕۆژ ڕەنگ و ڕوخساری زەرد و زەردتر ئەبێ. بە پێی ئەوەی کە دایکی ئاگای لێی بووە و ئەبینێ کە ئەو ڕۆژ بە ڕۆژ لاوازتر ئەبێ، بۆ چارەیەک ئەگەڕێ و چی بکات باشە؟! گیانم کە تۆ بی، ئاخرەکەی دایک و کوڕ ئەکەونە وتووێژ و چەندە کوڕە زیاتر ئەپرسێ دایکی کەمتر وەڵامی ئەداتەوە. ئەمە تێ ئەپەڕێ، هەتا شەوێک گوڵمحەمەد بە چوارلکێکی ئاسنەوە ئەچێتە سەر سەری دایکی. ژنەی ڕەبەن خەبەر ئەکاتەوە و لێی ئەپرسێ: «باوکی من کێیە و لە کوێیە؟» هەروەها ئەڵێ: «توانجی خەڵکی خەریکە ئەمکوژێ، یان ڕاستەکەیم پێ بڵێ باوکی من کێیە و لە کوێیە؛ یان هەرئێستە و بەم شەوە نووتەکە، بەم چوارلکە ئەتکوژم و خۆیشم تیا ئەبەم!» دایکە، سەرەتا لاڕێ ئەگرێ. هەندێ شتی پێ ئەڵێ، بەڵام دڵی گوڵمحەمەد باوەڕ بەو قسانە ناکا و لە ڕاستیدا دڵی پێی ئەڵێ دایکی خەریکە درۆی لەگەڵ ئەکات. چونکە قسەی ڕاست کاریگەرە و بە دڵەوە ئەنیشێ، بەڵام قسەی درۆ -ئەگەر سەد خەروار سوێندیشی بە دواوە بێ- دیسانەوەش دڵ وەری ناگرێ. بە گوێرەی ئەوەی کە گوڵمحەمەد بۆ خۆی دڵێکی پاک و ڕوونی هەیە، بڕوا بە درۆکانی دایکی ناکات و لە ئەنجامدا دایکی هەژار، بە دڵی سووتاو و چاوی گریانەوە، ڕاستیەکەی بۆ کوڕەکەی ئەگێڕێتەوە و ئەوسا دایک و کوڕ دەست ئەکەنە ملی یەک و تا ڕۆژ ئەکاتەوە بە خوڕ ئەگرین و غەم و

پەژارە یان بۆ یەکدی ئەگێڕنەوە. دەمەو بەیان، ئاخرەکەی خەویان لێ ئەکەوێ و هەر لەو خەوەدا، گوڵمحەمەد خەون بە باوکییەوە ئەبینێ کە بە ئەسپێکی سپیەوە هاتۆتە بەردەرگای ڕەشماڵەکە و بە کوڕەکەی ئەڵێ: «ئەی گوڵمحەمەد! چ دانیشتوویت؟ ئەم ئەسپ و ئەم تفەنگە هینی تۆیە. نان و ئاو و فیشەکیش وا لە شەڵتەکەدا. تا خۆر هەڵنەهاتووە، هەڵسە، سواری ئەم ئەسپە ببە، دایکیشت سواربکە و بچۆرەوە بۆ ناو کەسوکارت. یەکپێ باژوو. ئەگەر لەم دەشتی تورکمانە بمێنیەوە و بکەویتە گەدایی، من کە باوکی تۆم، لە پشتی خۆم بێوەریت ئەکەم. ڕابە، گوڵمحەمەد!» هەمان کات گوڵمحەمەد لە خەو دائەچڵەکێ، دایکیشی بەخەبەر ئەکاتەوە و لە هۆبە بچووکەکەیان دێنە دەرەوە و بە دزیکەوە ئەچنە ناو ڕانی ئەسپەکان، ئەسپی خانی تورکمەن زین ئەکات. دایکی لە تەرکی خۆیەوە سوار ئەکات و جا غاردە و باژووە. تا نۆکەرەکانی خانی تورکمەن لە خەو هەڵسن و پێی بزانن، گوڵمحەمەد و دایکی فرسەقێک دوورکەوتبوونەوە و هەر داژوون و ئەڕۆن. بەڵام تورکمانەکان کە زۆر لەبەریان گران بووە گوڵمحەمەد ڕابکات، سواری ئەسپەکانیان ئەبن و وەکوو ڕان ئەکەونە دوای گوڵمحەمەد. جا ئێستە غارمەدە، کەی غار بدە، داژوون و داژوون و داژوون، تا ناوقەدی ڕۆژ. لە نزیکی شێروان ئەسپە سپیەکەی خانی تورکمەن ئەبینن لە بن ڕانی گوڵمحەمەددا غار ئەکا. ئەوەندەی نەمابوو بگەنەوە بە گوڵمحەمەد، چونکە ئەسپەکەی خانی تورکمان کەف دابوویە لێوی، هەناسەی سوار ببوو و سات و کاتێک بوو بگەنە سەریان. ئەگێڕنەوە کاتێکە خانی تورکمان ئاگادر ئەبێ کە ئەسپە ئازیزەکەی خەریکە بەجێ ئەمێنێ و کات و ساتێکە ئەسپەکانی‌تر پێی بگەنەوە لەپڕ وەکوو شێت و هاری لێدێ و هەر بەو جۆرەی کە غار ئەدا، لە پشتەوە دەست ئەکا بە جنێودان: «ئەی کوردی زۆڵەزا، ئابڕووی خۆیشم و ئەسپەکەیشت بردم. ئەی بێ‌کەڵکی کەرلەوەڕێن تۆ شیاوی

سواری ئەو ئەسپەی من نیت. بەرتەنگەی ئەسپەکە بپچڕە با بە ئازادی غار بکا، ئەگینا ئەگەر پێت بگەمەوە، بە زیندوویی پێستی سەرت ئەگرووم.» دیسانەوەش هاوار ئەکا: «سینەبەندی ئەسپەکە بقرتێنە و ڕێز و ئابڕووی خۆم و ئەسپەکەم مەبە!» ئەوسا کە ڕانە ئەسپەکە لەگەڵ ئەسپە سپی خانی تورکمان گوێ لە کلک ئەبن، خانی تورکمان بۆ دواجار هاوار ئەکا: «چەتوونی چەقاوەسوو! ڕێزی کۆترەکەم بپارێزە! لە بن شەتەک ڕزگاری بکە، نانی گەنم نەدیو!» ئەیگێڕنەوە ئەڵێن گوڵمحەمەد دەست ئەبا بۆ بەر پشتێن و دەبانەکەی دەرئەهێنێ. دائەنەوێتەوە و سینە بەندەکە بە یەک خەنجەر ئەپچڕێنێ و ئەسپەکە لە بەر تەنگەی سینە ئازاد ئەبێ و، ئەسپ ئیتر ئەسپ نییە. بڵێ هەڵۆیە و باڵ لێئەدا، ئەفڕێت و لە چاو پێکانانێکدا، ڕانە ئەسپەکە وەکوو کەری لە قوڕ چەقیوو جێ ئەهێڵێ و وای لێدێ ڕانە ئەسپی تورکمانەکان بە تۆزی پێی ئەسپە سپی ناگەنەوە. لێرەدا خانی تورکمان لەغاوی ئەسپەکەی ڕائەکێشێ. دەستەی سوارەش ئەسپەکانیان ڕائەگرن و سوارەکان بە داماوییەوە سەیری خانی تورکمان ئەکەن. خانی تورکمانیش کە هێشتا چاوی بە شەوقی بڕیوەتە تۆزی پاشماوەی ئەسپەکەی، سەرکەوتوو و شادمان سەیری سوارەکانی ئەکا و ئەڵێ: «تازە تەواو بوو. کۆتر فڕی و ئیتر غەمم نییە. بگەڕێنەوە!»

تورکمانەکان ئەگەڕێنەوە و گوڵمحەمەدی خۆی ئەگەیەنێتەوە ناو ڕەوەند و تیرەکەی خۆیان و لەوەدوا ڕۆژگاری ئاوەژوو ئەبێ و ئەبێ بە تفەنگدار و پارێزەری ڕان و ڕەوەندە کوردەکان و، ئێستە ئیتر لە ناو مەڕدارەکاندا کەس نییە گوڵمحەمەدی کەلمیشی بە ناو نەناسێ! «... ئێستە بخەوە کوڕەکەم، تا... سەیزوشەو. بخەوە لە دەورت گەڕێم.»

ـ «گوڵمحەمەد؟ هەی هەی هەی...! چوار ژنی هەیە هەر

کامیان وکوو پەنجەی هەتاو! کاکۆڵی وەکوو شەوە؛ وەکوو خەرمان، چاوەکانی وەکوو چاوی عەلیئەکبەر، لەیلا. ئەسپێکی هەیە هێشتا تای نەبینراوە. ئەڵێن خانی فرومەد ئەم ئەسپەی پێشکەش کردووە. لەگەڵ شمشێرێک کە دەسکەکەی ئاڵماس ڕێژ کراوە و پشتاوپشت بۆ خان ماوەتەوە. کچەکەشی لە گوڵمحەمەد مارە بڕیووە و پەنجا تفەنگچی و شانشینێک و چەند بەهاربەند و هەمار و ئالیک و تفاق و ئاش. پووزەوانەکانی هەورێشمە، سەوز و سوور و نارنجی. کڵاشی مەلەکی لە پێ ئەکا کە ئالاجاقی لە شارەوە بۆی ئەنێرێ. ئەوەندە تیژ و چالاکە وکوو پڵینگ بە دیواردا هەڵئەگەڕێ. لە هەر گوندێکیش دڵدارێکی هەیە، یەکیان لە یەک شۆخ و شەنگتر! دەک بە نۆشی گیانی بێ و بە بەزی ناو شانی بێ، ڕوباب گیان. کەڵە پیاوی وا منیش لە دەوری ئەگەڕێم. تۆ بی خۆت ناکەی بە قوربانی ئەو پیاوە؟ من ئەگەر بوایەتم داوای هەزار گیانم لە خوا ئەکرد بیکەم بە قوربانی گوڵمحەمەد، بۆ لە تۆی بشارمەوە، کاتێکە لای خوای خۆم ئاشکرایە!»

ـ «دزێکی ڕوو هەڵماڵڕاوە بەزەیی بە مریشک و پشیلەشدا نایەتەوە، حاجی خانم. بە تیری غەیبەوە بی. ئاسایشی لە هەموو بەندەیەکی خوا، کە دەسی بە دەمی بگات، هەڵگرتووە. خەڵکی شەو نیوەشەو لە ماڵی خۆشیاندا لە ترسی گوڵمحەمەد خەویان نییە!»

ـ «ئەڵێن مرۆڤ وەکوو بزن سەر ئەبڕێ و بە خەیاڵیشیدا نایەت، سەرکار!»

ـ «ئەگەر ئەرباب، ڕای لێبێ ئەسپێک و جووتێک پێڵاو و پووزەوانەی بۆ ببەین بە پێشکەشی، ئەرباب! ئەو جۆرە خەڵکانە

ئەبێ بۆ کاتی خۆی ڕابگرین. بە دیارییەکی سووکەڵە ڕایان ئەگۆڕین و بە دڵی ئاسوودە سەر ئەخەینە سەر سەرین. کاتی واش هەیە بە کارمان دێن. ڕۆژگار هەزار پێچ و خەمی هەیە.»

ـ ئەمەوێ ببینم! ئەمەوێ گوڵمحەمەد ببینم، بەڵێنی پیاوانە ئەدەم بەس ئەمەوێ ببینم. ئەم پەیامەی منی بۆ ببە. حەز ئەکەم هەوڵ بدەی بەڵێنی پیاوانەی منی پێ بسەلمێنی. خۆت شوێنی چاوپێکەوتن دیاری بکە. لە هەر کوێ و هەر کات. بە دەستی بەتاڵ و بە بێ چەک. پەروەندەی تۆیش هەر لە ئێستەرا ئەوا بەسترا و ئازادی. برۆ!... بۆ هەروا لێم مۆڕەوە بوویتەوە؟! ئەمە پەروەندەکەتە. لە دادگاوە هێناویانە و لە لای خۆم ڕای ئەگرم. پاش ئەوەی چاوپێکەوتنی من و گوڵمحەمەدت ڕێکخست، مۆری «کۆتایی پێهات»ی لێ ئەدەم. ئیتر چیت ئەوێ؟

چاوەکانی ستار لە دارەتێکی دڕدۆنگی و ترسدا، بریسکەیەکی پچڕاو و ناتەواوی تێکەوتبوو. ڕەنگی گۆنای پەڕیبوو و جێ پێی سێبەری بەردەوامی پێوە بوو. گۆشەی چاوەکانی چینی نەرم و مەنگی تێکەوتبوو. ئێسکەکانی ڕوومەتی دەرپەڕیبوون و کراسە خاوێن و تازە شۆراوەکەی، ڕەقەڵەی بەستبوو و چڵکنی جاکەتەکەی زیاتر ئەنواندەوە. ستار هیچی نەئەوت و بە وریایی، هیچ کاردانەوەیەکی لە ڕوخساریدا پیشان نەئەدا.

سەرتیپ فەربەخش، بۆ ئەوەی دەرفەتی بیرکردنەوەی لەسەرخۆی لە ستار وەرنەگرتبێ، ڕووی وەرگێڕا و هەنگاوێکی بە نەرمی هەڵگرت و لای پەنجەرەکە وەستا و کەوتە سەیری حەوشەی قەڵای جەندەرمەخانە. تەختی بەردچنکراوی کۆنە قەڵا، بە ئاوپرژێنی ئێواران، ڕەنگ و بۆنێکی زیندوو و نوێی بە خۆیەوە گرتبوو. پریشکی ئاو، بەرامەی خاکەکەی بڵاو کردبۆوە. سروەی سستی ئێوارە، نەرم و ئەهوەن ئەڕۆیشت تا سینە لە خاکی کەویر هەڵگرێت و نەرمەناسەیەکی خەواڵوو لە گەرمای

ماوە و ڕەنگە وەستاوی پاش نیوەڕۆدا، بپرژێنێ. ئەو سروەیەی کە ئەگەر گیانی هەڵکردنی وەربگرتایەت بۆ خۆی بایەک بوو گوڕەی هەتاو لە ناو دڵیدا. لەگەڵ ئەوەش هەڵکردنی با هەمان بوو کە پشت و تەوێڵی ئارەقاوی فەربەخش تامەزرۆی بوو.

ـ من بەڵام... قوربان هیچم پێناکرێ!

فەربەخش، لە وەڵامەکەی ستار هەڵنەچوو. ڕووی لە پەنجەرەکە وەرگێڕا. ئارام و لەسەرخۆ لە پشت مێزەکەی دانیشت و بە بێ ئەوەی سەیری ستار بکات، وتی:

ـ دانیشە!... لێرە!

ستار، کورسیەکەی لای دەستی خۆی بەجێ هێشت و لەو شوێنەی سەرتیپ ئەماژەی پێکردبوو، لە لای مێزەکەیەوە، دانیشت. سەرتیپ فەربەخش سیگاری لە قوتوە سیگارە زیوەکەی دەرهێنا، نەرم و ئەهوەن نای بە سووچی لێویەوە، تاوێک لە ستار ڕاما، پاشان قوتوە شەمچەیەکی هێنا پێشەوە و بە بێ ئەوەی دەستی چەپی لە بن گۆنای هەڵگرێ، چڵە شەمچەیەکی دەرهێنا، هێنای بەگۆگردی قوتوەکەدا و جگەرەکەی پێکرد. پاشان شێوازی دانیشتنەکەی گۆڕی و جگەرە بە لێویەوە، هەردوو دەستی لە سەر مێزەکە دانا و وەک بڵێی کەوتە سەیرکردنی نینۆکە برێک تۆخ و خاوێنەکەی و کەوتە یاریکردن بە جگەرەکەی بە لێویەوە بوو بۆ ئەوەی دووکەڵەکە نەچێتە چاوی و بە لای گۆنا و گوێیدا بە بێ ئازار بچێ بە حەوادا. پاشان، بە شێوازێکی ئارام و ئەکرێ بڵێین دۆستانە، وتی:

ـ لەم ماوەیەدا وا ئەزانم تۆم ناسیوە، ستار. ئەوەندە هۆش و زیرەکی لە خۆمدا شک ئەبەم. بۆیەشە ئەزانم داوای چی لە کێ ئەکەم. بۆیە ئەمەوێ هەر بیریشی لێ نەکەیتەوە کە ئەمەوێ سیخوڕی بۆ من بکەی. نەخێر. نە من داوای ئەو کارە لە تۆ ئەکەم و نە تۆیش پیاوی ئەوەی کە ئەو داوایەت لێبکەم. من قومار ئەکەم. هەرچەند بە زۆری ئەیدۆڕێنم، بەڵام دۆڕانەکەم لە

بەر ئەوە نییە کە خەنیمەکەم ناناسم؛ کەچی سەرەڕای ئەوەش ئەیدۆڕێنم، لە یاریدا شانسم نییە! تێم ئەگەی ئەمەوێ بڵێم چی؟

ستار بە نیونیگایەک سەری بەرزکردەوە و وتی:

ـ بەڵێ جەنابی سەرتیپ!

سەرتیپ سەیری نیوڕۆخی داتەکاوی ستاریکرد و وتی:

ـ من چاوەڕوانی ئەوە لە تۆ ئەکەم ئەم کارەبکەی، ستار!

تاوێک ڕاما فەربەخش، پاشان وەکوو ئەوەی کە قسەکردن دژوار بێ بۆی، درێژەیدا:

ـ هەر بەو جۆرەی کە چاوەڕوانی ئەوەم زۆر کار هەیە گوڵمحەمەد نەیکات!

ستار ناخود ئاگا ئاوڕی لە سەرتیپ فەربەخش دایەوە و بۆ تاوێک چاوی بڕییە نیگا سادەکەی.

سەرتیپ وتی:

ـ پێت سەیرە؟!

ـ نەخێر!... نا!

ستار بە بێ ئەڤان دوو جار سەری ڕاوەشاند و نیگای لە سەرتیپ وەرگێڕا و پەنجەکانی لێک ئاڵاند و چاوی بڕییە بەرامبەری. سەرتیپ تۆزێک شانی دانەواند و لە چەکمەجەی لای چەپی مێزەکە، شتێکی لوولەکراوی لە ناو ڕۆژنامەدا هێنایە دەرەوە و لای دەستی ستارەوە دایناو وتی:

ـ ئەمە... دووربینە. بەکاری دێت. پێی بڵێ با بزانێ کە من بەدخوازی ئەو نیم. بەڵام... لە بەرامبەر ئەو کارانەی کە ئەو ئەیکات، زۆر چاویش چاودێری من ئەکەن و ئەیانەوێ بزانن من چی ئەکەم!... تێم ئەگەی ئەمەوێ چی بڵێم؟!

ـ بەڵێ، جەنابی سەرتیپ!

ـ ئەم بەڵگەیە بخوێنەرەوە و بنەکەی واژۆ بکە!

ستار، کەوتە سەیرکردنی ئەو بەڵگەنامەیەی لە بن پەنجەی

فەربەخشدا خزێنرایە بەردەمی. سەرتیپ پاندانەکەی لە گیرفانی بەرسینەی دەرهێنا و نایە بەردەمی ستار و خۆی لە سەر کورسیەکە هەڵسا و بە هەمان ئارامی چوو بۆ بەر پەنجەرەکە. لە شوێنی پێشووی وەستا، جگەرەکەی هەڵدایە حەوشە، گرێی بۆینباخەکەی شلتر کردەوە و بۆ سڕینەوەی ئارەقەی ناوچەوان و دەورملی دەسڕێکی سپی لە گیرفانی شەرواڵە سەربازییەکەی دەرهێنا و لە هەمان کاتدا نیو نیگایەکیشی هاوێشتە پەنجەی باریکەڵەکەی ستار کە پاندانەکەی ڕاگرتبوو و جارێکیتر کەوتەوە سەیرکردنی ئەو دیوی پەنجەرەکە:

ـ پارەی ڕێگەت هەیە؟

ـ هەمە، قوربان!

ـ مووچە وەرئەگری؟... لە حیزب؟

ستار پەندانەکەی نایە سەر مێزەکە و نیگای بڕییە سەرتیپ. سەرتیپ وەرگەڕا و بە بێ ئەوەی گۆڕانێکی ئەوتۆ لە ڕواڵەتیدا بە دی بێ، وتی:

ـ ناچار نیت ڕاستیەکەی بە من بڵێی.

ستار و سەرتیپ، لەیەک کاتدا نیگایان لە یەکدی وەرگێڕا. سەرتیپ جارێکیتر چاوی بڕییە بەردچنی حەوشەی قەڵا و ستاریش سەیری بەردەمی خۆی، بە بێ ئەڤان دووجار ددانەکانی گووشا بە یەکا. سەرتیپ ئەمجارەیان بە بێ ئەوەی ئاوڕ لە ستار بداتەوە، وتی:

ـ ئازادی؛ برۆ! واژۆت کرد؟... خوات لەگەڵ!

ـ بە هیوای خوا!

هەڵوەستەیەک. پاشان، وەستان. هەنگاوێک. نیگایەکی سەرتیپ. سەرتیپ هەروا لە ناو خۆیدا و لە بەر پەنجەرەکە وەستابوو. ستار بە هەنگاوی سووکەڵە خۆی گەیاندە دەرگا داخراوەکەی ژوورەکە. وەستا و جارێکیتر سەیری سەرتیپی کرد. نەء، بە نیگا وەڵامی وەرنەگرت. بە ئارامی تای دەرگاکەی کردەوە

و چووە دەرەوە. تا حەوشە سێ پلیکان بوو. پێی نایە ناو داڵانەکە. ناو بە ناو لە سەر سەکۆکانی هەردوو بەری داڵان، تاک و تەرا جەندەرمە و لای دەرگاکەش نیگابانێک بە تەمەڵی شانی دابوو بە دیوارەکەوە. ستار بە نیگا و جووڵانی سەر، لە داڵانەوە چووە ژێر تاقەکە و تێپەڕی. ئەتوت چاوەڕێی ئەوەیە شتێکی لێ بپرسن. بەڵام نیگابانەکە، لە وەڵامی نیگا و سەر ڕاوەشاندنەکەی ئەودا بە سستی سەرێکی ڕاوەشاند و ستار هەناسەیەکی ئاسوودەی هەڵکێشا و لە سێبەری بن تاقەکەوە پێی نایە بەرخۆر و چەند هەنگاو لەولاترەوە، سینەی تەقی بە سینەی عەباسجانی کەلایی خوادادەوە:

ـ ئۆغر بە خێر، وەستا ستار! بە سڵامەتی ئازاد بووی؟

ـ بەڵێ... ئیتر، هەرچی بوو ڕابرد.

ستار نەوەستا و تێپەڕی و عەباسجان لە پشت سەرییەوە وتی:

ـ منیش گیرۆدەی کاری سەربازییەکەی ئەم قەدیرە ماڵوێرانەم. خەریکم ئەڕۆم بزانم کارێکی بۆ ناکەم!

ستار دوورکەوتەوە و بە بێ ئەوەی ئاوڕ لە عەباسجان بداتەوە وتی:

ـ چی لەوە باشتر؟!

عەباسجان، ئەتوت خۆیشی لە قسەکەی خۆی قانیع نەببوو، بە بێ هۆ خامۆش و بێدەنگ وەستا و ڕۆیشتنەکەی ستاری، لە دارەتیکی نێوان نەفرەت و سستی، بەڵام نارەزا و پێ ناخۆش، سەیرکرد و پاشان بە ناچاری ڕووی وەرگێڕا و ڕێی دەروازەی قەڵای جەندەرمەی گرتە بەر.

ستار لە سەر نیوکەتی چاخانەکەی لای مەیدانی خاکی دانیشت و هەوڵیدا عەباسجانی کەلایی خواداد، ئەو مێشە پیس و قیرسیچمەیە لە مێشکی خۆی بکاتە دەرەوە.

ـ چا، کاکە؟

ـ بەڵێ، چا!

ـ گەورە یان بچووک؟

پەرداخە چاکەی خواردەوە. لە سەر نیوکەتەکە هەڵسا و کەوتە ڕێ. قاچەکانی ستار خۆبەخۆ بەرەو مەیدانی ئاسنگەرانی ئەبرد. بە شیوی کۆڵانی خمگەرەکان‌دا دابەزی، بە لای چەپ‌دا لە بەر دووکانەکە وەستا. ئەکبەر بە بینینی ستار، مەقاش و پیک و ئاسنی بەجێ هێشت و بە پێکەنینەوە، لە کاتێکا ددانە سپیەکانی بە ڕوومەتە ڕەش و دووکەڵاوییەکەیەوە، پێکەنینەکەی سپی‌تر پیشان ئەدا، لە دووکانەکە هاتە دەرەوە و بە دەم چاک و خۆشیەوە، دەستی هاوڕێکەی بە هەردوو دەست گووشی. ستار، دووربینەکە، کە خستبوویە ناو دەسڕێکەوە، دایە دەست ئەکبەر و وتی:

ـ ئەگەر پارەت هەیە چەن تمەنێکم بەرێ بچم بۆ گەرماو و سەرتاشخانە!

ئەکبەر ئەمانەتیەکەی بردە ژوورەوە و بە مشتێک پارەوە گەڕایەوە و وتی:

ـ زۆربەی قەرانی و دوو قەرانیە، گیرفانت قورس ئەکا.

ستاریش بە گاڵتەوە وتی:

ـ قومارت کردووە؟!

ئەکبەر پێکەنی و وەڵامی دایەوە:

ـ مەگەر کاتێکە تۆ دیار نەبی. چاوەڕێ بکەم تا بگەڕێتەوە؟

ـ ئەگەر زۆرم پێچوو وەرە بۆ گەرماو. جارێ با بچم ڕیشم بتاشم، ئەخورێ. بەڕاست، ئەگەر دەزگای کارەکەشم لە دووکانە، لە بەردەس دای بنێ، کارم پێیەتی. جارێ با بڕۆم.

ئەکبەر چووەوە ناو دووکان و لەمبەری سندانەکە بەرامبەر مامی دەستی کردەوە بە کار و دەست و بازووی بە گوڕتر خستە گەڕ و لە زرم و کوتی پیک و سندان‌دا وتی:

ـ من ئەمڕۆ نیوکاژێرێک زووتر دەس هەڵئەگرم، ئاغە مامە!

مامی ئەکبەر بە شانی چەماوە و ملی کورت و نیشتووی ناو شانە پان و پێڵووە سووتاو و لێوە شینەکانی کە هێسی دووکەڵ و گەردی ئاسن داپۆشیبوو بە تەوسەوە وتی:

ــ دمێک بوو سەر و سەکوتی دیار نەبوو؟!

لە بێدەنگی بە ئەنقەستی ئەکبەردا، مامی وتی:

ــ چەند مانگێک ئەبێ چاوم بە قەد و باڵای نەکەوتبوو!

ئەکبەر، پیکەکەی پاڵ دا بە سندانەکەوە، چوو بۆ لای تەغاری ئاوەکە و پرسی:

ــ باسی کێ ئەکەی؟

مامی، دەست و شانی لە کارکێشایەوە، عارەقەی تەوێڵی بە پشتی دەستی سڕییەوە و وتی:

ــ ئەم ئاشنایەت!

ئەکبەر بە تەغاری ئاوەکەوە بەرەو دەرەوە کەوتە ڕێ و وتی:

ــ چووبوو بۆ سەفەر.

مام، لە نێوانی پێڵووە سووتاوەکانیەوە سەیری کرێکارەکانی کرد و وتی:

ــ ئێوە باوەڕ ئەکەن؟!

دوو کرێکارەکە، کەڕ و لاڵ، خەریکی کاری خۆیان بوون.

مامی وتی:

ــ چاوی بەم پینەچییە ئەکەوێ، ئەڵێی کێچ ئەکەوێتە کەوڵی!

ئەکبەر گەڕایەوە ناو دووکان، تەغارە بەتاڵەکەی هەڵپەسارد و کەوتە خۆگۆڕین. ئاغە مامە ئیتر هیچی نەوت. ئەکبەر جاکەتەکەیدا بە سەر شانیدا و وتی:

ــ شەو دێم کلیلەکە لە خۆت وەرئەگرم.

ئەکبەر چاوەڕێی وەڵامی مامی نەکرد و لە بن زەبری هاو ئاهەنگی پیک لە سەر ئاسن و سنداندا، چووە دەرەوە و بەرەو گەرماوی مەیدانی خەڵووزکەران کەوتە ڕێ.

ــ ئەی کوا دەزگاکەم؟

ئەکبەر دووربینەکەی دایە دەست ستار و وتی:

ــ لە شوێنێکی باشە. لە سەر ڕێ هەڵی ئەگرین. لە پاشخانەی ئاغەی ئەفشار.

لە ناو ڕێ، ستار هەواڵی ئاتەشی پرسی. ئەکبەر وتی:

ــ زەلیل بووە لە پاش ئەو شەوە. شەمەل جار جارە چەن تمەنێکی بۆ ئەنێرێ.

ــ کچەکەی چی، ڕەعنا؟

ــ مفتە خۆرەکان دەس هەڵناگرن.

سێبەر بە دیواردا سەرکەوتبوو کاتێکە ستار و ئەکبەر بە لای خزنەکەی شازادە یەحیادا پێیان نایە ئەرک.

ــ بەڵام ئەم ڕۆژانە باس هەر باسی یاخیەکانی مەڵبەندی سەرەوەیە. هەراوهوریایان زۆر لە شار بڵاو بۆتەوە.

ــ کامە یاخی؟

ئەکبەر بە بزەیەکی تەوساوییەوە وتی:

ــ ئاشناکانی خۆت!

ــ گوڵمحەمەدەکان؟

ــ ئەڵێن بیابان و گوندەکانیان قۆرخ کردووە.

ستار سەیرێکی ئەکبەری کرد و پرسی:

ــ چۆن دێتە بەرچاوت؟

ئەکبەر بە قۆشمەیی وتی:

ــ تۆ ئەزانی! سەیری کە. سەیری دکتۆر بکە! خەریکە ئەڕوا، چاوت لێیە؟ زستان و هاوین دەس لەم بارانیە شڕە هەڵناگرێ. سەیرە ملپێچەکەی لە دەور ملی نەئالاندووە، خەپە گیان!

ستار وتی:

ــ پیاوێکی دڵپاک و نازەنینە! لە بری ئەوەی ببوایە بە دوکتۆری ئاژەڵ ئەبوا ببوایە بە دوکتۆری مناڵان!

دەرگای چاخانە کراوە بوو و ماشێنی چاپ بە دەنگە

هەمیشەییەکەیەوە تەلەق و تلوقی بوو. جەنابی ئەفشار بە قژی ئارەقاوی، لە پشت مەکینەکە وەستابوو و سەرگەرمی کاربوو. بە سڵامی ئەکبەر سەری بەرزکردەوە و چاویلکەکەی لە چاو کردەوە و نیگای لە سەر ستار گرسایەوە. ستار وتی:

ــ ماندوو نەبی!

ئەفشار لە پشت مەکینەکە هاتە ئەملاوە و وتی:

ــ دانیشە، چا ئەخۆی یان لیمۆناد؟

ستار سەیری ئەکبەری کرد و وتی:

ــ لیمۆنادیش خراپ نییە، ئەگەر فێنک بێ!

ئاغەی ئەفشار پێنج قەرانیەکی دا بە ئەکبەر و وتی:

ــ سێ دانە لیمۆناد بهێنە بە سەهۆڵەوە. پەناباتێکیش بدە بە دوو دانە سیگار.

ئەکبەر ڕۆیشت و ئەفشار چاویلکەکەی کردەوە چاوی و وتی:

ــ دکتۆر تا ئێستە چاوەڕێی تۆ بوو لێرە.

ستار پرسی:

ــ چاوەڕێی من؟!

ــ هەواڵی ئەوەمان هەبوو تا کاژێری دوو و سێی دوای نیوەڕۆ بێیتە دەرەوە.

ــ هەرواش بوو. چووم سەر و ڕیشێکم چاککرد و ئاوێکم کرد بە خۆمدا. بۆنم کردبوو. دەی ئێستە ئەبێ چی بکەم؟

ــ لەوێ چاوەڕێت ئەکەن. دوکتۆریش ئێستە ڕۆیشت.

ستار پرسیاری کرد:

ــ کەرەسەی کارەکەی من چی؟ دەزگای کارەکەم لە کوێیە؟

ئەکبەر بە سێ شووشە لیمۆناد و دوو سیگارەوە گەڕایەوە. ئەفشار سیگارێکی داگیراند و ستار بۆ دامرکاندنەوەی گەرمای ڕۆژ و هەڵمی گەرماو، شووشە لیمۆنادە ساردەکەی نا بە سەرەوە و یەکسەر خواردییەوە. ئەفشار وتی:

ــ تا تۆ بگەڕێیتەوە ئێمە لێرە ئەبین. ئەرێ ئەکبەر؟

ستار وتی:

ـ یەکڕاست ئەگەڕێمەوە بۆ ئێرە.

لەکاتی چوونە دەرەوەی ستاردا، ئەفشار پێی وت:

ـ هەڵنەچی لەوێ!

ـ با بزانین چۆن ئەبێ.

ئاغەی ئەفشار بە ئەکبەری وت:

ـ تۆ بۆ لیمۆنادەکەت ناخۆیتەوە؟ داتناوە تا گەرم ببێت؟

وشە، وشە، وشەکان!

خۆشەویستی مرۆڤ، چ بیانوویەکی بچکۆلانەی پێویستە. فەربود، چەندە نازەنینە! ستار لە گەڕانەوەدا، سەرخۆشی ئاگری ئەو خۆشەویستیە بوو کە لە دەروونیدا بڵێسەی ئەکێشا. لە کۆڵان و گەڕەکدا، لەو کۆڵان و گەڕەکەی کە لەم کاتەدا نەی ئەناسی و خەمی نامۆیی ساتە ئازارەکانی لە کاتە غەوارەکان نەبوو، مەست و دڵخۆش ئەڕۆیشت و جگە لەمەی نەئەزانی و نەشی ئەویست بزانێ کە لای دۆستەوە بۆ لای دۆست ئەچێت. دۆست، لە دۆستەوە بۆ دۆست. ئەکبەر و ئەفشار لە کوێن؟

لەوێ، دوکتۆریشی لێبوو. بارانیەکەی دابوو بە پشتی کورسیە پۆڵۆنیەکەیدا و قژە ڕەش و ملۆزمەکەی لە پەسا لە سەر تەوێڵی لائەدا. لەولای دکتۆرەوە، ڕێک بەرامبەر بە ستار، فەربود دانیشتبوو. لەڕ و مۆن، بە ڕوخسارێکی ناسک و ڕەقەڵە، قوڕقوڕاچکەی تیژی لە بن ملیدا دەرپەڕیبوو. دەمارەکانی کشاو و ڕەگێژەکانی ناوچەوانی خۆیا بوون و برۆ ڕەشەکانی پڕبوون و، چاوەکانی هەم زیتەڵە و هەم لای ستار جوان بوون. بە شەوقێکی شاراوە و نهێنیەوە لە پشت پەردەیەکی ئاوێتە بە نامۆیی درێژخایەن، کە جار جارە پزیسکەیەکی لێ ئەبوویەوە؛ لەو بابەتەی کە گڕێکی بچووک تاودانەوەی لە سەر گولاوێکی شینباو بلەرێتەوە، لە کاتی ئێوارە درەنگدا.

بە سەریانەوە، بە سەر چەقی مێزە خڕەکەوە، پانکەیەک بە بنمیچەکەوە بە نەرمی ئەسووڕایەوە و دەنگێکی وشک و پچڕ پچڕی لە هەموو سووڕێکیدا دووپات ئەکردەوە. ڕیشکەی درێژی ڕوومێزییەکە پەرتووکاو، بەڵام نەخشێکی جوانی هەبوو بە دەوراندەوری مێزەکەدا شۆڕەوە ببوون و دەستەکانی فەربود بە دەمارە شینە دەرپەڕیوەکانیەوە کە لە دەماری ئاڵۆسکاوی گیا ئەچوو لە عەرزدا، بە قوتووە سیگار و شەمچەکەی یاری ئەکرد. لای ئانیشکی ستارەوە، لە سەر مێزەکە چەند ژمارە ڕۆژنامەی لێبوو کە دیاربوو زۆر دەستاودەستیان پێکراوە، جار جارە سووچی پەڕەیەک بە بای پانکەکە تۆزێ بەرز ئەبوویەوە و پاشان ئەنیشتەوە.

ـ «فەربەخش، ئیتر چی ئەوت؟!»

ـ «هەر ئەوەندە! داوای لێکردم ببم بە ناوەندیاری نێوان ئەو و گوڵمحەمەد. دووربینێکیشی دا بۆی بەرم. گوایە ئەمە نیشانەی مەبەستی چاکە بێ!»

ـ «ئەگەر لە دەستیان بهاتایەت، ئەیانویست بە تاوانی هاودەستی لەگەڵ چەتەکان دادگاییت بکەن. ئەگەر ئەو دەرفەتەیان دەسکەوتایەت لە دوولاوە زەبرمان لێئەدرا. یەکیان ئەوەی کە یەکێک لە باشترین هاوڕێکانمان ـ لانیکەم بۆ چەن ساڵ ـ لەدەس ئەدا. دووەمیش کە گرنگیەکەی لەوەی یەکەم کەمتر نەبوو، ئەوەبوو کە دەرفەتی ئەوەیان دەسئەکەوت تا پەروەندەیەکیتر دژی تێکڕای ئێمە سازبکەن و بەهەر ناوێک کە حەزیان لێبێ تاوانبارمان بکەن و بە دڵخوازی خۆیان بەهرەی لێوەرگرن. بەڵام بەخۆشیەوە ئەو هەل و دەرفەتەیان دەسنەکەوت. جا تۆ چۆن کەوتیتە ئەو بیرەوە، ئەو کەسانەت چۆن ناسی و چۆن توانیت متمانە بە گوڵمحەمەد و ئەوانیتر بکەی؟ ئەوە بڵێ کە ئەتزانی ئەوانە لە پاش هەڵاتنیان ئەیانویست چی بکەن؟ ئایە لەم ڕووەوە هیچ وتووێژێکت لەگەڵی کرد؟

ــ «نەخێر!»
ــ «ئەی... بە چ لێکدانەوەیەک؟»
ــ «وام لێک دایەوە؛ هەرئەمەندە. وام بە باش زانی. ئەوان لەو شوێنە نگریسەدا خەریک بوو تیائەچوون. ترسم لەوەبوو گوڵمحەمەد ئەگەر نەشی کوژن نەتوانێ لەو دۆزەخە بە ساخی خۆی دەربازبکات. لە سەر جەندەرمە کوشتن گرتبوویان و ئەیانبرد بۆ مەشهەد بۆ دادگاییکردن، نازانم بۆ؟ بەڵام پێموابوو ئەگەر بیبەن بۆ مەشهەد، بڕیاری کوشتنی بە سەردا ئەدەن. خۆیشی هەستی بەوە کردبوو و وا دیار بوو پێش بینی ئەوەی کردبوو. هەستێکی نەناسراو و نامۆی هەیە ئەم کابرایە. ئەبوا خۆت ڕاستەوخۆ ئەم پیاوە بیابانیەت بدیبایەت! سەری گوڵمحەمەد نەئەبوا بچێتە سەرداری ئەم جاڵجاڵۆکانە. من لە بیرکردنەوە لەو کارەساتەش پشتم ئەکەوێتە لەرزین.»
ــ «بەڵام لە هەمانکاتدا زۆر دڵناسکانە!»
ــ «تۆیش ئەگەر بوایەتی ئەکەوتیتە بن کارتێکردنەوە. ئەو وزەیەکی بەرجەستە بوو و ئەبوایە لەو کۆت و بەندە ڕزگاری بێ.»
ــ «بەڵێ، ئەبوایە. بەڵام پاش ئازادبوونی، ژمارەی ئەو کوشتارانەی کە کردوویەتی زۆر زیادی کردووە. هەموو وڵاتی هەژاندووە.»
ــ «مەگەر ئەوە خراپە؟»
ــ «نەء! خراپ نییە و لە زۆر لایەنیشەوە باشە. بەڵام ئەبێ ئەوەمان لە بیر بێ کە کاردانەوەی ئەم جۆرە پیاوانە لەگەڵ ژیان و مەسەلەکانی ژیان؛ زۆربەی لە ڕووی سروشتی خۆرسکەوەیە، ئەم جۆرە کەسانە زیاتر تۆڵە ئەستێنن تا جەنگاوەر؛ زیاتر ڕقەبەرن تا خەباتگێڕی شێلگیر و شۆڕشگێڕ.»
ــ «ئەم ڕقەبەریانە، ئەم ڕقەبەریانە بەڵام پیرۆزن و؛ پێویستن!»

ـ «پێویست؛ بەڵێ، پیرۆز و پێویست. بەڵام ئەوکاتەی کە زەمینەی گشتی و بابەتی ئامادە بێ. نەک هەر... چۆن تێت بگەیەنم؟ مەبەستم ئەوەیە کە هەم کۆمەڵی ئێمە و، هەم خۆشمان لە هەلومەرجێک داین کە ناچارین زیاتر لە سەر ئەم جۆرە بابەتانە بیربکەینەوە.»

ـ «من تێ ئەگەم تۆ چی ئەڵێی هاورێ فەربود؛ بەڵام... لە ڕاستی‌دا ئەو کینەیەی کە تۆ ئەمازەی پێ ئەکەی؛... مەبەستت ئەوەیە کە ئەبێ بە ئاقارێکی ڕاست و ڕەوادا ئاراستە بکرێ. بە ئاقاری بزووتنەوەی گشتی جەماوەر و کۆمەڵدا؛ ئەگەر باش لە مەبەستەکەت تێگەیشتبێتم. باشە، بەڵێ... ئێمەش هەوڵ ئەدەین، ئەوپەڕی هەوڵی خۆمان ئەدەین و لە هیچ کارێکیش کۆتایی ناکەین. باشە. ئەم کارە بە من بسپێرن، من زۆرم پێ‌حەیفە گوڵمحەمەد -بەهەر شێوەیەک- تیا بچێ. بڕوام پێ‌بکەن لە ناخی دڵمەوە ئەم قسەیە ئەکەم. زۆر پێم ناخۆشە. من... زۆر خوو و ڕەوشتی بەرجەستەم لەم پیاوەدا، لەم گوڵمحەمەدەدا بینیووە. ئەو، مرۆڤ ئەخاتەوە بیری پاڵەوانەکانی ڕابردوو، عەیارەکانی ڕابردوو.»

ـ «هەر ئەمە! جا ئەمڕۆش ئەمڕۆ، دوێنێ نییە!»

ـ «ئەو ئەهێنین بۆ ئەمڕۆ؛ ئەهێنرێت.»

ـ «گوڵمحەمەد ئەگەر بێتە ئەمڕۆ، ئیتر گوڵمحەمەد نییە!»

وشە، وشە، بێدەنگی.

خۆشەویستی مرۆڤ، چ بیانوویەکی بچکۆلانەی پێویستە. فەربود چەند نازەنینە! ستار، بەزیوی ئاگری ئەو خۆشەویستەی کە لە دەروونی‌دا بڵێسەی ئەکێشا، لەو کۆڵان و گەڕەکەی لەم کاتەدا نەی ئەناسی و غەمی نامۆیی ساتە ڕەهاکانی لە ناو کۆڵانەکانی دڵیشی نەبوو، گەشتێکی مەستانە و بێباکانەی ئەکرد و جگە لەوەی نەئەزانی و نەشی ئەویست بزانێ کە لە

دۆستەوە بۆ دۆستی ئەبا. دۆست، لە دۆستەوە بۆ دۆست. ئەکبەر و ئەفشار، لە کوێن؟

ـ «پێشنیاری تۆ چییە؟»

ـ «جووتیارەکان و، بە گشتی دانیشتوانی گوندەکان ڕەوشت و پێوەری تایبەت بە خۆیان هەیە، ئەو ڕەوشت و نەریتانەی کە بە زۆری گەلەرین. تەنانەت پاش ئەوەی کە دەوڵەت ناچار بووە چەند لە سەدێک لە بەشی خانەکان بدات بە جووتیارەکان، سەرەڕای ئەوەش هەندێکیان -هەڵبەت زیاتر ئەوانەی کە دەستیان بە دەمیان ئەگات- ئەم هەقەی خۆیان بە حەزەوە داوا ناکەن. لە بەرامبەر ئەمانەدا جووتیاری واشمان هەیە ئامادەیە ئەربابەکەی پارچە پارچە بکات. هەرچی چۆن بێ ئەوەی دەس من کەوتووە ئەوەیە کە ئەم شێوازەی هەژاندن و وتاردان و قسە گشتیانەی لێرە و لەوێ ئەوترێ، ئەو کەسانەی کە ڕۆژانی هەینی و پشوودان ئەکەونە ڕێ بەرەو گوندەکان، هەندێ قسە بۆ خەڵک ئەکەن و پاشانیش لە قەراخی جۆگەکە و لەژێر شۆڕەبیدا دائەنیشن و دەس ئەکەن بە ئارەقخواردنەوە کاردانەوەیەکی باشی لە سەر جووتیارەکان نییە. نەک هەر نەمامێک ناچێنێ زۆر جار کاردانەوەی خراپیشی هەیە. هەڵبەت خەڵکی بە ڕواڵەت گوێ لەم قسانە ڕائەگرن، کاتێکیش هاوڕێیان لە قەراخ ئاوەکە و لە بن درەختەکەدا ئەکەونە خواردن و خواردنەوە، ئەوساش هیچ ناڵێن؛ ڕەنگە یەک دوو گەنجی سەرەڕۆی گوندیش لە گەڵیان ببێ بە هاوسفرە و هاوپیاڵە، بەڵام زۆربەی خەڵکی کە هیچی وا لەو قسانە تێنەگەیشتوون، ڕا و بۆچوونی بەدگومان وەرئەگرن. من لەم خەڵکە ئەوە تێگەیشتووم کە بێدەنگیان نیشانەی ئەوە نییە کە باوەڕیان پێکردووی. لە هەموو شت زیاتر، جووتیارەکانی وڵاتی ئێمە بەدگومان و بێ وەرن. هەموو شتێک ئەبینن و بە بێدەنگی گوێ لە هەموو قسەیەک ڕائەگرن و سەریش ئەلەقێنن، بەڵام نابێ باوەڕبکەین کە ئەوان بەو ئاسانیە باوەڕ ئەکەن. نەخێر!

بەڕای من تێکڕای ئەو کاتەی کە گوێ لە قسەکان ئەگرن، لە خۆیان ئەپرسن ئەم کابرایە کە ئەم قسانە ئەکات چ قازانجێکی دەس ئەکەوێ؟ ئەوان لە تێکڕای ئەو ماوەیەدا بیرئەکەنەوە کە تۆی بێژەر ئەبێ مەبەست و قازانجێکی تایبەتت بۆ خۆت، بۆ سوودی کەسی خۆت هەبێ. ئەوان پێیان وایە کە تەنها ئیمامەکان و پاکیزەکان بوون کە لە بەر ڕەزای خوا کاریان کردووە و مەبەستی چاکەیان بەرامبەر بە خەڵک هەبووە. بە یەک زمان، عەشق و خۆ بەختکردن لە لای ئەوان بووە بە دیاردەیەکی خەیاڵی کە دەرکەوتنی لە ژیانی ئاسایی‌دا، نالوێ و ناگونجێ. لە کاتێکا خۆیان لە دنیای ڕۆژەڤدا، بەو ڕەوشت و پێوەرانەی خۆیانەوە، بە هەمان ئەندازە کە بەدگومان و بێ باوەڕن، بە هەمان ئەندازە لێبوردوو و دەسکراوە و میواندارن. ئەمەوێ بەرەنجامی قسەکانم بڵێم خەڵکێک بەو گیانە بەربەرین و بەناوەڕۆکەوە، ڕەنگە بۆ ماوەیەکی کورت و بۆ مەبەستێکی تایبەت بهەژێنرێ؛ بەڵام کارتێکردنی قووڵ و کاریگەر لەو دڵ و دەروونەدا بە چوار وتاردانی بێ سەر و بنی لێرە و لەوێ نالوێ، ناگونجێ و ئەگەر ئەوان گوێ لە قسەکانت ڕائەگرن نابێ بڕوابکەی کە بڕوایان بە قسەکانت کردووە. چونکە لە کۆتایی‌دا ئەگەر زۆریش خۆشبین بن، سەریان دائەخەن کە تۆ لە جێی ئەوان قسە بکەیت و ڕەنگە لە جێی ئەوان بڕیاریش بدەی. کە ئەمە بەڕای من تەمەڵکردن و تەمەڵ بارهێنانی خەڵکە!»

ــ «چ ڕێیەک پێشنیار ئەکەی، تۆ؟»

ــ «ئاگر لەبری با. پێشنیاری من ئەمەیە!»

ــ «بابەتەکەت بکەرەوە!»

ــ «بابەتەکە ئەوەیە کە باس باسی بایە. بەڵام مەبەست، ئاگرە. ئاگرت کە کردەوە، با خۆی پەرەی پێئەدا. ئەبێ کارێک بکەین کە خەڵکی خۆی دەم بکاتەوە. نابێ ڕایانبهێنین یەکێ‌تر لەبری ئەوان قسە بکات و لەبری ئەوان بڕیار بدات. بۆ ئەوەش

کە خۆیان زمانیان بپژێ، ئەبێ سەرەتا شتێک لە دەروونیان‌دا بهەژێنرێ کە بیانەوێ باسی بکەن. ئەو شتە، بەڵام چییە؟ هەڵبەت گرنگترین شتەکان ژیانی خودی خەڵکە. ئەو ژیانەی کە هەموومان تێیدا گیرۆدەین. کە وا بوو، گرنگیدان بەو شتانەی کە ئێمەی لە خۆیدا گیرۆدە کردووە و ئێمە -لێرەدا جووتیاران و گوندییەکانی وڵات- بۆ ڕێگەی ڕزگاریی لەو گیروگرفتە لە جێگە و لە کات و لە زمانی‌تردا ئەگەڕێن و بە چاوی قووچاوەوە خەریکین بە لای خودی گیروگرفتەکەدا لا ئەدەین. سەرنجدان، سەرنجدان و سەرنج ڕاکێشان کاری ئێمە و گرفتی ئێمەیە. ئەم گرفتەش بە وتاردانی سەرپێیی و سەرگەرمکەر و گەشت و گەڕانی ڕۆژانی پشوودان چارەسەر ناکرێ. ئەوەی کە من لەم ماوەی ژیانم‌دا و لەم خەڵکە فێربووم ئەوەیە کە ئەبێ ڕێگەی یەکانگیر و چەق بەستوو بدۆزینەوە و جێبەجێی بکەین. من لێرە و دڵدارەکەم لەوێ، نابێ. ناکرێ مەکینەی ترۆمبێلەکە دامەزرابێ و تایە و قاوەخەکەی لە بیابان کەوتبێ، بۆ ئەوەی کە جار جارە مەکینەکە ببەی بۆ لای تایە و قاوەخەکەی، لێکی ببەستی و بۆ چەن کاژێرێک کاری پێبکەیت و دیسانەوە بیکوژێنیتەوە، مەکینەکەی لێبکەیتەوە، بیهێنی بۆ شار و لە سووچی گاراج فڕێی بدەیت و بچی بە دوای کاری خۆت‌دا. مەکینەی ترۆمبێلەکە ئەبێ لەوێ بێ. لە هەموو جێ بێ. لەوێ، لێرە و لە هەموو لایەک ئەبێ سازبکرێ و ئامادە بێ هەر کات کە بە پێویست زانرا داگیرسێ و بخرێتە گەڕ. ئەمە ئەو ئاگرەیە کە ئەبێ هەمیشە و لە هەموو لایەک دایساو بێت.»

فەربود، سیگارێکی داگیراندبوو و چاوی بڕیبوویە سووتکی سیگارەکە کە خەریک بوو ئەچەمایەوە. ستار وەک بڵێی بۆ ماوەیەک خۆی لە بیر بردبێتەوە، هاتەوە بە خۆیدا و ئەتوت تازە بۆی دەرکەوتبوو کە بێدەنگی ژوورەکەی پڕکردووە. ناوچەوانی فربود گرژ ببوو و پەنجە خەپەکانی دکتۆر، خەریکن لێک ئەئاڵێن، گرێ

ئەدڕێن و لێک جیائەبنەوە بۆ ئەوەی جارێکی‌تر لێک بئاڵێنەوە و گرێ بدڕێنەوە. ستار بە بێ ئەڤان دەستی برد بۆ پیاڵەی چاکە. بەڵام چا سارد بوو.

ـ «راوەستە چای گەرمت بۆ بهێنم.»

فەربود، سینیی و پیاڵەکانی هەڵگرت و لە درزی پەردەکەوە ناردیە دەرەوە و خۆی گەڕایەوە، چووە بەر پەنجەرەکە، خۆڵی سیگارەکەی تەکاندە ناو ئینجانەکە و خۆی هەر لەوێ وەستا. بەڕواڵەت وابوو چاوەڕێی چا ئەکات. شانی نا بە دیوارەکەوە و چاوی بڕییە شووشەکانی پەنجەرە و حەوشەی کەرپووچکراو. بێدەنگی، بە سەری‌دانەوێنراوی دوکتۆری ئاژەڵەوە، هەروا قورس بوو.

چا هات. فەربود سینیەکەی لە درزی پەردەکەوە وەرگرتەوە، هێنای و لە سەر مێزەکە داینا و بە دوکتۆری وت:

ـ «تۆیش گوڵمحەمەدت جارێک بینیوە، وایە؟»

دوکتور وتی:

ـ «ئەو هاوینەی نەخۆشی کەوتبوویە ناو پەزەکانیان.»

فەربود دانیشت و پرسی:

ـ «هەواڵ چییە؟ دەوڵەتیەکان ئەیانەوێ چ بڕیارێک بدەن؟»

ـ «دوو بۆچوون تا ئێستە گەڵاڵە بووە. یەکیان ئەوەی کە ناچاری بکەن «پاکانە» بکات بۆ ئەوەی پاشتر هەرکارێکیان پێخۆش بوو لەگەڵی بکەن؛ یەکیشیان ئەوەی کە ئەگەر بتوانن خۆیان بکەن بە گژ خۆیاندا، هەڵبەت ئەگەر بۆیان بکرێ.»

ـ «شێتن؟! برا بەرئەدەنە برا؟ ئەی ئەمانە هیچ ئاگایان لە پەیوەندی نێوان خوێن و خێزان لە ناو خێڵەکاندا نییە؟ پێموانییە ئەم یەکەیان بۆ بچێ بەڕێوە. تۆ بۆ چاکەت ناخۆی دوکتۆر؟»

ـ «من تینووی ئاوم، ڕاستەکەی!»

فەربود هەڵسا و بۆ هێنانی ئاو چووە دەرەوە. ستار پیاڵە بەتاڵەکەی دانا و دوکتۆر دیسانەوەش ئارەقەی تەوێڵی سڕییەوە و

قژە چەور و ڕەش و سرکەکەی لە سەر بڕۆی لادا و وتی:

ــ هەندێ بەیانی شەمەلی یاخووت ئەبینم کە دێ بۆ کوشتارگە، بۆ گۆشت. ئەمڕۆش بینیم. زۆر کارت کردۆتە سەری!

ستار وتی:

ــ «حەزم لە لاتولووتانە نییە، هێشتاش تێناگەم ئەمجۆرە خەڵکانە لە ناو ئێمەدا چی ئەکەن؟!»

دوکتۆر بە پێکەنینێکەوە کە بێ مایەی وشیاری نەبوو، سەیری ستاری کرد و وتی:

ــ «ئەمجۆرە خەڵکانە بەس خۆیان دەرەقەتی خۆیان دێن. چەقۆکێشەکانی شار، تێغی سەر ملی ئێمەن. چی لەوە باشترە کە یەکێکی خۆیان لە بەرامبەریاندا سینگ بداتە بەرەوە. خۆ بیستووتە ئەڵێ: چەقەڵی جەنگەڵی مازەندەران بە کەس ناگیرێ مەگەر بە سەگی مازەندەرانی!»

فەربود بە پارچی ئاو و پەرداخەوە هاتەوە، دوکتۆر پارچ و پەرداخەکەی لێوەرگرت و بە دوای یەکدا دوو پەرداخی خواردەوە. لێو و دەمی بە دەسڕە سپییەکەی کە تۆزێ چڵکن ببوو، سڕییەوە. فەربود دانیشت، ستار پرسی:

ــ «ئێستە ئەبێ من چی بکەم، هاوڕێ فەربود؟ ئەبێ چی بکەم؟»

فەربود، بە ڕوویەکی کراوەوە و بە تیشکێک لە چاوەکانیدا سەیری دوکتۆری کرد و وەڵامی ستاری دایەوە:

ــ «شوێنی کارکردنت ڕەنگە بگۆڕدرێ!»

روخساری ستار بوو بە گەچ:

ــ «بگۆڕدرێ؟! من تازە خەریکم لەگەڵ ناوچەکە ئاشنا ئەبم!»

بە هەمان قۆشمەیی و وشیارییەوە، فەربود وتی:

ــ «لەگەڵ ناوچەکە، یان گوڵمحەمەد؟!»

ــ «هەردووکیان!... ڕێگەبدەن من هەر لێرە بم. پاشان...

پاشان ئامادەم لە سەر ئەو کارەی کە کردوومە، دادگایی بکرێم، هەڵم پەسێرن، یان هەر سزا...»

دوکتۆر، بە بزەیەکی ئارام لە بن پێستیدا، پرسی:

ـ «کام کار؟!»

فەربود لەبری ستار، وەڵامی دایەوە:

ـ «رێکخستنی هەڵاتنی گوڵمحەمەد!»

دوکتۆر، پێکەنینەکەی کردەوە و وتی:

ـ «بۆچی تەمێکردن؟ ڕەنگە خەڵاتیش بکرێی!»

ستار وتی:

ـ «کە وا بوو ئەتوانم بڕۆم؟!»

ـ «شێو؟»

ـ «نەء! ئێوەش کارتان هەیە و منیش... واتە ڕاتان وایە پەیامەکەی سەرتیپ بگەیەنم بە گوڵمحەمەد؟»

فەربود لەگەڵ ستار هەڵسا و وەک بڵێی لەگەڵ خۆی، وتی:

ـ «...بەڵام ڕۆژنامەیک دەربارەی جووتیاران، ئەویش بەم توانا کەمەوە... و...»

ـ «ئەبێ زۆر سادە بێ. زۆر ساکار و ئاسان. لە نووسراوەکانیدا "دخۆ"ش سادەتر. خۆتان ئەزانن ئیتر. لە گوندەکانی ئێمەدا ئەوانەی کە خوێندن و نووسین بزانن زۆر کەمن. ڕەنگە هۆی سەرەکی هەر ئەمەبێ کە هەمیشە یەکێک قسە ئەکا و ئەوانیتر ناچارن گوێ ڕابگرن. بۆیە ئەگەر بڕیارە ڕۆژنامەیەکی تایبەت دەربچێ ئەبێ سەرنج ڕاکێش بێ. واتە ئەبێ بەو جۆرە بێ کە یەکێک ڕۆژنامەکە بۆ ئەوانیتر بخوێنێتەوە و بابەتەکە ئەوانیتر ڕابکێشێ. نوکتەی تیا بێ وەکوو چیرۆک، وەکوو سەربردە. بەداخەوە کە خۆم پێنووسەکەم نایکێڵێ، ئەگینا ئەمزانی ئەبێ چۆن بێ! مەبەستم ئەوەیە کە زۆربەی خەڵک هەرچەن لە ژیانی ئاساییدا زۆر جیدین، بەڵام کاتێکە بگاتە بیستن یان خوێندنەوەی هەمان ئەو بابەتە جیدییە، حەز ئەکەن ڕەگێکی گاڵتەو شۆخی تیابێ.

ئەوەش بە پێی ڕاهاتنە. بۆ وێنە چیرۆکی وەکوو حسێن کوردی شەسبتەری، ئەمیر حەمزەی ساحێبقەران، یان... هەندێ تەوس و گاڵتەی تیابێ و تۆزێکیش خەیاڵاوی بێ. بۆ وێنە ئەگەر قەڵەم و بەهرەم هەبوایە قارەمانیکی تایبەتی گوندیم دروست ئەکرد کە گیروگرفتی ڕۆژانەی خەڵک لە زمانی ئەوەوە بهێنرێتە ئاراوە. کەسایەتیکی وەکوو مەلانەسرەدین. کە لە سەر زەوی ئاغە کار ئەکات، کە جووتیارێکی قۆشمەیە. چۆنی بڵێم؟

ـ «تێ ئەگەم. مەبەستەکەت تەواو ڕوونە.»

هاتنە دەرەوە. لە خوار هەیوانە کورتەکە، لای دار هەنارەکەوە وەستان.

فەربود، لەپڕ و ئەوەندە مناڵانە کە بڕواکردنی زۆر دژواربوو، شانەکانی ستاری لە ناو پەنجەکانیدا گووشاو وتی:

ـ «ستار؛ تۆ چاوەکانی منی! چەندە پێویستمان بە خەڵکی وەکوو تۆ هەیە. دەزانی ئەکەوێ چەندە گوڵمحەمەدت خۆش ئەوێ؛ هەر بەو ئەندازەیەی کە من تۆم خۆش ئەوێ. یەکێک لە کارەکانت ئەوە بێ کە بەسەرهاتی پیاوانی وەکوو گوڵمحەمەدم بۆ بگێڕیتەوە. ئەو ئەبێ باش فێر ببێ کە حکوومەتەکان لەگەڵ جوامێرانی وەکوو ئەو چۆن جووڵاونەتەوە؛ زۆر ناجوامێرانە! بە بێ هیچ شەرم و حەیا و ویژدان و ڕەوشتێکەوە. گوڵمحەمەد نابێ بکەوێتە داوی ئەم پیلانانەوە. دوژمنانی ئەمجۆرە پیاوانە هەمیشە لە ڕێگەی دۆستایەتیەوە پێ پێش ئەکەن. گوڵمحەمەد نابێ بکوژرێ، بە زیندوویی بیپارێزە؛ تا ئەتوانی! زیندوو!... لە سەر پێشنیازەکەت پێ ئەچەقێنم. هەموویان ڕاستن. خۆیشت... چونکە تۆ خۆت پاک و ڕاستگۆی.»

دوکتۆری ئاژەڵ، لە بەر هەیوانی پەنجەرییەکە بە شیرینی و بە شەوقەوە پێ ئەکەنی، کە ستار پێی نایە کۆڵان، بە گەرمایەکەوە کە گەڕانی خوێنی لە ڕەگ و گیانیدا وەکوو تەنوورێک گڕدابوو.

«فەربود چ نازەنینە!»

بە بێ ئاڕاستەکردنی ئاقاری هەنگاوەکانی، گەرمی ئەو ئاگرەی لە دەروونیدا بڵێسەی ئەکێشا، بەو کۆڵانانەدا کە لەم کاتەدا نەی ئەناسی و درێخی ڕابردنی نامۆی ئەو کاتانەی لەو کۆڵانە غەریبانەشدا نەبوو، لە گەشتێکی مەستانە و بێخەمدا ئەگەڕا و جگە لەمەشی نەئەزانی و نەشی ئەویست بزانێ، چونکە لە دۆستەوە، بەرەو دۆست هەنگاوی ئەنا. دۆست، لە دۆستەوە بۆ دۆست. خۆشەویستی مرۆڤ چ بیانوویەکی بچووکی ئەوێ!

«ئەکبەر و ئەفشار، لە کوێ بن!»

کە سەری هەڵێنا، شێرۆ لە بەردەمیدا بوو. هەروا کشاو و داتەکاو، بەو چاوانەی وەک شەوە بوون. گۆنای تۆزێ زیاتر دەرپەڕیبوو و لووتی باریکتر. ئیتر نە نیشانی کچێنی، کە هاواری خەوتووی ژنێک بوو بە تێکڕا. ژنێکی تەواو. سەرە ژن، سی ساڵان، ڕەنگە. بە بینینی شێرۆ، تەلاری خۆشی خەیاڵی ستار ڕووخا. ڕەنگێکیتر، گێژاوێکیتر لە لافاوی خەیاڵدا.

شێرۆ وەستا و سەیری ستاری کرد!

ـ بیسمیلا، وەستا ستار!

ـ لێرە چی ئەکەی، شێرۆ؟!

ـ ماهدەروێش ئەبەمەوە بۆ قەڵاچیمەن. لە نەخۆشخانە دەرفەتیان داوە.

ـ ئێستە لە کوێیە؟

ـ لە داڵانی کاروانسەرای پیرەخاڵۆ.

ـ ئەی...! منیش دێم چاوم پێی بکەوێ. ئێستە چۆنە، باشتر بووە؟

ـ باشە؟!... هەناسەیەکی لێوە دێ!

ماهدەروێش، هەناسەیەکی ئەکێشا. پیرەخاڵۆ جێوبانێکی لە بن دیوارەکە بۆ دانابوو و ماهدەروێش، گاوکراو و داهێزراو، پاڵی

دابوو به جێوبانەکەوە. پیرەخاڵۆ، لای کوانووەکە دانیشتبوو و گڕی بن کترییەکەی خۆش ئەکرد. بە سڵامی ستار، پیرەخاڵۆ ئاوڕی دایەوە و کەوتەوە کاری خۆی و بە شۆخی، بەڵام بە تەوسێکی نهێنی لە گوتەیدا، وتی:

ــ بەخێرهاتی، گەڕیدەی عەیار!

ستار لە سەر لێواری سەکۆکە دانیشت و پیرەخاڵۆ بە بێ ئەوەی سەیری بکات، لقەدارێکی نا بە ئاگرەکەوە و وتی:

ــ ئاگرەکە دائەگیرێنی و خۆت لە لاوە ئەوەستی، خاترجەم! دەی، دەی، ئاخرەکەی خۆشت لە دەستیان دەرهێنا! خاترجەم. بەو جۆرەی کە سەروان یەخەی پێگرتبووی، پێم وانەبوو بەمزووانە سەر و سۆراخت لە دەرەوە دەرکەوێ. لام مسۆگەر ببوو ئەتنێرن بۆ مەشهەد! دەی، خاترجەم!

ستار، قاچی خستە سەر قاچی و نیگای بڕییە ڕوخساری ڕەنگ پەڕیوو ولاوازی ماهدەرویش، وەڵامی پیرەخاڵۆی خستەلاوە و وتی:

ــ ڕۆژگار هەر ئەڕوا، خاڵۆ. ڕۆژ و شەو خۆ ڕاناوەستێ. ئەگەڕن، ئەگەڕن و ئەگەڕن!

پیرەخاڵۆ، چاوی لە دووکەڵی کەوانووەکە وەرگێڕا، ئاوی چاوی بە سینەی دەست پاککردەوە و بە گاڵتەوە وتی:

ــ شادمانی کە ئەگەڕن؟ جا وایە، ئەگەڕن، خاترجەم! بەڵام چەرخ و پەڕیان قنی بەندەکانی خوا ئەدڕێنن، خاترجەم!

ستار دای لە قاقای پێکەنین. لەو پێکەنینانەی کە زۆر کەم پێوەی بینرابوو.

ــ لەسەر کەیفی، عەیار! لە سەر کەیف، دەی خاترجەم!

ــ بۆ نەبم خاڵۆ؟ بۆ لە سەر کەیف نەبم؟ هەتا ئێستە لە خەم و خەفەت چیمان دەسکەوتووە؟

ــ خۆش بە حاڵی مرۆڤی چەقاوەسوو! داوتە لە تەلی ئاخر، ئیتر؛ خاترجەم!

ــ خاترجەم، خاترجەم داومە لە تەڵی ئاخر. دنیا لارولەوێر ئەڕوا خالۆ. بۆیەشە ئەمخاتە پێکەنین. قرژاڵی ئەڕوات، خوار. خوار ڕێکردنی وشترت خۆ تۆ زۆر دیوە لە بیابانی لافاو و شۆڕدا!

ــ زۆر، زۆر، خاترجەم! بەڵام لەم لارەولارکردنەدا، ئەگەر گیروگرفتێک بۆ کوڕەکەی من ڕوو‌بدات، لە چاوی تۆی ئەبینم؛ تێ ئەگەیت، خاترجەم!

ستار وتی:

ــ کترییەکە هاتە کوڵ، خالۆ!

ــ خۆم چاویشم هەیە و گوێش! مسۆگەر چاشت نەخواردووە و ئەتەوێ لێرە چاییەکەت بخۆی؟

ــ کاتێکە مرۆڤ بەرەو ماڵی خێر ئەڕوا، ڕەوا نییە لە سەر ڕێ لابدا بۆ چاخانە و چا بخواتەوە؛ وانییە شێرۆ؟

پیرەخالۆ کترییەکەی لە سەر بەردی کەوانووەکە هەڵگرت و وتی:

ــ ئەگەر ئەم زمانەت نەبوایە خۆ ئەو جۆرە کارانەت پێ نەئەکرا؛ خاترجەم! بەڵام ئەوسا کە لە سەر ئەو کورسیە بەستبوویانیت باش زمانت لکاندبوو بە مەلاشووتەوە؟!

ستار لەم کاتەدا سەیری شێرۆی کرد و وتی:

ــ خەوی لێکەوتووە سەید، ئەرێ؟

شێرۆ سەری ماهدەروێشی بەرزەوە کرد کە داکەوتبوویە سەر سینگی و وتی:

ــ بێوازی، بێواز بووە؛ چاوەکانت بکەرەوە، پارووەیەک بخۆ، پیاو!

شێرۆ شانی ماهدەروێشی ڕاوەشاند، پیرەخالۆ پیاڵەیەک چای بۆدانا و وتی:

ــ جووڵەیەک بکە تۆیش، سەید؟

سەید بە دژواری پێڵووی هەڵبڕی و هەوڵیدا سەری ڕابگرێ و هەر لەم کاتەشدا لێوی بە سلاوێکی سست بزواند. ستار

هەواڵپرسی لێکرد و وەڵامی وەرنەگرت.

شێرۆ پارووێەکی بۆ شووەکەی گرت و ستار لێی پرسی:

ـ کەی ئەکەونە ڕێ ئێوە؟ سوار یان پیادە؟

شێرۆ دوودەنک ترێی خستە دەمی ماهدەرویش و وەڵامی دایەوە:

ـ چاوەڕێی نادعەلی خانی چوارگوێشلی ئەکەین. ئەو گوێدرێژێکی بۆ کڕیوین کە سەید سوار بکەین و بیبەینەوە بۆ قەڵاچیمەن، پاشانیش بمێنێ بۆ سەید ئەگەر بتوانین کا و جۆی بۆ دابین بکەین. ڕەنگە ئەمشەو سەرێک بدات. ئەگەریش نەیەت بۆ ئێرە بەیانی دێ بۆ سوڵتانئاوا لە ڕێگەی قۆچانەوە، بۆ چاخانەی مەتی سەکینە. کەرەکە لێرەیە، لەو بەری حەوشە. دەمەو بەیان ئەکەوینە ڕێ... تۆ چی؟ ناتەوێ بێی بۆ ئەو دەوروبەرانەی قەڵاچیمەن؟

ستار لێوی لە ژێرپیاڵەکە بەردا و وتی:

ـ ڕەنگە منیش بەیانی ڕێ بکەوم بۆ ئەو ناوە. لە ڕێ یەکدی ئەبینین. برێ قەرزی پوورێشم لە لایە ئەبێ لە سەر ڕێ پێی بدەمەوە. جارێ ئەڕۆم. خاڵۆگیان، دەستت نەیەشێ. بە ڕاستی چاکەی چەسپا بە گیانمەوە.

ـ وەرە بۆ ئەم ناوە دیسانەوەش، پێکەوە ئەدوێین؛ خاترجەم!

ستار بەرەو دەرگای داڵانەکە کەوتە ڕێ و وتی:

ـ دێم، دێم و سەرت ئێشێنم. جارێ خواحافیز. تا چرای دووکانەکان دایسێ بڕۆم برێ دەزوو و مۆم و چەرم بکڕم.

پیرەخاڵۆ، نیگایەکی عەیارانەی هاوێشتە پەێشوێنی ستار و وەک بڵێی لەگەڵ خۆیی بێ، وتی:

ـ خوات لەگەڵ... خاترجەم!

**بەندی دووەم**

باس، باسی گوڵمحەمەد بوو.

کابرای مشکانی زەرکی ئاوە ساردەکەی بە بەتاڵی لە لێوی کردەوە، تەڕیی چەناگەی بە بەری دەست لە ڕیشە ماش و برنجیەکەی سڕییەوە، مێزەرە خەلیلخانیەکەی لە سەر داگرت، ئارەقەی تەوقی سەری بە دەسڕە گڕمۆڵەکەی سڕییەوە و لە درێژەی قسەکانیدا، وتی:

ــ دەنگوباسی لە هەموو کاروانسەرا و چاخانەکانی مەشهەددا دەم بە دەم ئەگەڕێ، مامی خۆم! گوایە، دوو جەندەرمەکەش هەر گوڵمحەمەد سەری کردوون بە ژێر بەفرەوە. لە گوندەکانی لای سەرەوە، جۆگەلەی خوێنی خستۆتە ڕێ. ئەگێڕنەوە تا چەن ڕۆژ کەلاکی جەندەرمەیان هێناوە بۆ شار. وادیارە لە مەشهەدیشەوە هێز بە ڕێوەیە. گاڵتە نییە مامە گیان! چوار ڕۆژیتر کەس ناتوانێ هاتوچۆ بەم ڕێگانەدا بکات. ئەی چۆن! ئەگەر پیازی ئەمجۆرە یاخیانە چەکەرە بکات، مەگەر ئەهێڵن خەڵکی بە ئاسوودەیی بژی؟ نەخێر، هەرگیز! کێ بێ بوێرێ لە پاش خۆرداچوون بە ڕێدا بێت و بچێ؟ ڕۆژی ڕۆشنیش هەروەها! قورقووشمی ئاگرینە، مامەگیان! لوولەی تفەنگەکەی کە نایە سەر سینگت، دار و نەدارتی ئەدەیتێ بۆ ئەوەی بتوانی ئەو مسقاڵە گیانەت ڕزگار بکەی! من خۆم وام بە

باش زانی خورییەکانم بدەم، باربەندی بکەن و بە لۆری بینێرم بۆ مەشهەد و خۆیشم بە دوایدا بڕۆم. ئەویش بە چ ترس و خۆفێکەوە! بۆچی داچنینی ڕیزێک بەرد لە کەمەری ڕێگەکەدا، بۆ ئەمانە کە دێن و ئیمانیان بەستووە بە کەمەریانەوە، کارێکی هەیە؟ نەخێر، سووک و ئاسانە!

دلاوەر، پشت و پانایی سەری نابوو بە دیوارە سێبەرەکەوە و لە بن دیوارەکەدا ئەوەندە خزابوویە خوارەوە کە ئانیشکی کەوتبوویە سەر بەردچنی نارێکی سەکۆکە و پشت و سمتی، جگە لە شکانەوەیەکی نەرم لە ژێر شانیدا، لە سەر عەرزەکە ڕاکشابوو و بە بێ ئەوەی قسەکانی کابرای مشکانی لەلا گرنگ بێ، قاچی خستبوویە سەر ئەژنۆی و چاوی لێک نابوو. مەتی سەکینە لە چاخانە هاتە دەرەوە، قاپێ ماست و نانەکەی بە سینییەوە لای ئانیشکی دلاوەرەوە دانا و بە مایەیەکی تەوس و هەروەها دڵ پێسووتانەوە وتی:

ـ تۆ ئیتر بۆ خەم دایگرتووی؟ کاروانەکەت دزراوە؟ خۆت خڕکەرەوە و پاروویەک نان بخۆ!... بۆ ئەوەندە خۆت لە سەر ئەو خاک و خۆڵە ئەتلێنیتەوە؟!

دلاوەر کەوت بە سەر شاندا و وتی:

ـ قاپێک ئاویشم بۆ بهێنە؛ ئەمەوێ بیکەم بە ماستاو.

کابرای مشکانی مێزەرە خەلیلخانییەکەی بە سەرییەوە ڕێک کرد و بە دوای مەتی سەکینەدا کە ئەچووە ژوورەوە وتی:

ـ گوێت لە منە خۆ، پووریێ گیان؟ ئەگێڕنەوە هەر ئەو شەوەی کە لە حەپسخانە هەڵاتوون، یەکسەر چوون بۆ چاخانەی مەلەک مەنسوور و نان و خواردنی ڕێیان لێوەرگرتووە و ڕاستەوخۆ غاریان داوە بۆ قەڵاتی خوێناڵ. چوون بۆ خوێناڵ و کوڕە پووری خۆیان، عەلیئەکبەری حاجی پەسەندیان لە ناو گەوری پەزەکانیدا کوشتووە و ڕانەکەیان داوەتە بەر و ڕۆیشتوون بۆ بنار. بیری لێ بکەرەوە، پیاو چۆن دڵی دێ هاوخوێنی خۆی سەر

ببڕێ؟! جۆرێکی تریش ئەیگێڕنەوە، گوایە ئەو شەوە چوون بۆ قەڵاچیمەن و میوانی بابقولی بوندار بوون و بەیانیەکەی لای ئێوارە چوون بۆ خوێناڵ و تا ببێ بە شەو داویانە بە سەر قەڵاتدا، ئەو شاکارەیان کردووە و ڕانەکەیان بردووە بەرەو بنار. گوێت لێمە؟... جۆرێکی تریش هەر ئەیگێڕنەوە، گوایە ئەو شەوە پاش کوشتنی عەلیئەکبەری حاجی پەسەند چوون بۆ قەڵاچیمەن، شێو میوانی بوندار بوون و لای نیوەشەو چوون بۆ چاخانەی مەلەک مەنسوور. خوا ئەیزانێ! بەڵام من بەس ئەوە ئەزانم ئەگەر ئەمانە پێ بگرن نا هێڵن ئاوی خۆش لە گەرووی کەس بچێتە خوارەوە. وەرە، وەرە ئەم وردە پارەیە هەڵگرە. زەرکێکی تریش لەو ئاوەم بۆ بهێنە، چا چارەی ئەو جگەرە سووتاوەی من ناکات. بیهێنە، بیهێنە پووری گیان!

پووری گیان هاتە دەرەوە، قاپی ئاوەکەی لە بەردەم دلاوەر دانا و وردە پارەکەی کابرای مشکانی لە قەراخی ژێرپیاڵەکە دانابوو، خستە بەری مشتی و کەوتە بژاردنیان و تا کابرای مشکانی هێسرەکەی بهێنێتە لای سەکۆکە، بە زەرکی ئاوەوە هاتە دەرەوە. مشکانی سواری هێسرەکەی بوو، خۆی لە سەر سەرجلەکە و مێزەرەکەی لە سەر سەری ڕێکخست و زەرکی ئاوەکەی لە دەست پووری وەرگرت، هەمووی خواردەوە، بە تاڵەکەی دایەوە بە پووری و وتی:

ـ سڵاو لە لێوی تینووی حسێن، لەحنەت لە یەزید. خوا حافیز، پووری گیان.

ـ خوات لەگەڵ بێ، بەخێر چی!

مشکانی کەوتە سەر ڕێی قۆچان و پووری چووە ژوورەوە و وتی:

ـ کەرەکەتان گوڵمێخەکەی هەڵکەندووە و خەریکە ئەچێتە ناو جۆکە.

شێرۆ هاتە دەرەوە، لە سەکۆکە بازی دایە خوارەوە و

بەرەو کێڵگەکەی لای سەرووی چاخانەکە بە دوای کەرەکەیدا هەڵات و بەر لەوەی گوێدرێژ دەمی بگاتە گوڵەجۆ ، مێخەکەی هەڵگرتەوە و بەرەو گەورە نیوە ڕووخاوەکەی پشت چاخانە هێنایەوە. گوڵمێخەکەی بە توندی لە عەرز چەقاند، لە سەکۆکە سەر کەوتەوە و چووەوە ناو چاخانە.

دلاوەر بنی قاپەکەی بە پەنجە لستەوە، گەڵا نانە وەریوەکانی سەر سینیەکەی بە نووکی تەڕی پەنجەی هەڵگرتەوە و خستیە دەمی. سینیەکەی نایە لاوە و بەر لەوەی پاڵ بدات بە دیوارەکەوە، بزماری کەمەربەندەکەی بەندێک شل کردەوە و قەپ و قورس لەو قاپە تێگوشوەی خواردبووی نیگای لە خاکی تێرهەتاوی ڕێگاکەوە گواستەوە بۆ جۆگەی لای سەرەوە و وتی:

ــ چ پێگەییوە ئەو جۆیە، پووریێ!

پوورە سەکینە، لە ناو دەرگای چاخانەکەدا دانیشتبوو، دووکەڵی سەبیلەکەی بەهێزەوە هەڵمژی و وەڵامی دایەوە:

ــ لەم خۆرەدا گا بگری بە بەر هەتاوەوە ئەبرژیێ، چ بگات بە گوڵە جۆ. ئەگەر زوو لێی نەکەنەوە ئەپەڕێ. گوڵی ئەوەرێ. خەڵکیش هەر لە بەر ئەمە ڕژاونەتە دەشتەکان.

دلاوەر، هەر بەو جۆرەی کە سەیری دەشتە قرچاوەکەی ئەکرد وتی:

ــ ئەگەر نیوە مەڵەغانێکیشم هەبوایە، ئەمدا بە دەشتدا و ئەکەوتمە کار.

ئەوسا وەک بڵێی لەگەڵ خۆیەتی، وتی:

ــ ئەبێ کارێک هەر بدۆزمەوە!

مەتی سەکینە وتی:

ــ دروێنەی جۆ خۆ کەرەمتوو و مەڵەغانی ناوێ. داسێکیشت هەبێ ئەتوانی درەوی جۆی پێ بکەی. زەوییەکەی ئەگەر زۆر ڕەق نەبێ جۆ بە ڕیشەوە، هەڵئەکێشرێ.

دلاوەر وتی:

ـ من ئەو داسەشم نییە. ئەم جۆیەش لە ڕیشەوە هەڵناکێشرێ. جگە لەمەش، دوو ڕۆژیتر دروێنەی گەنمە. کاری سەرەکیش دروێنەی گەنمە، ئەگەر مرۆڤ بیەوێ پێنج مەن بار بباتەوە بۆ ماڵی خۆی.

پووریێ ڕووی کردە دلاوەر و پرسی:

ـ ئەتەوێ بچی بۆ دەوروبەری قۆچان؟

دلاوەر وتی:

ـ بۆ قۆچان ناچم، گەنمە بەراوەکانی دەشتەکانی ئاغەیی، لەمناوەش باش هەڵساون و قەدیان کێشاوە. ئەم دەشتی نەیشاپوورە... بەو دیوی دەربەندی سەنکەلیدەردا... یان شۆراو... زەعفەرانی، لە هەر کوێیەک کە بتوانم دە مەن دە مەن مز وەربگرم. هەرچی بێ وەرزی ڕسق و ڕۆزییە، ئەم وەرزە. مێرووش لەم وەرزەدا پاشەکەوتی ساڵیان ئەخەن. من خۆ لەم زەوییەی خوادا لە مێروولەش کەمتر نیم!... سەیرکە! ئەم دەشتە، ئەم دەشتە باوەشی بۆ دەست و بازووی پیاو کردۆتەوە و بانگی ئەکات! ئەم گوڵانە بە هەزار زمان ئەپاڕێنەوە و ئەڵێن وەرن و کۆمان بکەنەوە، وەرن و مەهێڵن بوەریین و پێشێل ببین. تۆ وای نابینی پووریێ؟!

مەتی سەکینە لە ناو دەرگاکەدا نەبوو و نیگای پرسێنەری دلاوەر بۆ ساتێک لە سەر شوێنە بەتاڵەکەی پووریێ ڕاما. زۆری پێنەچوو پووریێ بە داسێکی نیوداشتەوە کە تۆز لە سەر دەسک و دەمەکەی نیشتبوو گەڕایەوە، داسەکەی نایە بەردەستی دلاوەر و وتی:

ـ هەر ئەمە هەیە. هی خوالێخۆشبووە لەو پاشخانەیە کەوتبوو. بیگرە، بە ئەمانەت!

دلاوەر هەڵبەزییەوە و بە نا باوەڕییەوە بەهەردوو دەست داسەکەی لە دەستی پیرێژن دەرهێنا. ڕێزێکی نامۆ لە کردارێکیدا، فووی کرد لە تۆزی سەر داسەکە و پاشان بە قۆڵی کراسەکەی

خاوێنی کردەوە و بۆ تاقیکردنەوەی تیژی دەمی داسەکە، سەری پەنجە بە ئەسپایی پیا هێنا و بە شەوق و شەڵەژانەوە وتی:

ـ تیژی ئەکەم، تیژی ئەکەم!

پووریێ لای دەرگاکەوە، چاوی بڕیبوویە ناو چاخانەکە:

ـ چی لێ ئەکەی، کچێ؟!

شێرۆ لە وەڵامدا وتی:

ـ خەریکم ئەی هێنمە دەرەوە، پووریێ. ئەبێ بیبەمە سەر ئاو. تا بگەینەوە قەڵاچیمەن و دوو داری بۆ دروست بکەم بیداتە بن باڵی، ئەبێ خۆم ببم بە گۆچانی دەستی، ناچارم پووریێ گیان!

پووریێ بە دڵاوەری وت:

ـ هەڵسە یارمەتی بدە، دایکەکەم. هەڵسە تۆیش ژێر باڵێکی بگرە.

دڵاوەر دەستی دایە ژێر باڵی ماهدەروێش و هێنایە دەرەوە. ماهدەروێش بە هێما و ئەماژە تێی گەیاندن تۆزێک بە سەر پێوە ڕای بگرن بۆ ئەوەی هەناسەی بێتەوە بەر. دڵاوەر و شێرۆ ڕاوەستان و شێرۆ ئارەقەی ناوچەوانی مێردەکەی بە باڵی هەورییەکەی سڕییەوە. ماهدەروێش، شکاو و داماو وتی:

ـ زوو... زوو... زوو!

چوونەخوارەوە لە پلیکانەکان بۆ ماهدەروێش دژوار بوو. دڵاوەر، کابرای پووکاوی کردە باوەش و بردی بۆ پەنای دیوارەکە. شێرۆ هەر لەوێ لە لێواری سەکۆکە دانیشت. ئانیشکی نایە سەر چۆکی و ڕوومەتی لە ناو هەردوو دەستی‌دا شاردەوە. پووریێ لە ناو دەرگاکەدا دانیشت و بە بێ ئەوەی بیەوێ ڕوو لە لەشە لەڕ و لاوازەکەی شێرۆ وەربگێڕێ و دڵ لەم سێبەری غەم و پەژارەیە بەر بدات، بە پەژارەیەکی ئاشکراوە وتی:

ـ چووزانم؛ چووزانم کچم!

شێرۆ ئاوڕی دایەوە، لە قەراخ شانە دەرپەڕیوەکەیەوە سەیری پیرێژنی کرد و وتی:

ــ لەو ڕۆژەوە کە بردوومە بۆ نەخۆشخانە ئیتر ناتوانێ خۆی ڕابگرێ. وەکوو منالّی لێهاتووە؛ چووزانم... چووزانم... خوایە!

غەم. غەم و دلّگیران، دلّگووشران. شێرۆ هەستی کرد نیازی بەوە نییە غەمی خۆی لەو پیرێژنەی کە نەگوتراو هاودلّی لەگەڵ ئەکات، بشارێتەوە. بۆیە نمی چاوی بە بەری دەست سڕی و لەرزینی دڕدۆنگی لە گوتەیدا، وتی:

ــ چی لێبکەم؛ چی لێبکەم؟! ئەبێ وەکوو منالّ ئاگام لێی بێ. بەشی منیش ئەمە بوو! لە ناوچاوە ڕەشەکەی مندا وا نووسرا بوو، ڕەنگە! چووزانم؟!

پووریّ هیچی نەوت، بەس ئاخێکی هەلّکێشا و پاش تاوێک بە دوو پیالّە چاوە هاتەوە.

ــ من ناخۆم چا، پووریّ گیان. من ناتوانم. لەو ڕۆژەوە کە پێم ناوەتە شار و چووم بۆ نەخۆشخانە ئەلّێی ڕێی گەروویان بەستووم. هیچم بۆ ناخورێ. بەس ئاو لە گەرووم ئەچێتە خوارەوە. خواردن و خۆراک، هەر هیچ. پێموابوو ئەگەر لە نەخۆشخانە بخەوێ، قەلّەو ئەبێ، بەلّام هەروا بە شکاوی و شەق و شڕ دایانەوە دەستم. بەس... چووزانم؟ ئەلّێی کووزووی گاو کراوە. سەیرت کردووە؟ خوار بووە. بەرلەمە، بەرلەمە دیبووت؟!

ــ ئەی چۆن نەمدیبوو، کچم. زۆربەی سالّەکان ئەو گەنمانەی لە دەشتەکان خڕی ئەکردەوە، لەم پشتە خەرمانی ئەکرد. شەو و ڕۆژی لەمناوە بوو؛ هەر لەم دەوروبەرانە. باوەڕبکە سەرەتا بە سەر کەرەکەوە نەمناسیەوە! هەر نەمناسیەوە. ڕەنگوڕووی، ئێسک و پرووسکی، بیچم و شێوەی، هەموو شتێکی گۆڕاوە. ئیتر ئەو ماهدەروێشە نییە؛ نازانم، نازانم! ئەی ئەم ئەربابەتان نادعەلی، بۆ دەرنەکەوت؟

شێرۆ وتی:

ــ ئەگەر بەجێشمان بهێلّێ و بڕوات، هەقیەتی. تا ئێرەش زۆر پێمانەوە ماندوو بووە. هەر ئەو بوو کە سەیدی داسەپاند

بە سەر نەخۆشخانەدا. ئەم گوێدرێژەش ئەو بۆ ماهدەروێشی کڕیوە. لە قەرەچیەکانی کڕی و وتی با لەژێر پێی ماهدەروێش‌دا بێ. بڵێم چی؟ زمانی شوکر کردنیشم نییە. لاڵ بووم پێی بڵێم خێر لە جەوانیت ببینی. هەروا سەرم داخست و هیچم نەوت. هیچ. چەندە ترساوم لە هەموو کەس! گومانم لە چاکەی خەڵکیش هەیە، دوێشەو هات و پارەی ڕێگەی‌دا بە ماەدەروێش و ڕۆیشت. ئیتر چیمان لێی بوێ؟ خۆ قەرزمان بە سەرییەوە نییە! تەمەنی درێژ بێ بە هەقی عەلی. بەڵام پووریێ، پووریێ گیان، من فێری نانی گەدایی نیم. ترسم لەوەیە بە بۆنەی ماهدەروێشەوە منیش فێری نانی سواڵ ببم. ئەترسم... خوا ئەو ڕۆژە نەهێنێ. بڕۆم بزانم، ئەبێ فریای بکەوم.

شێرۆ خۆی لە سەکۆکە خزاندە خوارەوە و بە دوای مێردەکەی‌دا بای دایەوە بۆ پەنای دیوارەکە. پووریێ گوێی ڕاگرت بۆ دەنگی تانکەری نەوتەکە و بۆ پێشوازیی لە سەکۆکە چووە خوارەوە. تانکەر بە شەقامە خۆڵەکەی سوڵتان‌ئاواوە هات و لە بەرامبەر چاخانەکەدا لای‌دا و وەستا. پووریێ بە بەر تانکەرەکەدا دەوری دایەوە و لای شۆفێرەکە وەستا و بە سادق خانی وت:

ـ دانابەزی گەروویەک تەڕ بکەی؟

ـ ئەبێ بڕۆم. سنۆقی ئەمانەتەکەت لە میرزا وەربگرە. شووشەیەکم بۆ ڕاگرە، سەیزوشەو میوانم.

ـ تۆزێ ئاوی ساردت با بۆ بهێنم!

ـ بیدە بە میرزا بۆمی بهێنێ.

پووریێ بە بەر لووتی تانکەرەکەدا جارێکی‌تر دەوری دایەوە بۆ چاخانە. لەم کاتەدا ستاری پینەچی خۆی هەڵدایە خوارەوە و سڵاوی کرد. پووریێ بە دەم ڕێوە وەڵامی ستاری دایەوە و بە خێرایی سەرکەوت و بە قاپێک ئاوەوە هاتەوە. میرزا سنۆقەکەی لە سەر سەکۆکە دانا و قاپی ئاوەکەی لە پووریێ وەرگرت و چوو بۆ لای تانکەرەکە. ستار سەرکەوت و دەزگاکەی لە لایەکەوە دانا

و لە کاتێکا سنۆقەکەی ئەبردە ژوورەوە پرسی لە کوێ دایبنێ.
پووری وتی لە پشت پەردەکە، لە بن سنوقی لیمۆنادەکە.

ستار وایکرد و بە بیستنی کەوتنەوە ڕێی تانکەرەکە سەر و شانی لە دەرگای چاخانە هێنایە دەرەوە و دەستی بۆ شۆفێر و شاگردەکەی ڕاوەشاند. خەرمانی تۆز و خۆڵی تایە قورسەکانی تانکەرەکە. بە حەوادا بڵاو بوویەوە و ستار بە چاو و ناوچاوی تێکناوەوە هاتە دەرەوە و چوو بۆ قاپی ئاوەکە. قاپ بەتاڵ بوو. پووری لە دەستی ستاری وەرگرت و وتی:

ـ ئێستە ئاوت بۆ ئەهێنم.

بە نیشتنەوەی شەپۆلی قورسی تۆزەکە، نادعەلی چوارگوێشلی بە سواری ئەسپە سپیەکەیەوە لە سەر خاکە پڕ هەتاوەکەی ڕێگەی قۆچان خۆیا بوو. وەک بڵێی لەپڕ لە عەرز هەڵقوڵابێ. هات، نزیک بوویەوە و لای سەکۆکە لە ئەسپ دابەزی و لە کاتی سڵاوکردنی ستاردا، دەسکەوساری لەغاوی ئەسپەکەی بەست بەماڵبەندی بن دیوارەکەوە. کڵاوی داگرت و لە سەکۆکە سەرکەوت و یەکسەر هات و لە سەر دەزگاکەی ستار دانیشت. ئارەقەی لە ناوچەوانی سڕییەوە و وەک بڵێی ستاری هەر نەبینیوە، هاواری کرد:

ـ ئاو، پووری. ئاوی فێنک!

مەتی سەکینە بە قاپی پڕ لە ئاوەوە هاتە دەرەوە و نادعەلی بە هەردوو دەست قاپەکەی لە پووری وەرگرت و بە تینوێتی نای بە سەرییەوە و بە یەک بین تەواوی کرد و قاپە بەتاڵەکەی دایەوە بە پووری. مەتی سەکینە بە بزە و نیگا بە ستاری وت ئاو بۆ ئەویش ئەهێنی. ستار قاپە بەتاڵەکەی وەرگرت و خۆی چووە ژوورەوە و چوو بۆ لای گۆزەی ئاوەکە و بیستی کە پووری بە نادعەلی وت:

ـ ماهدەرویێش و شێرۆیش چاوەڕێتن.

ستار هاتە دەرەوە. پووری لێی پرسی:

ــ برسیتە، شتێکت بۆ بهێنم وەستا ستار؟
ستار لە بن دیوارەکە، لەملای چوارچێوەی دەرگاکە دانیشت و وتی:
ــ چا. چایەکی بچووک!
پووریّ بۆ هێنانی چا ڕۆیشت و نادعەلی لە سەر دەزگاکەوە خزا خوارەوە و وتی:
ــ بیستم لە حەپس بووی، وەستا؟!
ستار ئاوڕی لە نادعەلی دایەوە و وتی:
ــ ئازاد بووم!
ــ چۆن بوو لەگەڵ ئەوانیتر ڕات نەکرد؟ لەگەڵ ئاشناکانت؟
ستار وتی:
نەمتوانی!
نادعەلی وتی:
ــ بیستووتە ئاشناکانت پاش هەڵاتن چییان کردووە؟
ستار وتی:
ــ دەماودەم هەندیّ شتم بەرگویّ کەوتووە!
نادعەلی وتی:
ــ کوشتاریان کردووە. کوشتارێکی زۆر. هیچ پێم وانەبوو وایان لیّ دەربچیّ!
ستار جارێکیتر سەیری نادعەلی کرد و وتی:
ــ سەیرە!... ئیتر چ هەواڵێکیان لیّ ئەزانی، ئەرباب؟!
ــ هەواڵ؟ هەهە! تازە ئیتر کەس هەواڵیان نازانیّ. مەگەر ئەوەی کە بە ڕێکەوت بیانبینی. وەکوو خدری زیندوو!
پووریّ، چا و سینی و قەندانی هێنا و لای دەستی ستارەوە داینا و بە نادعەلی وت:
ــ تۆ چی ئەخۆی ئەرباب؟ نان و چات دیارە خواردووە؟
نادعەلی بە بیّ وەڵامی پرسیارەکەی پووریّ، چاوی بڕییە ناوچەوانی ستار و وتی:

ـ دیارە ئەتەوێ بیانبینی، وایە؟

ستار، لە ناو قسەکەی ئەودا بە پوورێی وت پارووە نانێکیشی بۆ بهێنێ و پیرێژن کە چووە ژوورەوە وتی:

ـ پیاڵەک ماستیش، پوورێ گیان!

نادعەلی پرسیارەکەی دووپات کردەوە:

ـ ئەرێ؟ ئەتەوێ گوڵمحەمەد ببینی؟

ـ نەخێر نامەوێ بیانبینم و... وەک تۆ ئەڵێی دەستی کەسیش بە دامێنیان ناگات؟!

ـ چاوت لێیە وتم ئەتەوێ بیانبینی؟! خۆت لە من مەشارەوە ستارخان! من خۆ ئیتر ئاو و زەویم نەماوە، خۆ من ئەرباب نیم ئیتر!

ـ ئەو قسانە چییە، نادعەلی خان؟! ئەی زەوییەکا...

نادعەلی قسەکەی ستاری بڕی و وتی:

ـ وتاری یەکێک لە سەرۆکەکانیشتانم بیست. دەربارەی فاشیزم قسەی ئەکرد. فاشیزم چییە؟!... ئەخورێت؟!

ـ زۆر لە سەر کەیفی ئەمڕۆ، ئەرباب!

ـ بە بێ گاڵتە ئەپرسم، ستار. فاشیزم هەر ئەم ئاغانەی خۆمانن، یان...

ستار، نیوەی چاکەی خواردەوە و وتی:

ـ مەبەستت ئاخرەکەی ئاو و زەوییەکەت ڕاسپار؟

نادعەلی دەزگای کارەکەی ستاری خستە بن قۆڵی و ئانیشکی لە سەر دانا و بە بێ ئەوەی تامەزرۆی ئەو باسە بێ وتی:

ـ ئەوان ڕایانسپارد!

ـ ئەوان ڕایانسپارد؟!

نادعەلی بە نووکی پەنجە کڵاوەکەی لە پشت سەرییەوە هێنا بۆ سەر برۆکانی و وەکوو پەخشان بڵێ، وتی:

ـ ئەوان خۆیان ڕایانسپارد بە خۆیان. هەم فرۆشەر و هەم

کڕیار! هەم خاوەن و هەم خوازیار. هەم سەرپەرشتیار و هەم سەرپەرشتکراو! هەم پارێزەر و پارێزراو! ئەزانی بۆ؟ چونکە من گەوجم، کاکە گیان! من جەوانێکی ئاوارە و سەرگەردانم!

ـ ئەوە ئەڵێی چی نادعەلی خان؟ زۆرم پێ سەیرە!

ـ منیش پێم سەیرە، ستار! منیش سەرم لە هەموو شت سووڕماوە. زیاتر لە هەموو شتێکی خۆم سەرم سووڕماوە! لەوە گەڕێ، با قسەیەکیتر بکەین!

پووری نان و ماستی هێنا و لە سەر سینیەکەی بەر دەستی ستار داینا و نادعەلی لێی چووە پێشەوە و لە بەرامبەر ستاردا، دەستی کرد بە نان و ماست خواردن.

پووری وتی ئەگەر نادعەلی پێی خۆش بێ ئەتوانێ هێلکە و ڕۆن یان هێلکە و تەماتەی بۆ درووست بکات؛ بەڵام نادعەلی تیکەی خستە دەمی و وتی:

ـ گەرمە، پووری. ماستیتر بێنە!

پووری چووە ژوورەوە و هەردوو پیاو دەوری سینی نان و ماستەکەیان دا و لە بێدەنگیەکی چاوەڕوان نەکراوەدا کەوتنە گیانی، پاروو لە سەر پاروو.

زۆر لای ستار دژواربوو لەو بێدەنگیە کتوپڕەی نادعەلی تێ بگات. ئەویش بەو جۆرەی وەک بڵێی هەر لە سەرەتاوە هیچ نەوتراوە و، نادعەلی ئەوەندە لە ناوخۆیدا بوو و ئەوەندە لە خۆی دوور بوو کە ستار ئەیتوانی بە بێ دڵەڕاوکە سەیری بکات و بێتەوە بیری کە جەوانەکەی چوارگوێشلی بە جارێک گۆڕاوە. قژی درێژ و ڕەش، ناوچەوانی چرچ و سمێڵی ڕەش بە کلکی بادراو بۆ سەرەوە و، چاوی تۆخ و لار. دەسرێکی هەورێشم لە ملیدا، کراسی سپی، کڵاشی مەلەکی، جلیسقەی ڕەش و کەمەربەندی تازە بۆیەکراو لە پشتیدا بوو. ئەوەندەی پووری بایەیەکی تری پڕ لە ماست لە سەر سینیەکە دابنێ، نادعەلی ماستەکەیتری هەڵقوڕاند، لێو و سمێڵی بە زمان لستەوە،

بایەکەی دانا و وتی:

ـ مەشهەد، ئەمەوێ بچم بۆ مەشهەد ستار؛ دێی پێکەوە بڕۆین؟

ـ مەشهەد؟!

نادعەلی بە مەتی سەکینەی وت:

ـ عارەقەکەی من بهێنە، پووریێ گیان!

لە ناو چاخانەکەوە، مەتی سەکینە وتی:

ـ گەرمە، ها. هەر ئێستە هێنایان. ئەتەوێ بەم گەرمایە بیخۆیتەوە؟

نادعەلی وتی:

ـ ڕەنگیشە لەگەڵ خۆم بردم. بیهێنە بیخەرە ناو شەڵتەکە.

پووریێ پرسی:

ـ دوو نیوقاپ بەسە؟

ئەگەر نیوقاپن، چوار دانە دانێ!... ئەی ئەم ماهدەروێشە لە کوێیە؟

ـ نەخۆشە، ئێستە پەیدای ئەبێ.

ستار سینیەکەی خستە لاوە و دەور دەمی لە وردە نان پاک کردەوە و وتی:

ـ یەک دوو چاش، پووریێ!... ئەتەوێ خۆم بێم تێی کەم؟

مەتی سەکینە بە چوار قاپەوە هاتە دەرەوە و وتی:

ـ خۆم ئێستە ئەیهێنم.

نادعەلی، بەر لەوەی پووریێ لێی دوور بکەوێتەوە، شووشەیەکی لێوەرگرت و لە ناو دەستیدا سووڕاندی و وتی:

ـ ئەڕۆم بۆ مەشهەد. حەیف کە گەرمە. ئەخۆیتەوە؟

ـ ئا لەم گەرمایەدا؟ نا، ئەرباب!

نادعەلی وتی:

ـ ئەمەوێ بڕۆم بۆ وەکیڵئاوای مەشهەد و خۆم مەست بکەم. بەر لەوەی کە تیابچم ئەمەوێ بۆ جارێکیش بووە مەست

بکەم و... وەرە! پیاڵەیەکیش ناخۆی؟!

نادعەلی سەری شووشەکەی هەڵپچڕی و لەگەڵ ئەوەی چای بنی پیاڵەکەی ئەڕژاند، چاوی لە ماستی ناو بایەکەش بوو:

ـ ئەمەوێ بڕۆم... هەم خۆم سەرخۆش بکەم و هەم خانم بازی بکەم.

پووریێ لە گەڕانەوەی لای ئەسپەکە، وتی:

ـ لە پەڕۆمەوە ئاڵان و پەڕۆیشم خستە نێوانیان، بەڵام کاتی غاردان ئاگات لێیان بێ. بڕۆ بزانم...

نادعەلی پیاڵەکەی پڕکرد. هەڵیدا و ناوچاوی تێک نا. ستار قاپەکەی خزاندە بەردەمی. نادعەلی بە قامکێک ماست تامی تاڵی دەمی گۆڕی و وتی:

ـ بەڵام ئەترسم سووزەنک بگرم. بیستوومە پیاو ئەخا. تۆ فێری عارەق خواردنەوە نەبوویت ستار؟

ماهدەرویێشیان هێنا. سەر و قژ و دەور ملی ئارەقە بوو. لە سەر سەکۆکە دایاننا و پاڵیان دا بە دیوارەکەوە. ڕەنگی شین هەڵگەڕابوو و هەناسە بڕکێیبوو.

نادعەلی چاوی تێبڕی و لێی مۆڵەق بوو. شێرۆ سڵاوی لە نادعەلی کرد. ڕابرد و بە دوای مەتی سەکینەدا چووە ژوورە و بیستی:

ـ ناتوانێ... ناتوانێ... بێوازە، گیانی تیانیە!

دڵاوەر خۆی هەڵکێشا بۆسەر سەکۆکە و لە لای ستارەوە دانیشت.

نادعەلی سیگارێکی بۆ ماهدەرویێش داگیرساند. هەڵسا، لێی چووە پێشەوە و سیگارەکەی خستە نێوان پەنجە لەڕەکانی سەید و بە دەنگی بەرز وتی:

ـ چۆن و مۆنی؟

ماهدەرویێش، ماندوو و بێ هەناسە بە دەست ئەمازەی بە ورگی کرد، پێڵوو و ناوچەوانی تێک نا و سەری لەقاند. نادعەلی

لایەوە پشت لە ستار و دڵاوەر دانیشت و جگەرەیەکی بۆ خۆی پێکرد.

ستار سەیری دڵاوەری کرد و لێی پرسی:

ــ چی ئەکەی؟

ــ بێکاری... بێکار!

ــ لە کوێ ئەگەڕی؟

ــ خاکی خوا!

ــ گیرفانت پڕە یان بەتاڵ؟

ــ گەیشتۆتە بنەکەی.

ــ نان و چات خواردووە.

ــ خواردوومە!

ــ ئەتەوێ چی بکەی؟

ــ تا چی بێتە پێش. جارێ ئەمەوێ دروێنە بکەم. ئەم داسەش پووریێ پێی دام بۆ ئەوەی بچم بۆ کار.

ــ لە کوێ؟ قۆچان؟

ــ نەء! ئەمساڵ ئەم دەوروبەرەش گەنمەکەی باش هەڵساوە. ئەمەوێ بڕۆم بۆ لای زەعفەرانی و قەڵاچیمەن. هەرچی چۆن بێ باوکم و دایکم لەوێ نێژراون. وا ئەڵێن. چی بکەم؟ ڕووم نییە ئیتر بگەڕێمەوە بۆ ڕەوەند. نازانم تۆ چەندە لەم شتانە تێ ئەگەی؟ بەڵام... کاتێکە... چی بڵێم؟ ئەوەندەی هەیە کە ئیتر ڕووم نییە بگەڕێمەوە ناو هەوار. سەرشۆڕییە. زۆر... زۆر... ئیتر ناتوانم. ئەم ژنە... ئەم... ماراڵ...

ــ شێرۆ بە پەرداخێک قەنداوەوە هاتە دەرەوە و نادعەلی سەری بۆ لای دڵاوەر وەرگێڕا و وتی:

ــ باسی چی ئەکەی؟!... ژن؟!

ئەوەندەی پشتی لەمان و ڕووی لە ماهدەویش بوو، شووشەی عارەقەکەی نیوە کردبوو. ڕەگێژەکانی چاوی بە ئاشکرا سووربببوون و ڕەگی تەوێڵی دەرپەڕیبوو. دڵاوەر لە نیگای

ملۆزمی جەوانی چوارگوێشلی‌دا هەستی بە ئازارکرد. نادعەلی جێی خۆی دا بە شێرۆ و هەڵسا بڕوات و لە سەر جێی خۆی دانیشێ. هەرچەند تەنها دوو سێ هەنگاو بوو وتی و، وەکوو شتێ لەگەڵ خۆی وتی:

ـ ژن... ئاخ، ژن! نازانم بۆچی ناویشیان ئەمخاتەوە بیری ئەو پیرێژنەی باوکم منی لەلا دانابوو فێری خوێندنم بکات؟ ڕوومەتی وەکوو بنی مەنجەڵ ڕەش بوو. چاوەکانی لە ڕەنگی ڕشانەوە بوو. لێوەکانی ئەتوت قورقوشمە و خوێنی تیا نییە. کۆم بوو و لەچکی ئەدا بە سەری‌دا و شیرەی ئەکێشا. دارێکی درێژیشی هەبوو بەو دارە لێی ئەداین. کووڕبوو، کووڕ! بێزارم، بێزار!

لێرەدا نادعەلی وەرگەڕا و سەیری ستار و دلاوەری کرد و وەک بڵێی بۆ یەکێک ئەگەڕا لەگەڵی بدوێ، لە سەر دەزگای کارەکەی ستار دانیشت و وتی:

ـ خوا دروستی کردوون بۆ ئەوەی پیاو بشکێنن. ژن، خوا دروستی کرد بۆ ئەوەی کۆڵەی پیاو بکوتێ. مرۆڤ دائەمێنێ لەگەڵ ئەم گیانەوەرانە چی بکات! چاک و خراپ! نەفرەت ئەخەنە دڵی مرۆڤەوە... بەڵام مرۆڤ بە بێ ئەوانیش ناتوانێ ڕۆژێکی خۆشی هەبێ. تەنانەت ئەگەر لەلاشت نەبن، بیر و خەیاڵیان، یادیان لەگەڵ تۆیە. تەنانەت ئەگەر لە هەموو تەمەنی خۆیشت‌دا ژنت نەدیبێ، دیسانەوەش بیر لە ژن ئەکەیتەوە. ژن؛ ژن! بۆچی؟ بۆچی ستار؟ ڕازێک ئەبێ لەمکارەدا هەبێ؟ بۆ ئەوە نییە کە پیاو بە تەنها خۆی نیوەیەکە؟ تاکێکە؟

شێرۆ، قەنداخەکەی کرد بە دەمی ماهدەرۆیشەوە، ئارەقەی سڕییەوە و هەڵسا. هەروا بە بێدەنگ کە هاتبوو، بە نێوان پیاوەکان‌دا چووەوە ژوورەوە.

نادعەلی دیسانەوەش خواردییەوە و وتی:

ـ ئەچم بۆ مەشهەد. ئەڕۆم بۆ قەڵاچیمەن... لەوێ...

قەدیری لێیە. ئەو براکەشی، ئەو مێشە سیخوورە ئەگەر خۆی تێهەڵقورتێنێ، ئەمجارە ددانەکانی ئەشکێنم... ئەچم بۆ قەڵاچیمەن و قەدیر لەگەڵ خۆم هەڵئەگرم و ئەچم بۆ مەشهەد. قەدیر، هاودڵ و هاوزمانی منە. هەندێ جار حەز ئەکەم هەزار ساڵ لەگەڵی بژیم. هەڤاڵی ڕێیە، هەڵی ئەگرم و ئەڕۆین بۆ مەشهەد و لەوێ ژن دەس ئەخەین، تۆ... ستار، حەزناکەی ژنت هەبێ؟!

ستار، بۆ ئەوەی نەکا شێرۆ گوێی لەو قسانە بێ، وەڵامی نادعەلی نەدایەوە. بەڵام سەیری ناو چاخانەکەی کرد و وەهاش ئەو کارەی کرد کە نادعەلی تێبگات. بەڵام نادعەلی کە عارەقی گەرم گێژی کردبوو، لە هەوای خۆیدا بوو و هەر لە سەری ئەڕۆیشت. ڕەنگیشە هەر خۆی وابوو وا ڕاهاتبوو کە گوێ نەداتە خەڵکی دەوروبەری، بە بێ ئەوەی مەبەستێکی هەبێ. وای لێهاتبوو کە ئەوەی لە دەروونی دابوو بە بێ گوێدانە چاک و خراپی ئەیوت و ئێستەش ئەوا، بە بێ پەردە هەڵی ئەڕشت ئەوەی لە دەروونیدا بوو:

ـ بەڵام من... نامەوێ بەس ژنێکم هەبێ. من ئەمەوێ ژنێک بخەمە بن ڕکێفی خۆمەوە. بێزارم! ئەم ئەژدیهایە ڕام ئەکەم!... تۆ بڵێ ستار، ئێوە دەربارەی ژن ئەڵێن چی؟ نا، ئێوە چۆن لە سەر ژن بیر ئەکەنەوە؟

ستار بە پێکەنینێک لە دڵیەوە، وتی:

ـ وەها ئەڵێی «ئێوە» وەک ئێمە لە بەندەی خوا جیاواز بین!

ـ جیاوازیت یان نیت، کارم نییە. بڵێ بزانم. ئەمەوێ بزانم!

ستار سەیرێکی دلاوەری کرد و لە وەڵامی نادعەلیدا وتی:

ـ ئادەمیزادین ئیتر، ژن جۆرێک و پیاویش جۆرێک.

ـ مەگەر من وتم ئادەمیزاد نین؟ هەه... تۆ کام بەش لە بۆچوونەکانی منت لا پەسەندە؟

ـ من ئەو بەشەم پێ ڕاستە کە وتت پیاو، بە تەنهایی نیوەیەکە. ئەوە ڕاستە، پیاو بە بێ ژن ناتەواوە.

ـ ئەی بۆ ژن ناهێنی؟

ستار وەڵامی دایەوە:

ـ لەبەر ئەوەی ئەترسم ژن بمشکێنێ!

ـ هەمان قسەکەی من.

ـ بەڵێ. سەرنج بۆ کۆتایی قسەکەی تۆ!

ـ لەگەڵ زۆر چۆنی؟ ئەوەی کە پیاو ئەبێ بە زەبری قامچی ژن بخاتە بن ڕکێفی خۆیەوە؟

ستار تێکەڵ بە گاڵتە وتی:

ـ ئەمەیان ئەبێ تاقی بکەمەوە!

نادعەلی قاقایەکیی لێدا. هەڵسا و چوو بەرەو ئەسپەکەی، شووشەی عارەقەکەی خنی بە ناو شەڵتەکەدا و لە بەر خۆیەوە وتی:

ـ سەرم سووڕماوە لەم چیرۆکە بێ سەرەتا و کۆتاییە! حەح حەح... حەح!

پاشان، ڕووی کردە دلاوەر و ستار و وتی:

ـ ئەڕۆین؛ نەڕۆین؟

ماهدەروێش لەبری ئەوان وەڵامی دایەوە:

ـ هەر چۆن ئەرباب پێی باش بێ.

شێرۆ هاتە دەرەوە. نادعەلی پێی وت:

ـ ئاو هەڵگرە. لە ناو ڕێ تینووی ئەبێ.

ماهدەروێش بەناڵین و شەوقەوە وتی:

ـ لە بیری مندایە ئەرباب، تەمەنت درێژ و ڕێزت فرە بێ ئەرباب. خوا بتبەخشێ بە عەلیئەکبەری حسێن، ئەرباب.

شێرۆ، جەوەنەی ئاوەکەی خستە شەڵتەکە و ڕەشمەی کەرەکەی ڕاکێشا و لە بەر سەکۆکەدا ڕایگرت. ماهدەروێش جووڵایەوە. دلاوەر چوو بۆ یارمەتی و سەیدی سوار کەرەکە کرد.

شێرۆ بە نیگا و زمان ماڵاویی لە هەمووان کرد و ڕەشمەی ڕاکێشا. نادعەلی دەسکەوسارەکەی لە ماڵبەندەکە کردەوە. پارەی لە جزدانەکەی دەرهێنا، خستیە ناو دەستی پووریێ و بە ستاری وت:

ـ تۆ چی ئەکەی؟ ناکەویتە ڕێ؟

ستاریش کە هەڵسابوو و وەستابوو وتی:

ـ منیش لە خزمەتدام، ئەرباب! تا ئێوە بگەنە سەر ڕێکە، منیش پێتان ئەگەمەوە.

نادعەلی پێی لە ئاوزەنگی نا، لەغاوی بەرەو ڕێگاکە بادا و کڵاوی لە سەری توندکرد. دلاوەر چاوی لە ڕۆیشتوان، شانی دابە دیوارەکەوە و ڕاوەستا. پووریێ بە قولی قووچاوەوە چووە ژوورەوە. ستاریش بە دوایدا و لای شانی پووریێ وەستا. دوو تمەنیەکی خستە سەر دەزگای چاخانەکە و لە بن گوێی پیرێژندا وتی:

ـ شوێنی گوڵمحەمەدم ئەوێ؟

روخساری داتەکاوی ژنە وەرگەڕا بەرەو ستار و چاوە وردیلەکانی هێنایە یەک و وتی:

ـ ئەگەر بشم زانیبا، پێم نەئەوتی!

ـ بۆ مەگەر چی بووە؟!

ـ ئەم مەڵبەندەی ناوە بە سەر سەرییەوە، ئەتەوێ چی ببێ، ئیتر؟! خەڵکی لە ترسی ئەو ناتوانن بە ئاسوودەیی سەر بنێنەوە.

ـ خەڵکی؟! واتە تۆ؟!

ـ جا من و هی وەک من چیمان هەیە گوڵمحەمەد لێمان بسێنێ؟ ئەوانەی کە لە بن کەنووی پڕ لە گەنم ئەخەوتن، ئێستە خەویان لێ زڕاوە.

ـ ئەوان بە ئێمە چی؟ با دەس بە دارایی خۆیانەوە بگرن!

ـ تۆ چ کارت بە گوڵمحەمەدە؟! بووی بە سیخوڕی جەندەرمە؟

ستار، بە پێکەنینەوە، پرسی:
ــ پێت وایە ئەم بیچمە ئەوەی لێ بوەشێتەوە؟
ــ لێی ناوەشێتەوە، بەڵام... ماوەیەک ون بووی؟!
ــ لە زیندان بووم.
ــ زیندان؟! لە سەر دزی، پێموانییە...
ــ نا، نا... من دەسم ناچێتە ئەو کارانە. لەوێ، لە حەپس لەگەڵ گوڵمحەمەد ئاشنا بووم. ئێستەش ئەمەوێ بزانم بار و ڕۆژی چۆنە.
پووری وتی:
ــ بار و ڕۆژی لە تۆ باشترە. ئەگەر ئەتەوێ بیدۆزیتەوە، ئەبێ پێڵاو و پووزەوانەی لێ هەڵپێچی و بکەویتە بیابان. ئەو جۆرە کە دەرئەکەوێ شێو لە سوورکێو ئەکەن و بەرچاییش لە پاشتێن ئەخەون. قاچێکیان لە کەلیدەرە و یەکی‌دی لە قەڵامەیدان و مەڵبەندی سەروو. دوایین هەواڵیان لە فروومەد بوون. خۆ ئەزانی لە کوێیە؟ لای بەری ڕۆژئاوای شار، سەرووی مەزینان، بنار. بگرە... ئەم نان و هێلکەیەش بخەرە ناو کوڵەکەت، ئەگەر ئەتەوێ بکەویتە ڕێ. بۆ ناو ڕێ پێویستت ئەبێ. بڕۆ... خوات لەگەڵ!
ستار وەرگەڕا بچێتە دەرەوە، دلاوەر لە ناو دەرگاکەدا بوو. ستار خۆی کێشایەوە و دلاوەر سەرو شانی هێنایە ژوورەوە و وتی:
ــ پووری گیان... حەسێبی خواردنەکەی من ڕاگرە، هیوا بە خوا ئەوسا کە مزی دروێنەکەم وەرگرت، یەکڕاست ئەیهێنم بۆ ئێرە ئەیفرۆشم بە خۆت.
پووری وتی:
ــ بە هیوای خوا، بە هیوای خوا. ئاگات لە داسەکە بێ بە ساخی ئەبێ بیگەڕێنیتەوە.
ــ خوا یاربێ.

ـ بە سڵامەت، خێر بێتە ڕێگەت!

کەرە ڕەشەی ماهدەروێش سواری بوو، گیانی تیا نەبوو. پیرە کەرێک بوو لەوانەی کە قەرەچیەکان لەوە زیاتر ناتوانن کاری لێ بکێشنەوە و ساخی ئەکەنەوە بە سەر کڕیاردا. شێرۆ لە تەنیشت سمتی ڕەقەڵەی کەرەکەوە ئەڕۆیشت و هەروەها ئاگای لە ماهدەروێشیش بوو. نادعەلی چوارگوێشلی بۆ ئەوەی بە پێی هاوسەفەرەکانی بڕوات، چەند هەنگاوێک لە پێشیانەوە ئەڕۆیشت، بەڵام ئارام ئەڕۆیشت؛ جا کەی وەڕەز ببێ و بە غار لێیان دوور کەوێتەوە.

ستار و دلاوەر، بەرداوێژێکی مابێ بە دوایاندا ئەڕۆیشتن. وا دیاربوو پێیان ناخۆش نەبوو، لانی کەم فرسەتێک، بە تەنها ڕێ بکەن. هەرچی چۆن بێ، دوو کەس کە ماوەیەکیان پێکەوە و لە چوار دیوارێکدا ڕابردبێ، بیرەوەری و قسەیەکیان بۆ وتن هەر ئەبێ؛ هەرچەند دەربڕینیشی ئاسان نەبێ.

ـ چ تاوێکە؟!

دلاوەر سەیری لای سەرووی ڕێگاکەی کرد، ڕدێنە بۆرەکەی خوراند و وتی:

ـ دۆزەخیش بێ لەو قەفەسە پڕ سێبەرە باشترە. خەریک بوو بە جارێ دەشت و بیابانم لە بیر ئەچوویەوە!

ـ وابێ پەشیمان نیت!

ـ گریمان پەشیمانیش بم، چیم پێ ئەکرێ؟ ئەو ڕۆژانەی سەرەتا ڕاستەکەت ئەوێ لە سێبەری خۆیشم ئەترسام. لە شار و ئاوایی نزیک نەئەبوومەوە. زۆر شەوان لە بیابان ئەخەوتم. نان و خواردنم لە شوانەکان وەرئەگرت و جار جارەش لە جووتیارەکان. چیت لێ بشارمەوە خەریک بوو دەسم بە ماڵی خەڵکیش فێر ئەبوو. جارێکیان کاژیلەیەکم دایە بن باڵم و بردم بۆ دۆڵی لای چەمەکە و چەن ڕۆژێک خۆمم پێ تێرکرد. درۆیەکم بۆ خۆم

دروست کردبوو کە بە دوای مەڕەکانمدا ئەگەڕێم. بەم و ئەوێک کە ئەگەیشتم ئەموت دز داویەتی لە ڕانەکەمان و سی، چل، سەر مەڕیان بردووە. زۆرکەم لە شوێنێک ئەمامەوە. کەم و زۆر هەر بەڕێوە بووم. شەوان و ڕۆژانی زۆر بیر و خەیاڵم کردەوە. شەوانێکی زۆر لە بن ئەم ئاسمانە بەرزەدا دائەنیشتم و خەیاڵ هەڵی ئەگرتم. چۆنی بڵێم! لە سەرەتاوە، یەک دوو جار دای لە سەرم ئەو کارەبکەم کە شەمەل کردی، بەڵام... دیسانەوە دڵم بەرایی نەدا. ڕاستەکەت ئەوێ نەم ئەتوانی بیابان بەجێ بهێڵم؛ ئەزانی! وای لێهات ناچار بووم لەگەڵ خۆم یەکلایی بکەمەوە و کەوتمە ڕێ بەرەو ئاوەدانی و ڕۆژێک زانیم لە بەر چاخانەکەی مەتی سەکینە دانیشتووم. پاش ئەوەی کە خەوی خۆم کرد و ڕابووومەوە، زانیم ئەوا لەوێ دانیشتووم و خەریکم چا ئەخۆمەوە.

ـ سەربردەیەکە بۆ خۆی!

ـ بە ڕاست، لەگەڵ ئەو چییان کرد؟ شەمەل؟

ـ باش نازانم. لە لای ئێمە بردیان و پاشانیش وابزانم بارمتەی بۆ دانرا و بردیانە دەرەوە.

ـ عەبدۆس چی، ئاگات لێی هەیە؟

ـ ئەو لەوێیە. ئیتر ئەوەندەی نەماوە. وابزانم ئەمساڵ بەری بدەن.

ـ پەیامێک، قسەیەکی بۆ نەناردم؟

ـ کوتووپڕ منیان بەردا، کەسم نەبینی.

دلاوەر لەپڕ خامۆش بوو، داسەکەی دا بەو دەستیەوە و پاشان وتی:

ـ هیچ گلییەکم لە عەبدۆس نییە. پیاوێکی چاک و دڵپاکە. لێهاتوو و بەوەجە. هاوڕێی تەنگانەیە. نەء! ئەو هیچ تاوانێکی نەبوو. ئەزانم کە هیچ تاوانی نەبوو. دەستی لە زەوی و ئاسمان بڕابوو. کارێکیشی لە دەست نەئەهات. چی پێ ئەکرا؟

هیچ! نەء، عەبدۆس چ گوناحی نەبوو!

ستار، بە ئەنقەست پرسی:

ــ بەڕای تۆ، تاوانباری سەرەکی کێ بوو؟

دلاوەر بە ناباوەڕییەوە سەیری کرد و دەسبەجێ وتی:

ــ هەر ئەوەی کە نەتهێشت بیخنکێنم، گوڵمحەمەد!

ستار پێکەنی و وتی:

ــ ئەگەر بمهێشتایەت بیکوژی، ئێستە پەشیمان نە بووی؟ هەڵبەت ئەگەر لە پاش ئەوە زیندوو بوایەتی!

ــ بۆچی نا. بەڵام ئەوکاتەی کە ئەمویست ئەوکارە بکەم، لە بیری پەشیمان بوونەوەدا نەبووم. ئەوساتە ئەمویست بیکوژم؛ هەر ئەوەندە!

ستار عەیارانە و بە بزەیەک لە بن پێستیدا، پرسی:

ــ ئێستە چی؟!

ــ ئێستە نازانم. ئەوە نەبێ کە ژیانی هەردووکمان زۆر جیاوازە، زۆر لێک دوورە. هەم باری ژیانی من و هەم دۆخی گوڵمحەمەد. من ئێستە مرۆڤێکم لەگەڵ سێبەری خۆم لە بیابانەکاندا ئەخولێمەوە، بەڵام گوڵمحەمەد... کەسێکە کە ناوبانگی لە هەموو مەڵبەندەکەدا بڵاو بۆتەوە. بیستووتە خۆ؟

ــ نەک زۆر بەوردی؛ چونکە هەر کەسە و شتێک ئەڵێ.

بە شێوەیەک کە درێخێکی تیابوو، دلاوەر وتی:

ــ بۆ خۆی بووە بە پاڵەوانێک. ناودار بووە. پێش هاتنی تۆ، کابرایەک کە لە مەشهەدەوە هاتبوو ئەیگێڕایەوە کە ناوبانگی گوڵمحەمەد لەوێش بڵاوبۆتەوە. ئەیوت لە کاروانسەرای «بن شەقام» باس باسی ئەو جەندەرمانەیە کە بە گوللەی گوڵمحەمەد کوژراون. کابرای ئەم قسانەی ئەگێڕایەوە، کێچ کەوتبوویە کەوڵی. پێموابێ لە کاری کڕین و فرۆشی پێستە و خوریدا بوو. وادیاربوو ماڵ و داراییەکی هەبوو کە بەو جۆرە خۆی پیس کردبوو. دەوڵەمەندە ترسنۆکەکان لە ترسی پشتیان

ئەلەرزێ. قوڕمساخی ناپیاوانە! حەزم ئەکرد لەبری یەکێک لەو گوندارانە ئەبووم ئەوسا ئەمزانی... بەڵام ئەم حەشاماتە بێ چاو و ڕووە بەس ئەتوانن جووتیارو ڕەشایی بە دارەوە ببەستن. بەڵام ئەوەندی یەکێک لە خۆیان گوندارتر سەری دەرهێنا، لە بەردەمیا ئەبن بە مشک!... خافڵ لەوەی کە گوڵمحەمەد ئەوەندەش جەربەزە نییە؛ هەرگیز ئەوەندە پیاو نییە کە قاوی داکەوتووە!

ستار وتی:

ـ ئەوەندەش ناپیاو نییە، دلاوەر! ویژدانیش شتێکی باشە!

دلاوەر بە گلەییەوە وتی:

ـ لە سەرەتاشەوە تۆ هەر لایەنی ئەوت گرتبوو. ئەگەریش نەتهێشت سەری وەکوو مار پانەوە بکەم، لە بەر ئەوە نەبوو کە خەمی دواڕۆژی منت بوو، نەخێر! لە بەر ئەوە بوو کە دڵت بۆ گوڵمحەمەد ئەسووتا. ئەوت بە زیندوویی ئەویست. ئەتویست بە ساخی لەو داوە دەربازی بکەی. ئاخرەکەی واشت کرد. هەر لەوێش زانیبووم کاسەیەک لە بن نیوکاسەی تۆدا هەیە. بەڵام نازانم بۆچی دڵم بەرایی نەئەدا پێتدا هەڵشاخمەوە، بۆچی؟!

ستار سەیری نێو ڕۆخی گڕگرتووی دلاوەری کرد و وتی:

ـ تاوانی کوشتن قورسە، دلاوەر. ئەگەر دادگایی بکرابا ئەبوا هەتا ماوە لەو چواردیوارە پڕ سێبەرەدا بمێنێتەوە، ئەویش ئەگەر لە سێدارەیان نەدابا. هەر لەوێ ئەڕزا. حەیف نییە ئادەمیزاد بڕزێ؟! سەیری خۆت بکە! تۆیش ئەگەر ئەو تاوانەت لە سەر بوایە، حەیف نەبوو بڕزێی؟ حەیف نەبوو؟

هەنگاوەکان سست بوون و پرسیارێکی نامۆ لە نیگای کاڵی دلاوەردا پەڕاوەزە بوو و بە سەرسووڕمانەوە، وتی:

ـ ئاخرەکەشی نەمزانی کە تۆ دۆستی منی یان برادەری گوڵمحەمەد؟!

ستار پێکەنی و وتی:

ـ ناکرێ هاوڕێی هەردووکتان بم؟

دلاوەر بە کردارێکی توند ڕووی لە ستار وەرگێڕا و هەنگاوی تیژکرد:

ـ تۆ... تۆ ستار دەعبایەکی بۆخۆت! شتێکی سەیر و سەمەرەی کە مرۆڤ تێی ناگا! مرۆڤ لە هەموو شەڕێکدا لایەنێک ئەگرێ. هەق یان ناهەق، لایەنێک ئەگرێت. بەڵام تۆ... نە ئەمی و نە ئەوی. ڕەنگیشە لە بەر ئەوە بێ کە غەوارەی و ناتەوێ دڵی کەس لەخۆت بڕەنجێنی. بەڵام ئەمەش بزانە کە من...

ـ کە تۆ چی؟!

ـ کە من لە ماراڵ نابوورم، ستار! ماراڵ ژنی منە، ئەبوا ژنی من بێ. من...

ـ ئەزانم؛ ئەزانم!

ـ نازانی! هەر ئەمە نازانی! تۆ ئەزانی ژن یانی چی؟ تۆ ئەزانی ژنی مرۆڤ یانی چی؟ نەء، نازانی! بەڵام ئەو شێتە، هەمان چوارگوێشلی ئەمەی ئەزانی. باشیش ئەیزانی. کێماسی کارەکەی لێرەدا بوو کە هاوزمان نییە. هاوزمانی من نییە. کێماسی کارەکەی من ئەمەیە؛ ژن! داد و بێداد! بەڵام هەرچی چۆن بێ، ماراڵ ژنی منە. ژنی من بوو. جیاوازی چییە، ماراڵ دەزگیرانی من بوو! من ئەمەوێ ئەمە لە گوڵمحەمەد تێ بگەیەنم. ئەو ئەبێ ئەمە بزانێ.

ستار هەر بەو نەرمییەی کە زیاتر دلاوەری ئەهەژاند، پرسی:

ـ دڵنیایت ئەوەت ئەوێ؟!

ـ ئەی چۆن؟! پێت وایە لەو شەوەوە چاوم ناوەتە سەر یەک؟ پێت وایە ئەم دڵە سەگ خواردووەی من بۆ ساتێکیش ئۆقرەی گرتووە؟ نەء. بۆ ساتێکیش ناتوانم لە بیری خۆمی بەرمەوە. هەر ساتێک کە تێ ئەپەڕێ زیاتر بۆم دەرئەکەوێ کە کڵاوم سەر چووە. نا، ستار. من لە دەزگیرانەکەم لە ماڕاڵ لا

نادەم!

ــ ئەگەر مارالْ... کوڕێکیشی لە گوڵمحەمەد هەبێ، دیسانەوەش دەستی لێ هەڵناگری؟

ــ کوڕ؟!

ــ بەڵێ، کوڕێک!

وەک بڵێی دلاوەر نەی ئەویست لە پشت ئەو لەمپەرەش‌دا گیربکات، بۆیە پاش وچانێکی زۆر کورت بە پەلە هاتەوە گۆ:

ــ نەء! نەء!

ستار ڕووی وەرگێڕا و وەک بیەوێ لێیگەڕێ، وتی:

ــ خۆت ئەزانی!

بەڵام دلاوەر لە قسە نەکەوت و ئەتوت نایەوێ لە بێدەنگی‌دا، هەل و دەرفەت بە هورووژمی خەیاڵ بدات، ئەو بێدەنگیەی بە چاوی سمێنەر و وریاوە سەرهەڵئەدەن. وەک بڵێی تاوانباری دۆزیبێتەوە، ئەیویست چی بە زمانی‌دا دێت بیڵێت بۆ ئەوەی کە دڵی پڕ لە خوێنی ئارام بکات، کە ئەوەش نەئەگونجا هیچ، زیاتریش ئەبووە هۆی پەرێشانی؛ کە ئاگر تا لە بن خۆڵەمێش دایە وا پێ ئەچێ خامۆشە. بەڵام کە پزیسکە دای لە خەرمانی وشک ئەوسا ئاگر ئیتر ئەبێ بە ئاگر و ناکوژێتەوە و هەر قسەیەکی دلاوەر، لێرەدا گڕێک بوو لە خەرمانی وەرئەدا؛ بۆیەش ڕقی ئەستوورتر ئەبوو و چارەش نەبوو جگە لە وتن و وتنەوە:

ــ تۆش بزانە، ستار! ئەمە بە هاوڕێکەت گوڵمحەمەدیش بڵێ! پەیامەکەی منی بۆ ببە و پێی بڵێ وا نەزانێ ناوبانگی دەرکردووە، وا نەزانێ ناوی کەوتۆتە سەر هەندێ زمانی لاڵ، وا نەزانێ چەقەڵ لە تەقەی تفەنگی ڕەو ئەکا؛ نەء! بەم شتانە من لە مەیدان دەرناچم. ڕووت و پەتی پێی بڵێ کە من مارالی لێ ئەسێنمەوە. پێی بڵێ بە زمانی خۆش ئەیداتەوە ئەوە باشە، ئەگینا منیش کاری خۆم ئەکەم.

ــ باشە چی ئەکەی؟!

ـ چاڵی بۆ هەڵئەکەنم. چاڵ لە سەر ڕێی هەڵئەکەنم. ئەبم بە دڕکی سەر ڕێی. لە پشتەوە خەنجەری لێئەدەم. ئەو کارەی بتوانم ئەیکەم. هەر کات کە هەر کارێک بشێ بکرێ!

ستار وتی:

ـ ئەوان لە سەر بردوون، پیاو! لە گیان بردوو. ئەوەندەت نەزانی ساردیان کردیتەوە!

ـ چاکتر! ئەوسا ڕزگارم ئەبێ! بەڵام ئەوەش بزانە کە تۆ لێرەشدا لایەنی ئەوان ئەگری. لە هەموو کاتێکدا، لایەنی ئەوان ئەگری. بۆ، بۆ؟

ستار وتی:

ـ وا مەزانە. مەبەستی من ئەوەیە ئەم قڕەیە گەورە نەبێتەوە. هەر ئەمە!

ـ بۆ؟ بۆچی؟ بۆ ناتەوێ قڕەکە گەورە ببێتەوە؟ لانیکەم ئەوەم پێ بڵێ!

ستار، نادعەلی پیشانی دلاوەردا و وتی:

ـ ئەسپەکەی ڕاگرتووە و چاوەڕێی ئێمەیە. پیاوێکی دەم نەسرەوتە. مەهێڵە تێ بگا. هێشتا کەس نازانێ کە تۆیش لەگەڵ گوڵمحەمەد لە حەپس هەڵاتووی. هەروا سەری لێ بنێرەوە. بۆ ئەبێ کارێک بکەی هەمووکەس بە هەمووشتت بزانێ؟

ـ خەریکی چاوترسێنم ئەکەی؟

ـ ئارام بە پیاوی باش! ئەوا گەیشتین.

نادعەلی سەری ئەسپەکەی وەرگێڕابوو و سەیری ستار و دلاوەری ئەکرد:

ـ لەگەڵمان ڕێ ناکەی، وەستا ستار؟!

ـ لە خزمەت دام، ئەرباب!

ـ هەڤاڵی ڕێت ناوی چییە؟

ـ دلاوەر، ئەرباب!

به ناوی دلاوەر، شێرۆ بە تیژی ئاوڕی دایەوە و وەک بڵێی هەموو ئەو ساتانەی کە دلاوەر لە هێنان و بردنی ماهدەوێشدا یارمەتی دابوو، سەیری نەکردووە. گەنجەکەی هاوڕێی ستاری سەیرکرد و دیسانەوە چووەوە ناو خۆی. دلاوەر گیری نیگای سمێنەری نادعەلی و زمانی پرسێنەری ئەو، کاردانەوە و نیگای شێرۆی نەبینی. بۆیە هەروا چاو و گوێی لە نادعەلی بوو بەڵکوو مەبەستی خۆی لەم پرس و جۆیە دەرببڕێ. کە گەیشتنە لای ئەسپەکە، نادعەلی چوارگوێشلی ڕاست لە چاوە خڕەکانی دلاوەری ڕوانی و پرسی:

ـ چ کارەی دلاوەر؟

ـ بێکارم، ئەرباب.

ـ بەر لەمە؟

ـ شوان، شوان بووم، ئەرباب. بڕێک لە کاری دەشت و خەرمانیش ئەزانم.

نادعەلی ئەسپەکەی خستە سەر ڕێ و پەیشوێنی پرسیارەکەی خۆی گرت:

ـ شوانی کێ بووی؛ لە کوێ؟

ـ شوانی خێڵ بووم، ئەرباب، شوانی تۆپکاڵیەکان.

ـ ئێستە چی؟

ـ ئەچم بۆ کاری دروێنە، ئەرباب.

ـ ئەچی بۆ کوێ بۆ دروێنە؟

ـ بیستوومە دەشتەکانی ئالاجاقی باش خەملیوە، ئەچم بەڵکوو بابقولی بوندار کارم بداتێ.

سێبەرەکانیان، لەبەردەمیانەوە بە سەر ڕێگەکەدا لەنجەی ئەکرد. لە پشت باڵای بەرزی نادعەلی بە سەر ئەسپەکەوە، ئەتوانرا تیشکدانەوەی هەتاو بە پشتی کووڕی ماهدەرویش و لە سەر سەڵتە ڕەشە ڕەنگ ڕۆیشتووەکەی بە ئاشکرا سەیر بکرێ.

نادعەلی چوارگوێشلی، وەک بڵێی نەک لەگەڵ دلاوەر، بەڵکوو لە بەر خۆیەوە وتی:

«بوندار؛ بابقولی بوندار، ئالاجاقی!»

ــ بیر لە چی ئەکەیتەوە، ئەرباب؟

نادعەلی لە سەر ئەسپەکەوە، سەرنجی بڕییە ستار و وتی:

ــ من ئەچم بۆ مەشهەد! نازانم بۆ ئەوەندە حەزم لێیە بچم بۆ مەشهەد؟ تۆ چی ستار؟ حەز ناکەی لەگەڵم بێی بۆ مەشهەد؟!

ــ من کارم هەیە، ئەرباب. خۆزگە بمتوانیبا.

نادعەلی وەک وەڵامەکەی ستاری نەبیستبێ، جارێکیتر نیگای تێبڕی و وتی:

ــ من خەیاڵی مەشهەدم هەیە؛ ئەزانی ئەڵێم چی؟! مەشهەد!... ئەمەوێ بچم بۆ ڕابواردن!... قەحبەن، قەحبە، بوندار و...

لەغاوی ڕاوەشاند، دوورکەوتەوە و دیسان وەستا. تاوێک ڕاما، لە زینەکە هاتە خوارەوە، دەسکەوساری ئەسپەکەی گرێدا بە سەرجلی کەرەکەوە و دەستی ڕاگرت تا سمتی لووسی ئەسپەکە بە خزانێکی خۆش بە بەری دەستیدا، تێپەڕێ. دلاوەر و ستار گەیشتن. نادعەلی خۆی لە نێوان ستار و دلاوەردا جێ کردەوە و لە گەڵیان کەوتە ڕێ و وتی:

ــ لەپڕ بۆت دەرئەکەوێ لە بیابانێکی وشک سەرگەردان بووی. لەپڕ دڵت دائەخورپێ. چاوەکانت ئەڵێی تازە کراونەتەوە و تازە تێ ئەگەی وەکوو منالێک فریودراوی. باشە، چی ئەتوانی بکەی؟ بۆ ئەوەی خۆت لەو بیابانە چۆڵ و هۆڵە ڕزگار بکەی چەن ساڵی پێبچێ باشە؟ سەد ساڵ؟! ڕەنگیشە هەر لەو بیابانەدا بمری و قاڵاو چاوەکانت دەربهێنن. هەندێ جاریش ئەدا لە سەرت بڕۆی بۆ خانم بازی. خانم بازی! چونکە وات پێباشە

کە ئەوانە بە پارە بکڕی و لەگەڵیان بخەوی. هەر ئەوەندەیە ڕێزیان. بەڵام تینوو. کەی تێر ئەبێ؟ تینوویت. تینوویان کردووی. بە بەڵێنی ئاوی فێنک بە تینوویّتی ڕایانگرتووی. هیوای کانیەکی زەڵاڵ لە دەروونتدا ئەڕوێنن، ڕاکێشت ئەکەن و ئەتبەن بە دوای خۆیاندا، ئاوەزت ئەدزن؛ وات لێ ئەکەن چاوەکانت هیچ کوێ نەبینێ. وەکوو تەگەیەکی مەست بە دوای خۆیاندا ڕات ئەکێشن و تۆ هیچ کوێ نابینی و بە دوایاندا هەڵدێی. هەڵدێی و هەڵدێی و هەڵدێی و لە پەسا تینووتر ئەبی و لەپڕ خۆت لە بیابانێکی وشکدا ئەبینیەوە. لەپڕ تێ ئەگەی لە بیابانێکی وشک و برینگدا سەرگەردان بوویت. لە سەهۆڵاوی ساردەوەوە، بۆ جۆشاوی قازان. سەیرکە، تۆ ببینە، تۆ ببینە! خۆزگە ڕاست بوایە. خۆزگە ئەم هەوڵدانە ڕاستەقینە بوایە. بەڵام نا، نەء! ئەوەیە کە ئەدا لە سەرت بچی بۆ خانم بازی. خانم بازی! بڵێ بزانم ستار، چ قازانجێکیان بۆ ئەم دنیایە هەیە ئەمانە؟ ئەم ژنانە؟!

ستار وتی:

ـ تۆ ئەهێننە ئەم دنیایە.

ـ نا، نا. من ژن لە دایک بە جیا ئەزانم. جێی پێکەنینە وا نییە؟!

ـ بەڵێ، زۆر جێی پێکەنینە!

هەردووکیان پێکەنین. یەک پەرێشانی خەیاڵی خۆی و ئەویتر پەرێشانی ئەو مرۆڤە کە بەو جۆرە قیرقاچ ئەکات. دلاوەر بەڵام نەک خەندە لە سەر لێو، بەڵکوو گرژی لە هەنیە و برۆیدا، خامۆش بوو. نادعەلی بە دوای پێکەنینەکەیدا بە دلاوەری وت:

ـ تۆ چی شوانە؟!

دلاوەر بە بێ ئەوەی سەیری نادعەلی بکات کە دەم و هەناسەی مل و بناگوێی ئەسووتاند، وەک لەگەڵ خۆی بێ وتی:

ــ سەری هەندێکیان ئەبێ وەک مار پان بکەیتەوە.

قریشکەی قاقای نادعەلی لە ئاسماندا دەنگی دایەوە و دەستی دا بە شانی دلاوەردا و بە شەوقەوە ڕایوەشاند و وتی:

ــ ئەم دلاوەرە، هاوڕێی منە. ئەم دلاوەرە، ماران گەستەیە. خۆم ئەزانم بریندارە. ژەهری ئەم مارە کاری لە خوێنی ئەمیش کردووە! مار، ئەم مارانە... حەیف یان... چ گەنجێک بوو، مەدیار؛ چ ڕۆڵەیەک بوو!... ئای... ئای...

ــ ئەرباب؟!... نادعەلی خان!

ــ با دانیشین، ستار. با دانیشم. ئەم داخ و ئەشکەنجەیە ئاخرەکەی ئەمکوژێ!

ــ ئاوت بۆ بهێنم؟

ــ تینوومە؛ هەمیشە تینووم. تینوو!

ــ دلاوەر!

دلاوەر بۆ ئاو چوو بۆ لای شەڵتەی کەرەکەی ماهدەوێش و ستار بە سەر سەری نادعەلیەوە، لە بن ئەو خۆرەی، هەرچەند بە خواری لێی ئەدان، بەڵام هێشتاش ئەیسووتاند، وەستا و چاوی تێبڕێ. نادعەلی دەستی برد بۆ خۆڵی قەراخ ڕێگەکە، مشتێک خۆڵی هەڵگرت و وەکوو مناڵێک خۆڵەکەی لە نێوان پەنجەکانیەوە داباراند و وتی:

ــ ساڵانی پێشوو، ئەم بیابانە ئەوەندە ماری نەبوو. بەڵام لەم یەک دوو ساڵەدا لە ترسی مار شەوانە ناتوانم ئاسوودە بخەوم. شەو نییە خەونی مار نەبینم و خەیاڵی مار هەڵم نەگرێ. زۆر شەوان مار دێنە سەر جێگەکەم و دەورەم ئەدەن، خوایە گیان... کوێرەمار، ماری وشکانی، ماری... هەزار جۆرە. بۆ تا ئێستە یەکیان پێوەی نەداوم و ڕزگارم بکات؟

جەوەنەی ئاو بە دەستەوە، دلاوەر بە سەر سەری نادعەلیەوە وەستابوو و دەرگای جەوەنەکەی ئەکردەوە، وتی:

ــ ئەوسا کە لەگەڵ مەڕ ئەڕۆشتم، ماری جۆراو جۆری

زۆرم ئەبینی. جارێکیان وا ڕێکەوت مارێکم بە دار کوشت. لە بیرمە جووتەکەی فرسەق فرسەق بە دوامدا هات و تا یافتی خۆم لێ ون نەکرد، یەک شەویش نەیهێشت ئوقرە بگرم.

ــ مەڵێ...

دلاوەر نەیتوانی نەڵێ و وتی:

ــ لە مەزرا و کێڵگەش زۆری لێیە، کاتی دروێنە!

نادعەلی بە هاوارەوە هەڵبلۆقایەوە و کوتای بە جەوەنەکەی بە دەست دلاوەرەوە:

ــ ئەڵێم مەڵێ! مەڵێ!

دلاوەر خۆی کێشایە دواوە و بە سەرسووڕمانەوە سەیری نادعەلیکرد. پێستی ڕوخسار و گۆنای بە بێ ئەڤان ئەلەرزی و نیگای دژبەر، دەرداوی و لە هەمان کاتدا ترساو و هەم ترسێنەر بوو. ستاریش نەی ئەتوانی لەوەی کە ئەیبینێ سەری سووڕنەمێنێ. جەوانی چوارگوێشلی، ئەتوت کەوتۆتە ناو گڕ، ئەتوت بە پێی پەتی لە سەر ئاگر وەستاوە. بێ هەوا و بێ ئوقرە، بێگانە بە ئاوەڵەکانی نیگای ئەسووڕاند و ئەتوت کەوتۆتە ناو تەنگەژەیەک و ئەیەوێ بە هەر جۆرێک بووە خۆی دەرباز بکات. کتوپڕ چنگی دایە یەخەی کراسەکەی خۆی، کردییەوە و لە هەمان کاتدا فڕکەی کرد، خۆی گەیاندە ئەسپەکەی، دەسکەوساری لە کورتانی کەرەکە کردەوە، پێی لە ئاوزەنگی نا و خۆی هەڵدایە سەر زین. بە پەلە لەغاوی ڕاوەشاند و ئەسپەکەی لە بەر چاوی حەپەساوی هەڤاڵەکانی دایە غار. بۆ ماوەیەک، بەو جۆرەی کە هێزێک لە تەوەڕ دەرباز ببێ، یان ئاگرێک کە لە گڕهاوێژەوە دەرپەڕێ، ئاژووت و مەیدانێک لەولاترەوە لەغاوی کێشایەوە و ئەسپەکەی یەک دوو دەور بە دەوری خۆیدا سووڕاند و ڕایگرت. پاشان بینرا دەسرە هەورێشمەکەی لە ملی کردەوە و ئارەقەی سەر و ڕوومەت و ملی پێ سڕییەوە و لە شوێنی خۆی چاوەڕێی هاوسەفەرەکانی وەستا. بە نیگایەکەوە کە ئەتوت ئەڕوانێ تا

بتوانێ نزیکترین ڕابردووی خۆی بهێنێتەوە بیر، لە سەر ئەو خاکەی کە هێشتاش تۆز و خۆڵی نەنیشتبوویەوە.

بەر لە دلاوەر و ستار، ماهدەروێش و شێرۆ گەیشتنە لای نادعەلی کە لە سەر ئەسپە سپیەکەی وەستابوو و جووڵەی نەئەکرد. ڕووی وەرگێڕا و چاوی بڕییە خاکەکە. بە ناڵینی یارمەتیخوازانەی ماهدەروێش، شێرۆ کەرەکەی ڕاکێشا بۆ قەراخ ڕێگەکە و ڕایگرت. بەڵام نادعەلی ئەتوت وەهابووە کە جگە لەو شتەی لە خەیاڵی دایە، هیچ کەس و هیچ شت نابینێ. شێرۆ سەیری دواوەی کرد و ڕوانیە دلاوەر کە جەوەنەی ئاوەکەی پێبوو و لە پێش ستارەوە ئەهات. دەست و بازووی کرد بە سایەبانی بەڵکوو ماوەی نێوانی هەنگاوەکانی دلاوەر بە چاو بخواتەوە، چونکە ئەوەی ماهدەروێش داوای کردبوو، لە دەستەکانی دلاوەردا بوو. شێرۆ بە پیریەوە چوو و جەوەنەی ئاوەکەی لە دلاوەر وەرگرت و چوو بۆ لای ماهدەروێش. دلاوەر بۆ ئەوەی خۆی لە نیگای نادعەلی بشارێتەوە، چوو بۆ یارمەتی شێرۆ، لەقەز ئاو بکا بە دەمی ماهدەروێشەوە. نادعەلی هەروا لە شوێنی خۆی وەستابوو و چاوی لە خاکی ڕێگاکە بوو. ستار گەیشت و لە بن نیگای نادعەلیدا وەستا و بە خامۆشی تێی ڕوانی. نادعەلی کە وەک بڵێی ستاری بە تاپۆیەک ئەزانی لە چاویدا؛ نە لەگەڵ ئەو، نە لەگەڵ خۆی و نە لەگەڵ کەس وتی:

ـ ناتوانم بژیم!... ناتوانم لەگەڵ خەڵکی بژیم. ناتوانم لەگەڵ خۆم بژیم. ئەشکەنجە، ئەشکەنجە. من هۆی ئەشکەنجەی خۆیشم و ژیانیشم. مایەی ئازاری خۆم و خەڵکی. پێموایە ئەم خاکەش لە بوونی من ئازار ئەچێژێ. ئەم خاکە و ئەم کراسە. من نەخۆش کەوتبووم. نەخۆش بووم. ڕەنگە هێشتاش نەخۆش بم، ترسم لەوەیە لێم گەڕابێتەوە ئەو نەخۆشیە. ترسم لەوەیە کە... ئای، دایکم، دایکم، هەر کات تۆم ئەکەوێتەوە بیر، گریانم دێ. گریانم دێ، کاتێکە دایکم دێتەوە

بیر. گریانم دێ. گریان ئەمگرێ. دایکم کە بیر ئەکەوێتەوە، مناڵ ئەبمەوە. کۆرپەیەکی بێ زمان و پاکیزە، ستار! نازانم ئەم قسانە چەند لە لای تۆ چەمک و واتایان هەیە؟!

ستار دەستی گرت بە هەوساری ئەسپەکەی نادعەلیەوە، ئەسپەکەی لە تەنیشت خۆیەوە خستە ڕێ و وتی:

ـ هەندێ شتی لەم بابەتەم بیستووە.

ـ خۆت چی؟ بە دڵی خۆت چیت هەست پێکردووە؟ ئەتوانی بیقرسێنی هەر دایکێک لەم دنیایەدا چەن خەروار غەمی لە دڵدایە؟ چەند خەروار؟! دەست و چاوی ئەشۆردم، نان و خۆرشتی بۆ ئەپێچامەوە و بەڕێی ئەکردم بۆ فێرگە. هەر جار کە بڕگەیەکم تەواو ئەکرد، پارچەیەک جلی تازەی بۆ ئەدووریم. جارێکیشیان کەمەربەندێکی چەرمی بۆ کڕیم کە گوڵەکەی زەرد بوو و ئەبریقایەوە. مەندەرمان لە بن دیوارەکەدا دائەنا و دەوراندەوری ژوورەکە دائەنیشتین... ئای... مرۆڤ چۆن ئەتوانی لە دەستی خۆی ڕزگار ببێ؟ چۆن ئەتوانم لە دەستی خۆم ڕزگار ببم؟ کەی و چۆن؟ کەی و چۆن، ستار؟

ستار کە هەروا هەوساری ئەسپەکەی نادعەلی بە دەستیەوە بوو و وەک نەخۆشێکی لە سەر زین دانراو ئەیبرد بە ڕێدا، هێور و لەسەرخۆ وتی:

ـ لە خۆت بێرە دەرەوە، نادعەلی خان. ڕێگەی ئەمەیە. بێرەوە بە خۆتدا، خەڵکیتریش هەیە، ئاخر!

ـ ئەگەر بەخشندە نەبوایەتم، ئەگەر دڵی منال لە سینەمدا نەبوایەت، قوڕقڕاچکەیم بە قەپ ئەپچڕی. بەڵام دڵم بەرایی نادا ئازار بە مێرووولەیەکیش بگەیەنم. مێروولەیەکیش! بووم بە چی؟ چیم بە سەر هاتووە؟ خوایە گیان... چەندە لە دواڕۆژی خۆم ئەترسم! چەندە؟! بە جارێک بووم بە مرۆڤێکیتر. گۆڕاوم. جۆرێکی ترم لێهاتووە. پاک و پاکیزە. ڕاست وەکوو ئەوەی کە ڕۆژێک سەر لە بەیانی سەر لە سەر سەرین هەڵێنی

و سەیری ئاوێنە بکەیت و ببینی کە بوویت بە مرۆڤێکیتر. بەو جۆرەی کە دنیا بە شێوەیەکیتر ببینی. بێگانە! هەم لای خۆت بێگانەیت و هەم فەراگەرد وات تێ ئەڕوانن و هەم فەراگەردت پێ بێگانەیە. وەکوو ئەوەی کە خۆت نەناسیوە؛ ناناسی. کاتێکە دەوربەرییەکانت نەناسی، نایناسی. کە دایکت و ماین و مەڕەکانت نەناسی، نایناسی؛ کاتێکە ببینی تاو ڕەنگێکیترە و خاک بۆنێکیتری هەیە. خاک پاڵت پێوە ئەنێ، ناتگرێتە خۆی. ئای... ئای... پیاوی غەوارە، ستار؛ بووم بە غەوارە، بووم بە بێگانە. ڕەوشتم گۆڕاوە. ئەڵێی گۆچ بووم. گریانم دێ، گریان. حەزم لێیە بۆ خۆم بگریم. سەرخۆشی، تەنها مەستی! خوا بکات بتوانم هەمیشە مەست بم. ئەم سەرخۆشیە زمانم ئەکاتەوە. دڵم ئەم مەستیە ئەیکاتەوە. ئەم مەستیە ئەگەر نەبوایە بەرهەنگم ئەگرت. مەستی، دارەتی ڕاستەقینەی منە. ئەبێ دەمم بشۆم. دەمم بشۆم و نوێژی ئێوارە بکەم. سەرم ئەڵێی تەنووری تیا ئەگڕێ.

جارێکیتر، ستار وتی:

ـ بێرەوە بە خۆتدا، نادعەلی خان، ڕێگەکەی ئەمەیە. لە خۆت بێرە دەرەوە!

ـ ئێوە ئیتر چ جۆرە ئادەمیزادێکن؟! چ جۆر؟ قانوونێکی تایبەتیتان بۆ خۆتان هەیە. خۆتان بەرهەڤ کردووە بە شێوەیەکی تایبەتی بژین. ئەدگارێکی تایبەتیتان هەیە. وشکن وەکوو مێشکی وشکتان. ئەتانەوێ دنیا، ئەم دنیا گەورە و هەزار توێیە بەو مێشکە وشکەتان چاک بکەن. هەه... بەس زەلیلەکان ئەتوانن ئەو خەیاڵ و خۆفە لە سەریاندا بژیەنن، کە شتێکی بێ ئەندازە زل و زەبەند بە شتێکی بێ ئەندازە بچووک چاک ئەکرێ و ئەگۆڕدرێ. من کە لەم سەرەوە سەیری تۆ ئەکەم ستار، خۆت و کەللەت بە ئەندازەی مشتێکی قووچاو ئەبینم و کاتێکیش کە سەیری ئەم بیابان و ئەم ئاسمان و هەتاو و ئەم گیا و گوڵ

و گیانەوەر و دەعبا و خشۆک و ئەم ژیان و ئەم جەماوەر و ئەم شار و گوندانە و ئەم هەموو شتە، ئەکەم؛ خۆم و کەللەی خۆم لە گوێزێکیش بە بچووکتر ئەزانم، پێم بڵێ بزانم، ئەو ئەستێرانە ئێستە لە کوێن؟!

ــ حەنەک ئەکەی، ئەرباب؟!

ــ تاکەی پێم ئەڵێی ئەرباب؟ گاڵتەم پێ ئەکەی؟!

ــ بە سەر زمانمەوە ماوە، مەبەستێکی خراپم نەبوو.

ــ لەسەر زمانت فڕێی دە! تفی بکەوە! نامەوێ ئەو ڕۆژەی کە سەری ئەربابەکان ئەبڕن، سەری منیش لەگەڵ ئەوان ببڕن!

ــ ئەمەش هەر لەو حەنەکانەیە...

ــ باشە، چی لە هی وەک من ئەکەن؟

ــ مەگەر جووتیارەکان...

ــ خۆ من ئیتر جووتیارم نییە. لە سەرەتاشەوە جووتیارمان نەبووە، ئێمە. ئەگەر هەشمان بوایە و زۆرمان هەبوایە... نەء! تۆ ئەوەم پێ بڵێ هیچت لە کەسێک بە ناوی برایمی ئەدهەم خوێندۆتەوە یان بیستووە؟

ــ هەندێک... زۆر کەم.

ــ ئەو، کاری لەگەڵ خۆی یەکلا کردەوە!

ــ بەڵێ... ئەو دژی خۆی شۆڕشی کرد!

ــ ئەگەر ئێوە شۆڕش بکەن، ئەتانەوێ چی لەم زەوییانە بکەن؟

ــ زەوییەکان؟!

ــ گریمان زەوییەکان، کێڵگەکان؟ زەوییەکان لە زەویدارەکان ئەسێنن، پاشان چییان لێ ئەکەن؟

ــ ئێمە زەوی لە زەویدارەکان ناسێنین ئەرباب! جووتیارەکان لێیان ئەسێنن. هەر ئەمەندە. پاشان خۆشیان ئەیکێڵن و هەڵیشی ئەگرن.

ــ بە چ شێوەیەک؟

ـ شێوەکەی خۆیان ئەیدۆزنەوە.

ـ ئەی ئەو ئەربابە چی بە سەر دێ؟!

ـ ئەگەر بە سەر دنیاوەی مابێ، ئەویش ئەتوانێ بەشەکەی خۆی بکێڵێ و هەڵیگرێ. یان لەگەڵ یەکێکیتر بە هاوبەشی کار بکات و بەشی خۆی هەڵگرێ.

ـ کێ بەروبوومەکە ئەکڕێ؟ چۆن؟ کێ کارێزەکان جۆماڵ ئەکا؟ کێ قەرز بە جووتیارەکان ئەدا؟ تۆو و بار و گا و ئاو، ئەم شتانە چی؟

ـ حکوومەت، دەوڵەت و خەڵک بەیەکەوە

ـ ئەگەر وابێ وڵات ئاوەدان ئەبێتەوە؟

ـ ئێمە پێمان وایە ئاوەدان ئەبێتەوە.

ـ ئەگەر خراپتر نەبێ؟

ـ لەمەش خراپتر؟!

ـ باشە، پاشان... نا، پێشان. تۆ پێت وایە بشێ چنارێکی وەکوو ئالاجاقی هەڵکەنن؟ ئاخر چۆن؟

ـ ئەگەر جووتیارەکان بە پێویستی بزانن، خۆیان جۆرەکەی ئەدۆزنەوە!

نادعەلی، لە کاتی وەرگرتنی هەوسارەکە لە دەستی ستار، قیت و قۆز بە سەر ئەسپەکەوە دانیشت و بە تەوسەوە وتی:

ـ جووتیارەکان، جووتیارەکان! ئەم جووتیارانە ئاخرەکەی دەستان ئەکەن بە ڕۆندا. نازانم چەندەیان ئەناسن؟ بەڵام هەر ئەوەندەت بۆ بێژم کە ئەمانە زۆر بەزاخ و دووڕوو و ترسنۆکن! لە بەرامبەر ئەربابدا لە مشکیش بچووکتر و ترسنۆکترن، بەڵام ئەوەندەی کە خەنیمەکەیان بە ناچار بزانن لە ئەسفەندیاریش پاڵەوانترن. بۆیەشە ئەربابەکان ئەزانن چۆن لەگەڵیان بجووڵێنەوە. یەکەمیان، هەمیشە بە برسێتی و ئاتاجی ڕایانئەگرن، دووەم ئەوەی کە ئەیانترسێنن. لە هەمووشت ئەیانترسێنن. مناڵەکانیان لە هەمان سەرەتاوە وەچەترسێن

ئەکەن بۆ ئەوەی ترسنۆک باربێن. لە ڕاستی‌دا وانەی ترسیان پێ ئەڵێنەوە. بە قامچی و جنێو و بێگاری ترسیان پێ فێرئەکەن. ئاتاجیشیان ئەکەن بە پەتکی ملیان و، کوتەنانێک ئەگرن بە بەر دەمیانەوە بۆ ئەوەی بە هەموو لایەک‌دا ڕاکێشیان بکەن. دەست و دەم، ترس و ئاتاجی. بۆیەشە ئەبینی کابرای جووتیار هەمیشە بە سەری‌داشۆڕاوەوە ئەڕوا بە ڕێ‌دا. وەکوو ئەوە وایە لە ڕۆژی یەکەمی ژیانیەوە گوناحێکی لە بەخشین نەهاتووی کردووە و بە هیچ جۆرێک ناتوانێ قەرەبووی بکاتەوە. لارەمل و ترساو و بێچارە. لە ئەنجام‌دا گوێرایەڵ و زمانلووس و برسی و ڕەبەنە؛ خانەی هیوای هەمان ماڵی ئەربابە. لەبەرامبەر ئەربابەکەی‌دا تەنانەت ژن و مناڵیش بە هی خۆی نازانێ. بەم شێوازە بوونە ڕادێ. واتە ڕاهاتووە. لە لایەنەکانی تریشەوە کردوویانە بە گەرووی‌دا کە ئەبێ وابێ. کە لە سەرەتای دنیاوە وەهابووە و تا کۆتاییش هەر وابێ. لە هەموو ئەم دنیایە، جگە لە کێماسی و خۆف و مەرایی‌کردن، شتێکی تریشی هەیە و ئەویش پێمەڕەکەیەتی. پێمەڕەیەک، کە ئەویش هی ئەربابە و ئەویش بۆ خۆی مایەی ترسە. چونکە لەوە ئەترسێ پێمەڕەکەی لێ بسێننەوە و بڵێن: «ــ برۆ لە ماڵی خۆت دانیشە!» ڕەنگە کابرای جووتیار لە هەموو تەمەنی خۆی‌دا تاقە جارێکیش ئەو گوتەیە لە زمانی ئەربابەکەی نەبیسێ. بەڵام ئەو ترسە هەمیشە لە بن پێستی دایە و وەکوو خوێن یەکبەند بە دەمارەکانی‌دا ئەگەڕێ. جا جەنابت ئەتەوێ بە دەستی ئەم پیاوانە، ئەو جۆرە چنارانە لە ڕەگ دەربهێنی، ئەرێ؟

لە بری وەڵام، ستار پرسی:

ــ بۆچی وایە، ئەرباب؟!

ــ تۆ ئەبێ لە من باشتر بزانی! بەڵام گومانی من ئەمەیە کە جووتیار هیچ جۆرە پشت و پەنایەکی نییە. خۆی بە تەنهایە. ئەوە ڕاستە کە جووتیار بە کۆمەڵ لە سەر زەوی کار ئەکەن، بەڵام هەر جووتیارێک، تەنها یەک جووتیارە. مز

وەرناگرێ، بەش وەرئەگرێ. بۆیە جووتیار ئیرەیی ئەبا بەرامبەر بە جووتیاریتر. ئێرەیی و بەرچاوتەنگی هەیە، لەبری هاوڕێیەتی و هاودڵی. زەویش زۆر دڵاوا و بەخشندە نییە و هەر ساڵە و بە ئەندازەیەک بەروبووم ئەدا. ئەگەر ساڵ و مانگ باش بێ. ئەربابیش کەمتر لە زەوی و کەمتر لە جووتیار بەرچاو تەنگ نییە. کاتێکە بابەتی چاوپۆشی کردن لە جووتێر لە ئارادا بێ، لە قنی دەرزیشەوە ناچێتە ژوورەوە. بەڵام لە بەرامبەر سەرۆکی جەندەرمە و پارێزگاردا ئامادیە خۆشی لەبری مەڕەکەی بکات بە قوربانی، بۆ ئەوەی دڵیان ڕازی بکات. لە بەر ئەوەی کە بە پیاوی دابنێن. چونکە لە لای هەر ئەربابێک، تەنها ئەوانە پیاون کە دەسەڵاتیان لەو زۆرترە. ئەی ئەم جووتیارە کێیە و چی هەیە؟ ترسی هەیە و ئاتاجە و ئەربابی هەیە؛ چونکە ئەربابیش جەندەرمەی هەیە و زەوی هەیە و ئاو و گا و تۆو و هەمار و دەسەڵاتی هەیە. جووتیاریش هەموو هەوڵی خۆی ئەدا پێمەڕەکەی لە گەڕدا بێ لە سەر زەوی ئەرباب. بۆ ئەمکارەش هەوڵ ئەدا خۆی لە لای ئەرباب خۆشەویست بکات، ئەوسا ئەبێ بەر لە هەموو شتێ دژی جووتیارەکانیتر و بە قازانجی ئەرباب و لە بەر دەمیدا دووزمانی بکا و ئەوەندەی بۆی بکرێ زمانگێڕی بکات. هەرگیز نەمدیوە چەن جووتیار کە لە سەر زەوی ئەرباب کار ئەکەن، ئەگەر بە نهێنیش بووە، ئیرەیی بە یەک نەبەن و تەنانەت قینیان لە یەکدیش نەبێ و دژی یەکدی شۆفاری نەکەن. بۆیەشە ئەم جەنابانە ناتوانن پێکەوە بن. ئەگەر دە کەس لە سەر زەوی ئەرباب کار بکەن، چونکە بەش بەرن، کارێک ئەکەن یەک دووانێک لە کار بێکار بکەن بۆ ئەوەی بەشەکەی ئەوانیش دابەش بکرێ بە سەر خۆیاندا. جا کە وا بوو پشتیان پێکەوە نییە. هەر کامەیان کەسێکە و هەر کەسەش بە تەنهایی خزمەتی ئەرباب ئەکا و پشتی بە ئەرباب ئەستوورە. هەموو ئەم شتانە جووتیار وا لێ ئەکا زیاتر خۆی لە

ئەرباب نزیک بکاتەوە و زیاتر پشتی پێببەستێ. ناچارە ئەوکارە بکات. ئەو کارەش ئەکات. چونکە ڕسقی بە دەس ئەربابە. بە چاوی خۆی ئەبینێ کە ڕسق و بژێوی خۆی لە سەر زەوییەک هەڵئەگرێ کە هی یەکێکی‌ترە. نەک نەزانێ پشتی داوە بە دوژمنەکەیەوە؛ بەڵام نایەوێ بڕوا بکات. بڕواش ناکات. چونکە ئەگەر بڕوا بەوە بکات ئیتر ناتوانێ ڕەزامەندی خاوەنەکەی بەدی بهێنێ. بۆیە بە خۆی ئەسەلمێنێ تا بە چاوی پشتیوان سەیری بکات، شەو و ڕۆژ ئەمە بە خۆی ئەڵێتەوە. هەندێ جار کاری ئەم بە زۆر بە خۆ سەلماندنە ئەگاتە ئەوەی کە ئەبێ بە ئاشقی ئەم دوژمنەی خۆی. نازانم بۆچی؟ بەڵام زۆر جاران بە چاوی خۆم ئەمەم بینیووە. کوڕە جووتیارم بینیووە لە سەر دارایی ئەربابەکانیان، لە ناو خۆیاندا کردویانە بە شەڕ و سەر و پۆتەڵاکی یەکدیان هێناوەتە خوارەوە. بۆ وێنە یەکیان شانازی بە مایینی ئەربابەکەی باوکی ئەکات و بە باشترین مایینی دنیای ئەزانێ. هەڤاڵەکەشی لایەنی مایینەکەی ئەربابی باوکی خۆی ئەگرێ و چەندە بتوانێ بە شان و باڵیدا هەڵئەدا. کاری ئەم لایەنگیرییە ئەوەندە پەرە ئەسێنێ، کە لە یەکدی قەڵس ئەبن و دەس لە یەکدی بەرز ئەکەنەوە. چەندەها سەرو بەچک لەم شەڕانەدا شکاوە. مەیدانی ئەم کەرایەتیە بکەرەوە و بیبە بۆ ئەو کێشە و هەرایەی ئەنجامەکەی بووە بە کوشت و کوشتار، لە دوو دەستەیی ناو گوندەکاندا. هیچ گوندێکی ئەم وڵاتەدا نییە دوو بەرەکی تیا نەبێ. ئەگەر ئاوایی دوو ئاغای هەبێ، بەر لەوان جووتیارەکانیان پێکەوە دوژمنی خوێنی یەکدین. ژن و منداڵی جووتیارەکانیش دوژمنی خوێنین. ئاژەڵ و پاتاڵیشیان پێکەوە دوژمنن. سەگ و شوانیشیان پێکەوە دوژمنی خوێنین. پێموابێ خۆت ئەم شتانەت زۆر دیبێ یان بیستبێ؟

ـ بیستوومە، چۆنم نەبیستووە و نەدیوە. ئەوەشم بیستووە لە چەن شوێن ئەربابەکانیان کوشتووە، هەر ئەو

جووتیارانە!

ــ ئەویش هەر لە سەر دووبەرەکی بووە. کاتێکە لە گوندێکدا دووبەرەکی نەبێ، واتە هەموو جووتیاری ئەربابێک بن، ئەو گوندە لەگەڵ گوندەکەی دراوسێی شەڕ و دووبەرەکی هەیە. ئەگەر دوو گوندی دراوسێ پێکەوە خزم و ئاشت بن، ئەوان و جێگەیەکیتر شەڕیانە. زۆرجار بووە کە دانیشتوانی گوندێک لەگەڵ گوندێکیتر، ڕێگەی هاتووچۆی یەکدیان گرتووە. چ جایە ڕێگەکەیان دوور خستۆتەوە و بە لایەکیتردا ڕۆیشتوون... چی بووە؟!

نادعەلی نیگای بڕییە ماهدەروێش و بێدەنگ بوو. شێرۆ و دلاوەر لایان دابوو و گیری ماهدەروێش بوون. نادعەلی ئەسپەکەی برد بۆ ئەو لایە و ستاریش بە دوایدا.

خڕبوونەوە، ماهدەروێش عارەقەی دەردابوو و بە هۆی ئازارەوە گرژ ببوو. سەری لە سەر کەلەگی کورتانەکە بەرزکردەوە و بە دژواری چاوی کردەوە و لێوە قەتماغە بەستووەکەی کردەوە و بە قورسی وتی:

ــ تینوو، تینوو، تینوو! تینوێتی، ئەرباب، ئیسقا! ئەڵێی ئیسقام گرتووە. تێراو نابم!

ــ هی گەرماکەیە، سەید. دڵت خایلە نەکا. ئەگەینە سێبەر، زۆری نەماوە، ئەگەین...

ماهدەروێش، سەری نایەوە سەر کەلەگی کورتانەکە و وتی:

ــ بمبوورە ئەرباب، دەمم تەنووری ئاگرە، تەنووری ئاگر!

## بەندی سێیەم

لە مەیدانە کراوەکەی بەر دیواری کاروانسەرای زەعفەرانی، هەرا و هوریایەک بەرپا بوو. خەڵکی، جووتیار و خۆش نشین، ژن و مێرمندالْ، کەوشەنی نێوان دیواری ڕۆژهەڵاتی کاروانسەرا و دیواری هەسێڵەکەیان پڕکردبوو. پەز و چوارپێ، فەراگەردی هەسێڵەکە سەریان لە ئاو نابوو یان مۆڵیان خواردبوو. وا دیاربوو هەندێ لە خەڵک لە گەڕانەوەیان لە دەشت و بیابان، چوار پێکانیان لای حەشاماتەکەوە ڕاگرتووە، کۆزەرە و ئالیکیان کردوونەتە بەر و گوێیان لەوە ڕاگرتبوو کە ئەوترا و چاویان لەوە ئەکرد کە ڕائەبرد. هەرچەند هەندێ بە گەپجاڕی و حەنەک و، هەندێ بە تەوس و پلار و، تاک و تەرایەک بە ترش و تاڵی، بەڵام هەرچی چۆن بێ ڕاکێشرابوون بۆ ئەو کێشەیەی لەپەسا پەرەی ئەسەند. بازنەی کێشە، بەرزایی دیواری ئەستێر و پیاوانی ململانێکە جگە لە غەزەنفەری هاشماوایی و کوێخا حەسەنی زەعفەرانی -خەنیمی ئاشنا بە چاو و دەمی خەڵک- نەبوون.

هەر چەند ئەمە یەکەمجار نەبوو کە ئەو دووانە دەمەقرەیان پەرەی ئەسەند و، هەمووکەس پێی وابوو هەر ئێستە دەس ئەدەنە یەخەی یەکدی؛ بەڵام ئەم گێرە و کێشەیە هێشتاش لە بەر چاوی بینەران نەکەوتبوو. بۆیەش هاتنی چەند بینەری تازە نەی ئەتوانی سەرنجی بینەران بۆ لای تازە هاتوان

ڕابکێشێ -هەرچەند تازە گەیشتوان وەکوو بینەرانی گوندی پێکهاتوویەکی یەکجار  ناهەماهەنگیان هەبوو- ئەویش لە کاتێکا کە کوێخا حەسەنی زەعفەرانی ئەوەندەی قیژاندبوو دەنگی وەکوو کەڵەشێری خەساوی لێهاتبوو، دەمارەکانی ملی وەکوو ڕەشمە کشابوو. چاوەکانی لە قووڵایی کالانەدا، ئەتوت ئارەقەیان کردووە و لەپەسا دەستە کورتەکانی بە سەر سەری خەڵکەکەوە ڕائەوەشاند و هەوڵی ئەدا دەنگەکانی ئەملا و ئەولا بخەوێنێ و جەماوەرەکە بخاتە بن کاریگەری هاوارەکانی خۆیەوە:

ـ ئەمانە بوون بە دایەنی لە دایک دڵسۆزتر. ئەوەندەی نەماوە خۆیان لە خەو و ناوجێگەی خەڵکیش هەڵقورتێنن. خەڵکیان بە بێکار زانیوە و بەیانی تا ئێوارە چیرۆکی نەنە کورسوومیان بۆ ئەڵێن. تاوێ نەتاوێ لێرە و لەوێ بەزم ساز ئەکەن. سەریان ئەقرتێنی کلکیان دیارە. کلکیان ئەبڕی، سەریان دەرئەکەوێتەوە. خەو و خۆراکیان لە خەڵکی تاڵ کردووە. نە لە بیری ئەوەدان کە خەڵکی کار و ژیانیان هەیە، نە لە بیری ئەوەدان کە گەنمەکان خەریکە ئەپەڕێ و ئەوەرێ. نە لە بیری ئەوەدان کە ئەبێ کاری دروێنە بکەوێتە ڕێ و چوار بەندەی خوای دەس بە دەم بتوانن دوو مەن بەروبوومم لە زەوی خوا هەڵگرنەوە. نەک بڵێی ئەمانە نازانن. نەخێر، زۆر باشیش ئەیزانن. بە پێچەوانە بە تایبەت ئێستە کە گەنم خەریکە ئەسووتێ، زیاتر خەڵک تیژ ئەکەنەوە تا ڕێگە لە کارەکەی بگرن. ئەیانەوێ پیت و بەرەکەتی خوا بوەڕێننە سەر عەرز و ڕسق و ڕۆزی لە گەرووی خەڵکی ببڕن. ئەیانەوێ کاری کشتوکاڵ پەک بخەن. ئاژاوەیان ئەوێ، ئاژاوە. لە هەلومەرجی ئاسایی‌دا کاریان ناچێ بەڕێوە، ئەیانەوێ خەڵک بەربدەنە گیانی یەک! برای من، بابەگیان؛ مەگەر دوڵەت نەیوتوە جگە لە بەشی جووتیاری، لە سەدا پانزەی بەشی ئەربابیش هەر بدرێ بە جووتیارەکان و بۆ چاککردن و ئاوەدانکردنەوەی ئاوایی؟ زۆر چاکە، من لە لایەن ئاغە ئالاجاقیەوە ئەو بەڵێنەتان

پێ ئەدم! ئیتر! چیتان ئەوێ؟ ئیتر چیتان لەو خەڵکە ئەوێ؟ من لە بەر چاوی ئێوە لەم جەنابی غەزەنفەری هاشماوایی ئەپرسم کە کێ بانگێشتنی کردووە بێ بۆ ئێرە و وتار بدات بۆ خەڵکی زەعفەرانی و ئەوانیتر. کێ نامەی بانگێشتنی ناردووە بە دواتدا؟! ها؟ کێ؟! من یان ئێوە؟

دەنگێک لە ناو ئاپۆڕەکەوە بەرزەوە بوو:

ــ بۆ ناهێڵی غەزەنفەریش قسە بکات؟

بە دوای ئەودا یەکیدی وتی:

ــ ئەوەندەش یەک لایەنە مەیبرەوە کوێخا حەسەن، لاسەنگ ئەبێ!

ــ چەندە پەرۆشی ئاغەکەیەتی، سەیری کە! بە قوزڵقورتت بێ ئەو نانەی کە ئەیخۆی، پیاوی بێویژدان!

ــ بیبڕێنەوە، غەزەنفەر! قسەکەت بکە! ئەگەر بە کوێخا حەسەن بێ هەتا بەیانی چیرۆکی حسێن کوردمان بۆ ئەڵێ.

کوێخای زەعفەرانی، بە تووڕەییەوە نەڕاندی:

ــ من ناهێڵم یەکێک لە چوار فرسەق ئەولاترەوە بێت و ئاژاوە بنێتەوە. من ناهێڵم.

دەنگێک وتی:

ــ رایکێشە خوارەوە! وردە وردە خەریکە ئەبێ بە خاوەن بڕیاری هەموومان. تۆ ئیتر ئەڵێی چی، کوێخا؟ ئێمە خۆمان ویستوومانە غەزەنفەر بێ بۆ ئێرە! گوندی زەعفەرانی خۆ تاپۆی تۆ نییە!.. لێیگەڕێ با قسەکەی بکات!

کوێخای زەعفەرانی دەست و سەری پێکەوە وەرگێڕا بەرەو حەشاماتەکە و وتی:

ــ مەگەر ئالاجاقی هەر لێرە ئاو و زەوی هەیە؟ مەگەر هاشماوا...

ــ غەزەنفەر! غەزەنفەر! بڵێ! جەندەرمە خەریکن ئەگەن!

دەنگ لە بانی کاروانسەراوە هات، سەرەکان ئاوڕی لە

گەنجی سەر دیوارەکە دایەوە و دەسبەجێ گەڕایەوە بۆ غەزەنفەر. ڕەنگی ڕوخساری غەزەنفەر پەڕیبوو و بە دژواریی ئەیتوانی لەرزینی لێوەکانی ڕابگرێ. تاڵە موویەکی برۆی کە لە برژانگی ئالأبوو بە گوشاری بەری دەست بردی بۆ سەرەوە و خەواندی و لە کاتێکا بە بێ ئەڤان چاوی ئەترووکان، لەرزینێکی ناچاریی لە دەنگی‌دا وتی:

ـ قسەمان یەکە. جووتیاربەشی ئەمساڵی خۆمان و سەدا پانزەی پێمان دراوە ڕاستەوخۆ لە سەر خەرمان هەڵئەگرین و ئیبەینەوە بۆ ماڵی خۆمان. ئەمساڵ ئیتر ناهێڵین ئەرباب گەنمی کەوکراو بکاتە هەمار و لە کەنووەکانی خۆی‌دا ڕاییبگرێ و ئێمەش ناچار ببین بە توورەکەی گەداییەوە بچین بۆ ماڵی گزیر و کوێخا و حەقی خۆمان، بە پێنج مەن و دە مەن بە سواڵ و بە لارەملێ وەربگرین. ئەمساڵ بەشی خۆمان لە سەر خەرمان هەڵئەگرین و ئەیبەینە ماڵی خۆمان. ناهێڵین دەستمان لە بن بەردی ئەرباب‌دا دابمێنێ. ئەبێ بجووڵێین ئیتر!

کوێخای زەعفرانی کە بە بیستنی گەیشتنی جەندەرمە، لە بەرزایی دیواری هەسێڵەکە دابەزیبوو و بە دەم بیستنی قسەکانی غەزەنفەرەوە بە ناو ئاپۆرەکەدا بەرەو ڕێگەکە ئەڕۆیشت، بە دەنگێکی بەرز، بۆ ئەوەی کورتی باڵای قەرەبوو بکاتەوە وتی:

ـ وڵات هەروا بێ خاوەنیش نییە! ئالاجاقی هێشتاش ئەتوانێ دەرقەتی چوار ڕووتەڵەی بەرزەبڵێس و بەلەنگاز بێت.

ـ سەیری کە چ سینەیەک بۆ ئالاجاقی سپەڕ ئەکا. ئالاجاقی کێیە؟

سینە بە سینەی نادعەلی چوارگوێشلی، کوێخای زەعفەرانی ئاوڕی لەو دەنگە تازەیە دایەوە کە لە غەزەنفەر بەرزەوە بوو و وتی:

ـ ئالاجاقی هەمان ئەوکەسەیە کە ئەگەر لێو بجولێنێ

سەد دەس خەنجەر هەڵئەکێشێ بۆ ئەوەی سەری تۆ بە نیوەشەو لە ناو جێگەکەتدا بە خڕی ببڕێ!

غەزەنفەر وتی:

ـ منیش ئەمویست هەر ئەمە بڵێم! پێت وایە ئێمە نایناسین؟ کێ هەیە لەم مەڵبەندە ئالاجاقی نەناسێ؟ ئای... خەڵکینە، بلا ئەو شاکارەی ئالاجاقیتان بۆ بڵێم کە ساڵی قات و قڕییەکە، چۆن سەری ئەو کەسانەی لە هەرێمی کێومێشەوە هاتبوون گەنمی لێ بکڕن بە نرخی خوێنی باوکی، بڕی و چۆن ئەو سەرانەی خستە ناو ڕەشکەی شووتی و ناردی بۆ شار بۆ فەرمانداری ئەوکاتە. جەندەرمەکانیش لەو کارەی ئەو ئاگاداربوون و لەگەڵی بوون بە شەریک. ئەو بەندانەی خوا، لەو ساڵە گرانەدا، دار و نەداری گوندەکەی خۆیان خڕکردەبۆوە و کردبوویان بە پارە و هاتبوون لە هەماری ئالاجاقی گەنم و جۆ بکڕن و بیبەن بۆ گوندەکەیان و منالی برسی لەو زستانە ڕژدە ڕزگار بکەن، بەڵام ئەربابی کوێخا حەسەن، شەو لە سەر سفرەی خۆی، سەری هەرپێنجیانی بڕی و بەیانیەکەی ئەو سەرانەی خستە ناو ڕەشکەی شووتی و ناردی بۆ فەرمانداری ئەوکاتە و کاغەزێکیشی نووسی کە ئەمانە چەتەکان بوون و ئەو بەو کارەی شەڕی چەتەی لە سەر خەڵکی کەمکردۆتەوە. پارە و چوارپێکانی ئەو هەژارانە چی لێهات؟! ئەو ژن و منالانەی چاوەڕوانی گەنم بوون، چیان بە سەر هات؟ ئەو ساڵە گرانە چۆن ڕابرد؟ چەن کەس توانیان خۆیان بگەیەننە گیای بەهار؟ ئەم حەقانە چی لێدێ؟ ئەم ستەمانە چی لێدێ؟ لەبری ئەوە، هەر ئەو ساڵە ئالاجاقی بۆ خەڵک چەواشەکردن چوو بۆ مەککە بەڵکوو بە زیارەتکردنی ماڵی خوا باری تاوانەکانی بشواتەوە! ئەمساڵیش، جەلیل خانی کوڕی بەرپرسی فێرگەی بە چەقۆ بریندار کردووە. بۆچی؟ لە بەر ئەوەی نەشخوێنێ و کارنامەی دەرچوونیش وەربگرێ. تۆ بیت و خوا بیری لێ بکەنەوە!

لە تەنیشت خەڵکەکەوە کوێخا حەسەن ملی کێشا و هاواری کرد:

ـ کە چوویتەتە سەر مینبەر، تازە ڕەوزەیەکیش بخوێنە.

غەزەنفەر تەشەرەکەی کوێخای زەعفەرانی بە پێکەنینێک ڕەت کرد و لە سەر شیوی دیواری هەسێڵەکە هاتە خوارەوە و لە ناو ئاپۆرەکە کەوتە وتووێژ. کوێخا حەسەن، بە بێ ئەڤان ڕووی کردە نادعەلی و وتی:

ـ چاوت لێیە ئەرباب؟ ئەبینی؟ ئەبینی؟ ئەم ڕۆژانە چەورەکانیش بوون بە ئادەمیزاد و زمانیان دەرهێنا وە!

نادعەلی، لەغاوی بە دەستەوە، شانی لە دیوارەکە کردەوە و وتی:

ـ بەو ئەندازەی کە نانی یەزید ئەخۆی، شمشێری بۆ بوەشێنە؛ کوێخا! مەگەر تۆ پارێزەری ئالاجاقیت؟!

ستار لە بن دیوارەکەوە بەرەو نادعەلی کشا و لەپشت شانیەوە وەستا.

کوێخای زەعفەرانی دەنگی نەوی کرد و وتی:

ـ لە خۆشی خۆمدا نییە، ئەرباب. قسەکانی هەقە منیش ئەزانم. بەڵام ئەگەر هەروا لاڵ بم و هیچ نەڵێم، بەیانی چۆن وەڵامی ئالاجاقی بدەمەوە؟ پێت وایە کەمی لێیە قڕوقپی کردووە و گوێی هەڵخستووە بۆ ئەوەی هەواڵی کارەکانی من بگەیەنێتەوە بە ئالاجاقی؟ جگە لەوانەی زەعفەرانی کە کەمیش نین ئەوەتا شۆڤاری نمرە یەکیش لێرەیە!

عەباسجانی کەلایی خواداد، بە ناو ئاپۆرەکەدا کە وردە وردە چۆڵیان ئەکرد، هاتە پێشەوە و هەنگاوێکی ما بێ، وتی:

ـ سڵاو لە هەمووتان، گشت!

کوێخا حەسەن ئاوڕی لێدایەوە و وەڵامی سڵامەکەی دایەوە. عەباسجان بە بێ بیرکردنەوە لەو وتووێژەی بەر لەمە بەڕێوە بوو وتی:

ــ باش هەڵت چزاند کوێخا حەسەن! هاتبوو بۆ ئێرە کوێخایەتی بکات، غەزەنفەری هاشماوایی! هەرچەند قسەکانت بە دڵی وەستا ستار نەبوو، بەڵام شتێک بوو بۆخۆی. ئەم غەزەنفەرە هاشماواییە لەو کوڵەفیتنانەیە!

ستار، پێشتر عەباسجانی لە ناو خەڵکەکەدا بینیبوو، بەڵام خۆی لێ گێل کردبوو. هەرچەند ئەشی زانی چاوە لاپرەسەنەکەی عەباسجان ئەوی بینیووە و ئەوا بۆی دەرکەوت وابوو. کوێخا حەسەنی زەعفەرانی وەک بڵێی پێی شەرمە لەگەڵ عەباسجان بدوێ، بە بیانووی جەندەرمەکان ڕووی وەرگێڕا و عەباسجان، بە سەر و چەناگە، ئەمازەی بە نادعەلی کرد کە خەریک بوو دوور ئەکەوتەوە و بە ستاری وت:

ــ بۆ لەگەڵ هاوڕێکەت ناڕۆی، ستارخان؟

لەبری ستار، نادعەلی ئاوڕی دایەوە و بە نەفرەتێک لە چاو و ددانەکانی‌دا بە عەباسجانی وت:

ــ بە دەورو بەری مندا خولەت نەیەت، خەنازیری چەپەڵ!

عەباسجان نەک وەکوو هەمیشە کە کلکی ئەخستە ناوگەڵی و دوور ئەکەوتەوە، بە بۆڵەبۆڵ ڕووی لە ستار و نادعەلی وەرگێڕا و وتی:

ــ ئەوەی کە نانی نییە، زمانی ئەوەندە درێژ نییە، ئەرباب!

لەسەر دیواری کاروانسەراوە وترا:

ــ هێزێکن. لە بن باکەوە بایان دایەوە بەرەو ناو گوند.

کوێخا، دەرفەتی نادعەلی نەدا هەڵشاخێتەوە بە سەر عەباسجان‌دا. قۆڵی گرت و بەرەو دەرگای کاروانسەرا بردی:

ــ مڵۆزم، مڵۆزم! مڵۆزمی دۆست و دوژمن. لە هەموو لایەکە، ئەڵێی جنۆکەیە. ئەگەر ئەو دوو وشەم بە غەزەنفەر نەوتایەت هەموو ڕووداوەکەی ـبە چل دانەی زیادیشەوەـ ئەبرد و ئەیخستە ناو دەستی ئالاجاقی. ئێستەش ئەگەر ئیسقانێک نەخەمە بەری، کێ چووزانێ نەڕوا و چل درۆم بۆ سازنەکا و

نەیدا بە ئاغە!... سەیری کە! وەکوو عیزرائیل لەوێ وەستاوە و چاوەڕێیە بیبەمەوە بۆ ماڵەوە و قاپێک دۆخەوا یان دەورییەک خاگینە بخەمە بەری، بۆ ئەوەی ورگی ماڵکاولی تێر بکات. چی بکەم؟ هاتووە ئەسپی ئەرباب وەربگرێ و بچێتەوە بۆ قەڵاچیمەن!... جەنابت بۆ شەو سەرفرازمان بکەن، نادعەلی خان!

ــ سپاس، کوێخا. ئەبێ بڕۆین.

ــ کە وا بوو ڕێگەبدەن من بچم بۆ ناو گوند. دڵنیام ئەو جەندەرمانە چوون بۆ بەرماڵی ئێمە!

کوێخا حەسەن هێشتا لە نادعەلی دوور نەکەوتبوویەوە، دەنگی عەباسجان هات:

ــ پەیامێکم بۆ بەڕێزت هەیە، کوێخا!

لە نیگای نادعەلیدا کە لەغاوی بەرەو تاقی بەردەرگای کاروانسەرا ڕاکێشا، عەباسجان خۆی گەیاندە کوێخا و پشت بە ئاپۆرەکە و بەرەو قەڵاتی زەعفەرانی کەوتنە ڕێ. ستار، غەزەنفەری خستە بن چاودێری و بەرەو خەڵکە پەراگەندەکە ڕۆیشت. نادعەلی ئەسپەکەی برد بەرەو دالانی کاروانسەرا، دەسکەوسارەکەی بەست بە ئەڵقەی دەرگاکەوە، دانیشت و پاڵی دا بە دیوارەکە. دەستی برد بۆ قەفی سمێڵی و چاوی بڕییە ئەوبەری دالان، مەیدانی هەراوی ناو کاروانسەرا. شێرۆ، بۆ ڕێزگرتن لە نادعەلی، تەوقی قۆڵ و ئەژنۆی لێک هەڵبڕێ و سەری هەڵێنا و کە چاوی بڕییە نادعەلی، لەپڕ هەستیکرد خاڵۆی، مەدیار ئەبینێ. بە ناباوڕییەوە چاوی تروووکاند و دیسانەوە سەیری کرد. ئەمجا نیوڕۆخی نادعەلی لە نیگای شێرۆدا بوو، کە ڕوو و سەرنجی بڕیبوویە حەوشە گەورەکەی ناو کاروانسەرا. قژ و کاکۆڵ و برۆ؛ برۆی کشاو، سیلەی تیژ و چاوی تۆزێک خوار. گۆنا و ڕوومەتی ڕەقەڵەی و؛ هەنیەی... ئاخ! کە وتبوویان گوللەی قورقوشم ڕاست دابووی لە هەنیەی مەدیار. وتبوویان

تەوێڵ و کاکۆڵی مەدیار...

نادعەلی، ناخود ئاگا و چاوەڕێ نەکراو دەستی برد بۆ تەوێڵی و چاوەکانی بەست و بۆ ماوەیەک هەروا مایەوە. چنگی کرد بە ناو کاکۆڵیدا و نەرمە نەرمە بردی بۆ سەرەوە و گۆنای خستە سەر دەستی، بە جۆرێک کە ئەگەر چاویشی بکردایەتەوە، جگە بە چاوێک نەی ئەتوانی بەردەمی خۆی سەیر بکات. شێرۆ هاتەوە بە خۆیدا، بە ئەنقەست سەرنجی لە نادعەلی گواستەوە و ڕووی کردە ماهدەرویش. دەستی خستە سەر تەوێڵی و بیستی کە نادعەلی لە بەر خۆیەوە، وردە وردە، وڕێنە ئەکات. گوێی تیژکرد، باسی کوشتنی خۆی ئەکرد، نادعەلی:

ـ ... ئەیکوژێ. خۆی ئەکوژێ! بە کوشتنی ئەوی دی، خۆی ئەکوژێ!... مرۆڤ، خۆشی... ئەکوژێ!

بێباک و لەپڕ، نادعەلی ئاخێزی کرد، توند و چالاک ڕابوو و، ئەتوت بە دوای شتێکدا ئەگەڕێ، سووڕێکی دایەوە و بە هەمان خێرایی دوگمەی سەردەستەکانی کردەوە و لە کاتی هەڵکردنی قۆڵیدا، بە شێرۆی وت:

ـ ئەی ئەم دلاوەرە چوو بۆ کوێ؟!

چاوەڕێی شێرۆی نەکرد و لە دەرگای کاروانسەرا چووە دەرەوە و وەک بڵێ کەس لە سەر ڕێی خۆیدا نابینێ، بە هەنگاوی بڵێند و بە پەلە بەرەو شیوی دیواری هەسێڵەکە ڕۆیشت. غەزەنفەری هاشماوایی ئیتر لە ناو خەڵکە کەم و بڵاوەکەدا نەبوو. ستار لە پشت دیواری لای سەرەوەی کاروانسەرا، ئەو شوێنەی کە بیابان و لاڕێ بوو بەرەو بناری گردەکانی لای خوارەوە، بای دایەوە بۆ پەنای دیواری ڕۆژاوا و دڵنیگەرانی هاتن و نەهاتنی جەندەرمەکان، پێی هەڵگرت و بە بەر سوچی دیوارەکەدا تێپەڕی. خۆی گەیاندە ناو دەرگای کاروانسەرا. لەوێ تۆزێ وەستا. لای ئەو ڕێیەی ئەچوو بۆ گوندی زەعفەرانی. کاتێکە کەسی نەبینی، نە سوار و نە پیادە. وەرگەڕا و بە لای ئەسپەکەی نادعەلیدا چووە ناو دالانی

کاروانسەرا.

شێرۆ، کە ئەتوت ئاو و دیسانەوەش ئاوی داوە بە ماهدەروێش، دەوری دەم و چەناگەی سەیدی بە باڵی هەورییەکەی سڕییەوە و سەیری ستاری کرد. ستار، لە نزیکی قاچە ڕاکشاوەکانی ماهدەروێشەوە، لە سەر لێواری سەکۆکە دانیشت. دەزگای کارەکەی خستە بن ئانیشکی و بە شێرۆی وت:

ـ بە دوای براکەتەوەن؛ لە گوڵمحەمەد ئەگەڕێن!

چاوەڕوانی ئەوە نەبوو شێرۆ کاردانەوەیەکی هەبێ. ستار، ئەمەی زانیبوو.

بەڵام کات زۆر تەنگ بوو و ئەبوایە، ئەگەر کراوە کەمترین ڕووناکی و باریکترین ڕێگە لە خوشکی بەدی بکات. بۆیە ستار چاوەڕوانی کاردانەوەی گفتەکەی خۆی لە سەر شێرۆ چاوی تێبڕی.

شێرۆ وتی:

ـ کەی ئەکەوینە ڕێ؟

ستار، ددانەکانی لە چیرەوە هێنا و وتی:

ـ گوێت لێ نەبوو چیم پێوتی؟! جەندەرمەکان، بە دوای براکەی تۆوەن. سوارەن! هیچ ڕێگەیەکت پێشک نایەت؟

لە بێدەنگییە تەزێنەرەکەی شێرۆدا، ستار وتی:

ـ من هاوڕێی گوڵمحەمەدم!

شێرۆ بە وشەی سەخت و بەبڕشتی ستار، سەری هەڵێنا و بە مایەیەکی ناباوڕییەوە، وتی:

ـ هاوڕێی گوڵمحەمەد! حەح... هاوڕێی گوڵمحەمەد! هەموو هاوڕێی گوڵمحەمەدن! شەیداش هاوڕێی گوڵمحەمەدە، قوربان بەلووچیش هاوڕێی گوڵمحەمەدە، ئالاجاقیش هاوڕێی گوڵمحەمەدە؛ سەرۆکی جەندەرمەش هاوڕێی گوڵمحەمەدە؛ شوان و دەشتەوان و جووتیاریش هاوڕێی گوڵمحەمەدن؛ بەڵام گوڵمحەمەدی ئێمە بە تاق و تەنها ئاوارەی کێو و بیابانە!

ستار، ئارام و چڕ، بە بێ ئەوەی ژەهری توند و سەختی قسەکەی خۆی کەم بکاتەوە، وتی:

ـ کاتی ئەوەمان نییە دڵسۆزی بۆ بکەین. بۆیە ئەو کارە بکە کە پێتی ئەڵێم!

نادعەلی، دەستنوێژی گرتبوو. بەو چاوە سوورانەوە کە ڕەگێژەکانی هێشتاش ڕواڵەتێکی نائاسایی پێ ئەبەخشی، هاتە ناو داڵانەکە، لە سەکۆکە سەرکەوت، بەردە مۆرەیەکی بچووکی لە گیرفانی دەرهێنا، لە بەردەمی خۆی لە سەر عەرزەکە داینا، تۆزێ لار بە لای شانی ڕاستدا بەرەو قیبلە کەوتە نوێژ خوێندن.

ستار لە سەر سەکۆکە هەڵسا، بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت و بە نیگایەکی خێرا سەیری دەوروبەر و سەر ڕێگاکەی کرد و گەڕایەوە. بە سەریداخراوەوە بە لای نادعەلی و بە بەرچاوی پرسێنەری شێرۆدا تێپەڕی و چووە ناو حەوشە کراوەکەی کاروانسەرا و بە لای چەپدا چووە ناو وشترخانەکە. لە داڵانی وشترخانەکە تێپەڕی و بەر لەوەی لە پێچی داڵانەکەوە لابدات بە لای ڕاستدا، بە دەنگێکی کپ و توند وتی:

ـ لە کوێی؟ کوای؟... منم!

لە پشت لێواری ئاخوڕە بەرزەکەی ئەسپ، کڵاو و هەنیەی دلاوەر نەرم و بە پارێز هاتە سەر و چاوەخڕەکەی لە کالانەدا سووڕاند و نیگای لە بەرامبەر تاپۆی وەستاوی ستار لە ناو تاریکییەدا، ڕاگرت. بە بێ قسە و تەنانەت هەناسە، بە جۆرێک کە ئەگەر ستار، ڕووی وەرنەگێڕایەت و چاوی پێی نەکەوتایەت، ڕەنگە بە باشتری ئەزانی جارێکیتریش چاو و تەوێڵ و کڵاوی لە پشت ئاخوڕەکەدا بشارێتەوە. بەڵام ستار بینیبووی و بە ئارامی بەرەوڕووی ئەچوو. دلاوەر، خۆشی نەی ئەزانی بە چ مەبەستێک دەسک و دەمی داسەکە لە ناو دەستیدا ئەگووشێ. ستاریش لە هۆی بەدگومانی کابرای شوان کە بەو جۆرە بە ئاشکرا لە چاوەکانیدا ئەدرەوشایەوە، تێ نەئەگەیشت. لە هەمان کاتدا،

ترسەکەی دلاوەری ئەناسی و ترسی خۆی لە بەرامبەر ئەودا بە خەندەدار ئەزانی. بۆیە، بزە لە سەر لێو، لای ئاخوڕەکە وەستا و چاوی بڕییە چاوەکانی شوان، کە بەدگومانیەکەی ببوو بە دڵەڕاوکەیەکی نهێنی و شەرمێکی مات. دەستی نایە سەر شانی.

دلاوەر وەک گرێیەک کە بکرێتەوە، هەناسەیەکی ئاسوودەی هەڵکێشا، چاوی داخست و بە شەرمەوە وتی:

ــ کە چاوم بە جل و بەرگی جەندەرمە ئەکەوێ، کە ناویان ئەبیسم، تووکی لەشم ڕاست ئەبێتەوە!

ستار وتی:

ــ پێموابێ خەریکن ئەچن بۆ قەڵاچیمەن.

ــ قەڵاچیمەن؟! ئەوێ بۆ؟!

لە پرسیارە ناباوەڕەکەی خۆیدا، دلاوەر خۆی ڕاست کردەوە و ئانیشکی لە سەر لێواری ئاخوڕەکە دانا و چاوی بڕییە ستار. ستاریش گونگ و داخراو، وتی:

ــ پێموابێ بە دوای هەڵاتووەکاندا، گوڵمحەمەدەکان و...

ــ ئەلێی چی پیاو؟!

ــ من وا تێگەیشتم!

ــ واتە بە دوای منیشەوەن؟!

ستار، بزەیەک لە نیگایدا و لە کاتێکا ڕووی لە دلاوەر وەرئەگێڕا وتی:

ــ ئەگەر بە دوای تۆوە نەبوایەتن خۆ بەو جۆرە خۆت غەیب نەئەکرد!

بە دەنگی بازدانی دلاوەر لە سەر ئاخوڕەکەوە بۆ سەر خاک و خۆڵەپووتی ناو وشترخانەکە، ستار وەرگەڕا و دلاوەری شەڵەژاو و تووڕە لە بەرامبەری خۆیدا بینی کە دەسکی داسەکەی لە ناو دەستیدا ئەگووشا و چاوە شینەکانی تێبڕیبوو. ستار، ویستی بۆ ئەهوەنکردنەوەی دلاوەر دەم بکاتەوە. بەڵام دلاوەر دەرفەتی

پیّ‌نەدا و لە کاتێکا هەوڵی ئەدا تووڕەیی و دەنگی خۆی دابەزێنیّ؛ وتی:

ـ هەمووی لەژێر سەری تۆدا بوو. هەر لە سەرەتاوە، هەر هەمووی! هەر ئەو کاتەش دڵم پێی ئەوتم وا خەریکە فریو ئەخۆم. بەڵام نازانم تۆ چ فێڵێکت لێکردم کە ئاوت کردە گوێچکەم و عەقڵت دزیم! من کوڕی ڕاکردن نەبووم، من حەپسی خۆم کێشابوو و خەریک بوو تەواوم ئەکرد. من... من...

ستار خۆی کشاندە تاریکی بن دیوارەکە. دلاوەر بە دوای‌دا ڕۆیشت، لە کاتێکا بۆ وشە ئەگەڕا کە باری تووڕەییەکەی ئەو پیشان بدەن. بە دژواری هەوڵی ئەدا:

ـ من ئازاد ئەکرام، ئازاد ئەبووم. ڕەجەب‌کشمیر ئازادبوو و ڕۆیشت. منیش شەش مانگ ساڵێکی‌تر بەر ئەدرام. باسی هەبوو، ڕۆژێک، ڕۆژی ئازەر، ئازەر مانگ، بیست و یەکی ئازەر زۆر کەس بەر بەخشین ئەکەون و بەر ئەبن. ڕۆژانی تریش هەبوو. منیش ئازاد ئەبووم و ئەچووم بە دوای کار و ژیانم‌دا. بەڵام ئێستە... ئێستە ئەبیّ وەکوو دزەکان شەو ڕۆژم تێپەڕێنم. هەمیشە ئەبیّ کراسی ترسم لەبەردا بیّ. ڕۆژ و شەو ئەبیّ لە ترس و خۆف‌دا بم. سەیرکە، سەیرکە کەوتوومەتە چ ڕۆژێکەوە! بەڵایەکت بە سەرم هێناوە لە سێبەری خۆیشم ئەترسم! بۆ چی؟!

ستار لە بێدەنگیەکی ماندوودا کە بە سەر دلاوەردا هاتبوو، ئارام و لەسەرخۆ وتی:

ـ باسی تەنها تۆ نییە، برام! زۆربەی ئەوان وا حەز ئەکەن ئەنجامی خراپی کارەکانیان بخەنە ئەستۆی یەکێکی‌تر.

دلاوەر لە سووچی تاریکی دیواری وشترخانەکە، بە تۆراوی دانیشتبوو. بازووەکانی نابوویە سەر ئەژنۆی و دەم و دەسکی داسەکەی لە ناو دەستی‌دا ئەگووشا. ستار کە قسەکەی تەواو ئەکرد، لە تاریکی بن دیوارەکە هەنگاوی نا، وا دیاربوو خەریکە

دوور ئەکەوێتەوە. دلاوەر وەک بڵێی لە تەنها کەوتنەوەی خۆی تووشی ترس و خۆف بووە، بە دوای ستاردا وتی:

ــ ئەی ئێستە بۆ هەڵدێی؟ ئەتەوێ بڵێی تۆ هۆی هەڵاتنی من نەبووی؟!

ستار وەستا، سەیری دلاوەری کرد و وتی:

ــ با! ئەگەر ئەوە دڵت خۆش ئەکا، با!

ــ باسی دڵخۆش بوونی من نییە. بووی ئیتر، بووی!

گوتنی دلاوەر مایەی گلەیی ئەگرت بە خۆیەوە و بە هەزار زمانی شاراوە داوای لە ستار ئەکرد لەو دارەتەدا بەجێی نەهێڵێ و نەڕوات. ستار هەنگاوێکی بەرەو دلاوەر ناو وتی:

ــ بووم، وایە من بووم!

ــ کە وا بوو ئێستە کارێکم بۆ بکە!

لە بێدەنگی گونگی ستاردا، دلاوەر بە هەمان گوڕ و جۆشەوە ڕابوو و وەک منداڵێکی بیانوگر و تەنها چووە بەرەوە و وتی:

ــ لانیکەم هاوڕێی نیوە ڕێ مەبە، لانیکەم ڕێگەیەکم پیشان بدە. لانیکەم کارێکم بۆ بکە، بێ پیر!

ستار، هەناسەی لە هەناسەی دلاوەردا وتی:

ــ بەس ئەمشەو، تەنها ئەمشەو ئەبێ لە من دوور بی. تەنها ئەمشەو!

ستار کەوتە ڕێ، بەڵام هێشتا یەک هەنگاو نەڕۆیشتبوو، دلاوەر چنگی‌کرد بە شانی‌دا و وتی:

ــ باشە... ئەم یەک شەوە لە کوێ بمێنمەوە؟

ستار بە درێخەوە سەری لەقاند و وتی:

ــ پیاوی بیابان، لە من ئەپرسی شەو لە کوێ بی؟! مەگەر تۆ شوان نەبووی؟

دلاوەر بەداخ و گلەمەند لە خۆی، کشایەوە و دەستی لە شانی ستار هەڵگرت. سەر و شانی داخست و بە دەنگێکی جەخاراوی وتی:

ـ ئاوەزی خۆم لە دەس داوە، هزری... بیابان، ماڵی منە، وایە. بیابان. بەڵام لە کوێی بیابان؟!

نیگای دلاوەر، دیسانەوە لە سەر تەوێڵی ستار بوو. ستار وتی:

ـ لێڕ! خۆت بگەیەنە لێرەکەی لای سەرووی قەڵاچیمەن، خوار ڕێی شۆراو. نان و ئاوت بۆ ئەهێنم؛ یان... بۆت ئەنێرم!

بە دەمی داچەقاو و چاوی ماتەوە، دلاوەر وتی:

ـ باشە... باشە... من هەر لێرەوە ئەدەم بە لاڕێدا. باشە؟

ـ ئەوەیان ئیتر لە ئەستۆی خۆتە!

ستار کەوتە ڕێ. دلاوەر، بە پرسیارێک ڕایگرت!

ـ تۆ چۆنت پێباشە؟

ستار سەری لەقاند و وتی:

ـ ئەوەیان ئیتر خۆت ئەیزانی!

ـ من... من، ئەمشەو ئەچم بۆ ناو نزارەکە، باشە؟... ئەرێ؟!

لەنێوان خۆمان دابێ؛ چاکە... ها؛ باشە؟!

ـ خوات لەگەڵ!

لە قووڵایی نووتەکی وشترخانەکەوە، دەنگی خەیاڵاوی دلاوەر هەر وا لە گوێی ستاردا بوو:

ـ «شەو... نزارەکە... لا ڕێ!»

ستار، شاقەڵی کراسەکەی لە سەر شەرواڵەکەی ڕێک کرد و ملی کەرە ڕەشەکەی ماهدەروێشی خستە بن باڵی و بەرەو دالانی کاروانسەرا کەوتە ڕێ. لە بەر ڕووناکی لێڵ و خۆڵەمێشی دالانەکە، لە بەر دەرگای کاروانسەرا، سوارێک وەستابوو و وا دیار بوو لەگەڵ نادعەلی چوارگوێشلی ئەدوێ. ستار، کەرەکەی بردە ناو دالان و سڵاوی کرد. سوار، بە بێ سەرنجدانە ستار، هەروا خۆی گیڤ کردبۆوە و گوێی لە نادعەلی ڕاگرتبوو. کوێخا

حەسەن لەوێ وەستابوو و نادعەلی لە کاتی وتندا قۆڵی کراسەکەی دائەدایەوە:

ــ هاو سەفرین خان نایب! بابقولی بوندار خاڵمە ئەگەر مەبەستی ئێوەش ماڵی ئەو بێ.

ــ کەوابێ تۆ خوشکەزاکەی بابقولی بونداری؟!

لە کاتی هەڵگرتنی شەڵتە لە سەر سەکۆکە، ستار، توانی بە سەرنجێک ڕوخسار و قەد و باڵای خان نایب هەڵسەنگێنێ. هەرچەند لێواری کڵاو گەڕگەڕییەکەی تا ناوەڕاستی تەوێڵی داگرتبوو و لە سەر و چاویەوە جگە لە برۆ ئەستوورەکانی هیچی‌تر دیار نەبوو، پانایی ڕووخساریشی لە بەر ڕووناکی ئێوارە، لە نیگایەکدا لە پەڕەیەک کانزا ئەچوو.

نادعەلی لە بن نیگای خان نایبدا پاژنەی کڵاشەکەی هەڵکێشا و وتی:

ــ ڕەنگە ئەمشەویش میوانی خاڵۆم بن، خان نایب؟

ستار شەڵتەکەی ئەدا بە سەرپشتی کەرەکەدا، خان نایب شان و لەغاوی سووڕاند و وتی:

ــ با بزانین چۆن ئەبێ!

نادعەلی لە سەر سەکۆکە هەڵسا. ستار بە شێنەیی و بە بێخەیاڵ دەستی لە ڕێککردنی شەڵتەکە هەڵگرت و دەرفەتی ئەوەی پەیداکرد پشت و ناوشانی پانی خان نایب و ملە کورت و بۆرەکەی جوان سەیر بکات و بۆی دەربکەوێ کە قاچی ڕاستی خان نایب لە قاچی چەپی کورتترە و هەروەها، ئاوزەنگی ڕاستیش لە هی چەپ.

ستار شەڵتەکەی ڕێک کرد. خان نایب لە چاو ونبوو و بەرەو هەسێڵەکە بایدایەوە و بیسترا کە فەرمانی بە سوارەکانی‌دا بکەونە ڕێ. بەڵام وەکوو شتێک ستار ئەوەی نەبینی کە نادعەلیش لە بەر دەرگای کاروانسەراوە پێی لە ئاوزەنگی نا و لە سەر زین دانیشت و ڕۆیشت تا لەگەڵ پۆلی سوارە بەرەو

قەڵاچیمەن بڕوات، کە هاتەوە بە خۆیدا هەستی کرد شێرۆشی نەدیوە!

شێرۆ جەوەنەی ئاوەکەی دا بە دەستی ستارەوە تا بیخاتە ناو تێڕەکە:

ــ تۆ ئەمشەو ئەڕۆی گوڵمحەمەد ببینی؟

ــ نەء!

شێرۆ وتی:

ــ من خوشکی گوڵمحەمەدم!

ستار جەوەنەی ئاوەکەی خستە ناو شەڵتەکە و وتی:

ــ ئەمەوێ ئەمشەو کارێکم بۆ بکەیت و ئەویش ئەوەیە کە بۆ دلاوەری هاوسەفەرمان نان و ئاوێک ببەی بۆ ناو لێرەکە. ئەم خان نایبە نابێ ئەمشەو لەگەڵ دلاوەر بدوێ. ئەگەر خۆیشت نەتتوانی بیدە بە مووسا بۆی ببات. لە بیرت نەچێ ها!

شێرۆ، وردەواڵەکانی هێنا و خستیە ناو تێڕەکە و لەم کاتەدا دەنگی تێکەڵ و پێکەڵی سمی ئەسپەکان هات کە ئەتوت بە شیوی دیواری هەسێڵەکەدا ئەچنە خوارەوە. پیاو و ژن بۆ ساتێک دەستیان وەستان و گوێیان ڕاگرت:

ــ چەن سوار بوون؟

شێرۆ لە وەڵامدا وتی:

ــ هەشت نۆیەک ئەبوون.

ستار چووە بەر دەرگاکە و لە ژێر تاقی دەرەوە سەیری غاردانی پۆلی سوارەکانی کرد و، گەڕایەوە بۆ ناوداڵان و بەرەو ماهدەروێش، لە سەکۆکە سەرکەوت و بە مایەیەکی تەشەر و تاڵی وتی:

ــ چەندە بە پەلەشن!... ڕابە، سەید!

شێرۆ، بۆ بارکردنی ماهدەروێش لە سەر کەرەکە هات بۆ یارمەتی ستار و وتی:

ــ ئەڵێن لە قۆچانەوە هاتووە. هەر بۆ ئەو کارە نێردراوە.

ئەڵێی شارەزای پیاو کوشتنە. ئەڵێن زوڵفاوی چەتەش هەر ئەو کوشتوویەتی!

ــ کێ، خان نایب؟!

ماهدەروێش بە گیانەڵا، لە سەر چاڵی کورتانەکە خۆی ڕێکخست و ئازارێکی دژوار، ڕوخساری ڕەشەوە کرد. شێرۆ بوخچەکەی هێنا و لە سەر بەرزی کورتانەکە، بەو جۆرەی کە ماهدەروێش بتوانێ سەر و سینەی لە سەر دانێ، دانا و گوڵمێخی ڕەشمەکەی لە سەر عەرزی ناوداڵان هەڵگرتەوە. چەقاندی بە تەوێڵی کورتانەکەدا و ئامادەی ڕۆیشتن، سەیری ستاری کرد. ستار پرسی:

ــ کاتێکە خان نایب هات بۆ ئێرە، عەباسجانیش لەگەڵی بوو؟

شێرۆ وەڵامی دایەوە کە نەبووە و، ستار بە دەم هەڵگرتنی دەزگای کارەکەیەوە بە شێرۆی وت ئەو ناچارە ئەم بڕگەی ڕێگاکە بە تەنها ببڕێ:

ــ هەڵبەت تا لە زەعفەرانی دوور ئەکەوینەوە، منیش لەگەڵتان دێم. بەڵام دلاوەر لێرەوە ئەدا بە لاڕێدا. بە کاوەخۆ لێخوڕە تا من پێتان ئەگەمەوە. ئەبێ لەگەڵ خۆم لەم دەرگایە بیهێنمە دەرەوە. نەء! تۆزێ ڕاوەستە. خۆت بە کارێکەوە خەریک کە. ئێستە ئەیهێنم. پێکەوە بڕۆین باشترە؛ پێکەوە!

کۆتایی بەرگی پێنجەمی کەلیدەر

١٨٣١

**کەلیدەر**

بەرگی پێنجەم

# بۆ بەرگی ٦

١٨٣٢
کەلیدەر
بەرگی پێنجەم


مەحموود دەوڵەت ئابادی
کەلیدەر
و: سیامەند شانسواری
٦